# گوڵەبەفرینەی خوێناوی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

جەمیل توران

# گوڵەبەفرینەی خوێناوی

وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە:

**عەلی فەتحی**

**ئەمری پێویستی بەئەوینێکی فرە هەیە**

ناوی کتێب: گوڵەبەفرینەی خوێناوی – ڕۆمان
نووسینی: جەمیل توران
وەرگێڕانی لە یۆنانییەوە: عەلی فەتحی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٣٥
هەڵەگری: بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: سەهەند سەرتیپ
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٤١٨ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## شوێن

لەسەر گەڵای زەرد هەڵگەڕاوی پاییز، لەسەر خاکی تینوو، لە ئامێزی با و لە ناخی مندا و لە هەر قوژبنێکی رووحم، نیگاری وڵاتم کێشراوە. ئەو نیگارە لەگەڵ هەموو وەرزەکانی ساڵ سازگارە. لە لوتکەی جوانی و بەوپەڕی خۆڕاگری مرۆڤایەتییەوە، پەیمان لەگەڵ گشتییان دەبەستێ. هاوینی کوردستان گەلێك گەرمە. وڵات دەکوڵێ و ئاگر دەحەسێتەوە. خاکی وڵات لە تینوێتی دەقەڵشێ. وەك ئەوە دەچێ کە هەزاران زار بەرەو ئاسمان چاوەڕوان، دەمیان لێك کردۆتەوە. هەموویان ئارەزووی دڵۆپە بارانێك دەکەن. عەرز تینوویە، ئێمەش مرۆڤەکانی سەر گۆی ئەو زەوییە تینووین.

تینووی دەرباز بوون لە وەرزێك بۆ کەژێکی تر، ئەوەش زەمان بڕیاری بۆ دەدات. بە پالێتی زەمان پەیوەستە ئاخۆ کەی فێنکایی دادێ. کاتێك قەرارە ڕەنگەکانی تێکەڵاو وەدیارکەون، بۆنی پاییز دێت. ئەویش بە دڵی خۆی ڕەنگەکانی زەرد و سوور و قاوەیی بەکاردێنێ. گەڵاکانیش وێدەچێ باری قورسایی ئەو گشت ڕەنگانەیان پێهەڵنەگیرێ، بۆیە ماڵئاوایی لە

چڵوپۆپ دەکەن. وەك ئەوە دەچێ دایە گەورەم بەڕەی ڕەنگاوڕەنگی چنیبێ و لە سەر دەشتی وڵاتمی ڕاخستبێ. ئەوەندەی سۆمای چاو بڕ دەکات، ئەو کاتەی منداڵ بووم، منیش بەسەر فەرشی گەڵاکاندا هەڵاتم و یاریم دەکرد. وەختێك بوو کە بە دەنگی گەڵا و پێڵاو سەرمەست دەبووم... خروچ خروچ... چەشنی ئاهەنگی گۆرانییەکی کورت بوو. ئەو ساتە کە چاوم بە هێمای ڕووتەنی دارەکانی حەسار دەکەوت، هەستی مالی خولیایی دایدەگرتم. هەڵبەت بەوە دڵخۆشی خۆم دەدایەوە کە جەستەیان ئەوەندە ئەستوور و بەهێزە، بێ جلووبەرگیش خۆیان ڕادەگرن. نێوقەدیان ئەوەندە قەبە بوو، بە چوار کەسان لە باوەش نەدەگیران.

قورس و قاییم دەژیان تا ئەو ڕۆژەی وەك خۆم لە ڕەگ و بنەچەکە دەکەوتن!

ئاسمانی پایز بە کۆرەوی باڵندەکان ڕەش هەڵدەگەڕێ. بەهەزاران کۆچبەر دێن و دەچن. ئەو ماوەیە لە کوردستان بەوەرزی باڵندەکان ناودێر کراوە. هەر پۆلە باڵندەیەك خاوەن دەنگ، ئاهەنگ، گوفتار، پەرواز و کۆچی تایبەت بەخۆیەتی. چەندەها جار بەچاوەکانی خۆم سەیری ئەو دیمەنانەم کرد. ئاواتم بوو بزانم هەر پۆلێك لەوانە، لە کوێ بۆ لەپێك دەغڵودان، تۆزێ گەنمەشامی و برێك جۆ دەنیشێتەوە. ئەوان گەرەکیان بوو بحەسێنەوە، بۆوەی زستانی سارد نەگاتە سەریان. ئاخر، زستانی وڵاتی من سارد و سەختە. تەنیا ئێمەی منداڵ بە هاتنی شادین.

پاش فەترەیەکی کورت، وڵات بەتەواوی سپی و جوان هەڵدەگەڕا. پێکەنین، هاوار، شۆخی، شڵووقی، شەڕە بەفر، بێ تاوانی و خەونەکان، هەر هەموویان لە کوردستان وەك بەفری سپی دەچن و لە ناخی سەهۆڵ بەندان دەژین. گوڵە بەفرینەکانیش، ئەوانیش سەر لە خاك دێننە دەر. ئاخ چەندە بەحەسرەتی گشتییانم.

ئـەو ساڵـە کـۆڕەوی بـاڵـندەکـانـی کـۆچـەر زووتـر دەسـتـی پـێکـرد. ئـاخـر، باڵندەکان فێڵیان لێناکرێ. زستان هەرچەند زووتریش بێ، دیسانیش ناتوانێ لە داویان بخات. هەڵبەت ناتوانێ ئێمەیش غافڵگیر بکات. چیای ئارارات، ئێمە لە هەمبەر جموجۆڵەکانی زستان وشیار دەکاتەوە. ئارارات بەرزە، شایی بەخۆ و خاوەن جوانییەکی بێ خەوشە. بە دووندەکانی سپی هـەزار ساڵـەی، لـە مـاڵـەکـەی مـنـرا دیـارە. ئـەو چـاوی لـە ژیـانـی مـنـە و چاوەدێری ئێمەیە. وەك ئەوە وایە پارێزگاریمان لێ بکات. بەو جلوبەرگەی لـەبـەری دەکـات، ئـێمـە هـەسـت بـە ئـاڵـوگـۆڕی کـەشوهـەوا دەکـەیـن. کـاتێك سپیایی بەفر لە دوندی بەرزی، ٥١٦٥ میترییەوە دادەکشێتە خوار، باول و سنـدوقـەکـانـی جـلـوبـەرگـی زسـتـانـی دەکـرێـنـەوە. ئـەوسـا تـەزووی سـەرمـا ئێسقان کون کون دەکات و هەناسە بەمرۆڤ دەبڕێ و ئیتر چاوەڕوانی بەفر لە ناو شاردا دەکەین. هەر وەك ئێستە، لە دوێنێ شەوێوە دەمانزانی کە بەفر دێ. لە جێوبانەکەم هاتمەدەر. گەرەکم بوو چاوم بە چیاکانم، ئـاراراتـی بـچـووك، ئـاراراتـی مـەزن بـکـەوێ. دەمـەویـست بـزانم ڕاسـتـیی پێگوتووین. چوومە دەرەوە. پێشبینی دوێنێ شەومان وەڕاست گەڕابوو. وڵات عـەبـای سـپـی لـەبـەر خـۆی کـردبـوو. کـلـۆکـانـی بـەفـر لـە حـەوادا سەرمەقولاتان دەدا. لە خۆشیان خەریکبوو، شاگەشکە بم. هەڵدەپەڕیم، هەڵبەزدابەزم دەکرد، یەکەم شوێن پێیەکانم لەسەر بەفر جێدەهێشت.

– ئەوە لەوێ چ دەکەی، چییە شێت بووی، وەرە ژوورەوە و جلوبەرگی گەرم لەبەر خۆت بکە. گۆرەوییەکانت لە پێکە با قاچەکانت گەرم بنەوە. مەگەر نازانی سەرما لەوێرا دەلەشت دەگەڕێ.

هیچ کات نەمدەتوانی خۆم لە داپیرەم وەشێرم. چوومەوە ژوورێ. بۆ خـاتـری گـۆرەوییـە جـوانـەکـانـی بـۆی چـنـی بـووم، خێرا مـاچێکـم دایـێ. گۆرەوییەکان تەواو بەدڵی من بوون. سەرپەنجەکانی سپی و ڕازاوە بە گـوڵـی ڕەش و سوور. داپـیـرە قـەت دڵـی نـە دەشکـانـدم. هـەر نـەخشێك بـۆ

گـۆرەوییـەکـان بـە مـێشکم داهـاتبـا، لـە جێوە بـە داپـیـرەم دەگوت، ئـەویش جوانتر لـە خـەیاڵی من دەیچنی. بۆ بڵووزەکـەشم هـەر بـەو چـەشنـە بوو. هـەرکـە دەستی بـە ڕستنی خوری و مـەرەزی پـەزەکـان کـردبـا، من پێمدەگوت کە بڵووزەکەم دەبێ چۆن بێ.

– دەزانم، دەزانم. ئێستە نۆرەی تۆیە فێری چنینم بکەی!

گۆرەوییەکانم لەپێ کرد. بڵووز لەبەر و کڵاو لەسەر خێرا دەرپەڕیمە دەرەوە، بەبێ ئەوەی پێشتر لەگەڵ منداڵانیتر قەرارێکمان دانابێ. دوای سەعاتەکانی هەوەڵ و دامرکانی ڕووحەکانمان لەمەر شەڕە بەفر، ئەوجار نۆرەی دروستکردنی بووکە بەفرینە هات. وەك فیشەك ڕامکردە ژوورەوە. پێڕانەگەیشتم بڵێم چیم گەرەکە، داپیرە خێرا گێزەرێکی دایە دەستم.

– چۆن ئەوەندەی لێدەزانی؟

– ئێ، دەکرێ بوو کە بەفرینە بێ کەپوو بێ!

لەو بـەینـەدا یـەکێ گـەسکی هێنـابوو، ئـەوەیتر کڵاوێکی گـەورە و سێ دەنك ڕەژی ئـامـادە کـردبـوو. دەبـوایـە بـە خـەڵـووزەکـان دوگـمـە بـۆ بـووکـە سپییەکەمان دروست بکەین. زۆری نەکێشا کوێخا بەفرینە لە ناوەڕاستی کـۆڵانـدا چـاوی بـە وڵاتیدا گێڕا. کـوێخـامـان بـە ئـەنـدازەی یـەکـەم بـەفـری کوردستان جوان بوو!

شەوانی زستان بێنیهایەت خۆش بوون، ئەسڵەن سێحراوی بوون. ڕەنگە ئـاوری سۆبـە یـا چیرۆکەکانی بـاپیرە و نـارەنـاری دایکم ئەو شەوانەی بەو چەشنە خۆش دەکرد. ڕۆژەکان کورت و شەوەکانیش درێژ بوون. زیافەتی شەو زووتر لە جاران دەکرا و پـاشان گشتمـان لـە تـەنیشت ئـاگردانی مـاڵـەوە کۆ دەبووینەوە. ئەو ئاگردانە شەو و ڕۆژ دایسابوو. بە بارە داری تیا دەسووتـا. هـەڵبـەت ئـەندامـانی بنـەمـاڵـە گشتمـان لـە وەرزی هـاویندا خـەریکی کۆ کردنـەوەی سووتـەمـەنی دەبووین. هـەر تـەنیـا ئـەو وەختـە بوو کـە تـەپـاڵـە،

دەوە و کەمرە بۆ سۆبەکەمان دابین دەکرا. ڕیخی مالاتی ناو تەویلەکان کۆ دەکراوە و دەوە و تەپالەی لێ دروستدەکرا. کەمرەی پەستراوی ناو هۆڵەکانیش ئەو کاتە دەبرانەوە. هەر هەموویان لەبەر خۆر هەڵدەخستران، بۆوەی وشك ببنەوە. ئاگردان بۆ ماوەیەکی زۆر گەرمای بە ژوورەکەمان دەبەخشی. هەرگیز بۆنیشی نەدەهات. هەڵبەت ئەگەر کەسێکی لاوەکی نەیزانیبا تەپالە چییە، ڕەنگە زوێر ببا. جارێکیان بۆ مامۆستای قوتابخانەکەمان ئەو ئاریشەیە ساز بوو. مامۆستاکەمان نامەیەکی بۆ قایمەقام ناردبوو و بۆ کڕینی تەپاڵە بۆ ئاگردان قوتابخانە داوای پارەی کردبوو. قایمەقام بۆوەی بتوانێ پشتگیری خواستی مامۆستا بکات، ڕوونکردنەوەی زیادتری خواستبوو. پرسیاری کردبوو، تەپاڵە چییە کە ئێوە گەرەکتانە بیکڕن، بە کام پێوانەی گەرمایی حیساب دەکرێ، چەندە گەرما دەبەخشێ!

مامۆستای بێچارە چ وەلام بداتەوە. بەهەرحاڵ نوسیبووی (تەپاڵە بوختوور، کالۆریسی یۆختوور)، واتە تەپاڵە گووە و پێوانەی حەڕاڕەتیشی نییە.

دایرەی حکوومی ئەو وەلامەی وەك بێحورمەتی بە جەنابی قایمەقام لێکدابۆوە. مامۆستا نەك هەر کارەکەی لە دەستدا، بەڵکو تووشی گیران و زیندانیش هات. ئیمڕۆشی لەگەڵ بێ، تەپاڵە لە کوردستان بەنرخە. ئێستە بۆتە سوتەمەنی ماڵە دەوڵەمەندەکانیش. خەڵکی هەژار دەرەقەتی کڕینی نایە. ئاگردان لە ناوەڕاستی هۆدە گەورەی ماڵدا حاکم بوو. لە چوار دەوری ژوور، بالیف و سەرین داندرابوون و ڕاست لەبەردەم ئاگردان کەوڵێکی ورچ ڕاخرابوو. کاتی منداڵیم، پێم وابوو پۆلووە گەشاوەکان شاکار دەخولقێنن و هەر شەوێ خواردنێکی بەجیا لە دەروونی خۆیاندا دەبرژێنن. جاروبار پەتاتە، وەختێك بێ، هێندێك کەرەت سێو و زۆربەی کاتەکانیش بەڕوو دەهاتنە دەر. من هەرگیز نەمدەزانی کە داپیرەم ئەوانە لە ناخی مشکیەکەدا دەشێرێتەوە. زیادتر حەزم لە پەتاتە برژاوەکان بوو.

بە ویشکیم پێ خۆشتر بوو، بەڵام براکەم بە خوێ و ڕۆنی کەرە دەیخواردن. بێیەکانمان بە ماستی خۆماڵی دەخوارد. لە ماڵێدا، ئەوکاتە دەبووە هەڵاوبگر کە گەنمە شامیمان دەبرژاند. کاتێك دەتەقین، قرچەیان وەك دەنگی پشکووتنی خونچەکانی بادام دەچوو. ماشەڵڵا! لە قرچە قرچی خونچەکانی بادامیش، دەنگی ئەوانیش بەڕاست وەك برژاندنی گەنمەشامی ماڵەوە بوون. ئەوانە گشتیان شەوچەلەی ئێمە لە شەوانی سارد و سپی زستاندا بوون.

سەردەمی خۆشی بۆ هەر هەمووومان، بۆ باوکم، دایکم، خوشك و برا، پورم... چێژی نهێنی خۆشی ئەو سەردەمە تەنیا لە ناخی سێو و پەتاتەکاندا نەبوو، بەڵکو لە نێو دڵی چیرۆکەکانی باپیرەمدا بوون. باپیرەم، وەك خەڵکی شار بانگیان دەکرد، سۆفی حەسەن ئاغا، ئێمەی بەچیرۆکەکانی خۆی گەورە کرد. بەگوتەکانی ئەو نیشتمانەکەمان خۆش ویست و بۆی خەمبار بووین. بۆ ڕەوتی پڕ لە ئازاری ژیانی باپیرەم حەسرەتبار بووین، ئەو تەواوی ژیانی لەگەڵ داپیرەم بردەسەر. وەك ئەوە دەچوو کە بەبێ یەکتر هەناسەیان هەڵنەکێشابێ. چیرۆکەکانی باپیرەمان لەگەڵ خۆمان دەبردە ناو پێخەوەکان. بۆ ئەو شوێنەی مێشکی منداڵ سەربەست دەتوانێ قارەمانسازی بکات. چەندەها جار خەوم لێنەکەوت، ئەو کاتانەی نەخشی جوامێرانەم لە ناو چیرۆکەکانی باپیرەمدا وەستۆ دەگرت. خۆم لە جیاتی ئەو دادەنا و دەبوومە کوڕە پاڵەوانی چیرۆکەکان و جەنگاوەرێك بووم... شەوانی لە بیر نەکراو! شەوانی سێحراوی!

## سەفەری من لە نێو ژیانی باپیرمدا

ئەو شەوە باپیرە ماندوو و هیلاك گەڕایەوە ماڵ. تەواوی ڕۆژێ لە دەرێ بوو، لە کێڵگە و مەزراکەی، لە ناو دێ و ئاواییەکەی، لە لای ولاغ و

ماڵات، لە ئاشی، بۆوەی چاوێکی بەسەر ئاردەکەیەوە هەبێ. خێرا ڕووی لە لای سۆبە کرد بۆوەی تۆزێك گەرم بێتەوە. تەسبێحە کارەباکەی دەرهێنا و دەستی بەگێڕانی کرد و چاوەڕوان دانیشت. چونکە نۆرەی ئاخاوتنی داپیرەم بوو. داپیرەم سەرەتا قوتووی تووتنی دایە دەست باپیرەم و پاشان ئاماژەیەکی بۆ زلێخا کرد سەماوەرە گەورەکە بێنێ و چایدانی گەورەی پڕ لە چای دێمکراویی لەسەر دانێ و کەشەفێك ئیسکان و قەندانی شووشەی کریستاڵی پڕ لە قەندی شکاو ئامادە بکات. ئەو سەردەمە قەند لە شاری ئەرزەڕۆمەوە دەهات و کەللەی گەورە بوون و بەیارمەتی کۆتکە و قەند شکێن دەکرانە کلۆی بچووك.

هاتنەوەی باپیرە و بۆنی چای، ئێمەی وەك هەنگ ڕاکێشا. هەموومان لە دەوری ئاگردان کۆزیلەمان بەست. بالیفەکەم تۆزێك بەسەرینی باپیرەوە نووساند. گشت جارێ ئەو کارەم دەکرد و ئەویش دەستێکی بەسەرم دادەهێنا. زلێخا ئیسکانەکانی لە چای چایدانی چینی نیوەپڕ کرد و ئاوی کوڵیوی سەماوەری وەسەرگێڕان و لە پێش ئێمەی دانا. گشتمان ئیسکان بەدەست هەناسەیەکمان هەڵکێشا، فوویەکمان لێ کرد و سەبرێکمان لێ گرت بۆوەی تۆزێك فێنك بێتەوە. تەنیا باپیرەم، هەرکە ڕۆبووە ئیسکانی چایەکەی، خێرا فڕی کرد.

– گەرووم خاراوە. هیچ شتێك نەیتوانیوە بیسووتێنێ، چۆن بەچای دەسووتێم.

هەتا زلێخا چای باپیرەمی داگرتەوە، ئەو لەگەڵ داپیرەم کەوتنە سەر باسوخواسی خۆیان. داپیرەم بەنەرم و حەلیمی لێی پرسی ئاخۆ ڕۆژەکەی چۆن دەرباز کردووە. باپیرەم بۆی گێڕایەوە کە چی دیتووە، لەگەڵ کێ قسەی کردووە، کارەکانی چۆن جێبەجێ بوونە، گلەیییەکانیشی لەوێ ڕاوەستن.

ڕاست لەو کاتەدا کە ئەوان پێکەوە قسەیان دەکرد، سەرنجی من بۆ گوفتار و هەناسەیەکی باپیرەم ڕاکێشرا.

– باپیرە، "لەشکری حەمیدیە" چییە؟

– جاریٚ لێی گەڕێ، ئێستە ماندوویە و تاقەتی ئەو قسە و باسانەی نییە. داپیرەم وەڵامی دامەوە.

باپیرەم بەنیگایەك، سەیری گشتمانی کرد و سمێڵەکانی وردە وردە بادەدا بەفیزێکەوە وەك هەمیشە ڕاهاتبوو. ئەو دەیزانی ئێمە عاشقی وردە چیرۆکەکانی ئەوین. هەناسەیەکی هەڵکێشا. دیارە ئێمە گەلێك جار ئەو ڕەفتارەمان پێوە دیبوو، دەبوایە بزانین کە ئەو پەرۆشی و چاوەڕوانیمان بە هێزتر دەکات. یا ڕەنگە ئێمە نەخوازین لە شەکەتی ئەو حاڵی ببین. کەس ورتەی لێوە نەدەهات. بێدەنگی تەواو حاکم بوو و نە دەشکا، ئەگەر دەنکە تەسبێحەکانی ناو دەستی باپیرەم ئۆقرەیان گرتبا و دەنگیان لێوە نەهاتبا. جووت دەبوون، شەق... شەق... شەق...، مۆسیقایەکی یەك هەوا لە ناو بێدەنگیدا، تا ئەو کاتەی هەیە جانێکی دەروونی بەسەریدا زاڵ بوو و وشەی " باشە"ی بەسەر زاریدا هات.

بەڵێ مناڵەکانم، لەشکری حەمیدیە گەلێك گرینگە، باپیرەم گوتی: من مناڵ بووم، دەوری چواردە پازدە ساڵان، کاتێك ئەو تورکە بێ قیمەتانە، ئەو ڕۆمە ڕەشانە دەڵێم. شاکر پاشای عوسمانی گەرەکی بوو لەشکری حەمیدیە دامەزرێنێ، عوسمانییەکان بەردەوام حەولیان دەدا کوردەکان لە گێژاوێك هاوێن. ئەو سەگانە تەنیا گوزەرانی خۆیان مەبەست بوو، بەلەشکر یا بەزۆری بیپارێزن. من لە کەسوکاری خۆم بیست کە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٨٠ و ١٨٧٠دا، عوسمانییەکان بەحەسرەت بوون کە کوردەکان بگۆڕدرێن و ئیتاعەت لە سوڵتانەکان بکەن. دیارە گشت جارێکیش هەر بەزۆرەملی بوو.

ژاندرمە و زابت بەردەوام لە گوندەکانی ئێمە بوون، لە خەڵکیان دەدا، ئـازاریـان بـەجـەمـاوەر دەگـەیـاند و دەیـان کوشتن... هـەڵـبـەت چ جـارێك نەیانتوانی عەشیرەتەکان بەچۆك داهێنن، چونکە بەردەوام بەرگریان لە خۆیان دەکرد و شەڕکەر بوون. پاش حەولێکی، زۆر، ئەوسا ئەسیر پاشا پێشنیازی دامەزراندنی لەشکری حەمیدیەی لە کوردەکان کرد. گشت ئاغا و بەگەکان پلەوپایەیان پێدرا. بە ئێمەیان گوت: "ئێوە دەتوانن حوکمڕانی بکەن، بەخواستی خۆتان بجووڵێنەوە". زۆربەی کوردەکان پێیانوابوو کە چۆن تورکەکان نەیانتوانیوە بەسەریاندا زاڵبن، بڕیاریان داوە دۆستایەتی ڕەچـاو بـکـەن. بـەو شێوەیـە، بـەرە بـەرە عـەشیـرەتـەکـانـی کـورد و ئـاغـا گـەورەکـان قـۆمـیتـانـەکـانی سوارەی حـەمیدیـەیـان پـێك هـێنا. منـاڵـەکانم: بـەڵام تـورکـەکـان، ئـەسڵـەن جـێگـەی بـاوەڕ نین. دەدەن بـۆوەی وەرگـرن. دەیانویست ئێمە دژی ئەرمەنییە فەلەکان هان بدەن.

بوغزێك قسەی بەباپیرەم بڕی. لە ناکاو چاومان بەزلێخا کەوت کە دەگریا.

لێی گەڕێن، لێی گەڕێن. ئەو برینانە سارێژ نابنەوە. مناڵەکانم، زلێخا ئەو شتانە زۆر باش دەزانێ. بەهۆی دایك و باوکی لێیان حاڵی بووە. ئەرمەنییەکانی بێ کەس و بێ دەرەتان ئازارێکی زۆریان چێشت. لە کاتی ڕەشەکوژی بەکۆمەڵدا، کەسوکاری ئەو چییان بەسەرهات و خۆی بەدەست کوشتارەوە چۆن ڕزگاری هات، گشتی ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە.

شیوەنی زلێخا زیادتر و زیادتر بوو و ئێمەش ناچار بووین واز لەو باسە بێنین. بێدەنگی هەموومانی داگرت. زلێخا، کچە ئەرمەنی! بەڵێ ئەو زەڵێخایەی داپیرەی دووەممان بوو. بەڕاست ئێمە نەمان دەزانی. چونکە کەس لەوبارەوە شتێکی پێ نەگوتبووین و نەشمان دەزانی ئەو شتانە مانایان چییە؟

– زلێخا چایەکی دیکەم بۆ تێکە... تەنیا چا بێ، فرمێسکی تێکەڵاو

نەکەی!

باپیرە دووبارە ڕەوتی باسەکەی گرتەوە دەست.

بەڵێ، وەك باسم کرد، شاکر پاشا گەرەکی بوو لەشکری حەمیدیە لە کوردەکان پێك بێنێ و دژی ئەرمەنییەکان کەڵکی لێ وەرگرێ. یەکەم جار ساڵی ۱۸۹۱ قۆمیتانی سوارە دامەزرا. ئاغا و بەگەکان تەواوی منداڵەکانیان کۆ کردەوە و ناردیاننە ئیستانبوڵ. دەیانگوت بۆ خوێندن دەچن، بۆوەی ببنە نیزامی و پلەی بەرز وەدەست بێنن و وەك ئەفسەر بگەڕێنەوە. ئەو هێزە سوارەیە سەرەتا لە پێنسەد یا هەزار کەس پێك هات.

عوسمانییەکان پارەیەکی زۆریان سەرف کرد. پارە بۆ جلوبەرگی نیزامی و ئەسپەکانیان، هەروەها بۆ زینی جوان و لغاوی چندراو و تفەنگە فیلیداکانیان، تاکو خڕکەڵە و گزملەکانیان لەبەر خۆیانیان بکەن و خۆی پێ بابدەن و شایان بەخۆیان بێ. خەڵکی هەژاریش بۆ نانی شەوێ مەحتەل بوو. هەڵبەت ئەوەندەش هاسان نەبوو لە قۆمیتانەکانی سوارە نیزامدا دامەزرێی. دەبوایە سەرەتا سەر بەعەشیرەتێکی پێکهێنەری ئەو قۆمیتانانە بی... دیارە منالانی بەتەمەنتر لە منیان وەردەگرت، لە حەڤدە تا بیست ساڵییەوە. هێندێك کەس نیزیك بەدوازدە ساڵ لە ناو ئەو گوردانانەدا مانەوە، واتە ئەو ماوەیەی بۆ خزمەتکردن دیاری کرابوو. چل ساڵەکانیش وەرگیران و چەك و دەسەڵاتیان پێ درا. بۆ هیچ کامیشیان پەروەردە و فێربوون پێویست نەبوو. عوسمانییەکان بەو کارەیان زەرەرێکی زۆریان وێکەوت، چونکە پاش تێپەڕبوونی فەترەیەکی زەمەنی کۆنترۆڵی هێزەکانیان لە دەست چوو.

لە کوردستان نیزیك بەپەنجا عەشیرەت هەبوون، هێزێکی زۆر و سوارەی فرە. بەشی هەرە زۆری ئەو هێزانە لە ناوچەی ئێمە کۆ بووبوونەوە، لە سەرحات. «کاتێك باپیرەم باسی سەرحاتی کرد مەبەستی تەواوی

ناوچەی ئارارات بوو». عەشیرەتەکان لێرە وەك کۆچەر دەژیان. هاوینان لەبەر گەرما دەچوونە کوێستان و لە ڕەشماڵاندا دەژیان و زستانانیش دەگەڕانەوە گوندەکانیان. «باپیرە دەیگوت ئەوانە مەڕداری گەورە و بچووك بوون». لەو پەنجا عەشیرەتە تەنیا سێزدەیان لە نێو گوردانەکانی سوارە نیزامدا جێیان گرت. ئەوانی تر خۆیان پاراست. لە ناوچەی دەرسیم تەنانەت یەك پیاویش داخڵی ئەو هێزانە نەبوو. گشتیان دژی ئەو پیلانە بوون، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی دەڤەرەکانی زاخۆ لە کوردستانی عێراق بوون.

زەکی پاشا بەرپرسی گشتی قۆمیتانەکانی سوارە نیزامی کوردستان بوو. بەڵێنیدابوو کە سەد لیوا دامەزرێنێ، بەڵام تا ساڵەکانی ۱۸۹۸و ۱۸۹۹ ژمارەیان نەگەیشتە پەنجا دانە. ئەوەش بڵێم کە پێتانوانەبێ عوسمانییەکان کۆنترۆڵی ئەو قۆمیتانانەیان لە دەست دابوو، نەدەکرا چونکە پاشا و بەگەکان عادەتیان بەسەربەخۆیی خۆیان گرتبوو. ئەوەندە هاسان نەبوو سەر شۆڕ بکەنەوە. نیزیك بەشێست تا سەد هەزار کوردی ئەو قۆمیتانانە چوونە شەڕەکانی باڵکان و بەرەکانی ڕووسیا.

باپیرە بەئەسپایی قوتووەکەی کردەوە و سیغارێکی لە تووتنی بۆندار تێکرد. زلێخا ئیسکانی باپیرەی لە چای تازە داگرتەوە. باپیرە بەلەقاندنی سەر سوپاسی زلێخای کرد. قوومێکی گەورەی خواردەوە و سیغارەکەی پێ کرد. تووتنی کەماش، باشترین تووتنی کوردستانە، ڕەنگی هەنگوینی و بۆنی بێ وێنە بوو. ئەو تووتنە لە ناوچەکانی مووش و وان بەرهەم دەهات. باپیرە سیغارەکەی لە مۆدنەی کارەبا ئاخنی، دایگیرساند و مژێکی قووڵی لێ دا.... مژێکی ئەوتۆ کە نیگاکانی منی خێرا بۆ لای کۆشی ئەو ڕاکێشا. بەڕاستی پێموابوو "بڕوانە، بڕوانە... خەریکە دووکەڵ لە ناو پەنجەکانی لاقیشی بێتەدەر". دەقیقەیەك دواتر، هەورە دووکەڵی بۆندار دای پۆشین.

لە کوێ مابووینەوە: ئا! بەڵێ. تۆزێك دژوار بوو کە عوسمانییەکان سەر بۆ ئاغاکانی ئێمە، حەمید بەگ و ڕەسووڵ بەگی قەرە کلێسا دانەوێنن. عوسمانییەکان بەو شوێنەیان دەگوت قەرەکلووسە. هەروەها، لە خۆشیان ڕانەدەدی هێرش بکەنە سەر مەحموود ئەفەندی دادین، چونکە خاوەن پێنج هەزار سوارەی شەڕکەر بوو. بەهەرحاڵ عوسمانییەکان هیچ باوەڕێکی ئەوتۆیان بەکوردەکان نەدەکرد.

ئەو سەردەمە لە نێو عوسمانییەکاندا ڕێکخراوێك لە تورکانی لاو دروست بوو. پێی دەگوترا ئیتیحاد و تەرەقی کە باوەڕ و فەلسەفەی نوێی تورکان واتە تورانیسم و بە واتایەك پانتورکیسمی نیشان دەدا. کوردەکان گەرەکیان نەبوو بۆ تورکانی لاو خۆ بەکوژ بدەن، هەروەك خوازیاری شەڕ دژی ڕووسەکانیش نەبوون. بەگەکانی وەك ڕەسووڵ و حەمید و مەحموود لەگەڵ گشت هێزەکانی دۆغۆ بێئازید ڕەگەڵ ڕووسەکان کەوتن و لە هێرش بۆ سەر شاری بایەزید و وان یارمەتی ئەوانیان دا. ڕووسەکان تووشی بەربەستێك لە لایەن کوردەکانەوە نەهاتن، دروست بەپێچەوانەوە، یارمەتیشیان درا چونکە خوازیاری شەڕ بۆ تورکانی لاو نەبوون. هەر بۆیە تورکانی لاو قینیان لە ئێمە بوو و بەماریان دەشوبهاندین.

قۆمیتانەکانی سوارە هەڵوەشانەوە بەڵام بەگەکان دەسەڵاتی خۆیان پاراست و سوارەی عەشایریان ڕاگرت. لە کۆتاییدا ئەو قۆمیتانانە تووشی شکست هاتن. دواتر حکوومەت خێرا دەستی بەهەڵوەشانەوەی ئەو لیوایانە کرد و گەرەکی بوو چەك و تفاقی دابەشکراو بەسەریاندا کۆ کاتەوە. ئەوانە نیشتمانپەروەر نەبوون، چەتە و ڕێگر بوون. ئەوانە هێزەکانیان دژی فەلەکان بەکار دەهێنا، ماڵباتەکانیان تالان دەکرد و دەچوونە ناو گوندەکانی کوردنشین و ماڵ و دارایی خوشك و براکانی خۆیان بەزۆری ڕەپێچەك دەدا. هاوکاتیش بووبوونە ژانە سەرێك بۆ عوسمانییەکان. لە ناوچەی مووش و ساسۆن هێزەکانی سوارەی تالانچی پەلاماری

ئەرمەنییەکانیان دەدا، بەڵام لە ئەرزەنجان کە پادگانی نیزامی زەکی پاشای عوسمانی لێ بوو، گوردانی سوارەی کوردی، دژی کوردەکان بەکاردەهێندرا. هەربۆیە گوردانەکانی تالانچی دەبوایە حەتمەن لەناو بچن. هەڵبەت پێش هەڵوەشانەوەیان پێویست بوو سەبارەت بەتاوانەکانیان دادگەیی بکرێن. قایمەقام و والی بۆیان نەبوو ئەوانە دادگایی بکەن. دادگەی تایبەتیان بۆ دامەزراندن. لە ساڵی ١٨٩١ڕا تا ساڵی ١٨٩٨ سەرانە وەگرتنیان دەست پێ کردەوە، چونکە بەگەکان بەردەوام خەریکی دزیکردن بوون. زەکی پاشا خزمی سوڵتان حەمید بوو، ژنبرای سوڵتان بوو. زەکی پاشا تەواوی پارە و زێڕ و خەلاتی ئاغاکانی حەمیدیەی ناوچەی ئەرزەنجانی لە ناوەندی نیزامی ئەو شارە کۆ دەکردەوە و دواتر بۆ بارەگای سوڵتان حەمیدی دەنارد و لە نێوان خۆیاندا بەشیان دەکرد. تازە ئەوە دە لە سەدی تالان و دزییەکە بوو. ئەوەی تر دەست ئاغاکانی خاوەن ڕەعیەت دەکەوت.

ئێمەش گرفتێکی گەورەمان هەبوو. چونکە حازر نەبووین گوردانی سوارە نیزام پێك بێنین. بارودۆخەکە بەچەشنێك بوو کە هەتا ئاغاکانی بەشدار لەو لەشکرەشدا نەیاندەوێرا تخوونمان بکەون، بۆوەی مەبادا ڕەزیلیان بکەین. چلەی هاوینی ١٩٠٨ فەریق ئەحمەد پاشا هاتە ئێرە، شاری بایەزید، بەو حیسابەی کە سەرکوتی ڕێپێوانی ئەرمەنییەکان بکات. بەشێکی زۆر لە قۆمیتانەکانی سوارە بەتاوانی ئەو کردەوەیەیان کەوتنە چاڵە ڕەشەکانی زیندان و لە نێویاندا دوو کەسیش لە ئاغاکانی ناسراو، مستەفا پاشای جیزرێ و برایم پاشای سەرۆك عەشیرەتی بەهێزی میلی لە دژی عوسمانییەکان هەڵگەڕانەوە. هەروەك لە سەرەتادا باسم لێوە کرد، عوسمانییەکان خەریك بوون کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لە دەست بدەن.

سەبارەت بەخۆمان، مناڵەکانم! ئەو قۆمیتانانە تەنیا هەر بۆ ئێمەی

کورد ئاگر و چەکوچ نەبوون، بگرە بۆ شەڕی «یەمەن»یش مەبەست بوون. ئەو سوارە نیزامانەی پەلاماری ئەوێیان دا، گشتیان کورد بوون.

## کورد لە یەمەن

گێڕانەوەی چیرۆکی باپیرە لێرە وەستا. باپیرەم زەق چاوی لە ئاگر بڕیبوو. گنجەکانی نێوچاوانی خێرا قووڵ بوونەوە. دەمتوانی یەك یەك بیان ئەژمێرم. باپیرەم هەستی بەژانێك دەکرد. ئەوکاتە فامم نەدەکرد کە بیرەوەرییەکانی چەندە بەئازارن.

گشت لایەك بێدەنگ بوو. ئێمەی منداڵ هەرگیز نەماندەزانی یەمەن لە کوێ هەڵکەوتووە. بەوحاڵەش، قسەکانی ئەو دواییەی باپیرەم وایلێکردین دەتگوت بۆمبێك لە ناو ژوورەکەماندا تەقییەوە. باپیرەم تۆزێك هێور بووەوە. بەئارامییەوە جگەرەیەکی هەڵبەست. فرسەتێکمان دەست کەوت پاڵیك وەسەرینەکانمان بدەینەوە. داپیرەم تەسبێحە نەوەدونۆ دەنکییەکەی دەگێڕا و بەردەوام چاوی لە هاوژینەکەی بوو. هەمیشە بەوجۆرە تەمەشای باپیرەی دەکرد، وەك ئەوەی پێی بڵێ: ″لێرەم، لە تەنیشت تۆ″.

سینییەکی پڕ لە نان و بەرووی برژاو هاتە بەردەممان و زلێخا ئیسکانە بەتاڵەکانی لە چای تازە دێمکراو پڕ کردەوە. ئاوردووی ناو سۆبەکە تازە کرایەوە و بڵێسەی ئاگر بەرز بووەوە. ماشەم دەست دایێ پۆلووەکان وەرد دەمەوە. بۆنی دووکەڵ خێرا کوونە لووتمی پڕ کرد. هاتمەوە سەر جێگەکەم. زانیم باپیرەم بۆ گێڕانەوەی پاشماوەی باسەکەی ئامادەیە. بەسەرسوڕمانەوە بینیم دەستی بە لاوك گوتن کرد، دەنگی بەقورسی دەهاتەدەر، دەنگی گیراوبوو، خاوەن ئاهەنگێکی پڕ سۆز، وەك هەنسك و گریان، لاوکێکی خەمگین و چەشنی زێمار لاواندنەوە وابوو:

ئاسمان ڕووناك و بێ غەلوغەشە،
چ جێگەی دووکەڵ و تارای ڕەشە

کێی دراوسێمان ئیمڕۆ مردووە،
لێکدابڕان، ئازار، بۆ جێی گرتووە.
ئاخ، ئەوە یەمەنە.
وەك چەرخی سووری ناو خوێنە.
کەسێ چوو، ئیتر بێ سەر و شوێنە
شاری مووش، کۆلانی تەنگ و هەوراز
ناگەڕێتەوە، ئەوەی ڕۆیی تەنێ و بێواز
سەربازی زەخیرە لە بەردەم پادگانە
تۆربەی شانی، وەك هەگبەی شوانە
کلاوی فیسی تورکی، جووتێك پێلاوە
دەبیسی مۆسیقا، وەك شایی و شالاوە
ئالای سەوز و سوور، چەشنی بووکە
گەڕانەوەی یەمەن پێتوایە هێندە سووکە
هەزاران شۆڕەبی لەبەر پادگان
چاوەڕوانی فەرمانی قۆمیتانن
ئەوانە پاکیان جوامێرن، گەنجن
بەرەو یەمەن، بوێر، تۆربەی ڕەنجن.

دەنگی شکا. قووتی دایەوە، بەپەنجەکانی چاوەکانی هەڵگڵۆفیێ. وەك ئەوەی بییەوێ فرمێسکەکانی دووبارە بگێڕێتەوە نێو کانیاوی چاوەکانی.

– ڕووداوەکان بەو چەشنە بوون، بەلاوك گوێتان لێ بوو. ئەوە چارەنووسی کوردان لە ولاتی یەمەن بوو.

– باپیرە ئەو یەمەنەی باسی دەکەی لە کوێیە، کوردەکان بۆ دەچوونە ئەوێ؟

– ولاتێکە لە خوارووی عەرەبستانی سعوودی هەڵکەوتووە. بیابانێکی

ئێجگار گەرم و چۆڕە ئاوی لێوەگیر ناکەوێ.

عوسمانییەکان دژی عەرەبەکان شەڕیان ڕاگەیاند. ئینگلیزەکان بۆ خاتری بەرژەوەندی خۆیان، پشتیوانیان لە عەرەبەکان کرد. قازانجی ئەو جارەیان بۆنی نەوتی لێدەهات. ئینگلیزەکان یارمەتی ئەوانیان دا و دواتر حکوومەتێکیان بۆ دروست کردن، دەیانزانی کە ئیمپراتۆری عوسمانی تەواو پیر بووە و ناتوانێ لەوە زیادتر دەوام بێنێ. ئیمپراتۆرێکی بێ ناسنامە مابووەوە، وەك یەخترمە دەچوو و بەس. کام لە نەتەوەکان لەگەڵی بوون، عەرەبەکان، یۆنانییەکان، ئەرمەنییەکان، کوردەکان، پۆندییەکان، لازەکان، چەرکزەکان، کامیان؟ ئینگلیزییەکان پشتیوانییان لە کام عوسمانی کردبا. عوسمانییەکان هەر لە شەڕی باڵکاندا گەمەکەیان دۆڕاندبوو. مەگەر دەیانتوانی تەواوی خاکی عەرەبستان بپارێزن. ئەگەر ئیمپراتۆری تەنیا لە تورکەکان پێکهاتبا، وێدەچوو ئینگلیزەکانیش پشتیوانی لێ بکەن، هەروەك کاتی خۆشی کە عوسمانییەکان بەهێز و دەسەڵات بوون، ئینگلیزەکانیش یارمەتییان دەدان.

وەختێك عوسمانییەکان لەگەڵ عەرەبەکان کەوتنە شەڕ، بەهەزاران لاوی کورد بۆ یەمەن بەڕێ کران. گشتیان حەڤدە هەژدە ساڵان بوون. منداڵ، هێشتە خەتی سمێڵیان دانەنابوو، تامی ژیانیان نەچێشتبوو... گشتیان جێگەی هومێدی گەلی کورد... ئاخ عوسمانی بێ قیمەت...

برایم پاشا، ئەو کەسەی سوڵتان عەودولحەمید دەسەڵاتی تەواوی دابوویە، نەفرەتی لە کوردان هەبوو. تەنیا و تەنیا ئەو، ئەو سەگە بۆرە باحیسی لە ناوچوونی هەزاران لاوی کورد لە عەرەبستان. بۆیە ئەو لاوکەی گوتم، ئەوەندە زۆر مسکێنم دەکاتەوە. دەرد و ئازاری کوردان قەت ڕەش نابێتەوە. گەلی ئێمە ناتوانێ ئەو شەڕە لە بیر خۆی بەرێتەوە. برایم

پـاشا تـەنـیـا لـە یـەمـەن ئـاژەڵسفـەتـی خـۆی نیشان نـەدا، بگرە لـە تـەواوی ناوچەکانی دەوروبەر، لە ئۆرفا، ماردین، نووسەیبین و دیاربەکر ئەو خوێنرێژە خۆی ناساند.

ئەوکاتە زیا گیوکئاڵب و پیاوانی ڕووناکبیر لە دیاربەکر بەئاشکرا دژی ئـەو کـابـرایـە ڕاپـەرین. بـەشێعر و سروودەکـانـی زیـا گـیـوکـئـاڵب، کـە ئـەو سەردەمە بەگوێی خەڵك خۆش بوون، شێوازێك بۆ نارەزایەتی دەربڕین ساز بـووبـوو. بـرایـم پـاشا سەرەتـا لـەگـەڵ تـورکـانـی نـوێ ڕێککـەوت، بەیارمەتی بیست و دوو یا بیست و پێنج قۆمیتانی ژێر فەرمانی، شاری دیمەشقی داگیر کرد و بۆ خۆی ڕاگرت و سەربەخۆیی ڕاگەیاند.

سیاسەتی تازەی تورکانی نوێ سەبارەت بەقەفقازیا و دەوڵەتانی تورك زبان، لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەستی پێ کرد. لە شەڕەکانی باڵکان، زەبرێکی گەلێك قورسیان وێکەوت. هەڵبەت دواتریش بەردەوام تـووشی شکست هـاتن. ئـەوکـاتـە فیراری گەورەی کوردان هـاتـە کـایـەوە. کوردەکان گەرەکیان نەبوو لەوە زیادتر لە شەڕەکاندا، یارمەتی تورکانی نوێ بدەن. بۆیە قۆمیتانەکانیش بەرەبەرە لە ناوچوون...

## تەڵەی ئاشکرا

داپیرە خەریك بوو هەستێتە سەرپێ، بۆوەی یەك دوو کۆلکەدار لە نێو ئاگردانەکە بئاخنێ. باپیرەم بەتەکانێك پێشی پێ گرت.

– وەرە، زاهیدە، بەدەنگێکی نزم هەرای لێ کرد. شەو درەنگە. مناڵەکان هەڵگرن و بیانبەنە سەر جێخەویان. سبەینێ دەبێ بەیانی زوو هەستین...

کەنگێ کات ئاوا بەخێرایی تێپەڕ بوو. هەرگیز خەوم نە دەهات. هاتم دەنگی نارەزایەتیم هەڵبڕم، دایکم مۆڕەیەکی لێ کردم و خەریك بوو زراوم بەرێ.

– ئێستە، ئێستە، با دەنکە بەڕوویەك بخۆم، حەتمەن دەڕۆم.

زلێخا سەماوەر و پیاڵە و ئیسکان و کەشەفی کۆ کردەوە. داپیرەم شیش و گڵۆڵەکەی تاقەت کرد. ئەو کاتەی باپیرەم قسەی دەکرد، ئەو هەر خەریکی گۆرەوی چنین بوو. دایکم خەریکی وەخەبەرهێنانی برا گەورەکەم بوو کە ڕاست لەو کاتەدا من خەریکی مامەڵەی بەڕوو بووم، ئەو خەوی لێ کەوتبوو.

– ئەرێ تەواوی کە، ئەو وەختە خوردبات کە دەمانبرژاندن.

زانیم لەوە زیادتر قەراغی لێ بکێشم، بەگران لەسەرم تەواو دەبێ. خێرا ڕام کردە سەر جێ خەوەکەم، لێفەکان لە سەرمان وەك ئێسقانیان لێهاتبوو. بەخۆم دادا و بەهەناسەکانم جێگەکەم گەرم داهێنا. چیرۆکی باپیرەم گشتی بەبەرچاومدا دەهاتوو و دەچوو... ئەوەتا ئەسپە جوان و ڕازاوەکە، بەسوارکاری خاوەن جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگی شەرکەرانەی نیزامی لەشکری حەمیدیە. تفەنگی مارتینی و فلیدا، باشترین چەکی ئەو سەردەمەی پێیە. ئەسپێکی قاوەیی، بریقەدار، هەستاوەتەوە سەر دوو پاشوان و چەپۆك لە عاسمان دەدا. من لەسەر پشتی ئەو ئەسپەم. ناکەومە خوارەوە، جڵەوی ئەسپیش ناگرم. عەجەب جوامێرێکم. تەواوی هێزی سوارە بەدوامدا دێ.

ژنان بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستان. هەویری سەر سێڵ تیشکی هەتاوی پێ نەدەکەوت و دەکرایە نان. دواتر نۆرەی ئاژەڵەکان بوو. دەبوایە ئالیکیان بدرێتێ و بدۆشرێن. منیش گەلێك جار دەمدۆشین.

هەموو بەیانییەك، هەرکە لە خەو هەڵدەستام، خێرا دەچوومە دەرێ، بۆ حەسارێ. هەوای زستان و هاوین بۆ من وەك یەك بوو. ڕەنگە چیرۆکەکانی گوێم لێ دەبوون، وایان لێ کردبووم. واتە ئەو وڵاتە لە لایەن کەسانێکەوە کەوتووەتە بەر تەماع. کەسانێك گەرەکیانە لێمان داگیر بکەن. ڕەنگە هەر لەو سەردەمەشڕا ئەو هەستەم تێدا بەدی هات کە

بـۆ ساڵانـێکـی زۆر لـە نـیشتمـان دوور خـرامـەوە و چـاوم بـەوڵاتـەکـەم نـەکـەوتـەوە. دەشکرێ سەرسورمـانـی سەردەمـی منـاڵـی بـێ کـە ئـێستـە لـە دەورانی ئـاوارەییدا، قـەوارەیـەکـی گـەورە و جیاوازتری بـەخـۆوە گرتووە. لـە هـەرحاڵدا، هیچ بـەیانییـەك نـەبوو کـە داپیرە لـەگـەڵم بـەکێشە نـەیـێ، وەختێك بـەپـێخـاوسی دەچـوومـە دەرەوە. ئـەگـەر هـاویـنـانـان سەبـری لـێ دەگـرتم، زستانـان تۆڵەی لـێ دەکردمەوە. ئـەو بـەیانییـە ساردەی زستانیش هـەر بـەو چەشنە بوو. دیسان دەنگدان، ئـەوجاریش پورم یـارمـەتـی دام کـە جلوبـەرگی پەشمی لەبەر خۆم بکەم. بەو حاڵەش من فکر و زکرم هەر لە لای ئـارارات بوو.

هـەرایـەکـی تـر، دەنـگـی بـەرز و جـنـێودان، لـە حـەساری مـاڵـەکـەمـانـدا سەرنجی گشتمانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. ڕەمحۆ لە ماڵی ئێمە کارداری دەکرد. خەریك بوو مریشك و کەڵەشێرەکان لە نێو مرغدانی بکاتەوە. ئەوان هـەر جـارێ بـەلایـەکـدا هـەڵدەهـاتـن. دوو لـە کـەڵـەبـابـەکـان لـە نێو بـەفـردا گیریان خواردبوو و هەرچی حەولیان دەدا بێنەدەر، پتر ڕۆدەچوون.

– ڕەمحۆ، هەرام لێ کرد، ئـاوا نـابێ. زیـادتر دەترسێن.

– تۆ، چووزانی چۆن دەکرێ، وەرە یارمەتیم بدە.

– من دێم، بەڵام تۆش دەبێ فێربی کارەکەت خۆت بیکەی، باشە.

ئێستە کە بیری لێ دەکەمەوە، ئەو قەڵافەتە بچووکەی من هەمبوو، بەو هەموو لە خۆڕازیبوونە، هەست بەخەجاڵەتی خۆم دەکەم و ناڕەحەت دەبم. ڕەمحۆ دەبوایە زللەیەکم لە بناگوێ ڕاکێشێ بۆوەی تۆزێك وەخۆ بێمەوە. بەڵام ئەو بێچارەیە تەنیا پێ دەکەنی. منی خۆش دەویست و ڕێزی لێ دەگرتم، چونکە من نەوەی خۆشەویستی حەسەن ئـاغـا بووم. گشت لایەك حورمەتیان بۆ دادەنام، یا ڕەنگە لە دەرووندا تۆزێك لێم دەترسان، چونکە دەیانزانی ئەگەر ئازارم بدەن، باپیرەم وەك شێر بەسەریاندا دەگوڕێنێ.

ڕەمحو بەڕاوڕاوێن مریشکەکانی کۆ کردەوە.

– من ئەوانە وەستۆ دەگرم کە لە ناو بەفردا چەقیون و ناتوانن ڕاکەن.

– بەو جۆرەی تۆ دەیکەی، منیش دەتوانم کۆیان بکەمەوە.

– وەختێك تەواو بووم، پێت نیشان دەدەم کە چۆن زیندەوەران دەگرم.

ئەوجار بەجووتە ڕاومان دەکردن. دەکەوتینە خوارێ، جنێومان دەدا، پێ دەکەنین. کارەکەش هەر لە جێگەی خۆی بوو. تا ئەو کاتەی دایکی ڕەمحۆ لە پەرێشانی دەریهێنایین.

– ڕۆڵە بۆ خۆتان عەزاب دەدەن، تەپکەی دانێنەوە، وەك ئەوەی ئێمە بەمناڵی بۆ گرتنی چوێلەکان دەمانکرد.

– ئێمە لە کویێ ئەوە بزانین، بەهەناسەبڕکەوە هەردووکمان هاوارمان کرد.

– ئێمە لەسەر بەفر تۆزێك گەنممان ڕۆەکرد. چەند داوێکمان لە کلکی ئەسپ ڕادەکێشا و داوەکەمان لە نیزیك یەکتر دەنایەوە و گەنممان بەسەردا دەپرژاند. چۆلەکەکان دەهاتن بۆوەی دانەچینەی بکەن، پێوە دەبوون و نەیان دەتوانی بفڕن. چونکە قاچەکانیان بە داوەوەوە دەبوون. ئێمە لە کەمیندا دەماینەوە و وەختێ پێوە دەبوون، ئەوسا دەمانگرتن.

– دەزانم، دەزانم، ڕەمحۆ هەرای لێ کرد. پارەکە لەگەڵ باوکم لەو تەپکانەمان دانابووەوە. دەزانم، دەزانم.

– وەرە بەمنیشی نیشان بدە.

– ئا ئا، تۆ زۆرت بەمن نیشان دا.

دەچینە نێو تەویلە، بۆوەی چەند داوێك لە کلکی ئەسپ ڕاکێشین. ژووری تەویلەکە بەڕاستی تاریك بوو.

– ڕاوەستە، با پەنجەرەیەك بکەینەوە، ئاوا تاریك لە ژێر سمی ولاغاندا

تیٚ دەچین.

من گوێم بەهیچ نابزوێ. ڕام کردە نێو ئەسپەکان. کلکێکم بەدەستەوە گرت. داوەڵێکم جیا کردەوە و ڕام کێشا، ئەسپەکە لووشکێکی هاویشت، خەریك بوو وێم کەوێ. نە ئەو توانی جووتەم لێدا و نە منیش داوێکم دەست کەوت.

– سەبر بگرە ڕەمحۆ! دەچم مەقەستێك دێنم، بە پۆزێکەوە ئەوەم گوت، وەك ئەوەی تەجرەبەی جووتەی ولاغانم زۆر هەبێ.

کاتێك ڕام کردە ماڵەوە، لە دوورەوە چاوم بەزلێخا کەوت بەمەجموعەیەکی پڕ لە نانی تازە برژاو دەگەڕایەوە و بۆنی نانی تازە دەهات.

– زلێخا، زلێخا، هەرام لێ کرد. ئەو وای نیشان دەدا کە گوێی لە من نەبووە...

– ڕاوەستە زلێخا.

زلێخا پێیوابوو نانم گەرەکە و هەنگاوەکانی بەرزتر کردەوە.

– ڕاوەستە. نانم ناوێ.

– قاوەڵتی ئامادەیە، چاوەڕوانی تۆین، تۆش جارێ برۆ دەموچاوت خێرا بشۆ و پاشان وەرە و لەگەڵ ئەوانی تر لەسەر سفرە دانیشە.

– باشە باش، دەچم، جارێ تۆ مەقەستێکم دەیە.

– مەقەستت بۆچییە؟

– کارم پێیەتی، زلێخا وەرە بمدەیە.

– باشە دوای قاوەڵتی.

چاوم بەپوورم کەوت. ئاخر زلێخا لێم حاڵی نەبوو.

– پوورێ، مەقەستێکم بدەیێ، تکایە.

– بۆچیتە، بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسیم.

– ئیٚ، دەمهەویٚ.

– ئەگەر پێم نەڵێی، ناتدەمیٚ.

– بۆوەی مریشکان بگرین، دەخوازین تەپکەی بۆ چۆلەکان دانێینەوە، پێویستیمان بەمووی کلکی ئەسپ هەیە.

– ئا، جوانە، دوای قاوەڵتی دەتدەمیٚ.

– نا، هەر ئێستا گەرەکمە.

– ئێستا ناتوانم، دوای قاوەڵتی.

جاریٚ نۆرەی کاری گرینگتر بوو. چیم بکردایە، ناچار چوومە ژووری گەورە و هەموو شتێك ئامادە کرابوو. تەواوی ئەندامانی بنەماڵە کۆ بووبوونەوە و هەرکەسە لە جێگەی خۆی دانیشتبوو. چووم و چڕوچاوم شووشت. ئاوێکی سەهۆڵاویی، دەست و چاوی تەزاندم. بەجوانی دەست و چاوم شووشت و یەك دوو زللەم لە ڕوومەتەکانم دا، بۆوەی تۆزێك گەرم بنەوە. خوشکم چاوی لیٚ دەکردم و تەزووی بە لەشی هەڵگەڕا.

– هەرای لیٚ کردم وتی: ئەوە خەریکی چی پۆلات، بەو هەموو ئاوە ساردە نەخۆش دەکەوی.

– ئەهـا تۆش وەرە... باپیرم وتوویەتی ئەو ئاوە ساغی و چالاکی بەخشە.

تۆزێکم ئاوپڕژێن کرد.

– لێمگەڕیٚ، لێمگەڕیٚ، مەکە، خوشکم بەسەرمدا قیژاندی و بە لەرزینەوە ڕای کرد و جێی هێشتم.

دایکم دەسرەیەکی دامیٚ و دەست و چاوەکانم ویشك کردەوە و چووم لە جێگەی خۆم، لە تەنیشت باپیرەم دانیشتم.

– وەرە کوڕی خۆم، باپیرەم گوتی: لە کوێ بووی؟ باش خەوتی؟

– هەر باش، زۆر باش باپیرە.

– چایەکم تێ کرد، ڕۆنی کەرەم لە نانەکەم هەڵسووت، ژاژی و دۆشاویش لەسەر...

لەو نێوەدا کە من مژوڵی خواردن بووم، داپیرەم خەریکی تێهەڵسوونی ڕۆنی کەرە و مرەبا لە نانێکی تر بوو.

– ئەوەش بخۆ کوڕەم، با گۆشتی پێ بگری.

هەر بابایە خەریکی خواردنی خۆی بوو، پوورم بەتەپسییەکی پڕ لە قەیماغ وەژوور کەوت و وتی:

– ئەوەش قەیماغ.

ئەوجار نان و قەیماغ خواردن دەستی پێکرد. چەند خۆشە! وەختێك منیش ویستم بە نانەکەم قەیماغ ڕاکێشم، باپیرە دەستی گرتم.

– ئاوا نابێ، مرەبا لە نانەکەت هەڵسوو، دوایە دەبینی.

بەقسەی باپیرەم کرد و بەڕاستی تامێکی دیکەی هەبوو، لە ڕادەبەدەر خۆشە!

– باپیرە! مرەبای تریشی تێهەڵسووم.

– بۆچی نا.

تەپسی قەیماغ بەتاڵ بوو. خوشکم بەلەتە نانێك چی قەیماغی بەلێوارەکانی تەپسییەوە مابوو، کۆی کردەوە.

– چ بکەم!

پێی وا بوو دەبێ ئیعتیراف بکات، ئاخر گشتمان چاومان تێ بڕیبوو.

– ئێوە قەیماغتان بۆ من نەهێشتووە.

هەر هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دا. چونکە ئەو لە هەمووانی زیادتر خواردبوو و ئێستە دەشگریا.

– پووریێ من تەواو بووم.

– دەزانم. لە خۆڕا نەیانگوتووە کە نابێ قەول بەمناڵ بدەی، وەرە مەقەستت بدەمێ... ڕاوەستە، ڕاوەستە! خۆیشم لەگەڵت دێم، با ئەسپەکان لووشکت لێ نەدەن و تووشی دەردیسەر نەیەم.

ڕەمحۆی بێچارە هەروا چاوەڕوانی من بوو. پوورم دوو دەنك داوی درێژی لە کلکی ئەسپ بڕی. یەکیان بۆ من و ئەوەی تر بۆ ڕەمحۆ. خواستم گرێی لێدەم، نەمزانی. لەولاوە هێنام و بەولادا بردم، نەخێر نەبوو. دانم بەنەزانینی خۆم نەنا. ڕەمحۆم لە پاڵ خۆمەوە بینی کە خەریکە دەسکەوتێکی بێ، هێشتا دانم بەنەزانینی خۆم نەنابوو. بۆچی ئەو پێی دەکرێ، بۆ من نا. بەهەرحاڵ داوە مووەکە لە نێو پەنجەکانمدا هەڵدەخلیسکا، بێواز بووبووم.

– پووریێ. ناتوانم. ڕەنگە ئەو داوە باش نەبێ! یەکی ترم بۆ ڕاکێشە.

– ڕەمحۆ هاواری کرد :بۆ منیش، بۆ منیش.

گەلێك خۆشحاڵ بووم کە ئەویش نەیتوانی.

– داوەکان هیچ عەیبێکیان نییە. وەرن با فێرتان بکەم چۆن گرێ لێ دەدرێ.

پوورم هەرکە تەپکەکەی ئامادە کرد، خێرا لەسەر بەفرمان دانا و گەنممان پێوە کرد و لە تەنیشتی هەڵتروشکاین و چاوەڕوانی هاتنی چوێلەکەکان بووین.

مریشکەکانمان لە بیر چووەوە. نیزیك بەکاتژمێرێك تێپەڕی و هیچ خەبەرێك لە چوێلەکان نەبوو.

– ئەرێ چیتان لێ هات، خەریکی چین؟

– هیچ، هەردووکمان یەکدەنگ وەڵاممان داوە.

– قەراریش نییە دەسکەوتێکتان هەبێ. بەو جۆرەی ئێوە لە تەنیشت تەپکەکە دانیشتوون، پێتان وایە چوێلەکە نیزیك دەکەوێتەوە! چوێڵەکە ڕەنگە برسی بێ، بەڵام ئەوەندەش بێ عەقڵ نییە. هەستن، دەوری تەپکەکە چۆل کەن.

کاتێك لە تەپکە دوور کەوتینەوە، ئیتر لە بیرمان چووەوە چی بەسەر هاتووە. پاش ماوەیەك دیتمان تەپکە کاری خۆی کردووە و چوێلەکە بە داوەوە بووبوون.

شەوێکیان لەگەڵ براکەم لەسەر گەمەکردن بەکێشە هاتین. ئێ، جاری یەکەممان نەبوو. جیاوازییەکەی ئەوجارەیان لەوەدا بوو کە باپیرە چاوی لێمان بوو. کاتێك من قاچەکانم بەحەواوە بوو، باپیرەم خێرا شەقێکی لە براکەم هەڵدا و لە نەکاو هەستم بەوە کرد کە منیش پێم بەعەرزەوە نەماوە. باپیرە ڕەپێچەکی دام و وەك تەلیسێکی بەتاڵ هەڵی داشتمە سەر بالیفەکەم.

– حەز ناکەم جارێکی تر گوێم لەو شەڕ و هەڵایە بێ. دەبێ هەمووتان پێکەوە یاری بکەن. گەلێکیش ڕازی و مەمنوون بن کە ئەسپابی یاریکردنتان هەیە. ئێمە لە سەردەمی منداڵیدا نەك هەر هیچمان نەبوو کایەی پێبکەین، بەڵکو وەبیرم نایە کە تەمەنی منداڵیشمان گوزەراندبێ. نایەتەوە یادم کە سەردەمێك منداڵ بووبم و ڕۆژێك لە ڕۆژان بەو ڕێگەیەدا تێ پەڕیبم. ئێوە ئێستە هەرچی دەستی بۆ دەبەن هەتانە، بەو حاڵەش وەك بابوباپیرانی ئێمە خەریکن یەکتری دەخۆن. ئاخ، بریا دیتباتان منداڵانی هاوتەمەنی ئێوە لە سەردەمی ئێمەدا چۆن دەژیان.

**ئالای کوردستان لەسەر قەڵای بیتلیس**

١٩١٠، ١٩١٢، ١٩١٤. ساڵانی دەرد و ڕەنج. ساڵانی لە ناوچوونی خوشك و براکانمان.

لەگەڵ ئەرمەنییەکان نەك هەر پێوەندییەکی بەوەجمان هەبوو، بەڵکو خزمایەتیشمان بوو. تەنیا ئاینەکانمان لێك جیاواز بوون، بۆ ئەویش گرفتێکمان نەبوو. ئاینەکان دووبەرەکی و بەرژەوەندییە سیاسییەکان دەشێرنەوە. ئەرمەنی مانگی ڕەمەزان لەگەڵ ئێمە دەبوون و جێژنەکانی قوربان و ڕەمەزانیان دەکرد. حورمەتی مزگەوتەکانی ئێمەیان لەبەر بوو. ئێمەیش هەر بەو چەشنە بەشداری بۆنەکانی ئەوان دەبووین. کەس نەیدەتوانی لێکمان جیا بکاتەوە و ئاگری شەڕ لە نێوانماندا هەڵایسێنن. ڕووسەکان بەڵام، بۆ ئێمە دیاردەیەکی جیاواز بوون. لە لایەکەوە ڕووسەکان بەڵێنیان بەهێندێك لە ئەرمەنییەکان دابوو کە دەوڵەتێکی مەزنیان بۆ دروست دەکەن و لەولاشەوە بەشێك لە ئاغاوەت و سەرۆك هۆزی گەورەی کوردیان ڕەگەڵ خۆیان خستبوو. ئێمەش لەو نێوەدا جار لەگەڵ ڕووسەکان بەشەڕ دەهاتین و کەڕەتی ئاواش هەبوو کە یارمەتیمان دەدان. هەلومەرجی ئەوکاتە شتێکی تەواو جیاواز بوو. بەڕاستی ساڵانی دوورودرێژی لەشکرکێشی. ئەو کاتە بوو کە کوردەکان ڕۆیشتن. ڕاست لەو سەردەمەدا دەگوترا کە ڕووسەکان بۆ ڕەشەکوژی بەکۆمەڵی ئێمە دێن.

ئەو وەختە ماڵەکانمان بەرە بەرە چۆل کران، سەروەت و داراییمان بەجێ ما. خەڵك ئەوەندەی بەکۆڵ پێیان هەڵدەگیرا لەگەڵ خۆیان برد. ئەوەندەی لە ناو ڕووحمـاندا جێی دەبووەوە. ڕێگەی ئاوارەبوونمان گرتەبەر. بەرەو چاڵدران، مورادییە، ئەرجیس، وان... ڕۆیشتین. هێندێك بۆ لای ئەرزەرۆم چووین. کۆمەڵێك گەیشتنە ماڵاتیا، ئیلازگرت، قەرەقووش. خەڵکێك لە بایەزیدرا گەیشتنە ماڵاتیا. هەتا ئەوێ. ئاوارەیی و جێ

هێشتنی ماڵوحاڵ و ناهومێدی.

بەر لە دەستپێکی شەڕی یەکەمی جیهانی، پیاوانی گەورەی کورد، عەبدوڵڵا بەدرخان، سمکۆ، مرۆڤێکی ناسراو لە کوردستانی ئێران، حوسێن پاشا، ئەویش پیاوێکی خەڵکی و پاشایەکی بەوەج تا سەردەمی هێرشی عوسمانییەکان و نیشتمانپەروەرێکی بەنرخ و کورد. شێخ عوبەیدوڵڵای بەناوبانگ.

ئەوانە گشتیان پێوەندی باشیان لەگەڵ ڕووسەکان هەبوو، بەو هیوایە کە یارمەتییان بدرێتێ. ڕووسەکان بەڵام، بۆرە هاریکارییەکی بچووکیان کرد کە شتێکی ئەوتۆ نەبوو. وەك دیپلۆماتکار تەنیا بۆ دڵخۆشی ئێمە کۆمەگێکی کەمیان کرد، چەشنی دامەزراندنی قوتابخانەی کوردی، هەڵبەت ئەوەش هەنگاوێکی باش بوو. بۆ یەکەم جار منداڵانی کورد توانییان کاغەز و قەڵەم ببینن و فێری زمانی کوردی و سامانی خۆیان بن.

دەوڵەتی ڕووسیا، خوازیاری ئەوە نەبوو کە یارمەتی بۆ کارێکی بەوەجتر بەئێمە بکات. سمکۆ لەسەر سنوورەکانی ئێران – تورکیا، بەتایبەتی لە دەڤەری شکاکان، خاوەن هێزێکی بەرچاو بوو. ناوبراو دژی عوسمانییەکان شەڕی کرد. لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۱۱–۱۹۱۲دا گەلێك بەهێز بوو. کۆر حوسێن پاشا ساڵی ۱۹۱۰ لە ناوچەی ماکۆ دەستی بەشەڕ کرد. ئەو کاتە تەیمور پاشا و ئەمین پاشاشی لەگەڵ بوو و بەیارمەتی ڕووسەکان چاوەدێری ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

دواتر زانیمان کە ئەوانە داوای هاتنی لەشکری ڕووس و لە ڕاستیدا بانگهێشتی ئەوانیان کردبوو. قەزاقەکانی ڕووس گەلێك وەحشی و دڕندە بوون. حاڵیبوونیان بۆ نەبوو... دەیانکوشت، دەسرێژیان دەکرد، تاڵانیان دەکرد... خوێن... خوێن...

– ئەو کاتە بوو کە دایەت ناسی، دایکم پرسی.

– باپیرەم بزەیەکی هاتێ...

– بەڵێ، بەڵێ... لەگەڵ دایکت، لە وەختی سەفەر بەرلك، یەکترمان ناسی...

باپیرەم وەرسوڕایەوە و چاوێکی لە داپیرەم کرد. ئەویش لە بنەوە خەندەیەکی هاتێ و سەرێکی بۆ لەقاند.

– بەڵێ حەسەن، ئەو کاتە یەکترمان ناسی.

نێوان ساڵەکانی ١٩١٣ – ١٩١٤ بوو. ئەو وەختە یەکەم هێرشی نیزامی کرایە سەر ناوچەی بیتلیس، باپیرەم گێڕانەوەی چیرۆکەکەی دەست پێ کردەوە.

کەشوهەوای شۆڕش سەراسەری کوردستانی داگرتبوو. پەیامەکانی شۆڕش لە گشت لایەکەوە دەبیسران. هەستمان دەکرد کاتی ڕاپەڕین هاتووە. دڵی شۆڕش لە ناوچەی بیتلیس بوو. هیزان، بوتکێ، دیاربەکر، ماردین، نووسەیبین، میدیات، جیزرێ... ئەو دەڤەرانە لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ناوچەی ئێمە زیندووتر بوون. ڕاپەڕین لە لای ئێمە گڕوتینێکی ئەوتۆی نەبوو. ئێمە لە چاوەڕوانیدا بووین کە شۆڕش ڕۆژ بەڕۆژ زیادتر پەرە بستێنێ.

بنەماڵەی بەدرخان گەلێك بەهێز بوون. ئەوەش هۆکارێك بوو کە ئەمیر بەدرخان وەك ڕێبەری سەرهەڵدانەکە دیاری بکرێ... بیستمان کە لە ناوچەکانی سیرت و سیروان، ئاغاکانی بەدەسەڵات پێکەوە بەقەناعەتێك گەیشتوون و وەفدێکیان لە تیفلیسرا ڕەوانەی ڕووسیا کردووە بۆوەی چەك و تەقەمەنی وەربگرن. هەڵبەت ئەو سەرۆك عەشیرەتانە دەیانتوانی نیزیك بەپەنجا هەزار چەکدار کۆ بکەنەوە و خاوەن هێزێکی نیزامی گەورە بن. ئەو هەوڵانە لە وەختێکدا بوون کە تورکانی عوسمانی درێژەیان

بەپەلامارەکانیان دەدا و دادگاکانی ئانکارا بەردەوام سزای مەرگیان بۆ کوردەکان دیاری دەکرد.

یەکێك لەو ئاغاوەتە بە دەسەڵاتانە مەلا سەلیم بوو. ناوبراو خەڵکی ناوچە شاخاوییەکانی هیزان، سەر بەدەڤەری بیتلیس و مرۆڤێکی بەجەرگ بوو. مەلا سەلیم تەواوی پەلامارەکانی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی ڕێك دەخست. عوسمانییەکان هەرکە ناوی مەلا سەلیمیان بیست، خێرا گرتیان، لە کلکی ولاغیان گرێ دا و بەدوای خۆیاندا ڕایانکێشا. پەنجا عەسکەری تورك لە ڕێگەی بەرەو بیتلیس پارێزگاریان لێ دەکرد. خەڵکی گوندەکانی سەر ڕێگە، هەر کە بەخەبەری گیرانی مەلا سەلیمیان زانی، دەستیان دایە چەك و پەلاماری سەربازەکانیان دا و مەلا سەلیمیان ئازاد کرد. قایمەقامی هیزان و فەرماندەکانی نیزامی عوسمانی لە ترسان ڕایان کردە شاری بیتلیس، بۆوەی خۆیان پاراستبێ. مەلا سەلیم ئەو کاتە بەیانێکی دەرکرد و سەربەخۆیی هەرێمەکەی ڕاگەیاند. کوردەکان ئەو جووڵانەوەیەیان بەسەرەتای دەستپێکی شۆڕش دانا.

لەو دەڤەرە ئەرمەنییەکی فرە دەژیا. بەشی هەرە زۆریان ئاسنگەر بوون. گشتیان دەستیان بەدروستکردنی شمشێر و خەنجەران کرد و یارمەتی شەڕکەرانیان دا... کورد و ئەرمەنی وەك برا دژی عوسمانییەکان ڕاپەڕین.

مەلا سەلیم خەڵکی گوندی کۆماچ بوو. باسیان دەکرد کە نیزیك بە چوار پێنج هەزار شەڕکەر لەو گوندە و دە هەزار کەسێك لە ناوچەکانی دەوروبەر کۆ بوونەوە و بەرەو گوندی کۆماچ وەڕێ کەوتبوون تاکو تێکەڵ بەهێزەکانی ژێر فەرمانی مەلا سەلیم بن.

نۆی مانگی مارس، ڕۆژێکی مێژوویی بوو. مەلا سەلیم و پیاوەکانی، ناوچەی بیتلیسیان گرت، ئەوەش مەبەستی سەرەکییان بوو. سەرەڕای خۆڕاگری بەهێزی عوسمانییەکان، کوردەکان توانییان ئاڵای کوردستان

لەسەر قەڵای بیتلیس بچەقێنن.

شەڕ بەردەوام و بێ پسانەوە بوو. عوسمانییەکان گوردانێکی گەورەیان لە ئەرزەنجانرا بۆ یارمەتی هێزەکانیان نارد. ئەو گوردانە ئێستەشی لەگەڵ بێ نەیتوانی بگاتە ئەوێ، چونکە هێزەکانی کوردی تەفروتوونایان کرد. سێی مانگی ئاپریل، شێخ شەهابەدین وەك ڕێبەری ئەو سەرهەڵدانە، داوای لە عوسمانییەکان کرد کە شاری بیتلیس تەسلیم بکەن. عوسمانییەکان وەڵامی نەرێنییان دایەوە، شەڕێکی قورس دەستی پێ کردەوە.

مەلا سەلیم و ڕێبەرانیتری کورد، شێخ شەهابەدینیان وەك سەرۆکی خۆیان قبوڵ کرد. کوردەکان داخڵی شاری بیتلیس بوون و توانیان دوو گەڕەکی قەراخ شار بگرن. یەك لەو گەڕەکانە ئەرمەنی و دووەمیشیان کوردنشین بوو. گشتیان بەباوەشی ئاواڵەوە هێزەکانی کوردییان وەرگرت و هیچ کێشەیەك لە نێوانیاندا ساز نەبوو. هەڵبەت هێندێك کەس، بێلایەنی خۆیان پاراست و بەشێکیش تێکەڵ بەڕاپەڕینەکە بوون. خەڵکی ئەو دوو گەڕەکانە بژیو و جلوبەرگ وماڵیان لەگەڵ کوردانی ڕاپەڕیو بەش کرد، چونکە ئەو هێزانە هیچیان لەگەڵ خۆیان نە هێنابوو، نە چەکیان پێ بوو و نە پێڵاو... سەرەڕای هەژاری خۆیان و سەرما و بەفر و ڕەوشی نالەباری زاڵ، کوردەکان توانیان شاری بیتلیس بگرن. دیارە مانەوەیان لەو شارە ماوەیەکی کورتی خایاند...

عوسمانییەکان داوای یارمەتیان لە گشت ناوچەکانیتر کرد، لە وان، مووش، ئەرجیس و لە هەر شوێنێکی هێزی دەوڵەتی عوسمانی لێ بوو، بۆوەی بتوانن کوردانی ڕاپەڕیو سەرکوت بکەن. کاتێك هێزێکی گەورەی عوسمانی گەیشتەجێ، ئەرمەنییەکان لە لایەن لەشکری عوسمانییەوە ناچار کران کە شەڕیان بۆ بکەن و یارمەتییان بدەن. ئەوە

تاقیکردنەوەیەکی گرینگ لەمەر دۆستایەتی دوو گەلی کورد و ئەرمەنی بوو.

لە کاتی شەڕدا، شاری بیتلیس کەوتە بەر ڕێژنەی خەستی تۆپخانەی عوسمانییەکان. ڕەشەکوژییەکی ئێجگار زۆر کرا و بە هەزاران کوردی ئەو دەڤەرە ناچار بوون ماڵ و مڵکیان بەجێ هێڵن. ئەوکاتە بوو کە مەلا سەلیم و شازدە کەس لە هاوڕێیانی پەنایان بۆ کۆنسولخانەی ڕووسیا برد و هەژدە ڕۆژی بەردەوام شەڕیان درێژە پێ دا. بەسەدان، هەزاران کورد ڕۆبوونە چەك و ڕوویان لە چیاکان کرد. نیزیك بەهەزار کەس لە کوردەکان گیران و دوور خرانەوە. لە سەرەتاکانی مانگی مای، کامیل بەدرخان بەدیل گیرا و بۆ شاری ئیستانبوڵ ڕاگوێزرا. ئەوەیان گورزێکی قورس بوو کە لە جووڵانەوەی کوردی درا، چونکە بنەماڵەی بەدرخانییەکان گشتیان مرۆڤی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو بوون و ڕێبەرایەتی جووڵانەوەیان بەئەستۆوە بوو.

سەرهەڵدانی شاری بیتلیس بەو شێوەیە کۆتایی پێ هات.

ئەو ڕەوشە تا ساڵی ١٩١٤ لە کوردستان بەردەوام بوو. عەبدولسەلام بارزانی لە ناوچەی ڕەواندوز و ئاکرێ هەڵکەوتوو لە کوردستانی عێراق ڕاپەڕی. هەر بەو چەشنە، لە شاری ورمێ سەرهەڵدانێك بەسەرکردەیی سمکۆ ساز بوو. جۆش و خرۆشی شۆڕش سەراسەری ناوچەی داگرتبوو. هیچ کەس دەسەڵاتی ئیمپراتۆریە نەخۆشەکەی قبوڵ نەبوو، چونکە جیا لە گشت چەوسانەوەیەك، خەڵك لە ژێر باری قورسی سەرانەدا بەچۆك داهاتبوون. خاوەن هەر شتێك بوای سەرانەیان لێ دەستاندی. خاوەن کوڕ بوای، دەبوایە سەرانەیەکی بەجیا بدەی. ئەسپێك یا جەواڵێك گەنمت هەبوایە، حوکمت دەکرایە سەر کە سەرانەی لێ بدەی. گەلی کورد هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ نەمابوو. ئەو بارودۆخە لەوە زیادتر تەحەمول نەدەکرا.

تـاکـی کـورد هـیـچـی بـۆ نـەمـابـووەوە، نـاچـار بـوو خـۆ لـە دانـی سەرانـە بـەمەئموری خەزێنەی عوسمانی ببوێرێ. شەڕ و پێکدادانی گەورە لە نێوان کوردەکان و ژاندەرمە و مەئمورانی سەرانە، گەلێك زۆر بوو.

لـە کـۆتـایـیدا، ساڵـی ١٩١٤، لـەشکری عـوسمـانـی بـەرەیـەکـی شەڕی لـە هـەرێمی قـەفقـازیـا بـە فـەرمـاندەری ئـەنوەر پاشا کردەوە. نیزیك بـە نـەوەد هــەزار عــەسکـەری عـوسمــانــی لـە نـاوچـەی ساری قـامـیش، پـەلامـاری ڕووسەکانیاندا. لەو شەڕانەدا حەفتا هەزار کەس لە هێزەکانی ئەنوەر پاشا بەتایبەتی لەبەر سەرمای زۆر کوژران. سەربازەکان گشتیان لە سەرمـان ڕەق هـەڵاتن. لە نێوانیاندا گەلێك کورد هـەبوون. نیزیك بە بیست هـەزار کەس کوردی ناوچەکانی ئیلازیغ، ئەرزەرۆم، سیواس لـەو دەڤـەرە بــوون کـــە جـــاروبـــار دژی ڕووسەکـــان و هـــێنـــدێك جـــاریش دژی عوسمـانییەکان شەڕیان دەکرد.

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی، گەلی کورد تووشی نەهامەتییەکی زۆر هــات. دوای شەڕی ئـەنـوەر پـاشا، لـە نـێوان ساڵـەکـانـی ١٩١٦ – ١٩١٥دا، ڕووسەکـان هـاتـنـە نـاوەوەی کـوردستـان. ئـەوان بـەئـەرزەرۆم، ئــەرزەنجـان، وانـدا ڕۆیشتن و گـەیشتـنـە مـوسڵ و لـە لایـەکـی تـرەوە، لـە ڕۆژهـەڵات داخڵی شاری بیتلیس بوون و دواتریش گەیشتنە دەرسیم و ئەوێشیان گرت. ئەو ساڵانە پەرێشانی و نەهامەتی لەوپەڕی خۆیدا بوو.

گەلی کورد ناچار بوو لە بەرابەر گشتیاندا ڕاوەستێ. من خۆم سەر بەکۆمەڵی بەرگری بووم. ڕووسەکان تا ساڵی ١٩١٧ مانەوە. ئەو کاتە شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەئەنجام گەیی و ئێمەش سەبارەت بەو ڕاپەڕینە زۆر شتمـان بـیستـبوو. ئـەو سەردەمـە بـایـەخێکی ئـەوتـۆمـان پـێ نـەدا. دواتـر زانیمان کە ئەو کەسەی سەرکردایەتی ڕووسەکانی دەکرد، ناوی لێنین بوو.

ڕووسەکان وەختێك ڕۆیشتن، ئێمە هێور بووینەوە. هەڵبەت ئەو هێمنییە زۆری نەخایاند.

هەر ئەو فەترەیە چەند ڕووداوێکی تر هاتنە پێش و دووبارە کەوتینەوە بەر ئازارەکانی سوپای عوسمانی، بەتایبەتی لە لایەن تورکانی نوێوە، واتە ئیتیحاد و تەڕەقی. ئەوانە لە لایەك گەمەیان بە ئەرمەنییەکان دەکرد و بەڵێنیان پێ دەدان کە هێندێك لە مافەکانیان بۆ دابین دەکەن، لە لایەکی تریشەوە بەرەشەکوژی خەریکی لەناوبردنیان بوون. تورکەکان قینێکی زۆریان لە ئەرمەنییەکان بوو. ئەرمەنییەکانیان بەلاوە پیسترین دوژمن بوو. تاتار عوسمان پاشا کە زۆرجار دژی کوردەکان شەڕی کردبوو، کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکانی بەئەنجام گەیاند. بەڕاستی ڕەشەکوژی بوو. عەینی ئەو کارەیان لەگەڵ ئێمەش کرد. وەختێك کازم قەرەبەکر پاشا هاتە ناوچە، هەمان کارەساتی بەسەر ئێمەش هێنا. ناوبراو پێشتر بەشداری ڕەشەکوژی ئەرمەنییەکانی کردبوو.

لەو شوێنەی کە ئێمە پێی دەڵێین گۆڕستانی ئەرمەنییەکان، نیزیك بە چل هەزار کەس نێژراوە. تورکەکان، ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەیان بەبێ جیاوازی کوشت. هەرچی بێ دیفاع بوو کوژرا. هاوکات پیاوەکانیان دەبردن و کرێکارییان پێ دەکردن. لە کارەکانی قورس و زەحمەتی وەك دروستکردنی ڕێگەی ئاسن و جادە و کۆلاندا کەڵکیان لێوەردەگرتن و پێیان دەگوتن تابوری بێگاری. دواتر زانیمان کە یۆنانیش لەگەڵیان بوونە و لە ناوچەی ئیستەنبوڵ و دەڤەرەکانی دەریای «ئیجە» ڕاهێنابوویانن. سەبارەت بەتابوری بێگاری دواتر قسەتان بۆ دەکەم، چونکە لە ژیانی ئێمە و بەتایبەتی لەنێوماڵباتەکەماندا، نەخشێکی گرینگیان هەبووە.

ڕەشەکوژی ئەرمەنییەکان ناحەزترین ڕووداو بوو کە بەچاوی خۆمان

بینیمان... بیری لێبکەنەوە، پەنجا تا سەد کەس ژن و منداڵیان دەکوشت و پیاوەکانیان ناچار بەگۆڕهەڵکەندن دەکرد و جەنازەکانیان پێ لە قەبر دەنان. خێرا دوای شۆڕکردنەوەی تەرمەکان، پیاوەکانیشیان لە ناو گۆڕەکاندا گوللەباران دەکرد و هەر لەوێ گڵیان وەسەر دەکردن. ئێستەشی لەگەڵ بێ، ئەگەر بەرەو جادە کۆنەکە بڕۆین، سێ چوار کیلۆمیتر دوای بایەزید، لە نیزیك کۆشکی ئیسحاق پاشا، ناوچەیەکی گەلێك بەربەرین هەیە و بەکوردی پێی دەڵێین گردی فەلان. هەمووی گۆڕی ئەو ئەرمەنیانەیە... بەڕاستی جینایەتێکی ترسناك بوو.

منالی کوڕ و کچ، ئەوەندەی توانیمان لەگەڵ خۆمان بردمانن بۆوەی نەکوژرێن. باپیری زلێخا دراوسێی ئێمە بوو. کاتێك کوشتاری ئەرمەنییەکان دەستی پێ کرد، ئەو کچەیان هێنایە لای ئێمە. ئەو کاتە تەمەنی حەوت ساڵان بوو. بە گریانەوە داوایان لە ئێمە کرد ڕای گرین، بۆوەی نەجاتی بێت. لە ڕاستیدا ناویشی زلێخا نەبوو. باپیرەم ئەو ناوەی لەسەر دانا. ڕاست لەو وەختەدا کە ژاندرمە و عەسکەری تورك بۆ دۆزینەوەی ئەرمەنییەکان ڕژابوونە ناو ماڵەکەمان و وڵاتیان دەپشکنی، کچۆڵەیەکی بێگانەیان دۆزییەوە و گەرەکیان بوو لەگەڵ خۆیان ببەن. باپیرەم خێرا وەخۆکەوت و زۆر بەتوندی تێی خوڕین: "ئێ، ئیدی هەقی برازای منتان نییە، زلێخا ڕۆڵە بچۆ ژوورەوە". زلێخا بەو شێوەیە لە کوشتاری بە کۆمەڵ ڕزگاری هات.

زلێخا کاتێك گوێی لەو قسانەی باپیرەم بوو، دەستی بەگریان کرد. سەری لە ناو کۆشی داپیرەم ناو ئەویش دەیلاواندەوە و نەوازیشی دەکرد.

زلێخا لەو سەردەمەوە ئەندامێکی بنەماڵەیە. زلێخا بۆ ئێمەی منال هەموو شتێك بوو، داپیرەی دووەم بوو. بۆ گەورەکانیش خوشکێکی خۆشەویست بوو. ئەو گشت کەسی ئێمە بوو. بۆ هەر گرفتێکی بچووك خێرا

ڕامان دەکردە لای ئەو. بەشێك لە ماڵەکەمان هی ئەو بوو و وەك هەمووی ئەوانی تر لە ماڵدا کاری دەکرد. کلیلداری ماڵەوە بوو. بۆوەی بچینە سەر عەمباری ماڵ دەبوایە بەسەر ژووری زلێخادا تێپەڕین. بۆ کردنەوەی هەر سندوقێك پێویست بوو خێرا پرس بەزلێخا بکەین. سەرۆك داپیرەم بوو و جێگریشی زلێخا. باپیرە و داپیرەم زۆریان زلێخا خۆش دەویست و لە ناو بنەماڵەدا لە ئەندامانی تر جیایان نەدەکردەوە.

– ژنێك لەو ماڵەدا نییە چایەك بێنێ، چ قەوماوە؟ ئەرێ لە کوێن، ژنەکان، باپیرەم هەرای کرد، هاوکاتیش جگەرەی هەڵدەپێچا.

باپیرەم چای گەرەك نەبوو، تەنیا مەبەستی بوو تۆزێك کەشوهەوای نالەبار لە ماڵەکەدا بگۆڕێ.

دایکم ئیسکانی چای باپیرەی داگرتەوە.

– باپیرەم گوتی : بۆ پۆلاتیش تێکە، با ئێمە پیاوەکان چای بخۆینەوە... ئاخ، لەو ژنانە! چەندەی ئێمە ئەوانمان خۆش دەوێ، ئەوان قەت هێندە ئاگەیان لە ئێمە نییە.

ئەویش دەلیلی خۆی هەبوو کە ئاوا دەدوا. دایکم ئیسکانی چای باپیرەمی تا ملان پڕ کردبوو و لێی دەڕژا و باپیرەم پێی خۆش نەبوو. تەنیا زلێخا تۆزێك بەباشی ئاگەی لە وەزعەکە بوو. کاتێك چای تێ دەکرد، دەتگوت دەیپێوێ و بەزانایی بەندی پەنجەیەك لە ئیسکانی بەتاڵ دەهێشتەوە. باپیرەم بە دائیم لەوە ڕازی بوو کە زلێخا عادەتەکانی ئەوی وەبەرچاو دەگرت و پێی دەگوت:

– زلێخا، ئاوا، بژیت. چایی ئاوا دەخورێتەوە.

– لە هەرحاڵدا بۆوەی باسەکەم تەواو بکەم، بۆ دوایین کەڕەت پێتان دەڵێم، جارێکی تر نەتانبینم لەسەر ئەسپابی کایەکردن، پێکەوە شەڕ بکەن. ئەگەر بێتو دووپاتی بکەنەوە گشتیان کۆ دەکەمەوە و لە تەلیسیان

دەکەم و دەیانبەمە سەر دووندی چیای ئارارات. جا ئەوجار بڕۆن و بیاندۆزنەوە.

ئەو هەڕەشەیەی باپیرەم ئێمەی زۆر ترساند، بەڵام هەر تەنیا ئەو ڕۆژە بوو و بەس. ڕۆژی دوایی دیسان هەمان بەزم، چونکە هەڕەشەی باپیرەمان لە بیر دەچووەوە و دووبارە شەڕە مستەکۆڵە و گریان دەستی پێ دەکردەوە. تا ئەو ڕۆژە هات و دیتمان عەبدوڵلا خەریکە تەواوی ئەسپابەکانی کایەکردنی ئێمە کۆ دەکاتەوە.

## سەفەری من لە نێو ژیانی عەبدوڵڵادا

عەبدوڵڵا بەتەمەنترین ئەندامی بنەماڵەکەمان بوو. قژی سپی، قەڵەو و قورس و بەژنی یەك و هەشتا دەبوو. بە سمێڵی سپی، لێوەکانی خۆی شاردبووەوە. دوو خەتی زەرد لە ڕاست کوونەکانی کەپوی بەرچاو دەکەوت کە نیشانەی دووکەڵی جگەرەکانی بەدائیم داگیرساوی پێوە دیاربوو. عەبدوڵڵا بەساڵان ئاشەوانی کردبوو. خەروار خەروار ئاردی لە ژێر دەستەکانی چووبووەدەر.

– من گەورە و بچووکم نان داوە... گشتیان لە نانی منیان خواردووە. من گەنمم هاڕیوە و ژیانم پایەدار کردووە.

عەبدوڵڵا کەسی جێگەی باوەڕی باپیرم بوو. ئەو خۆی و منداڵەکانی بەساڵان بۆ بنەماڵەی ئێمە کاریان کردبوو. کوڕەکانی لە وەرزی زستاندا، دار و سووتەمەنییان بۆ سۆبە و تەندوور دەکێشایەوە تا ژنەکان بتوانن نان ببرژێنن. کچەکان یارمەتی پاك و خاوێنی ماڵەوەیان دەدا و چێشتیان لێ دەنا و چی کاری تر هەبوایە دەیانکرد. کچە بچکۆلەکەیان، فاتمە مریشکەوان بوو و بەردەوام کۆی دەکردنەوە و ئێمەش ناومان لێ نابوو ″ مامر ″.

هەرکاتێك بەفر وڵاتی دادەپۆشی، عەبدوڵڵا لە نێوەڕاستی حەسار دەوێستا و دەستووری دەدا:

– ئێرە بماڵن، ئەو بەفرەی بەر دەرگە پاك بکەنەوە. هۆی! ئێوە خێرا وەسەر بانی کەون، خێرا بیماڵن، نەبادا بتوێتەوە و دڵۆپە ڕوو لە ماڵەوە بکەن، فریا نەکەون، هەر لەوێ دەوخنکێنم... دەی خێرابن.

بەبێڵێکی گەورە بەفری سەربان ڕادەدرا و بەبانگردانی ئاسنی قورس چاك چاك دەیانشێلا و خوێشی پێدادەکرا تاکو هەڵنەخلیسکێن و گرفتی شێداری و دڵۆپەش چارەسەر بێ. هەموو ساڵێك لە وەرزی زستانانداا، ئەو کارانە دووپات دەبوونەوە و قەتیش عەبدوڵڵا ڕازی وەبەرچاو نەدەهات. ئەو بەردەوام کەموکوڕی دەدۆزییەوە و هاواری لێ هەڵدەستا.

– چاوێکتان بەسەر حەیوانەکانەوە بێ. بەرخەکان، ئەسپەکان، کێ شوێنەکانیان پاك دەکاتەوە ؟

عەبدوڵڵا چاوەدێری گشت لایەکی دەکرد.

بەو هەرا و هوریای عەبدوڵڵا، ئیمرۆش لە خەو ڕاپەڕیم.

– دیسان چقەوماوە، هەرام لێکرد.

– چ بووە ئاغا گیان وەخەبەر هاتی؟

بە باوەش هەڵی گرتم بۆوەی وەنێو بەفر نەکەوم و خێرا لەسەر دارەگەورەی حەسار دای نام. لەو سەرەوەڕا چاوم لە وڵاتی دەگێڕا. ئەوەندەی چاوەکانم بڕی کرد، وڵات سپی هەڵگەڕابوو. دارەکان بێ گەڵا بوون. منداڵەکانم بینی ڕێگەی باخچە دەماڵن. گەزێك بەفر باریبوو!

– ئیمرۆ دەچینە دێ، بەسواری ئەسپی دەتبەم، لەگەڵم دێی؟

– وەڵامم دایەوە: دێم، دێم، لە خۆشی ئەوەی قەرارە سواری ئەسپ ببم، هەڵدەپەڕیم.

– باشه سەبارەت بەقوتابخانە، دەبێ چی بەدایکت بڵێین.

– ئێ عەبدوڵڵا! ئیمڕۆ قوتابخانە داخراوە.

– زۆر باشە، خواردن بخۆ و جلوبەرگی گەرم لەبەر خۆت بکە بۆوەی سەرمات نەبێ و وەرە پێکەوە دەچینە گوندی.

– باپیرەم نوستووە؟

– ئەوە دەڵێی چی! حەسەن ئاغا لە سەلای بەیانییەوە، هەرکە مەلا وەدەر کەوتووە، ئەویش ڕۆیشتووە.

– بۆچی ئاوا زوو؟ بۆ کوێ چووە؟

– چووەتە دێ. ئەوڕۆ سێ ڕۆژە خەبەرمان لە دێ نییە و ئاغا تۆزێك نیگەران بوو. نازانین وەزعی سووتەمەنی و خواردنی خەڵك چۆنە. تۆ بڵێی کەس نەخۆش نەبووبێ؟ ئاغا گەرەکی بوو بزانێ کە گرفتێك بۆ خەڵك نەهاتووەتە پێش. زۆر نیگەران بوو و بۆیە چووەتە ئەوێ تا بزانێ چ خەبەرە. ئاخ، ئاخ، پێموایە تۆ هێشتا باپیرەت بەباشی نەناسیوە، پۆلات. ئەو دەخوازێ هەردەم ئاگاداری بارودۆخی خەڵك بێ. لە هەرکوێ توانی یارمەتییەك بدات.

کاتێك وەختی ڕۆیشتن هات، تەنیا یەك ئەسپم بینی.

– ئەوە چییە؟ ئەی ئەسپەکەی تر لە کوێیە؟

– پێویست نییە، ئەوڕۆ تەنیا بەئەسپێك دەچین. تۆ سوار بە و کاتێ لە شار دەرکەوتین منیش سوار دەبم.

سواری ئەسپ بووم و عەبدوڵڵا وەپێش کەوت و جڵەوی ولاغەکە ڕادەکێشا.

ئەسپەکانی ئێمە، باشترینی ئەو شارە بوون. کەس لە ئەسپی ئێمەی نەبوو. ئەوەی من سواری بووبووم، ئەسپێکی بەنرخ و ڕەسەن بوو.

لاقەکانی درێژ وەك ئەوەی جۆرابی درێژی لە پێ کردبێ. خەتێکی سپی لە نێوچاوانیڕا ڕاکێشرابوو و گەیشتبووە سەر دەمی.

بەهەرحاڵ من گەلێکم شایی بەخۆم بوو کە سواری ئەو ئەسپە بووبووم. مناڵەکانی عەبدوڵڵا کلکی درێژی ئەسپەکەیان کۆ کردبووەوە و وەك گۆپاڵ دەچوو. داوەکانیان چەشنی کەزی چندبوو و بەپەتێکی پەشمی زەرد بەستبوویان و وێنەی ئەو کارە بۆ ڕازاندنەوەی بووك گواستنەوە دەکرا.

هێدی هێدی بەبازاڕی شاردا تێپەڕین. ئەسپەکەی ئێمە لە ڕەچەڵەکێکی کەم وێنەبوو، خوێنی پاکی ئینگلیزی، ئەوجۆرەی باسیان دەکرد. خەڵك بەگشتی لە دوکان و چایخانەکانڕا و ڕێبوارانی سەر شەقام، هەر هەموویان وێستابوون و سەیری ئێمەیان دەکرد. من لەبەر شایی بخۆبوون، ئەوەندە هەڵمسا بووم خەریك بوو بتەقم. ئەگەر خۆیشم جڵەوی ئەسپەکەم بەدەستەوە بوایە، هێندەی تر خۆش دەبوو، هەرچەند عەبدوڵڵا وێ نە دەچوو بمداتێ. گوێیەکانم سرتوخورتی خەڵکی لێرە و لەوێ دەبیست کە چاویان لێ دەکردین. هەموویان بەڕێز و حورمەتەوە باسی عەبدوڵڵایان دەکرد. هێندێك کەس دەستیان هەڵدەبڕی و سڵاویان لێ دەکرد، چەندێکیش لەبەری هەڵدەستان و بەنیشانەی ئیحتیرام سەریان بۆ دادەنواند.

بازاڕمان تێپەڕ کرد و خەریك بووین لە شار وەدەرکەوین، بەتەواوی کەوتبووینە نێو سپیایی. بەفر دنیای داگرتبوو. تەنیا شەقڵێکی باریك بەرچاو دەکەوت. ئەوەیان ڕێگەی حکوومی بەرەو ئێران بوو. بەو جادەیەیدا گشت جۆرە سەیارەیەك دەربازدەبوو، بچووك، مەزن، ئوتوبووس، لۆری... ئێمە بەرێگەی پیادەی هاوسوو لەگەڵ جادەی حکوومیدا دەڕۆیشتین. هیچ دەنگێك جیا لە هەناسەی ئەسپەکەی من

نەدەبیسرا. ڕقم لەو بێدەنگییە هەستابوو. عەبدوڵڵا قسەی لەگەڵ نەدەکردم، هەر دەتگوت خەو دای گرتووە.

– عەبدوڵڵا، خاڵۆ عەبدوڵڵا! هەرام لێ کرد. گوێی لە من نەبوو، دووبارە بانگم کرد.

– خاڵە عەبدوڵڵا.

هیچ وەڵامێك نەبوو. لەسەر ئەسپڕا داهاتمە خوار، جڵەوی ئەسپەکەم ڕاکێشا. جڵەوەکە لەنێو دەستەکانی ئەو دابوو. لە ئاکامدا، بەڕاچڵەکینەوە وەرسوڕایەوە.

– چقەوماوە؟ بە نیگەرانییەوە لێی پرسیم.

– هەرای تۆم کرد بەڵام گوێت لێ نەبوو. چیتە؟ بۆ قسە لەگەڵ من ناکەی؟

– مەپرسە، کاکە چکۆلە، مەپرسە.

– باشە، بەڵام وەرە سواری ئەسپ بە.

– لێم گەڕێ، ئاوا ئاسودەترم.

– وەرە، وەرە، تکایە با سەرمات نەبێ. با منیش لەو سەرەوە تووشی هەڵدێران نەیەم و تۆش خەبەرت نەبێ.

عەبدوڵڵا بە یەك باز خۆی هاویشتە سەر ئەسپ. من لەبەر سەرسوڕمانم، زارم بەشبووبووەوە. حەرەکەتی بەو چەشنە ڕاحەتی و خێراییە کە تەنیا لە پیاوێکی گەنج دەوەشێتەوە، بۆ عەبدوڵڵای بەو گشتە قورسایی و تەمەنەی بەلامەوە، گەلێك سەیر بوو. خێرا لە باوەشم گرت و لێم پرسی:

– پێم بڵێ بیرت لە چی دەکردەوە عەبدوڵڵا؟

– لێی گەڕێ ئاغا چکۆلە، زۆر بە ژانن.

– تکات لێ دەکەم پێم بڵێ بەڕاستی گەلێك ترسام وەختێك تۆم بینی

چەشنی خەوبردووان بەرێگە دەڕۆیشتی. نیگەران بووم، دەمگوت دەبێ ئەوە چی بێ کە تۆ بەخۆیەوە مژوڵ دەکات.

– بیرەوەریەکانم. تەنیا ئەو کاتەی مرۆڤ دەمرێ، بیرەوەریەکانیش دەستی لە یەخە دەکەنەوە. غەیری ئەوە، بەردەوام دەکەونەوە یاد و مرۆڤ سەراسەری تەمەنی لەگەڵ ئەو بیرەوەریانەوە دەژی.

باوکم سێ جار ژنی هێنا، سێ ژنی بەستە زمانی هەبوو، عەبدوڵڵا وەبیری هاتەوە. دایکم ژنی دووەم بوو و خاوەن پێنج منداڵ بوو. کچێك و چوار کوڕ. باوکم سەرجەم، خاوەن بیست منداڵ لەو سێ ژنە بوو. بیرت لێ کردووەتەوە! بیست منداڵ! بیست خوشك و برا.

چاوەڕوان بووم درێژە بەقسەکانی بدا، بەڵام ئەوجاریش قسە لە ناو زاریدا چەشنی سەهۆڵ بەستی... نقورچێکم لێدا.

– دەی بیڵێ عەبدوڵڵا، گوێم لێیە.

– لە دێ وەدەر کەوتبووین، دەبووایە بێینە شار. پاش نیوەڕۆ بوو. من و براکەم و خوشکەکەم کە بچووکترین منداڵ بوو. چواردە ساڵان ئەو سەردەمە، من بیست و پێنج و براکەشم بیست دەبوو. دایکم نەخۆش بوو. هیچ وەسیلەیەکمان نەبوو تاکو بیگەیەنینە شار. هیچ شتێك. دەزانی ئەو مەودایەی ئێستە خەریکین بیپێوین نیزیك بەحەوت کیلۆمیتر دەبێ. ڕەنگە بڵێی خەبەرێکی خۆشم دەداتێ. ئاوا هاسانی مەبینە. کاتێك کەشوهەوا دەشێوێ، وەختێك با و کرێوە هەڵی دەکاتێ، ئێرە وەك دۆزەخی لێ دێ. حەوت کیلۆمیتر دەبێتە حەفتا کیلۆمیتر. من باش ئەوە دەزانم، نەکا نەشمزانیبا. کاتێك لە دێ دەرکەوتین، مەلای دێ وەسەر منارە کەوتبوو و بانگی عەسرانی دەدا. ئێمە بە کەللەڕەقییەوە کەوتینە ڕێ و خێرا هەنگاومان دەنایەوە. دەبووایە خێرا بگەینە شار و دوکتورێك بدۆزینەوە. بەهەرحاڵ پێویست بوو کەسێك لەگەڵ خۆمان بێنینە ماڵەوە بۆوەی چاوی

بەدایکمان بکەویٚ کە لەبەر ژان و ئازار لە گیانەڵا دابوو. بیٚچارەیە کەلەکەی هەڵمسابوو، لەرز و تا دای گرتبوو و وەك ماڵاتی سەر بڕاو جینگڵی دەدا. پۆلات، ئیٚمە گەلیٚك ترساین لەوەی کە دایکمان لە دەست بچیٚ. لە دیٚدا کەسی خزممان نەبوو کە یارمەتیمان بدا. نە باوکمان و نە دوو ژنەکانیتر. گشتیان لە شار بوون. خوشکم چەشنی بووکیٚك بوو، وەك مانگی چواردە دەدرەوشایەوە، ڕووخساریٚکی سپی، قژی ڕەشی قەترانی و چاوگەش. برۆکانی دەتگوت شیٚوەکار نەخشاندوویانە، ددانەکانی وەك بەفری سپی دەچوون، هەرکاتیٚك پیٚدەکەنی، تروسکەی ددانەکانی لە وڵات دەگەڕا. بەر لەوەی وەڕیٚکەوین بەخوشکم گوت:

– خەزاڵ، جلوبەرگی پەشمی گەرم لەبەر خۆت بکە، چونکە ڕیٚگەکەمان سەخت و دوورە.

خەزاڵ چی جلوبەرگی هەیبوو لەبەر خۆی کرد، باڵتۆ، دەستەوانە و کڵاوی گەرم. ئاخ جەرگەکەم... براکەشم هات و کارابینیٚکی پیٚبوو و گوتی ئەوەش بۆ ڕۆژی قەومان، ڕەنگە تووشی سەگگەلی هار بین، گورگ، دز و جەردە... براکەم منالیٚکی تاقانە بوو. ڕاوچییەکی وشیار و جوان. پیاوی ڕاوچی دڵخۆشی بەچەك و سەگەکەیەتی. بریا دیتبات کە چۆن تفەنگە کارابینەکەی خاویٚن دەکردەوە. وەك ئەوە دەچوو نەوازشتی ژنیٚك بکات. من کارابینی خۆم دەستدایە، نۆ فیشەکم لەبەرنا و لەناو کیفەکەییم ئاخنییەوە و بەشانم دادا. گشتمان ئامادەی ڕۆیشتن بووین.

دایکی بیٚچارەم لەبەرمان پاڕایەوە.

– ڕۆڵە مەڕۆن. بەو شەوە وەڕیٚ مەکەون، پیٚویست بەپیٚوانی ئەو گشتە ڕیٚگەیە ناکات. ئەوشۆ هەرچۆنیٚك بیٚ دەرباز دەبیٚ، بابزانین سبەینیٚ چۆن دەبم. ئەها چاو لیٚکەن، وەزعم باشترە، ویٚدەچیٚ ئازارەکانم دامرکابن. ڕۆژیٚکیتر بچوون.

وەك ئەوەی خەبەری بێ كە ئێمە لە ڕێگەدا تووشی نەهامەتییەك دێین. تەواوی ئەو كاتەی خەریكی خۆسازكردن بووین، ئەو بەستەزمانە لەبەرمان پاڕایەوە كە دەرێنەكەوین.

– ڕۆڵە ئەوشۆ مەچوون، چاو لە كەلەكەم بكەن چۆن نیشتووەتەوە.

درۆی پێدەگوتین. هەڵمسانەكەی وەك خۆی بوو. ئێمەش لە بڕیاری خۆمان پاشگەز نەبووینەوە. بەنۆرەی خۆمان دەستەكانی دایەمان ماچكرد. گشتمان ئامادەی حەرەكەت.

ڕاستییەكەی ئەوە بوو كە پێمان خۆش نەبوو خوشكە بچكۆلەمان لەگەڵ خۆمان بەرین. ئەو بەڵام هێندەمان لەبەر پاڕایەوە. قسەی قۆڕیشی دەكرد، دەیگوت چوون كچە، بۆیە نامانهەوێ بیبەین، بەردەوام شتی لەو بابەتەی دەگوت. بە نابەدڵی پێم گوت باشە.

بەفر دەباری. بەدژواری هەنگاومان دەنایەوە. قاچەكانمان تا نیو میتر لە بەفرەوە ڕۆدەچوون. بۆوەی لاقی ڕاست هەڵێنینەوە، دەبوایە قورسایی بخەینە سەر لاقی چەپ. سەرەڕای ئەوەش هەرسێكمان خۆمان بەپەتێك لە یەكتری بەستبووەوە تا هەڵنەبڕێین و بەردەوام بۆ دڵنیابوون، دەوێستاین. بای دەهات. كرێوە لە شاخەوە هەڵی كردبوو. ئێمە ڕووخساری خۆمان داپۆشی بوو و پەستەی قورسمان لەبەر خۆمان كردبوو و بەناو بەفر و كرێوەدا ڕێگەمان دەپێوا. من لە پێشەوە، خوشكم لە ناوەڕاست و برا چكۆلەش لە دواوە بوو.

مەودایەكی بەرچاومان بڕیبوو. هێندەمان نەمابوو بكەوینە سەر جادە. بایەكەش هێدی هێدی دامركابوو وەك ئەوە دەچوو كە گەرەكییەتی یارمەتیمان بدا تاكو بەمەقسەد بگەین. كرێوەش بێهێز بووبوو. براچكۆلەم بەردەوام خوشكمی ئەزیەت دەكرد و پەتەكەی ڕادەكێشا.

– دەی، دەی، زووكە گۆرانییەكمان بۆ بڵێ.

ئەو هەقی بوو داوایەکی ئەوتۆ لە خوشکم بکات. دەنگ و سەدای ئاوا خۆش نابێتەوە. کاتێك لاوکی دەگوت، عەرز وەگریان دەکەوت. وەختێك چاوەکانی گەش دەکرد و بە هەستەوە وشەکانی دەگوت، دەدرەوشایەوە، دەتگوت مانگە.

– دەی کچە جوانە بیڵێ، نازمان بۆ مەکە، براکەم بەردەوام زەختی لێ دەکرد.

هەر ئەوەندە خوشکم تێی هەڵکردێ. لاوکی میر حەسەن بوو. لاوکێکی جوان و مێژوویی. ئەو لاوکە نیزیك بە سێ سەد ساڵە لە لایەن خەڵك دەگوترێتەوە. زاربەزار و نەوە دوای نەوە پارێزراوە. پۆلات گیان، نەمری، عەشق و خۆشەویستی گەرەکە. ئەوەی حەزت لێیە، قەت ون نابێ. هەر بۆیە شارستانییەت و کولتووری ئێمە دوای ئەو هەموو سەدەیە پارێزراوە. ئەگەر قەرار بێ لە ناو بچێ، دەبێ حەزی لێ نەکەین، یاکو گشت زارەکان ببەسترێن.

تۆ قەت بەگوێراگرتنی گۆرانی گەرم داهاتوویەوە؟ پێت سەیر نەبێ، پۆلات، ئێمە بەلاوکی خوشکە بچکۆلەمان گەرم بووینەوە و هێز و غیرەتمان وەبەر هاتەوە. هەنگاوەکانمان خێراتر و بەرزتر بوون، هەستمان بە سەرما نەدەکرد و بای ساردیش ئازاری نەدەداین. لە بیرم نییە چەندە رێگە رۆیشتبووین، لە پرێکا رووناکی شارمان لێوە دیار کەوتن. نیزیك کەوتینەوە. پێرا نەگەیشتین چێژ لەو شادییە وەرگرین کە لە نەکاو دەنگی تەقەی تفەنگان هات. لە ترسان راچڵەکین. نەمان دەزانی لە کوێوە ئەو دەنگە هات. چاومان لە لای راست و چەپی خۆمان کرد، هیچ شتێکمان بەدینەکرد. لە خۆرا کەوتینە سەرعەرز. کێ تەقەی لێ کردین، ئەوە پرسیاری گشتمان بوو. تۆ بڵێی راوچی بووبێ؟ ئێ، لەو هەوا ناخۆشەدا راوچی لێرە چی دەکات! رەنگە شوان بووبێ و ئێمەی لەگەڵ

ڕەوەی گورگ لێ تێك چووبێ و نیگەرانی ڕەوەکەی بووبێ.

براکەم بەئەسپایی هەستایەوە. تەقەی تر دەستی پێ کردەوە. خێرا فیشەکێکی لەبەر کارابینەکەی نا و ئامادەی تەقەکردن بوو. منیش هەر بەو چەشنە، هاوارم کرد:

– هۆی، هۆی... تەقەمان لێ مەکەن... من عەبدوڵڵام، برای بچووکم قاسم و خوشکی بچکۆلانەم خەزاڵم لە گەڵدان. تەقە مەکەن... دەخوازین بچینە شار...

هیچ وەڵامێك لە گۆڕێدا نەبوو. تەنیا ڕەوەزێکمان لە پێش بوو.

– ڕاوەستن، بەخوشك و براکەم گوت و خۆم خێرا ڕام کردە لای ڕەوەزەکە، بەڵکو بزانم کێن ئەوانەی تەقەمان لێ دەکەن. براکەم تا ملان لە بەفرەوە ڕۆچووبوو. سێ چوار ڕەشاییم دیت کە بەرەو ئێمە سێرەیان گرتبوو. هاوارم کرد.

– هۆی، ئێوە چیتان گەرەکە؟ ئێوە کێن؟ بۆچی تەقەمان لێدەکەن؟

دیسان بێدەنگی. براکەم خۆی پێڕاناگیرا و سەری هەڵێنا و بەدەنگێکی بەرز تێیان خوڕی.

– ئێوە کێن، چ دەخوازن؟ ئێمەش چەکمان پێیە، بەڵام تەقەمان نەکردووە... هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە. مەجالی سەرهەڵێنانیشیان پێنەداین.

قاسم جارێکیتر تێیان خوڕێ.

– گوێتان لێ نەبوو عەبدوڵڵای برام چی پێ گوتن؟ قاسم هاواری کرد. ئێمە ڕەعیەتی حەسەن ئاغاین. لە دێیەکەی ئەوڕا هاتووین... بۆچی تەقەمان لێ دەکەن؟ ئێوە کێن؟

ئەوسا تەنیا یەك دەنگ بیسرا.

– ئێوە درۆ دەکەن، ئێمە ژاندرمەین. دەستەکانتان هەڵبڕن و دەرکەون. ئێوە چەتەن.

– نا، نا، براکەم هاواری کرد. ئێمە چەتە نین. من ناوم قاسمە. دەستەکانم هەڵدەبڕم و دەردەکەوم.

پێ ڕانەگەیشتم پێی بڵێم ئەو کارە مەکە. هەرکە تۆزێك لە جێگەکەیەوە هەستایەوە، بە تەقەی دوو تفەنگان کەوتەخوارێ و بەفری دەوروبەری بەخوێن سوورهەڵگەڕا. گوللەیەك وەنێو چاوانی کەوتبوو. خوشکم دەستی بەشیوەن و گریان کرد. هەموو شتێکم لە دەست چوو. خۆم گەیاندە لای براکەم. لەشی بێگیانی براکەم لە باوەش گرت. بێ هیچ تاوانێك، براکەمان لە بەرچاوی خۆمان لە دەست چوو. هیچ ئاگەمان لەوە نەبوو کە چۆن ژاندرمەیەك و چوار عەسکەر لێمان نیزیك کەوتبوونەوە.

– بۆچی کوشتتان، بۆچی؟ تێم خوڕین. مەگەر پێم نەگوتن ئێمە کێین! بۆچی؟

ژاندرمەکە وەك ئەوەی نە بای هاتبێ و نە باران، تەنیا ئاژەڵێکی کێوی کوشتبێ، گوتی:

– هەڵە بوو، ئێوەمان نەدیبوو. پێمان وا بوو ئێوە چەتەن. کەسانێك پاش تالانی گوندەکەی ئەوبەر ڕایان کردووە. وامان زانی ئێوەن. ئاوایان بە ئێمە گوتبوو.

چاوت لێ بوو بوو پۆلات، ئێمە و دزێتی! سێ کەس کە دەچووینە شار بۆوەی دوکتورێك بۆ دایکمان بدۆزینەوە. تەنیا نیو کیلۆمیتر مابوو بگەینە شار. هەڵبەت دەڵێن کە ئەوەندەی بەسەعاتێك دێ، بە ساڵێك نایە.

عەسکەرەکان زۆر ناڕاحەت وەبەرچاو دەهاتن، بەڵام کابرای ژاندرمە بە خەیاڵیشیدا نە دەهات، وەك ئەوەی هیچ نەقەومابێ. ئەو داخە منی دەکوشت.

دەستم لە ژێر سەری قاسمی برا نا. گوللەیەکی تر سینگی ئەنگاوتبوو، لە پشتی هاتبووەدەر و گوڵە بەفرینەیەکی لە نیزیك تەرمی قاسم قرتاندبوو. ئەو گوڵە بەفرینەیە تازە سەری لە خاك هێنابووە دەر، ئەویش لە پاڵ قاسمی برام کوژرابوو. خونچەی گوڵە بەفرینە بەخوێنی قاسم سوور هەڵگەڕابوو. خوشکم لە ناڕاحەتییان بێهۆش بووبوو، دەلەرزی و دەگریا. ڕووخسار و جلەکانی بەری شەڵاڵی خوێنی قاسم بووبوون. بەفر خێرا خوێنەکەی دەخواردەوە، وێدەچوو زۆر تینووە. دوو فیشەك... یەك شك... یەك هەڵە... لاوێکی تەمەن بیست ساڵانیان بێ ماڵئاوایی لێ ئەستاندین.

ئیزنیان پێ داین بڕۆین. بۆ کوێ بچین؟ نەمان دەتوانی جووڵە بکەین. خوشکم دەستەوەستاو، تەنیا دەگریا و بەس. منیش گوڵە بەفرینەی هەڵقرتاو و خوێناویەکەم هەڵگرت خستمە ناو داسماڵێك و لە ناو باخەڵی خۆم نا. بەوەندە هێزەی لەبەرمدا بوو، جەنازەی براکەم بەرز کردەوە، لە کۆڵم کرد و وەڕێ کەوتین. لاقەکانی شۆڕ بووبوونەوە و دەگەیشتنە سەر عەرز. بە دوای خۆمدا ڕام دەکێشا و شوێنی پێیەکانی لەسەر بەفر تەنیا دوو خەتیان جێ دەهێشت و خەتێکی خوێنینی سووریش لە ناوەڕاست هاوسوویی دەکردن. قاسم خوێنی لەبەر دەڕۆیی. ئەگەر ڕۆژێك لەسەر بەفر شوێن پێیەکت بەرچاو کەوت، خۆشحاڵ بە، چونکە ژیانێك وجوودی هەیە.

گەیشتینە نەخۆشخانە. بۆ خواستێکی تر ڕوومان لەو شوێنە کردبوو، بەڵام ئێستە جەنازەیەکمان بۆ ئەوان بەدیاری هێنابوو. دوکتورەکان، پەرستارەکان، گشتیان هاتنە دەرێ. مەرگ زووتر، لە پاڵ ڕەوەزەکە گەیشتبووە سەر قاسم و خێراتر لەوان دەستی خۆی وەپێش خستبوو. هەموومان دڵنیا بووین کە قاسم لە ژیاندا نەماوە، سەرەڕای ئەوەش هەنگاوەکان لە خۆڕا بەرەو نەخۆشخانە دەهاوێژران. دەسەڵات هەڵەی کردبوو، بەڵام گوللەکانی بەخەتا نەڕۆیشتبوون.

پۆلات گیان ئەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بوو کە بۆم گێڕایەوە. هەر جارێك بێرەدا دێم، هەروەختێك بەفر ئاوا وڵاتی دادەپۆشێ، وەبیر قاسمی برام دەکەومەوە. ئەو دوو هێلانەم دێنەوە یاد کە پێیەکانی قاسم ڕایان دەکێشا. وەبیرمە ئا لێرە، بۆ دوایین جار گوێم لە لاوك و هاوار و ڕۆڕۆی خوشکم بوو. لەو کاتەوە ئیتر خەزاڵ لە دنیای بێدەنگی خۆیدا دەژی. ئێستاشی لەگەڵ بێ زمانی نەگەڕاوە.

من هیچم نەگوت. قسەم بۆ نەدەکرا. لە داخان تووشی هەناسەبڕکێ هاتبووم. لە دەروونما دەسووتام. سەرتاپای لەشم ژانی تێ وەستابوو... کاتێك هیچت لە دەست نایە، گریان سێبووری بەدیاری دێنێ. چاوەکانم بەفرمێسك دەزوورانەوە... بەپشتی عەبدوڵڵای خۆشەویست وەنوسابووم و دەگریام.

وەختێك عەبدوڵڵا لە کارەکانی گوند بۆوە، ڕێگەی ماڵەوەمان گرتەوەبەر. تۆزێك بەر لەوەی بگەینەوە ماڵەکەمان، خۆی لەسەر وڵاغی فڕێداخوارەوە.

– وەرە پۆلات، دابەزە. وەرە کوڕە جوان، با برێك بە پێ بڕۆین، با هێندێك شوێن پێ لەسەر بەفر جێ هێڵین.

وەدوای کەوتم. عەبدوڵڵا جڵەوی ئەسپی بەردا و بەئەسپایی سیخورمەکی تێ کوتا و بەڕەڵای کرد. ئەسپەکەمان ڕێگەی ماڵەوەی باشتر لە ئێمە بەڵەدبوو. لەسەر بەفر دەستمان بە هەڵبەزدابەز کرد. باشە من مناڵێك بووم، بەڵام عەبدوڵڵام بەلاوە سەیر بوو.

لە دەرەوەی ماڵەکەمان، داپیرەم چاوەڕوانی ئێمە بوو. دەمزانی تا نەگەڕێمەوە، ئەو ناحەسێتەوە.

– ئەی بەخێر بێنەوە موسافیرەکانم. چۆنت گوزەراند کوڕە بچکۆلانەکەم؟

نازانم بۆچی هەرکاتێك ڕووداوێك دەقەوما، هەرچەند زۆریشی ماوە

بەسەردا تێپەڕیبا، هەرکە داپیرەم لە باوەش دەگرت، وەبیری قەومانەکە دەکەوتمەوە و دەستم بەگلەییان دەکرد. ئێستاش هەر بەو چەشنە، گریان بێ پسانەوە دای گرتبووم.

– کورِم چ بووە؟ چ قەوماوە؟ بۆ دەگری؟ چیت بەسەر هاتووە؟

– هیچ، داپیرە، هیچ.

– چۆن هیچ ڕۆڵە گیان!،بۆچی؟ ئەرێ عەبدوڵڵا، نەوەکەم چی لێ قەوماوە؟ زووکە خێراکە، پێم بڵێ! دەزانی حەسەن ئاغا بێتەوە، گشتمان دەکوژی.

– هیچ داپیرە، هیچ نەقەوماوە. عەبدوڵڵا گوناهبار نییە و خۆم تاوانبارم، خۆم.

– بۆ، چیت کردووە کە تاوانباری؟

عەبدوڵڵا بێجووڵە بەپێوە ڕاوەستا بوو. بەڕاستی ئەویش سەری سوڕمابوو. ئەو داماوە لە کوێرا بزانێ کە دوای چەندین سەعات و ئەو گشت هەڵبەز و دابەزە لەسەر بەفر، من ئاوا بەکوڵ دەگریم.

– هیچ، داپیرە گیان، هیچ. شوێن پێمان لەسەر بەفر دروست دەکرد و لاقەکانم لەسەرمان سڕبوونە.

وێدەچوو کە وشەی کلیلی خەبەرەکەم لە زاری دەرپەڕیبوو، چونکە داپیرەم دەستی بە داماڵینی قاچەکانم کرد و دەیلاواندمەوە و کۆتایی بەپرسیارەکانیشی هێنابوو.

عەبدوڵڵا پەنجا ساڵ لە لای ماڵباتی ئێمە ژیابوو. هەموو لایەك ئاگەیان لە دەرد و مەرگی یەکتر هەبوو و باسیان لێوە نەدەکرد و برینی یەکتریان نەدەکولاندەوە. ئەوان دەیانزانی کە ئێش و ئازار تەنیا لەگەڵ مردوو ناچێتە نێو گۆڕەوە.

خواردن لەسەر سفرە داندرابوو. دۆکڵیو، ئەو چێشتەی من زیادتر لە

خواردنەکانیتر، حەزم لێبوو، لێندرابوو. بەداخەوە هیچم بەگەروودا نەدەڕۆیشتە خوارەوە.

– دەی ڕۆڵە گیان، تۆزێکی بخۆ با گەرم بییەوە، داپیرەم بەنیگەرانییەوە پێی گوتم.

– داپیرە لێم گەڕێ، دواتر دەیخۆم.

چاوەکانم بەدوای عەبدوڵڵادا دەگەڕان، ئەو لە ژوورەوە نەبوو.

– بانگی عەبدوڵڵا بکەن، بە کچەکانم گوت کە خەریکی هێنانی فراوین بوون.

– هەر ئێستە. عەبدوڵڵا، عەبدوڵڵا، وەرە، ئاغا چکۆلە داوات دەکات...، گوێم لێیانە کە هەرا دەکەن.

عەبدوڵڵا هات، دەست و چاوی شوشتبوو. خاولییان بۆ هێنا تا دەموچاوی وشك بکاتەوە. لەو نێوەدا جلوبەرگیشی گۆڕی بوو و تەواو خاوێن وەبەرچاو دەهات. لە تەنیشت من دانیشت و دەستی بەخواردن کرد.

– دەی، بە پێکەنینەوە پێی گوتم، خێرا دۆکڵیوەکەت بخۆ، ئەگەر نەیخۆی، من دەیخۆم.

– بیخۆ، گەردنت خۆش و ئازاد بێ.

– بیخۆ، ئەگەر نەیخۆی، جارێکی تر سواری ئەسپت ناکەم و چیرۆکیشت بۆ ناگێڕمەوە... «لە نووختەی بێهێزی من گەیشتبوو». دەی، بابخۆین، وەختێك باپیرە هاتەوە، دەبێ بمانبینێ کە دەخۆین. تەواوی خواردنەکەت بخۆ، بۆوەی هەرچی خێراتر ببیە پیاو... دەبێ ئێسقانەکانت بەهێز بن...

– تۆش بە خواردنی دۆکڵیو، ئەوەندە گەورە بوویە؟

وتەی زیرەکانەی خۆم گوتبوو و ڕووم لە خواردنی دۆکڵیوەکەم کرد،

هـاوكـاتيش چيرۆكی عەبدوڵڵا بـەردەوام لە نـاو مێشكمدا خولی دەخوارد. بـەڵێنم بەخۆم دا قەت جارێكی تر لەگەڵ خوشك و براكانم شەڕ نەكەم. ئـەگەر ئەوەی گەورەیـان ئـەسپە بچكۆلەكەی من بـخوازێ، لێی دەگەڕێم ببیـا، بـا نـە ئـەو بگری و نـە من. ئێمە نـابێ بگرین. ئـەگەر حەزی لە پـاسكلەكەم بێ، قـەیدی نییە.

– بەلامەوە گرینگ نییە، یەك بەخۆم هـاوار دەكەم.

– دیسـان هـەمـان، هـەمـان. چۆن! بۆ تۆ گرینگ نییە كە لەشێكی بەهێزت هـەبێ! ئەوە دەڵێی چی پۆلات؟

چـۆن بـەعـەبدوڵڵا بـڵێم كـە من بـیرم لـە شتێكی تـر دەكردەوە!"بـرینـان مـەكولێننـەوە"، داپیرەم بـەردەوام پێی دەگوتم.

– بەلامەوە گرینگ نییە كە تـەنیا ئـەسپێكمـان بوو.

– پێت خۆش بوو هـا ! لە پشت من دانیشتبووی، بـا و سەرمـا لـە سـەر و گوێلاكی نـەدەدای، ئەوە من بووم كە لە سەرمـان ڕەق هـەلاتبووم. جـارێكی تـر دەزانم چـیت لـێ دەكـەم. دەزانـی كـە دەستـەكـانت سڕ دەبـن، وەخـتـێك بـەردەوام جڵەوی ئـەسپ ڕاگری! هـا، چـاوت لێیە، تـەواوێك تـەزیون.

عـەبدوڵڵا وای دەنواند كە كەوچكی دەستی خـەریكە بـەربێتـەوە.

– دەی دەی عـەبدوڵڵا، تۆم دیت... خۆ لـە سـەراسـەری ڕێگەدا جڵەوی ئـەسپـەكەت ڕانـەگرتبوو، جـاروبـار دەستەكانت لە نـاو بـاخـەڵت دەنـا و نیوە نیوەش جگەرەت دەكێشا... ئـەسپـەكەمـان بۆ خۆی ڕێگەی گرتبووەبـەر و پێی دەزانی.

– پێتوایە هـا !

– بەڵێ، بەڵێ...

– زۆربـاشە، جـارێكی تر دەیبینی. تۆ جڵەوی ئـەسپ ڕامـەگرە، جـا ئـەوجـار

دوو قسە لەگەڵ یەکتر دەکەین. ئەگەر توانیت ماڵی خۆت بدۆزییەوە! تورکیش گشتی قوربانی تۆ.

## زلێخا

هەرچەند ساڵیش دەربازبن، قسەکانی عەبدوڵڵا لە بیر ناکەم کە کاتی خۆی لەسەر ئەسپ بەگوێی منیدا دەچرپاند. "نەمری پێویستی بەئەوینێکی فرە هەیە". هەربۆیە گەلێك عاشقی چیرۆکەکانی ئەو مرۆڤە بووم و گەرەکم بوو زیندوویان ڕابگرم. وەختێك شتێکت لە بیر دەچێتەوە، وەك ئەوەیە کە بیکوژی. چۆن دەکرێ ئارارات، حەسەن ئاغا، عەبدوڵڵا، زلێخا، ئایشێ، سەپان... بکوژی. هەر جارێك چاوم بەگوڵەبەفرینەکان دەکەوێ کە سەر لە خاك دێننەدەر، وەبیری ئەو کەسانە دەکەومەوە.

هادی چۆن لە بیر دەکرێ! تۆ بڵێی دەنگی ڕۆژباشی زلێخا لە یاد بچێتەوە.

دەیگوت ڕۆژباش و ڕووخساری دەگەشایەوە.

– ڕۆژباش، لالۆ. وەرە، وەرە با ماچت بکەم.

گشت جارێ دەستەکانیشی دوور ڕادەگرت، بۆوەی جلوبەرگم پیس نەکات، ئاخر ئەو بەردەوام سەری بەکارێکەوە قاڵبوو. زۆرجار بە سەعات لە لای دادەنیشتم و دەستەوەستا کارەکانیم نەوازشت دەکرد. ئەگەر درۆم نەکردبێ، تەنیا لەبەرئەوە نەبوو، لەبەرئەوە بوو چونکە ئەو بەدائیم خەریکی نان و چێشت ئامادەکردن بوو و هەموو جارێ لەو خواردەمەنییەی ئامادەی دەکرد، پاروویەکی لە زاری من دەئاخنی.

ئەوەی من لە کاتی نەوازشتکردندا زۆر حەزم لێ بوو، ئەو وەختە بوو کە بەدەستەکانی هەویری دەشێلا و کولێرە و نانی لەواشی دروست دەکرد.

شەو درەنگانێك ژنان هەویریان دەشێلا و سەرشیلکەیەکی سپییان پێدا دەدا و لێی دەگەڕان بەدرێژاییی شەو هەڵبێ و بترشێ. ڕۆژی دوایی بەیانی

زوو ئامادەی پێوەدان دەبوو. یەك لە ژنەکان، ئایشێ کە بەردەوام لەبەر خۆیەوە نارەناری بوو، خەریکی ئەنگوتك دروست کردن دەبوو و بەوەردێنە لەسەر تەختەنانی بەردەمی پانی دەکردەوە و هەویرەکەی وەك بەرگێکی تەنك ئامادە دەکرد، ئەوەندە تەنك دەتگوت پەڕی سیغارە. ژنێکی تر ئەو ئەنگوتکە وەردێنەلێدراوەی خێرا وەردەگرت. ئەو ژنە لە پاڵ سێڵ دادەنیشت و نانەکەی دەبرژاند. یەك یەکی نانەکانی برژاو لەسەر سەلەی دادەندران. زلێخا سەرەتا چایەکی دەخواردەوە، ئەوسا بەسەر ژنانی تر رادەگەیشت و خۆشی دەستێکی تێوەردەدا." "ئەوەندە هەویرە پێویست ناکات"، "هەویرەکە تەنکتر بکە"، ئەگەر قەرار بێ ڕەژو بخۆین، دەتوانین لە داریشی دروست بکەین و پێویست بەسووتانی نانەکە ناکات ". کاتێك لە لایان دادەنیشتم، یەکەم نانی برژاو بۆ من بوو.

– دەخۆی؟ لێیدەپرسیم، وەك ئەوەی وەڵامەکەی نەزانێ، دەڵێی نیگا و خێسەی چاوەکانی منی نەدیوە کە چۆن زەق زەق بڕیومەتە سێڵەکەوە.

– با بڕۆینە ژوورەوە پۆلات.

– قەیدی ناکات، لێرە لە لای تۆ دادەنیشم. گەرەکم نییە بەتەنیا بیخۆم.

ئەو قسەیەی دواییم لە باپیرەم بیستبوو.

– ئەی بێ حەیا. باشە با بڕۆینە ژوورەوە، من لێرە کارم تەواو بووە.

خواردنی ژەمی بەیانی ئەو کاتە خۆشە کە لەسەر سەکۆ دانیشی. ئەوەی کە لە مەتبەخ، لەبەر پەنجەرە دروست دەکرێ و بەڕەی کوردی لەسەر ڕادەخرێ و باڵنجی لەسەر دادەندرێ. زۆرجار بۆم نییە لەوێ دانیشم، چونکە پیسی دەکەم. ئیمرۆ زلێخا کەیفی ساز بوو و پێشی پێ نەگرتم. بەپێچەوانەوە کەشەفی بۆ ڕازاندمەوە و نەیگوت ئاگات لە خۆت بێ. بۆنی نان دەهات. لەتێکم لێ کردەوە، قەیماغم تێهەڵسووت و هەنگوینم لەسەر دانا. زلێخا ڕۆیی و پاش تاوێك بەسینییەکی بچووکەوە گەڕایەوە لام. دوو

چایی و قەندانێکی لەسەر بوو.

زلێخا یارمەتی دام. هێشتا ئەو پارووییەم قووت نەدابوو، یەکیتری بە هەنگوین و قەیماغەوە ئامادە کردبوو. زارم بەردەوام پڕبوو. ئەگەر یەکێك منی بەو وەزعە دیتبا، پێی وا دەبوو کە بەدرێژاییی شەو لە مەزرایێ کارم کردووە. زلێخا بەنەوسنیم پێدەکەنێ.

– بەسە، پۆلات، دەتەقی. چاو لە ورگت بکە چۆن هەڵمساوە...

– زلێخا، هەرکە زارم تۆزێك بەتاڵ بوو، پێم گوت. دەبێ ئێوە بڕیار بدەن و خەت و نیشانێك دیاری بکەن. ئاخر عەبدوڵڵا و داپیرەم بەردەوام پێم دەڵێن چاك بخۆ، بۆوەی گەورە بی و ببیە پیاو. تۆش دەڵێی مەخۆ، چونکە هەر کەسێك زۆری بخوا، دەبێتە مرۆڤێکی تەمبەڵ.

– لەو قسانە گەڕێ. بەجۆرێك دەجووڵێیەوە خۆت لە گێلی دەدەی. هەموو شتێك لە ڕادەی خۆی بێ باشە.

دیارە هەقی بوو. بەڕاستی لە تێرییان هەڵمسا بووم و خەریك بوو بتەقم. زلێخا هەرای لە ئایشێ کرد. ئەو کچەی خەریکی وەردێنە لێدان بوو، بۆوەی بێت و کەشەفەکەی بەردەمم لابەرێ.

– وەرە بەرپەنجەرە پۆلات، با تۆزێك گەرم بینەوە.

پەنجەرە جامەکییەکانی بەرهەیوانی گەورەمان لە وەرزی زستاندا دەبەست. خۆری تێ دەکرد و بەچەشنێك گەرم دادەهات، وەك ئەوەی مرۆڤ لەبەر سۆبە دانیشتبێ. زلێخا لالۆچێك گەنمی هێنا، تۆزێك پەنجەرەکەی کردەوە و دانەکەی لەسەر لێواری دەرەوەی ژێر جامەکییەکە ڕۆ دەکرد. هێشتە دەستی بەتەواوی نەهێنابووە ژوورەوە، کۆمەڵێك چوێلەکە گەیشتنە سەر گەنمەکە.

– دەبینی پۆلات، برسێتی بەسەر ترسدا زاڵ بووە. ڕوح لە خواردن دایە.

لەسەر باڵنجەکان دادەنیشتین و چاومان لە چوێلەکەکان دەکرد. من لە

بـاوەشی زلـێخـادا ڕاکشا بـووم و ئـەویش بـەپـەنجەکـانـی چـەشنـی شانـە، قژەکانمی نەوازیشت دەکرد.

خەوێکی شیرین خەریك بوو بمباتەوە، بەڵام خوشك و براکانم بە پڕتاو وەژوور کەوتن و لێیان تێکدام.

– لە سەرەخۆ بن، خەریکن وڵاتی وێران دەکەن.

– شیش و کەڵافی دایکم لێرەیە، خوشکم پرسی.

– لێی گەڕێ، لێی گەڕێ، خۆم دۆزیمەوە، دەنگی دایکم هات. ئەویش هاتە بەرهەیوان و لەتە چندراوەکەی بەدەستەوە بوو.

گشت لایەك وەك چوێلەکەکان لەبەر گەرمای خۆر کۆ بووینەوە.

چاوم لە چنینی دایکم بوو. چەندە جوانی دەچنی.

– دایە، ئەگەر منیش گەورە بم، وەك تۆ دەچنم.

– ئێ، ئەوە لەو بابەتە نەنووسراوانەیە. ئاخر کەنگێ پیاوت دیوە کاری چنین بکات.

ڕاستی دەکرد، پیاوم نەدیبوو کە بەچنینەوە خەریك بووبێ. بەڵام باشە بۆ دەبێ تەنیا ژن ئەو کارە بکات، ئاخر منیش حەزم لەو ڕەنگانەیە و گەرەکمە گوڵی گەورەی وەك ئەوەی دایکم دروست بکەم. ئاوا سوور و تێکەڵاو بەلاسکی قاوەیی و گەڵای سەوز.– دڵگیر مەبە، تەنیا تۆ نیی کە ئەو خۆزگەیەت هەیە. براکەشم سەری لەو کارە دەخورا و حەزی لە شێوەی چنینی دایکم بوو.

نازانم زلێخا ئەو قسەیەی بۆیە کرد تا لە دەست شکاندنەوەی ئەوانیتر ڕزگـارم بـکـا، یـا بـەڕاستـی بـاوەڕی بـەقسەکـەی بـوو. ئـەوەی ڕاستـی بـێ، بـاوەڕی بـەقسەکـەی خـۆی بـوو، چـونکـە چـاوە پـڕ لـە فـرمـێسکـەکـانـی شاهـیـدیـان دەدا. سیـنگـی لـەبـەر پـەرێشانـی هـەنـاسەبـڕکـەی وێکـەوتبـوو.

ئەوجۆرەی من لە باوەشیدا خۆم مەڵاس دابوو، گوێم لە ترپەکانی ناو دڵی دەبوو کە چۆن وەك گرمەی دەهۆڵ دەنگیان دەهات.

## سەفەری من لە نێو ژیانی زلێخادا

دەڵێن کاتێك پەژارە و ناڕاحەتی ڕوو لە مرۆڤ دەکات و مێشکی ئازار دەدا، لە ناچارییان تووشی وڕێنە و زۆربڵێیی دێت. ئێستا نازانم زلێخا بەو دەردەوە چووە یا گلەیی و گازندەکانی لە ژیان، بەدەنگی بەرز دەگوتەوە و دووپات و چەند پاتی دەکردنەوە...

– ئاخ، بریا دیتباتان دایکم چەندە جوانی دەچنی. وەستاکارێکی لێزان و بەوەج بوو، ناوی سەرپەری بوو. کوردەکان بەو ناوە بانگیان دەکرد. سەرپەری مانای حۆری دەریایی دەدا. ناوەکەی بەزمانی ئەرمەنی، سەرپووی بوو. بەڕاستی وەك حۆری دەریایی جوان بوو. باڵابەرز، قژەکانی ڕەش و درێژ، ڕەنگی خورمایی و چاوشین. دیارە باوکیشم پیاوێکی وێچوو، ناوی گورکێن بوو. ئەویش بەڕاستی جوان، خورمایی، باڵابەرز و پەنجەدرێژ بوو. ڕاست وەك قامکەکانی من... یەکتریان خۆش دەویست، بۆیە زەماوەندیان کرد. لە ناو عەشقی یەکتردا توابوونەوە. دایکم شازدە ساڵ و باوکیشم بیست ساڵان بوو. سەرەتا کۆمەڵێك گرفت لە گۆڕێدا بوون. وەختێك کەسوکارەکەیان بەو قەناعەتە گەیشتن کە یەکیان بەبێ ئەوەی تر هەڵناکات، ئەوسا ڕەزامەندی خۆیان دەربڕی. بنەماڵەی هەردوو لایان دەوڵەمەند، خاوەن زەویوزار، وڵاخ و ماڵات، خانوو و مڵك بوون و بۆیە بەڕادەی پێویست ئیمکاناتیان بۆ ئەو جووتە خاوەن ژیانی هاوبەشە تەرخان کرد. دواتریش زاوزێ دەست پێ کرد. ئێمە پێنج خوشك و برا بووین، دوو کوڕ و سێ کچ. براگەورەم، بۆغاس، ماری خوشکم، دوایە براکەم ئارسێن و لووسی خوشکم. من بچووکتر لە گشتیان و پاشەبەرەی بنەماڵەکەمان بووم. بەڕاست ئێوە دەزانن ناوی من چی بوو، واتە ئەو

ناوەی دایك و باوكم بۆیان دانام! زەری، ناوی زلێخا، باپیرەم حەسەن ئاغا لەسەر منی دانا تاكو لە دەست توركەكان ڕزگارم بكات. هەڵبەت ناوی زلێخا هەم كوردییە و هەمیش ئەرمەنی. گەلێك ناو وێك دەچن. بنەماڵەكەمان گەورە بوو و ژیانێكی ڕاحەتمان هەبوو. بەڕاستی هەستمان بەبەختەوەری خۆمان دەكرد. باوكم ناوی گوركێن ئەفەندی بوو. وەستایەكی قابیل و كاری ناڵبەندی دەكرد. ئەو سنعاتەی لە كوردێك بەناوی دورسوون ناڵبەند فێربووبوو. هەڵبەت جیا لە ناڵبەندی كاری دروستكردنی زین و لغاویشی دەزانی. گەلێك جار وەستا دورسوون كە چاوی بە باوكم دەكەوت، دەیگوت: ″ گوركێن وەك شاگرد هاتە لای من، ئێستە پێشی لە من بڕیوەتەوە. ئێستە ئەو پێم نیشان دەدا كە دەبێ چ بكەم. ڕێوی سەد ساڵ و بێچوە ڕێوی سەد و دوو ساڵ ″. باوكم لەبەرئەوە نەبوو كە دەستكردی باشبوو، بەڵكو نەخش و نیگاری تێدا بەكار دەهێنا. زین و لغاوەكان و هەرچی دروستی كردبا جیا لە مەحكەمی و باشی، گەلێكیش جوان و نەخشین بوون. بۆ ڕازاندنەوەیان كەڵكی لە زیو، بەردی ڕەنگاوڕەنگ، قولابدۆزی جۆراوجۆر و پێستی نەقاشی و نەخشێندراو وەردەگرت. ئەو بەو شێوەیە بوو بەیەكەم وەستاكاری بە ناو و دەنگ لەسەرتاسەری ناوچەدا و خەڵك ڕێز و حورمەتێكی فرەیان بۆ دادەنا. بەتایبەت ئەو كەسانەی خاوەن ئەسپ و جوانووی ڕەسەن بوون، نە دەچوونە لای هەركەسێك، چونكە ناڵ لەبەر خۆشی و ڕاحەتی دەبوایە لەبەر سمی ئەسپ بدرێ و وەك پێڵاوی چاك بۆ لاقی مرۆڤ بێ. كاتێك پێڵاوی تەنگ لاقی مرۆڤ ئەزیەت بكا یاكو گەورە بێ و پێ لە ناویدا مەلە بكات، چۆن دەتوانی بەفەخرەوە هەنگاو بنێیەوە! تەنانەت بزمارەكانیش كە ناڵبەند بەكاری دێنێ، دەبێ لەگەڵ قەیاسی سمی ئەسپ و كونی ناڵەكان یەكبگرنەوە. لە شارەكەی ئێمە كەسانێك هەبوون وەك بەكر ئەفەندی كە خاوەن ئەسپی ڕەسەن بوون. ئەو ئەسپانە بەدەنگی دەهۆڵ و

زورنا، وەسەما دەکەوتن! گەلێك جار خەڵك لەبەر بەکر ئەفەندی دەپاڕانەوە تا یەکێك لە جوانوویەکانی خۆی بۆ بووك گواستنەوەیان بەقەرز بداتێ. زەماوەند لە ژیانی ئێمەدا دیاردەیەکی گرینگ بوو، بۆیە ئامادەکاری زۆری بۆ دەکرا. زەماوەند و خۆشی و ناڵبەندی لە کاتی ئەوتۆدا یەکدەگرنەوە. تەنیا باوکم کاری ناڵبەندی تەواو ماهیرانە بەئەنجام دەگەیاند و زینی نەخشینی بۆ دانیشتنی بووك دروست دەکرد. ئەو وەستاکارێکی ناسراو و مرۆڤێکی جێگەی باوەڕ بوو. کاتێك گورکێن بەڵێنی دەدا کە دەستکردەکەی بۆ چ ڕۆژێك ئامادە دەبێ، قەولەکەی وەك پەیماننامە دەچوو. شەو و ڕۆژی لەسەر دادەنا، تەنیا بۆوەی بەڵێنەکەی بردبێتە سەر. خاوەن ئەو جۆرە خوو و خەدەیە بوو، بۆیە خەڵك خۆشی دەویست. برا گەورەکەم، بۆغاس ڕێوشوێنی باوکمی ڕەچاو کرد. لە گشت بوارێکدا شێوەی باوکمی دەدا. پێکەوە کاریان دەکرد و باوکم زۆری شایی پێ بوو، چونکە سنعاتەکەی لەبەر دەستی کەسێکی جێگەی متمانە دەنا. هەڵبەت دایکیشم، لە ماڵدا چەشنی ڕەوەزێك بوو. پەنجەزێڕین. چێشت و شیرینجاتی دروست دەکرد، قامکانی پێوەبخۆی... ئەوەی لێیدەنا قەت بەشی خۆمانی نەدەکرد، چونکە بۆ دراوسێکانیشی دەبرد. بەدائیم دەیگوت: ″دروست نییە بە بۆنی چێشت نەوسی جیرانان وەخۆ بخەین و خۆشمان بەتەنیا خواردنەکە بخۆین″. هەربۆیە بەردەوام دەبوایە بەشی جیرانان بەرین، دراوسێی تەنیشتمان، ماڵی ڕووبەڕوو، جیرانی لای ڕاستە، لای چەپە، سەرجەم بۆ گشتیان. خوا هەڵناگرێ، ئەوانیش قاپەکانیان بەپڕی دەهێنایەوە، جا هەرچی هەیانبووایە شیرینی، خواردەمەنی، میوەجاتی ویشککراو، لە ناو قاپەکەی ئێمەیان دەکرد و سەریان بەدەسماڵێکی خاوێن دادەپۆشی و بۆیان دەهێنایەوە. بەپڕی دەماندانێ و بەپڕیش وەرمان دەگرتەوە. ئاخر گوناحە قاپ بەبەتاڵی بۆ خاوەنەکەی بەریەوە. دەڵێن کاتێك ژیان بەخۆشی و ئارامی بەڕێوە دەچێ،

ئـەو وەختـە دەبـێ نیگـەران بـی. لـەوە نیگـەران بـی کـە مـار پێتـەوە بدات. چارەنووس، پێم بڵێن چارەنووس و دووبارە چارەنووس. من لە بیرمە کە ئەو ژیانە پڕ لە بەختەوەرییە جێگەی خۆی دایە ڕۆژانی سەخت و ناخۆش، برسێتی، جاکێشی، خەیانەت و کوشت و کوشتار. هەموو شتێك لەوڕۆوە بۆ سبەینێ گۆڕا. تورکەکان ژیانی ئێمەیان تێك دا، ئەو مەلعوونانە... سەرەتا بـارودۆخـێکـی ئـەوتـۆیـان بـۆ ئـێمـە خـوڵقـاند کـە خـۆبـەخـۆ بـەشەڕ بێین. ئەرمەنی لەگەڵ ئەرمەنی، کورد لەگەڵ کورد، ئەرمەنی لەگەڵ کورد و کورد لەگەڵ ئەرمەنی... شەڕێکی سەخت لە نێوانماندا دەستی پێ کرد... چیمان بەسەر هات! شێت بووین! ئێمە کە تا دوێنێ وەك بنەماڵەیەك پێکەوە دەژیـایـن... ئـێمـەی خـوشك و بـرا کـەوتـینـە گیـانـی یـەکتـر... بۆچی! ئەو دوژمنایەتییە قازانجیان بۆ کێ بوو! تەنیا عوسمانییەکان، تورکانی نوێ براوەی ئەو شەڕە بوون. ڕۆژێکیان بەیانی سەحەری، دیتمان تورکەکان، زابت و ژاندرمەکان بەرق و کینەوە ڕایان دەکرد. کەسوکاری ئێمە لە قەراخ جـادە و پـەسیـوان ڕاوەستـابـوون، چـەنـد کـەسێك دەبـوون. بـارودۆخـێکـی ترسناك. ئەو ڕۆژە باوکم زۆر زوو گەڕایەوە ماڵەوە، ڕاست پاش بانگی نیوەڕۆ بوو. شتی ئاوا پێشتر ڕووی نەدابوو... بەپێی عادەت ئێواران کۆ دەبووینەوە.

– چ قەوماوە! دایکم لێ پپرسی، کاتێك بەرەو دەرگە چوو و ئێمەشی بەدواوە بوو. چ قەوماوە گورکێن ئەفەندی!

– وەرە سەرپووی، وەرە ژوورەوە... پێت دەڵێم...

گشتمـان چـووینـە ژوورەوە. نیگـەرانـی لـە چـاوەکـانـی بـاوکم دەبـاری. بەدایکمی گوت:

– بنەرە سەرپووی، ئاگات لە منالان بێ. کەس نابێ ئیمڕۆ دەرکەوێ... نازانم چ قەوماوە، بەلام ئەو شتانەی بیستوومە و دەیانبینم، هەرگیز بە

دڵم نین... نازانم... نازانم ئەو ڕەوشە چیمان بەسەر دێنێ.

باوکم چاوێکی بە هەمووماندا گێڕا، وەك ئەوەی سەرژمێریمان بکات. گەرەکی بوو خاترجەم بێ ئاخۆ گشتمان لە ماڵەوەین.

– زەرێ، کچم، تۆش لێرەی، لێی پرسیم و دەستێکی بە سەرمدا هینا.

هەر هەموومان لە ماڵەوە ماینەوە. تەنیا لووسی خوشکم بۆ تاویکی کورت دەرکەوت و چووە ناو باخچەکەمان و دایکم خێرا تێی خوڕی.

– وەرە ژوورەوە، دەی خێراکە... مەگەر نازانی کەس بۆی نییە ئیمڕۆ دەرکەوێ، تاکە ڕۆژێکە و ئەویش بەسەر دەچێ... خۆ ناتەقی ڕۆڵە... وەرە ژوورەوە، دەی خێراکە...

یەکەم جار بوو دەمدیت دایکم بەو قەڵسییە بدوێت، ئەویش لە کێ تورە بێ! لووسی خوشکمان، کە فرە دڵناسك بوو، وەك گوڵێك بوو کە نەدەکرا بۆنیشی پێوە بکەی مەبادا هەڵوەرێ... گشتمان، بەتایبەت دایکم ئەوەی دەزانی... بە چکۆلەترین شت ناراحەت دەبوو، هیچی نەدەخوارد، نەدەخەوت، زیز دەبوو و دەستی بەگریان دەکرد. ئەگەر کەسێك لێی قەڵس ببا، یاکو لەگەڵی بەشەڕ هاتبا، لە جێوە لوشمەی دەهات و فرمێسك دادەگەڕانە خوارێ. بەپێچەوانەی گشت منالانی تر و بەتایبەتی لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ماری کە سەخت و مەحکەم، چەشنی پۆلا بوو.

بەهەرحاڵ ئەو ڕۆژە لووسی بەبێ هیچ ئیعترازێك هاتەوە ژوورەوە و بەئەسپایی دانیشت، بێ ئەوەی دژکردەوە ناسراوەکانی خۆی نیشان بدات. ئەوەش بۆیە بوو کە ئەویش لە بارودۆخەکە گەیشتبوو و دەیزانی کە شتێك قەوماوە... گشتمان لە ماڵەوە بووین. شەو داهاتبوو... لە پڕێکا کێشە ساز بوو... هەلاوبگر و دەنگی چەکمە و دەسرێژ... سەرەتا دەنگی چەند تەقەیەکمان بیست، ڕەگبار«گوللەی ڕوونککردنەوە»، پاش ماوەیەکی کورت ئەوجار دەسرێژکارەکان وەخۆ کەوتن و بەو شەوە دەتگوت

بەمەکینە خەریکی درووومان کردنن. وەستانیان بۆ نەبوو، بەپەلە گشت چراکانمان خامۆش کرد، تەنیا چرا گردسووزەکەی دالان دایسا، ئەوێش پەنجەرەی نەبوو و نەدیو بوو. پەردە ئەستوورەکانی پەنجەرەکانمان ڕاکێشا و سایەبانەکانیشمان داداوە. دایکم بە خێراییەکی تەواو گشت ئەو کارانەی کرد. باوکم بەڕواڵەت زۆر بەغیرەت بوو، هیچ مەترسییەکی پێوە دیار نەبوو، ئێستە بەڵام گەلێك پەرێشان وەبەرچاو دەهات، نیگەرانی ئێمە بوو... زۆرجار بەدایکمی دەگوت:

– سەرپووی، ئا ... کاتێك هێشتا زەماوەندم نەکردبوو، بەدەستی بەتاڵەوە دەچوومە ڕاوێ. بەڕووتی، بەبێ چەك، وەختی گەڕانەوە کەروێشکێك، هەوێردەیەك، کەروێشکە کێوییەکم دەهێنایەوە... ئەوانەم بەدەست دەگرت... لە هیچ نەدەترسام، نە لە بەفر و نە لە تەرزە، نە لە هەڵا و هەنگامە و نە لە شەو و ڕۆژ... ئێستا بەڵام، مناڵەکانم دەبینم، دڵم دەلەرزێ.

## نەخشە و پیلانی دووبەرەکایەتی

ئەو شەوە تا درەنگانێك بەدەم تاریکییەوە دانیشتین، چاوەڕوان بووین ڕۆژ بێتەوە. چاوەکانمان لەبەر بێخەوی دەخورا، بەڵام گەرەکمان نەبوو بخەوین. دایکم جێگەی گشتمانی لە ژوورێك ڕاخستبوو تا هەموومان پێکەوە لە پاڵ یەکتر بنووین. دوو خوشکە گەورەکانم منیان لە نێوان خۆیاندا نواند. لە بیرمە ماری خوشکم توونت بەخۆوە دەکوشی کە لە تەنیشتم ڕاکشابوو. ئەو گەرەکی بوو ئێمە بنوێنێ تاکو خۆیشی خەوی لێ بکەوێ.

خەوێکی ناخۆش، بەردەوام ڕادەچەنیم. گوێم لە دەنگی چەکمە و ڕێژنەی گوللە دەبوو. بەیانی کاتێك وەخەبەر هاتم، گشت شتەکانی ناو ژوورەکەمان لەسەر جێگەی خۆیان داندرابوونەوە. سایەبان و پەردەکان

هەڵدرابوونەوە. لە دەرەوە خۆرەتاوێکی خۆش و ئاسمانێکی شین بەدی دەکرا. ڕەنگە خەونەکەی من ناخۆش بووبێ! دایکم لە حەسار بوو و لە پاڵ پاردەی نەوی نێوان دوو حەوشەدا لەگەڵ دراوسێکەمان خەریکی سرت و خورت بوو. تۆزێك لە قسەکانیان حاڵی دەبووم. شەوی ڕابردوو هێزەکانی تورك پەلاماری گوندێکی ئەرمەنییان لە دەرەوەی شار دابوو و خەڵکێکی زۆریان کوشتبوو. بیانوویان ئەوە بووە کە کوژراوەکان سەر بەڕێکخراوێکن بەناوی کۆمیتات کە بۆ سەربەخۆیی ئەرمەنییەکان خەبات دەکات. ئەوەشمان بیست کە دانیشتووانی گوندەکە بەرگرییان لە خۆیان کردووە. زۆر شتی تر دەبیسرا... بەهەرحاڵ زۆربەی بنەماڵەکانی کورد و ئەرمەنی کەوتبوونە نیگەرانییەوە. جەماوەرێکی زۆر لە کوردەکان لە مزگەوت کۆ بووبوونەوە. ئەو کارەی کوردەکان ترسی وەبەر تورکەکان خستبوو. تورکەکان ئەوکاتە ڕایان گەیاند کە هێزی ژاندرمە دەستی لەو کارەدا نەبووە، بگرە ئەرمەنییەکان لە نێوان خۆیاندا تووشی شەڕ هاتوون... فەرماندەی ژاندرمەکان لە لایەکی ترەوە دەیگوت کە کێشە لە نێوان کورد و ئەرمەنیدا سەری هەڵداوە و کەوتوونەتە گیانی یەکتر.

پێویستی بەڕوونکردنەوە نەبوو، بەتایبەتی لە لایەن کورد و ئەرمەنییەکانەوە تا ئەو قسانە وەدرۆ بخەنەوە. ڕاستی ڕووداوەکان لە ڕێوڕەسمی پڕشکۆی بەخاکسپاری جەنازەی ئەرمەنییەکانی کوژراو دەرکەوت. ئەرمەنی و کورد پێکەوە بۆ کوژراوەکان دەگریان کە تورکەکان شەهیدیان کردبوون. بەهۆی پەلاماری ڕەشەکوژی تورکەکان، شازدە کەس لە ناوچووبوو. لە کاتی بەخاکسپاریدا، جەماوەرێکی زۆر کۆ بووبووەوە. کورد و ئەرمەنی پێکەوە لە شار و گوندەکانی دەوروبەرا هاتبوون، تەنانەت خەڵك لە قارس و وانیشرا خۆیان گەیاندبۆیێ... ڕۆژی بەخاکسپاری تورکەکان دەرگەکانیان داخستبوو و کەسیان زاتی نەدەکرد لە ماڵەوە دەرکەوێ. نە قایمەقام و نە ژاندرمەکان، هیچ کەس... زۆر

دەترسان. لێیان حاڵی بووبوو کە ئەو پەلامارەیان سەرکەوتوو نەبووە. نەك تەنیا بۆ خاتری مردووەکان. مەبەستی تورکەکان تەنیا ئەوە نەبوو کە چەند کەس ئەرمەنی بکوژن، بگرە گەرەکیان بوو ئاگری شەڕێکی براکوژی لە نێوان کورد و ئەرمەنیدا هەڵایسێنن. هەڵبەت لە ناوچەی ئێمە، ئەگینا لە دەڤەرەکانی تر، ئەو سەگانە خاکی بەحاسڵاتیان بۆ چاندنی تۆوی دووبەرەکی دۆزیبووەوە.

ئێمە دژی پیلانی تورکەکان وەستاین و لە نێوان خۆماندا دۆستایەتی پترمان ڕەچاو کرد. بۆیەش یەکمان گرت، چونکە دەمانزانی دوژمنی هاوبەشمان یەکە و کێیە. مەلایەك، مەلا مستەفا پێشنوێژی مزگەوت، کوردێکی گەنج و ڕووناکبیر، خووتبەیەکی زۆر بەنرخی لە مزگەوت خوێندەوە.

– "ئەو خوێنەی دەستەکانمان سوور دەکات، بەو هاسانییە ناشۆردرێتەوە. خوا بۆ گشت لایەکە، بەبێ لە بەرچاوگرتنی هیچ ئاین و ڕێبازێك. ئێمە هەر هەمووومان باوەڕمان بەیەك خوا هەیە و ڕق و کینی دوژمنان نابێ لە یەکترمان جیاکاتەوە. هەرکەسێك نەفرەتی لە ئەرمەنییەکان بێ، خواش نەفرەتی لەو دەبێ. خوا بۆ خۆی ڕووحی پێ بەخشیوین و هەر ئەویش بۆی هەیە لێمان بستێنێتەوە. وا باشترە ئەو قسەیە بەهێند وەربگرین... ئێمە مرۆڤەکان دەبێ هاوخەمی یەکتر بین. کاتێك دراوسێکەمان دەگری، ئێمە ناتوانین خۆشحاڵ بین. ئەگەر جیرانەکەمان سەرمایەتی، ئێمە بەگەرمای ناو ماڵمان هەست بەخۆشبەختی ناکەین، وەختێك هاوساکەمان برسییەتی، ئێمە ناتونین بە سك تێری خۆمان شاد بین. گشت ئەوانە بەو مانایەن کە ئێمەی مرۆڤ، خوشك و براین. ئەرمەنی و کورد، پێکەوە خوشك و بران. هیچ شتێك ناتوانێ لێکمان جیاکاتەوە. هیچ پاساوێك لە گۆڕێدا نییە کە بکەوینە گیانی هەڤدوو".

ئـەوە ئـاخـاوتـنـی مـەلا مستـەفـا بـوو. ئـەو هـەروەهـا ڕۆژی دوایـی لـە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکاندا بەشداری کرد، هەرچەند ڕێبەرێکی ئاینی موسوڵمانەکان بوو. ئەو سەردەمە غیرەتی دەویست کە پیاو بچێتە بۆنەی خاکسپاری مەسیحییەکان! ئەو مەلایە بەڕاستی بەغیرەت بوو.

فەترەیەکی زۆر دوای ئەو مەراسیمە، واتە سەردەمی نەگبەتی، کەس دڵی بەرەدایی نەدەدا شایی بکات. لە هیچ شوێنێك دەنگی مۆسیقا نەدەبیسرا... بەتایبەتی کوردەکان کە هەستیان بەئازاری فرەی ئەو خەڵکە لێ قەوماوە دەکرد، شایی و بەزمیان وەلانابوو. ئەو فەترەیە یەك دوو مانگی خایاند.

ئێمەی مناڵیش خوومان بەو ڕەوشە گرتبوو. تەنیا لە حەساری ماڵەوە یا لـە حـەوشەی جـیـرانـەکـەمـان کـایـەمـان دەکـرد. لـە نـیـزیك مـاڵـەکـەمـان قـوتـابـخـانـەیـەکـی سەرەتـایـی خـاوەن حـەوشەیـەکـی مـەزن هـەبـوو. بـاوەڕ بکەن، لە کاتی پشوودان دەنگی هەراوەوریای مناڵان نەدەبیسرا، تەنانەت کـاتـێك تـەواویش دەبـوون. مـنـاڵـەکـان گشتیـان تـەواو بێدەنگ. وەك ئـەوە دەچوو کە قوتابخانەکە داخرابێ. ئەو ڕەوشە زیادتر لە مانگێکی خایاند. دواتریش، کاتێك گەرەکمان بوو تۆزێك لە حەساری ماڵەوە دووركەوینەوە، دایك و بـاوکـمـان خـێرا پـێشیـان پـێ دەگـرتین. بـاوکـم زووتـر لـە جـاران دەگەڕایەوە ماڵەوە. ئەوە بۆ ئێمەی مناڵ خۆش بوو، چونکە ئێمە کەمتر چاومان پێی دەکەوت، ئێستێ حەزمان دەکرد لە دیتنی تێر بین، ئەو لە لای خۆمان بوو.

وردە وردە هەست بە کەمی خواردەمەنی دەکرا. گۆشت و سەوزی و میوە بەدەگمەن وەگیر دەکەوت. خەڵك لەوە دەترسان کە بچنە ئاوایی قەرە کۆسە و ئـیـغـدیـر نـەوەك بکوژرێن، لەو شوێنـانـەش خـواردەمـەنـی ئێجگـار زۆر هەبوو.

ترس، نیگەرانی، برسێتی، دڵەخورپە، گشتیان بۆ سبەی...

## جینایەتێکی سامناک لە مەیرێ مانا

ڕۆژێکیان باوکم پەشۆکاو گەڕایەوە ماڵ. گشت گیانی ئارەقاوی و ماندوو و شەکەت بوو. لە حەوشە خێرا لەسەر کورسیلەیەك دانیشت. دایکم ڕای کردە لای. من ئەوانم لە پەنجەرەوە دەدیت، بەڵام گوێم لێ نەدەبوو کە باسی چی دەکەن. دایکم دیت بچێتە ژوورەوە و بە پەرداخێك ئاوی سارد، بەپەلە بێتە دەرەوە. باوکم بەئیشتیا ئاوەکەی خواردەوە، وەك ئەوەی ساڵانێك تینوێتی چێشتبێ. دایکمی لەگەڵ خۆی برد و چوون لەسەر پاردە نەوییەکەی دەوری حەوزی ئاو دانیشتن. من ئەو حەرەکەتەم لە باوکم چاوەڕوان دەکرد. حەوزی ئاو، بەو شێوەیەی کە دروست کرابوو، بەبەردی داتاشراوی یەکسان، جێگەیەك بوو کە باوکم زیادتر حەزی لێ دەکرد. بەدائیم لەوێ دادەنیشت و چاوی لێمان بوو کاتێك خەریکی کایەکردن دەبووین یا وەختێك لەگەڵ دایکم قسەیان دەکرد.

خەبەری ناخۆش، باڵ دەگرێ و خێرا دەفڕێ. بەڵێ، پاشنیوەڕۆی هەینی بوو وەختێك تورکەکان پەلاماری گوندی مایرێمانایاندا، سێ چوار کیلۆمیتر دوور لە شارەکەی ئێمە. دڵی ئێمە ئارەزووی ئەوێی دەکرد، لەو گوندە سەرسەوز و جوانە، خزمەکانی ئێمەی لێ دەژیا. ڕۆژانی یەکشەمو دەچووینە ئەوێ. گشت خەڵکەکەمان دەناسی و ئەوانیش ئێمەیان دەناسی. گوندێکی گەورە و دەوڵەمەند بوو چونکە کانزای بەردی سووکی لێ بوو. مامۆی من هەموو جارێ دەیگوت: کارێکی سەختە، بەڵام داهاتی هەیە. باوکم لەو کاتەوە ئەو خەبەرەی بیستبوو، ئاراووقاراوی لێ هەڵگیرابوو.

– دەبێ بچینە مەیرەمانا، دەبێ بزانین کەسوکارمان چییان بەسەر هاتووە.

– سبەینێ، دایکم پێی گوت، سبەینێ بەیانی سەحەری زوو. ئێستە خەریکە شەو دادێ.

– دەبێ بچین. بەبێ خەبەری چۆن دەتوانم دانیشم.

لە پڕێکا گوێمان لە تەقەی دەروازەی حەوشە بوو. دەروازەیەکی زۆر جوان و قوبەدار، دەقولبابەکەی پەنجە شێر و لە زێو دروست کرابوو. دەروازە لێدان خێراتر و مەحکەمتر بوو. تا دەروازەمان کردەوە، خەریك بوون بیشکێنن. باوکم دەروازەی کردەوە. چ ببینین، تەواوی خەڵکی گەڕەکێمان وەسەرگەڕابوو. ژن و پیاو گشتیان ترساو و نیگەران بوون.

– گورکێن ئەفەندی، ئاگات لێیە چ قەوماوە! چیمان بەسەر هاتووە! کەسوکارمان تووشی چی بوونە! باشە دەبێ چ بکەین!

باوکم گشتیانی بانگ کردە ژوورەوە. لە حەسار. بەشێك بەحاڵە حاڵ جێگەی خۆیان لە دەوری حەوزەکە کردەوە و ئەوانیتریش لەسەر نیمکەتە دارەکە دانیشتن. براکەم دەروازەی گاڵەدا. دایکم چووە ژوورەوە، بۆوەی چەند دۆشەکچە و ڕایەخێك بێنێ تاکو خەڵکەکە بتوانن تۆزێك ڕاحەتتر دانیشن.

سەبارەت بەجوامێری باوکم گومانم نەبوو، بەڵام ئەو جۆرەی لە ناوەندی حەسار وێستابوو و چەشنی ڕێبەرێکی قارەمان بۆ خەڵکەکە قسەی دەکرد، لە بەرچاوی منی مناڵ سەیر خۆی دەنواند.

– گوێ بگرن دۆستان، پێش هەر شتێك دەبێ نەختێك هێور بینەوە، هەرکەس چی دڵی دەخوازێ با بیڵێ، با پوختەیەك لە ڕەوتی ڕووداوەکانی دێمان بێتە دەست... بەخۆڕاساندن و پەلەکردن هیچمان دەست ناکەوێ... پێویستیمان بەئارامی و عەقڵییەت هەیە.

دایکم پاڵی بەدەرگەی ماڵەوە دابوو و سینییەکی پڕ لە پەرداخی دۆ ڕاگرتبوو. زۆربەی خەڵکەکە لە ڕووی نەجابەتەوە، پەرداخەکانیان بەدەستەوە گرتبوو... قومی دۆ بەگەرووادا نەدەچووە خوارەوە.

باس و خواسێکی زیندوو بوو. زۆرجار گشتیان تێکڕا قسەیان دەکرد و

کەس تێ نەدەگەیی ئەوەی تر چ دەڵێ.

لە وەختێکی ئەوتۆدا دەنگی باوکم بەرزتر دەبیسرا.

– ئەرێ جەماعەت، تکایە تۆزێك لە سەرەخۆ بن. بەو هەڵاوبگرەی داتاناوە، ناتوانین ئالیکی دوو کەران دابەشکەین. تکایە یەك یەك...

خەڵکەکە خێرا هێور دەبۆوە... دراوسێکان ڕێزیان بۆ قسەی باوکم دادەنا.

لە ئاکامدا گشتیان بەو قەناعەتە گەیشتن کە بچنە گوندی مەیرێ مانا.

هیچ کاتێك ناتوانم لە بیر خۆمی بەرمەوە کە باوکم وەختێك بەتەنیا دەبوو، لە ژێر ئاسمانی شەوێکی جواندا کە مانگ چواردەی تێپەڕ کردبوو چۆن دەیڕوانییە ئەستێرەکان و لە هەمان کاتدا بە نا ئومێدییەوە دەیڕوانییە ئاسمانی ڕەش و تاریکی ئەولاتری باخچەکەمان کە ئاخۆ چ کارە ساتێك لەولا ڕوو دەدا، لەو شەوەڕا زانیم ڕقوکین چۆن لە چاوەکانی باوکم دەباری. ئەو شەوە یەکەم جار بوو کە چای خۆشیمان نەخواردەوە.

باوکم بەدوایین وەجبەی چای خواردنەوەی دەگوت، چای خۆشی.

بەر لەوەی کەڵەشێر بانگی سەحەری بدات، لەخەو هەستاین. بانگی مەلای مزگەوتیش فریامان نەکەوت. گشتمان گەرکمان بوو بچینە گوند... وەختێك گەیشتینە سەر جادە، تەواوی دراوسێکانمان لە دەرێ بینی. دەتگوت چاوەڕوانی ئێمە دەکەن. ئەوان چاوەڕوانی دەستووری باوکم بوون تاکو بەرەو گوندی مەیرێ مانا وەڕێ بکەون. ڕێپێوانێکی گەورە بوو، جەماوەر بەئەسپ و هێستر و فایتوونەوە هاتبوو... هەرکەسە وەسیلەی خۆی هێنابوو، ئەوەش کە نەیبوو بەپێیان دەڕۆیی. کورد و ئەرمەنی پێکەوە بوون. بۆ پرسە و سەرەخۆشی دەچووین، بەبێ ڕاوەستان و بێ پشوودان.

پاش فەترەیەك، لە دوورەوە چاومان بەگوند کەوت. دووکەڵی لێ

هەڵدەستا. بەرە بەرە ماڵە سووتاوەکان وەدیارکەوتن. ئەو ڕێپێوانە کە ڕۆژێك لەبەر بەرامەی ڕیحانە و نەعنای گوند، سەرت لە گێژەوە دەهات، ئێستە بۆنی قەتڵ و جینایەتی لێدەهات.

لەبەر دێ، ڕەق هەڵاتین. کوشتار. خوێن. لە گشت لایەکەوە بەسەر جەنازاندا کەوتین. پازدە تا بیست کەس لە پەنا دیواری مزگەوت گوللەباران کرابوون... سەری بڕاوی ژنان، منالانی بچووکی کوژراو بە بەرد. هەر خوا بزانێ... چاوەکان بە پانەوە بەدوای کەسوکاری کوژراوەکاندا دەگەڕان. برا، خزم، دۆست. گریان، دەرد، ئازار...

– کەس لێرەیە! دەنگێك بەدەم نالاندنەوە دەبیسرا... کەس ماوە!

بەڵێ چەند کەسێك نەجاتییان هاتبوو، لەمەر قەومانی ئەو جینایەتە، حەسرەت بە ڕووخساریانەوە دیار بوو. پیاوێکی پیر لەسەر بەردێك دانیشتبوو و نیوە ڕووت بوو و تەسپێحێکی گەورەی هێدی دەگێڕا. لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد و چاوەکانی فرمێسکاوی و سوور هەڵگەڕابوون. دەنگی ژنان لە ماڵێکرا دەهات. تۆزێك لەولاتر چەند ئافرەتێك بەچەپۆکان وەرگەڕابوونە سەر و گوێلاکی خۆیان. ژنێکی کورد منالێکی کوژراوی بەباوەشەوە بوو و شینی دەگێڕا و دەتگوت لایە لایە بۆ خەواندنی جگەرگۆشەکەی دەڵێ.

ئێوە دەزانن گەمەی قەرە قەرانێ چۆن لەگەڵ مەرگ دەکرێ. ڕاست ئەو کایەیە بوو، چەند منالێك ئەوەیان دەکرد و بەدوای دایکەکانیاندا دەگەڕان. بیست منالێك دەبوون. بیست هەتیوی بێ دایك و باوك، هەر بیستمان ئەژماردن. وەختێك دایکیان دەدۆزییەوە، داوێنەکانیان ڕادەکێشان. بۆوەی هەستنەوە و بچنەوە ماڵ... ئاخ، ئەوانیش جووڵەیان نە دەکرد، باوەشیان نە دەکردەوە. ژنەکان لەوێ کۆ بووبوونەوە. چییان پێ بڵێین. مەگەر برینی هەتیوی قەت سارێژ دەبێتەوە!

چـاوم بـەدیـواری سواغـدراو بـە قسڵ کـەوت. لـە دوایین هـەنـاسەکـانـی سەرەمـەرگ بـەسەریـانـدا ڕووخـابـوو. هـەنـاسەی ئـەو کـەسانـەی لـەبـەر زامەکانیان دەتلانەوە و هێشتە تەواو نەبووبوون و گەرەکیان بوو خۆ دەرباز کەن و بچنەوە ژووری ماڵەوە. عوسمانییەکان ڕاست لەو کاتەدا گـەیشتـبـوونـە سەریـان و کـوشتـبـوویـانـن. شوێن پـەنجـەی خـوێنـاوی بـە دیـوارەکـانـەوە دیـاربـوو و جـەنـازەکـان ڕاخـوشابـوونـە خـوارەوە. ماڵئاواییەکی خەمناك.

مـاڵـی مـامـەکـانم بـەتـەواوی وێران بـوو بـوو. دەرگـە و پـەنجـەرە، هـەر هـەمـوویـان شکـابـوون و بێدەنگییـەکی سامنـاك بـاڵی بـەسەر مـاڵـەکـەدا کێشابوو. ئیدی دەمانزانی چ قەوماوە. باوکم لە پێشدا چووە ژوورەوە و دایکیشم بەدوایدا. ئەو کاتە بوو کە دایکم لکی داوێنەکەی لە نێو مستە چکۆلەکانی من دەرهێنا. من گەرەکم نەبوو لەوە زیادتر ببینم. تەنانەت خوشك و براکانیشم وەدوای ئەوان نەکەوتن. وەختێك دیتمان دایك و باوکم لە ژوورەوە دێنەدەر، زانیمان هاتنەوە بۆ لای مامەکانم تازە تەواو بووە. ئیتر سەیرانی کانزای بەرد، حەز لێکردن و بەسەرهاتە سەیرەکانی ئـامـۆزاکـان کۆتـاییـیـان پـێ هـاتبـوو. مـاری خـوشکم تـووشی حـەپـەسان هاتبوو. بەردەوام دەلەرزی و چەشنی ماسی نیگەران و ترساو وەبەرچاو دەهات. من ڕەق هەڵاتبووم و دەستم بەداوێنی دایکمەوە بوو.

– هیچ کەس! براکەم پرسی.

– هیچ کەس، هیچ کەس، هیچ کەس... دایك و باوکم وەڵامیان دایەوە. گشتییان کوژراون، گشتیان، هەر هەموویان...

خەڵکی دێیەکەی جیران و گوندەکانی دەوروبەر و دوورتر لەوێ کۆ بـووبـوونـەوە. هـەرکـەسە خـەریـکـی دۆزیـنـەوە و کـۆ کـردنـەوەی تـەرمـی کـوژراوانـی خـۆی بـوو. کـورد و ئـەرمـەنـیـمـان پـێکـەوە بـەخـاك ئـەسپـارد.

کوردەکانیش نرخی خۆیان دابوو، چونکە لەگەڵ ئەرمەنییەکان پێکەوە لە گوندێك ژیابوون. ئەو جارەیان قورعەی ڕەشەکوژی بەدەست عوسمانییەکان، بەناوی ئێمەوە دەرچووبوو. دیارە ئەوەی ڕاستی بێ، هەرکەسێك زووتر وەبەر ڕق و کینی ئەوان کەوتبایە زووتر نۆرەی دەهات.

## هۆلۆکاست

دوای کوشتاری مەیریێ مانا، خەڵکی شار بەگشتی لە پرسەدا بوون. ژنانی کورد ڕووسەری ڕەشیان لە سەرنابوو و ئەرمەنییەکانیش سەرتاپا جلی ڕەشیان لەبەر خۆیان کردبوو. ترس لەمەر ئەو جینایەتەی قەومابوو، بە ڕووخساری گشتیانەوە دیاربوو. جینایەتکاران کێ بوون؟ بۆچی ئەو خەڵکەیان کوشت؟

گشت لایەك لەو بارەوە کۆك بوون کە تورکەکان خەریکی ئامادەکردنی پیلانێکی ترن. جەماوەرێك گەرەکیان بوو کۆچ بکەن، بەڵام بۆ کوێ چووبان؟ بەڕاستی لە کوێ دەیانتوانی خۆیان حەشار بدەن. خەڵکی دانیشتووی ناو چیاکان، گشتیان بەرەو شارەکان داگەڕابوونە خوارەوە. ماڵ و مڵك و چی زەویوزار و سامانی هەیانبوو، جێیان هێشتبوو. تەنیا تۆزێك جلوبەرگ و پێخەفیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و هیچی تر. بۆوەی ڕزگاریان بێ، مناڵەکانیان لەدەست کوژران نەجات بدەن.

ئێمەش دوو بنەماڵەمان ڕاگرتبوو. سەرەتا ژن و پیاوێك کە تازە ژیانی هاوبەشیان پێك هێنابوو و خاوەن دوو مناڵی جمك بوون. مناڵەکان سێ ساڵان دەبوون و نەدەبوون. گشتمان لە ماڵێکدا جێمان نەدەبووەوە. بۆیە هێندیك لە حەسار دەمانەوە کە تازە سەرپۆشێکمان بۆ دروست کردبوون. ڕایەخ و پێخەفمان دابوونێ. ڕایەخی من بەو جووتە ژن و پیاوە درابوو و من لە لای مارسی خوشکم و لە ئامێزی یەکتردا دەنووستین.

هەرچەند پێشتر ئەوانەمان نەدەناسی بەڵام ناسیاوی باوکم بوون. لەو

ماوەیەدا کە لە ماڵی ئێمە دەژیان، پێکەوە بووینە یەك بنەماڵە. خوومان بەیەکتری گرتبوو. ژنەکان لەگەڵ دایکم دەچوونە مەتبەخ و چێشتیان لێ دەنا، قاپەکانیان دەشووشت و ناوماڵیان گسك دەدا. دایکم لە سەرەتاوە پێیگوتبوون کە هەست بەماڵی خۆیان بکەن. سرووشتییە، تەنیا ئێمە نەبووین کە خەڵکمان ڕاگرتبوو. نزیکەی هەموو ماڵەکان پڕ لە میوان بووبوون، چونکە لە دێهات ژیان بەرێوە نەدەچوو. کاتێك گوێمان لە تەقەی تفەنگان دەبوو، دەمانزانی پەنابەری تریش دێن.

لە بیرم نییە ئەو ڕەوشە چەندەی خایاند، ڕەنگە چەند مانگێك، یا ساڵێك. لە تەواوی ئەو ماوەیەدا پیاوەکان خەریکی ئامادەکردنی چەکەکانیان بوون، خەنجەر، تفەنگ، شمشێر، چەقۆ و هەرچی دەست بکەوتایە. هەر ماڵێك یەك، دوو یا چەند چەکێکی هەبوو. هەڵبەت پیاوەکان وەختێك لە ماڵەوە دەردەکەوتن، چەقۆیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. دیارە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو سەردەمە، تورکەکان خاوەن چەکی نوێ بوون. لەوەش خەراپتر و عەجایبتر، تینووی خوێنی ئێمە بوون. ئێمە بڕیارمان دابوو بەرگری لە خۆمان بکەین. جیا لە شەڕ و خۆڕاگری ڕێگە چارەی ترمان بۆ نەمابووەوە.

ئەو ترسەی چاوەڕوانمان دەکرد هاتە دی. ئەوەی لە دێ قەوما، گەیشتە نێو شار، هاتە ماڵی ئێمەش. لە گەڕەکەکانی دوورترەوە دەستی پێ کرد. وەبیرم دێ، باوکم هاتەوە ماڵ و بەدایکمی گوت:

– دەی خێراکە، سەرپوو، منداڵەکان کۆ بکەوە، دەبێ بچینە ناوەندی شار.

ئەو ڕۆژە دیلان هاتبۆ ماڵی ئێمە. ئەو یەکێك لە باشترین دۆستەکانی خوشکم بوو.

– دیلان دەبەمەوە ماڵی خۆیان و خێرا دەگەڕێمەوە، دایکم گوتی. من، چۆن بەتەنیا بینێرمەوە، خۆم لەگەڵی دەچم.

هەرکە گەیشتینە بەر دەرگەی ماڵی دیلان، پووری ئەو خێرا ئێمەی

ڕاکێشا ژوورەوە.

– وەرن، وەرن. لێرە بمێننەوە، گشتمان جێگەمان دەبێتەوە. لێرە تووشی مەترسی نایەن. کەس کاری پێتان نابێ، ئێمە دەتانپارێزین، کەس ناتوانێ خەراپەتان دەرهەق بکات.

لەبەر دایکم دەپاڕایەوە و ماچی دەکرد. هەردوو ژن لە پڕێکا بێدەنگ بوون. ئەو سەردەمە گەلێك سەخت و دژوار بوو، ڕۆژانی ئاوا مەترسیدار میوانداریت لێ بکرێ، بەڕاستی خەڵك گەمەی بەسەری خۆی دەکرد.

– تەنیا یەك داوام لە تۆ هەیە، دایکم وەڵامی دایەوە. هەر ئەوەندە کە زەرێ لە لای خۆتان ڕابگرن هەتا لەگەڵ مێردەکەم قسەیەکی لێ دەکەم. تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئاگەتان لە زەرێی من بێ.

– بڕۆ و قەت نیگەران مەبە... بڕۆ هەموو منداڵەکانت کۆکەوە و بیانهێنە لای ئێمە. جێگەی گشتمان دەبێتەوە. تورکیش غیرەت ناکەن بێرەدا بێن.

ئاخ، ئاخ، ئەوسا تێگەییم چ دەقەومێ. خۆم لە باوەشی دایکم هاویشت و لەبەری پاڕامەوە جێم نەهێڵێ. ئەویش منی بەخۆیەوە دەکووشی. تێر تێر ماچی کردم، بۆنی پێوەکردم، نەوازیشی کردم... دەستی هێدی هێدی لە ناو مستی گوشراوی من هێنادەر و خێرا گەڕایەوە ماڵەوە بۆوەی ئەوانیتریش بێنێ. هەر ئەوەندە بوو و بەس. ئەوە دوایین لە باوەش گرتنی ئێمە بوو. لەو ڕۆژەوە تا ئێستە بۆنی جیا بوونەوەی ئەوم لە ناخمدا پاراستووە. ئاخ گوڵی یاسەمەنم، تۆم لە دەستدا.

دیلان هێشتا پێڕانەگەیشتبوو دەروازە دابخات کە دەنگی سمی ئەسپەکان هات. لە پشت پەنجەرەکانی شووشە شکاوڕا ئەوانمان بینی. دەیان تورك بەسواری ئەسپ، چەقۆ و خەنجەریان هەڵدەسوڕاند و پەلاماری گەڕەکیان دا. گوێمان لە دەنگیان بوو، گریان و ناڵە و هاواری ئەو خەڵکەی دەکوژرا لە دوورەوە دەبیسرا.

گشت پیاوەکانی ماڵ چووبوونە سەربان و چەکیان بەدەستەوە بوو. هەڵبەت تورکەکان غیرەتیان نەکرد تخوونی حەشارگەی ئێمە بکەون. دیلان بەتەواوی هێزییەوە منی لە باوەشی خۆیدا ڕێك دەکووشی و نەمدەتوانی بجووڵێمەوە.

ئەو کوشتارە دوو ڕۆژی خایاند. دوایە هێدی هێدی هاوار هاوار و دەنگی هەنگاوەکان و نەڕاندن دامرکان... تەقەی نیگابانەکانی سەربەخۆ کەمتر بووەوە. ئەوکاتە تەنیا پووری دیلان چووەدەر. چوار پێنج پیاوی ماڵێ لەگەڵی چوون. ئەوان چوونە ماڵی ئێمە.

– هەر هەموویان باشن، ڕۆیشتوون، ئەوە درۆکانی ئەوان بوون.

نانا، من بۆوەی نەدەبووم فریو بخۆم. سەرەڕای ئەوەش بەدائیم چاوەڕوان بووم ڕۆژێك دایکم بێت و بمباتەوە. دوای چەند ساڵێك پێیانگوتم کە ئەو ڕۆژە ڕەشە ماڵی ئێمەیان چۆن دیتووە. هەر هەموویان کوژرابوون. باوکم، مناڵە جمکەکان، ژن و مێردەکە... دایکیشم لەسەر جەنازەی براکانم رووحی دەرچووبوو. وەك ئەوەی دڵی سەرکردەی هۆزەکەی دیبێ، تەنیا ئەوەندەی گوتبوو.

– زەرێ، زەرێ جوانەکەم ڕزگار بکەن، دوایین هەناسەی بەهێنانی ناوی من هاتبووە سەر لێوان.

زلێخا تا ئێرە توانی خۆی ڕاگرێ. لەوە زیادتر قسەی بۆ نەکرا. بێدەنگییەکی تەواو پڕمانا بوو. من هێشتە لە کۆشی ئەودا بووم و بەڵێنم دەدا کە قەت بەجێی نەهێڵم.

– زلێخا تۆم زۆر خۆش دەوێ. چاو، دایکیشم تۆی خۆش دەوێ، باپیرە و داپیرەشم. دایە دە تۆش پێی بڵێ.

– دەزانم پۆلات... منیش ئێوەم خۆشگەرەکە. ئێوە کەسوکاری منن. هیچ کات هەستم بە بێگانەبوونی خۆم نەکردووە. هەرچەند نەوازیشتی دایك،

کایە لەگەڵ خوشك و براکان، شتێکی ترە، بەڵام هەرچی ون دەبێ جێگەی چۆڵی دیارە. لەوێ، لە قەبرستانی ئەرمەنییەکان، لە گردی فەلان، سەردەمی منالّی خۆم لە گۆڕنا. لەو گۆڕستانە کە لە نێوان بەشی قەدیمی شاری بایەزید و بەشی نوێ هەڵکەوتووە، تەنیا پێنج کیلۆمیتر لێك دوورن، لەوێ بە هەزاران گۆڕی تەنیا و بەکۆمەڵ هەن. کوژراوانی ئەو ڕەشەکوژییەش لەوێ نێژراون... چەند کەس بن باشە! سەرجەم یازدە هەزار کەس لەوێ ژیاون، ئەرمەنی و خەڵکی تر. ژمارەیەکی کەم نەجاتیان هات، دە، بیست، با پەنجا بن. گرینگ نییە... بەشی هەرەزۆری ڕزگاربووان منالّ بوون، وەك من، چونکە ئێوە منتان بردە لای خۆتان. ئەوانەیتریش لە ڕاستیدا، بنەماڵەکانی کورد لە ناو وێرانەکاندا دۆزیاننەوە و لەگەڵ منالانی خۆیان شیریان دانێ و بەخێویان کردن. ئەو ڕەشەکوژییەی ئەرمەنییەکان جینایەتی کازم قەرەبەکری تورك بوو کە پێیان دەگوت پاشا. ئێستە کە سەر هەڵدێنی، ناوی ئەو کابرایە لەسەر شەقامەکان، قوتابخانەکانی سەرەتایی، ناوەندی و لە گشت جێگەیەك دەبینی. وەك قارەمانی نەتەوەیی چاوی لێ دەکرێ. ئەو تورکە نوێیە و کەسانی هاوبیری لە ڕێکخراوی ئیتیحاد و تەرەقیدا، لەمەر کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکاندا بەرپرسن.

## مەعبەدی زلێخا

ئەو بەسەرهاتەی زلێخا، کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر من دانابوو. لەو ڕۆژەوە پتر لە جاران خۆشم دەویست. بەردەوام لە کۆشیدا دادەنیشتم، ماچم دەکرد و داوام لێ دەکرد بەڕووم بۆ پاك بکات. هەڵبەت هەرکاتێك چووبا ژوورەکەی خۆی، منی لە پشت دەرگە بەجێ دەهێشت. هیچ کات ڕێگەی نەدەدا بچمە هۆدەکەی ئەو.

هۆدەی زلێخا لە قاتی دووەم و لە بەشی ژنان هەڵکەوتبوو. لەو قاتە،

پێنج شەش هۆدە و وەتاغێکی گەورەی لێ بوو. لەو جێگەیەی ئەو وەتاغە تەواو دەبوو، هۆدەی زلێخا جێی گرتبوو. جیا لە خۆی، کەسی تر بۆی نەبوو بچێتە ژوورەوە. شوێنی تایبەت بەخۆی بوو و لە ڕاستیدا مەعبەدی ئەو بوو.

جارێکیان ئەوم بەتەنیا دەستکەوت، بە ئەسپایی پێم گوت.

– زلێخا، شتێکت پێ بڵێم.

– بەڵێ، بۆ نا، چ دەخوازی؟

– کارێکم بۆ دەکەی؟

– پێم بڵێ، چیت گەرەکە، ئەگەر بۆم بکرێ، ئەوە دەیکەم. دەزانی کە تۆم زۆر خۆش دەوێ.

– نا، نا. پێشەکی بەڵێنیم پێ بدە کە هەرچی بێ خاترم دەگری.

– ئێ، چاو ڕۆڵە گیان، ئاوا نابێ. سەرەتا دەبێ پێم بڵێی چی دەخوازی، ئەوسا ئەگەر توانیم جێبەجێی دەکەم.

– باشە، ئەگەر وایە، بچینە قاتی سەرەوە تاکو پێت بڵێم.

پێکەوە بەپێلەکاناندا چووینە سەرێ، من بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕێگەم بدا بچمە ژووری هۆدەکەی. داخوا بەدڵم دەکات... بە ژووری گەورەدا دەرباز بووین و نیزیکی هۆدەکەی بووینەوە.

– دەی ئێستە پێم بڵێ، چیت دەویست کوڕە جوانەکە.

– ئێ، ڕاوەستە پێتدەڵێم.

هەرکە گەیشتینە بەر دەرگە، پێم گوت:

– زلێخا، بۆم هەیە هۆدەکەی تۆ ببینم؟

– بۆچی، لێی پرسیم.

– دەخوازم بزانم بۆ کوشتنی تورکەکان تفەنگت هەیە، مەترسێ، لای

کەس باسی لێوە ناکەم.

کێ بزانێ کە من چەندە کەسی جێگەی باوەڕ بووم و زلێخا بەپێکەنینەوە پێی گوتم:

– هادەی برۆ ژوورەوە. نەکەی دەست لە تفەنگ و سیلاحەکان بدەی.

پێکەوە چووینە ژوورەوە. هۆدەیەکی گەلێك گەورە و ڕووناك و خاوێن بوو. هەموو شتێك پاك و بێگەرد، بریقەیان دەهات. شەرمم لە هۆدەکەی خۆم دەکردەوە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، مێزێکی بچووك بوو کە لە گۆشەیەك داندرابوو و ڕوومێزییەکی سپی و خاوێنی پێدا درابوو. لەسەر ئەو مێزە، گەلێك وێنەی قاپکراو لە ڕیزێك چندرابوون. پێم وایە ئەوانە تەنیا یادگارێك بوون کە لە ماڵەکەیان ڕزگاریان هاتبوو. لە بەردەم وێنەکاندا قەندیلێك دایسابوو.

– ئەو قەندیلە بچووکەت بۆ چییە زلێخا؟ پەرداخەکە دەشکێ.

– دەزانی پۆلات، ئێمە خاوەنی ئاینی جیاواز لە ئێوەین. ئێمە باوەڕمان بەحەزرەتی مەریەم و حەزرەتی مەسیح و خوا هەیە.

– واتە باوەڕتان بە ئەڵڵا هەیە؟

– بەڵێ با ئاوای دابنێین.

– باشە ئەو بڵێسە بچووکەت بۆ چی لێرە داناوە. لە نێو ئاودا ناکوژێتەوە؟

– ئەوە پێیدەگوترێ قەندیل، تەنیا ئاویش نییە و ڕۆنیش لەسەر ئاوەکەیە. ئێمە بەو شێوەیە ڕێز بۆ ئەو کەسانە دادەنێین کە خۆشمان دەوێن. من ئەو قەندیلە بۆ خاتری دایك و بابم، بە داگیرساوی ڕادەگرم.

– بەدائیم دایسێ؟

– ئەوەندەی من بژیم ئەو بڵێسەیە ڕۆشن رادەگرم، بەدەم بیرکردنەوە

وەڵامی دامەوە.

– باشە دواتر؟ چۆن رووحەکان گەرم رادەگرین؟

– ئێ، کاتێك من مردم، منیش خامۆش دەبم و ئەو بڵێسەیەش دەکوژێتەوە.

– نا، نا، زلێخا، ئەو بڵێسەیە قەت خامۆش نابێ. وەك پێم گوتی من تۆم خۆش دەوێ، من رۆشنی رادەگرم.

زەردەخەنەیەکی هاتێ و داهاتەوە و ماچی کردم.

– دیتت، هیچ تفەنگ و سیلاحیشم نییە، تەنیا خۆشەویستی تۆ نەبێ.

من دڵنیا بووم کە تەنیا من چاوم بە ژووری زلێخا کەوتبوو. تەنیا من و کەسی تر.

بەڵام چۆن دەکرێ ئێمە گشتمان موسوڵمان بین و زلێخا بەتەنیا خاوەن ئاینێکی تر بێت. هەڵبەت ئەو گوتی کە باوەڕی بە ئەڵڵا هەیە. چونکە مرۆڤێکی باشە، بۆیە ئاینەکەشی دەبێ باش بێ. دیارە باپیرە، داپیرە و هەرهەموومان، مرۆڤی باشین. بۆیە دەکرێ بڵێم ئاینی ئێمە باشترە، چونکە ئێمە لە ماڵدا ژمارەمان پترە. خۆ تورکەکانیش موسوڵمانن! ئەی باشە بۆچی مرۆڤی ئەوەندە خەراپن؟ جێگەی سەرسوڕمانە. گەرەکم بوو لە باپیرەم بپرسم، هەرچەند دەمزانی زلێخا بۆچی قەندیلەکە رۆشن رادەگرێ. باشە ئەگەر نەمزانیبا، چۆن دەمتوانی بەڵێنی پێ بدەم کە لای کەس باسی لێوە ناکەم. نەم دەزانی باسی بکەم یان نا! باشتر ئەوەبوو کە چاوم بەهۆدەکەی نەکەوتایە. ئێستە تووشی ئەو عەزابە نەدەهاتم. ئەو شتانە فامکردنیان زەحمەتە.

ئەو فکرانە قدیلکەی بن زمانمیان دەدا. جاروبار دەستم لە ناو زارم دەنا، بۆوەی خۆم راگرم. رۆژێکیان مۆمێکم دۆزییەوە و خێرا بردمە هۆدەکەی خۆم. تۆزێکم بیر لێ کردەوە و ئەوسا لە ژێر پێڕك دام مەزراند و

گەرەکم بوو دای گیرسێنم. لەوکاتەدا داپیرەم بەبەر پەنجەرەدا ڕابرد و چاوی پێم کەوت و لێی لە هەڵادام.

– بیکوژێنەوە کوڕم، ئاگر لە ماڵەکەمان بەردەدەی.

– بڵێسەی ئاگری شەمم پێ جوانە داپیرە، لێم گەڕێ با ڕۆشن بێ، گەرەکم نییە خامۆشی بکەم. «نازانم داپیرەم دیسان لە کوێوە لێم قووت بووەوە».

– نا نا، خەتەرە، خامۆشی بکە، نۆرەی ئەوەیە ماڵەکەمان ئاگر تێ بەردەی.

– ئەههـا، ئەی باشە چەند ساڵە، ئەو ماڵەمان بۆچی ئاگری نەگرتووە؟ بۆچی کەسانی تر بۆیان هەیە شەم لە ژوورەکەیاندا ڕۆشن بێ، بەڵام من بۆم نییە شەمێکی بچووکم هەبێ؟

– ڕۆڵە، ئەوانەی تۆ باسیان دەکەی شەم نین، قەندیلەن. ئەگەر دەخوازی بۆ تۆش پەرداخێك ئاو و ڕۆن تێکەڵ دەکەم و فتیلەی لە ناو دادەنێم، تاکو تۆش قەندیلەت هەبێ... ئەوەیان شتێك و شەم داگیرساندن شتێکی تر.

چاوت لێیە! داپیرەم خەبەرداری گشت کارەکانی زلێخایە. بە قەندیلەکەشی دەزانێ، تەنانەت زانیاری لەمەر ئاینی تریش هەیە.

– باشە ئەگەر من قەندیلە داگیرسێنم، مانای ئەوەیە کە چوومەتە سەر ئاینی زلێخا؟

– نا تۆ لەسەر ئاینی خۆت دەمێنییەوە. زلێخا مەسیحییە و ڕێوشوێنی تری بۆ بەیانکردنی باوەڕەکانی خۆی هەیە و ئێمەش ڕێبازی جیای خۆمان هەیە. ئەوەی گرینگە، مرۆڤی باش بین و ڕێز لە باوەڕی خەڵکانی تر بگرین و باوەڕەکانی خۆشمان بەرز ڕابگرین. نە حەول بدە ئەوان بگۆڕی و نە خۆشت دینەکەت بگۆڕە.

– باشە ئەگەر زۆرم حەز لێبێ.

– چاو لەو باسەی هێناومانەتە گۆڕێ. جارێ لێی گەڕێ با گەورەبێ و ببیە خاوەن مێشکی کامڵ، ئەوسا چی دڵت دەخوازێ بیکە.

– بەڵام من گەرەکمە ژن بێنم.

– ئێستا؟

– نا نا، کاتێك گەورە بووم.

– باشە کێ پێی گوتووی ئەو کارە مەکە؟

– مەسیحییەکان زەماوەند دەکەن؟

– گشتیان زەماوەند دەکەن.

– ئەی بۆچی زلێخا مێردی نەکردووە؟

– مێردی کردووە، کێ گوتویەتی مێردی نەکردووە؟

– من دەڵێم، ئەی کوا مێردەکەی؟

– ئاخ ڕۆڵە گیان، ئەو بەسەتەزمانە لەوەشدا بەختڕەش بوو. ئەویش وەبەر تیری ژیان کەوت. مێردەکەی زۆر زوو لە دەست دا. وەختێك مێردی کرد، تەواوێك بچووك بوو، تەنیا بیست و دووساڵێك دەبوو. مایەی سەربڵیندی بنەماڵەکەمان بوو. دوو مانگی ڕێك خەریکی درووман و چنینی جیازی بووکێ بووین. پەنجەکانمان بەدەست دەرزییانەوە تووشی بلۆق و پۆرگ هاتبوون. زلێخا خۆی جوانتر لەو دەسکە گوڵە بوو کە بە دەستییەوە بوو. لەبەر بەدبەختی و چارەڕەشی، لە نەکاو دەسکە گوڵەکەی لە دەستی کەوتە خوار و پەرشوبڵاو بوو. ناچاربوو خۆی کۆیان بکاتەوە. دەڵێن ئەوە ڕووداوێکی ناخۆشە. بەڵام کوڕم، کێ گرینگی بە پێشهات و چارەنووس لە کاتی شاییدا دەدات. بەڕاست تەنیا فەترەیەکی کورت دوای زەماوەند، مێردەکەی زۆر بە سەختی نەخۆش کەوت. چل ڕۆژ نۆبەتەی لێ بوو و بەجێوبان کەوت. نەی دەتوانی بجووڵێتەوە. دوکتور هاتە سەری. بردمانە نەخۆشخانەی شار. بەڵام پاش ئەو گشت هەوڵە نەمانتوانی لە

مردن ڕزگاری بکەین. بەیانییەك مرد و لەسەر دەستەکانی ئێمەدا رووحی دەرچوو. بەختەوەرییش، ئەویش هەر بەو چەشنە لە نێو دەستەکانی زلێخا خزییە خوار، ڕاست وەك دەسکە گوڵەکە کەوتەخوار. لەو کاتەوە گەرەکی نەبوو دووبارە مێرد بکاتەوە. گەلێك پیاوی جوامێر و جوانچاك هاتنە خوازبێنی، بەڵام زلێخا کەسی قبووڵ نەکرد. لەو ماڵەدا ماندگار بوو. قەیدی نییە، با ئەو ڕاحەت و ئارام بێ، ئێمە هیچی تر ناخوازین. ئێستە وەك من بەخۆشحاڵی ئێوە شادە. ئێمە چاوەڕوانی ژیان و داهاتووی ئێوەین. دەی تۆش گەورە بە و لە شایی تۆدا من یەکەم کەس دەبم کە سەرچۆپی دەگرم.

## ژانێکی تر

من زۆر لەوە بچووکتر بووم کە لە وەرسوڕانی ژیان تێ بگەم. ئازار ئەو سەردەمە بە لای منەوە واتای ئێشی کەوتنەخواری دەدا و ئەویش دوای ماوەیەك بەسەر دەچوو. گەورەکان کۆمەڵە بەسەرهاتێکیان دەگێڕایەوە کە ژانێکیتری بەبەرەوە بوو و هیچ کات دامرکانی بۆ نەبوو. وەختێك بەدار هەڵدەگەڕام و دەکەوتمە خوارەوە، ئەوە شتێك بوو کە خۆم دەمکرد. خۆم تاوانبار بووم، با بەدار هەڵنەگەڕابام.

عەبدوڵڵا چوو دایکی لە مردن ڕزگار بکات، بەڵام گیانی براکەی لەسەر دانا. بنەماڵەی زلێخا بەدەست تورکانەوە کوژران. دایك و باوك و خوشك و براکانی چ تاوانێکیان هەبوو؟ تورك بۆچی ئاگریان لە ماڵەکەیان بەردا؟ زلێخا بۆچی خۆشەویستەکەی لە دەست دا، ئەویش لە باوەشی خۆیدا؟ تووشی کام نەخۆشی هاتبوو، بۆچی کەس نەیتوانی یارمەتی بدات و نەجاتی بێ؟ دوکتورەکان بۆچی تەنیا لە شارەکان کار دەکەن؟ بۆچی؟ چ چارەنووسێکی ناخۆشە، کاتێك کەسێکیتر دێت و تۆ ئازار و ئەشکەنجە دەدات و پاشان دەتکوژێ. کورد و ئەرمەنی بەهەزاران کوژران.

چارەنووسی بەژان ئەوەیە. ئەوانە بە چ تاوانێك مەحكووم كران؟ بۆچی دەبێ ئێمە هەردەم مەحكووم بین.

– دەزانی باپیرە منیش بڕیارم داوە وەك تۆ بەهێز بم و ڕێگە نەدەم خەڵكی تر تووشی ئێش و ئازار بێ. ئێمە لێرە وەزعمان باشە، بۆ گەڕان دەچینە سەرچاوەكانی چیای ئارارات. من دەبێ ببمە دوكتور. دەبێ ئەسپێكی قاوەیی بریقەدارم هەبێ و هەركەس گەرەكی بێ خەڵكەكەمان ئازار بدات، ڕاوی دەنێم.

حەسەن ئاغا زۆر بەسەیری چاوێكی لێ كردم و بزەیەكی هاتێ.

– دەزانم پۆڵات. ڕێگەی باش ڕەچاو دەكەی.

نازانم لە پشت قسەكانی منداڵدا چەندە ڕاستی و حەقیقەت خۆیان حەشاردابوو. ئەوەی لە بیرم بێ، ئەوەیە كە وردە وردە خەریك بوو منیش لەو دەورانەدا هەستم بەدیلی خۆم دەكرد. گۆڕانم بەسەردا هاتبوو. وەك پێشوو تاقەتی هەڵبەز دابەزم نەبوو. بەدەگمەن لەگەڵ منداڵانی تر كایەم دەكرد. زۆربەی كاتەكانی ڕۆژ چاوم دەبڕیە چیای ئارارات. پێشتر بە هەزارویەك مژوولییات خۆم سەرقاڵ دەكرد. حەزم لە چیرۆك و بەسەرهاتی گەورەكان و بەتایبەتی باپیرەم بوو و بەوەش ڕازی دەبووم كە هەرجارێ چۆڵەمەشكێنمان دەكرد، من دەمبردەوە.

هەروەختێك باپیرەم بابەتی چیرۆكەكەی بە ″هەبوو، نەبوو″ دەست پێ كردبا، دەمزانی بەسەرهاتێكی خۆشمان بۆ دەگێڕێتەوە. كاتێكیش بەسەرهاتەكەی لە ژێر ناوی ″فیربن و لە بیر مەكەن″، هەستم دەكرد كە باسی ڕەوشی نالەباری كوردان دێتە گۆڕێ. ئێستێ ئیتر گەرەكم نەبوو گوێ لەو چیرۆكانە ڕاگرم. فێری چی ببم؟ ئەوە كە چۆنمان دەكوژن و چەندە ڕووحمان دەخۆن. چی فێر بین و چیمان لە بیر بێ؟ ئەوە كە چۆن خەڵكی بێ تاوان، ژنان، منداڵ و پیر و پەككەوتە لە پاڵ دیواری

مزگەوتەکان تیرباران دەکرێن، ئەوە کە گۆڕی بەکۆمەڵی هەزاران ئیعدامکراو هەیە! چی؟ یا ئەوە کە زابتێکی عەسکەری چۆن سێرەی لە گەنجێك گرت و کوشتی و خوێنی ئەو لاوە گوڵەبەفرینەیەکی سوور هەڵگێڕا! بۆچی دەبێ لە بیرمان بێ کە بەفری کوردستان سپی نییە و سوورە.

دایکم هەرکاتێك منی بەو وەزعە دەدیت، تەواوێك نیگەران وەبەرچاو دەهات. بەردەوام پێیدەگوتم کە بچمە دەرێ و کایە بکەم. زۆرجار بەقسەم دەکرد بێ ئەوەی خۆم حەزم لێ بی. نەمدەویست دڵی بشکێنم. منالانی تر رایان دەکرد، بەدوای ئەسپەکاندا غارغارێنیان بوو، لە نێو چۆمدا مەلەیان دەکرد و خەریکی ماسی گرتن دەبوون.

لەسەر پێداگری دایکم ڕۆژێکیان منیش لەگەڵ منالانی گەڕەکێ چوومە سەر چۆمی. بەلای ڕەوەزەکاندا بەرەو قەراخ چۆم ڕۆیشتین. گەرەکمان بوو لە بڵیندیڕا قولاپ باوێین و ماسی ڕاو بکەین. هەرچەند زۆرم حەز لە خواردنی ئەو ماسییانە بوو، بەتایبەتی ئەو جۆرەی دایکم لەسەر بەرد و بەتینی تەندوور دەیبرژاندن. لەو کاتەوە کە تووشی ئەو گێژاوە فکرییە هاتبووم، پێم خۆش نەبوو بچمە ڕاوەماسی.

وەك ئێستە لە بیرمە کە ڕۆژێکی خۆش، گشت منالەکان چووینە ڕاوەماسی. قولاپی من پێوە هات. بەئەسپایی ڕام کێشا و کۆمکردەوە، بێ ئەوەی ڕاوەکەم بەتاڵ بێ. خێرا قولاپم هەڵداشت.... مار!

لە ترسان یەك بەخۆم هەڵبەزیمەوە، یەکجێ فڕێم دا. مار لەبەر ڕێککوشینی لە ناو دەستمدا گێژ بووبوو و لە ناو ئاویشدا نەیدەتوانی مەلە بکات. منالەکانی تر لەبەر پێکەنین لە خۆبووبوونەوە. هەر دەتگوت کە هیچم ڕاو نەکردبێ، ئەوەندەیان گاڵتە پێ کردم هەر مەپرسە.

– ها، ها، ها...، پۆلات زراوی چوو، ترسەنۆك، ترسەنۆك.

– چ بکەم ترسام ئیدی، لە باڵەخۆمدا دەمگوت، ماوەیەکی زۆر ترس بەسەرمدا غاڵب بووبوو.

هەرچەند منداڵەکان یتر بۆیان باس کردم کە ماری ئاوی ژەهری نییە و جێگەی مەترسی نین، نەم دەتوانی بەسەر ترسەکەمدا زاڵبم. بەردەوام وەبیرم دەهاتەوە کە لە جیاتی ماسی، مارێکم لە ناو مستمدا ڕێککوشی. هەرچەند ماری ئاویش بوو. کاتێك لە قەراخ چۆم دانیشتم، حەزم لەوە بوو کە سەیری منداڵانی تر بکەم کە چۆن مەلەیان دەکرد و کامیان مەودای دوورتر دەڕوا. من نە دەترسام، بەڵام گەرەکم نەبوو ئەو جۆرە ماسییانە ڕاو بکەم، بەوەش ڕازی نەبووم کە هاڤاڵەکانم سێرەیان دەگرت و بەبەرد دەیانکوشتن.

زۆر خێرا لەو کۆمەڵە برادەرە دوور کەوتمەوە. منداڵەکانم بەجێ هێشت تاکو بۆ خۆیان ڕاوی ماسی بکەن و خۆم چوومە پیاسەکردن. گەڕان و خولانەوە لە ژێر دارەکانی قەراخ چۆم، بێ هیچ مەبەست و ئامانجێك. چـاوم لـە نـێوقـەدی دارەکـان دەکـرد و بـەڕوانـیـنـی چین و گـنـجـەکـان دەمەویست تەمەنیان لە چۆرت بدەم. زۆربەیان تەمەنیان لە سەدەیەك تێ پەڕیبوو. بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ ئەو دارانە ڕووداوەکانی زەمانەیان چەندە بەچاوی خۆیان بینیوە. ئەی ئەوانەی کە سێبەری ئەو دارانەیان نەدی، ئەو دارانە شایەتی بێدەنگی ڕۆژگارن.

لە ناو چڵوپۆپی دارەکاندا، منداڵ و باڵندە حەشارگە و هێلانەیان دروست کـردبـوو. هـەروەختـێك عـەبدوڵڵا هـەستـی بـەبـوونـی ئـێمـەی مـنـاڵ لـەسەر دارەکان کردبا، لە ژێرەوە هەرای لێ دەکردین: "باڵندەکان تکایە جیقنە مەکەن، ئێوەش منداڵەکان نەکا میزم پێدا بکەن". کاتێك بچووکتر بووم، حەزم دەکرد لە باوەشی دارەکەی ناو حەسارەکەماندا بخەوم. داپیرەم سەرینێکی دەدامێ و خەوێکی نیورۆیانەی خۆشم دەکرد. خێرا وەسەر

دارێکــی گــەورە دەکــەوتم. جــێگــەی خــۆم خــۆش دەکـرد و ڕادەکشام و تــا خەونووچکە دەیبردمەوە، سەیری نیسێی گەڵاکانم دەکرد.

– پۆلات، پۆلات...

– پۆلاااااااات...

گوێم لێ دەبوو کە هـەرایان دەکردمێ. دەنگی داپیرە، عەبدوڵڵا و خوشك و براکانم بوون. ئەوان بوون بـانگیان دەکردم.

– لێرە............م.

کاتێك دەمەویست بچمە خوارەوە، لەبەر لاقی تەزیوم نەم دەتوانی. پێم سەیر بوو بۆچی ئـاوا هـاوار دەکەن!

– چ قەومـاوە؟ لەسەر دارەکەڕا بەئەسپایی دەمپرسی.

– وەرە کوڕم وەرە ئەوە تۆ لە کوێی، نیگەران بووین، بـاپیرە هـاتووەتەوە، ڕۆژا ئـاوا بووە، هـەوای سـاردە و سەرمـات دەبێ...

– وەرە خــوارێ... عــەبـدوڵــڵا هــاواری دەکـرد، لــە حــاڵـێکدا نـیـزیـکـی حەشارگەکەم دەبووە.

– ئـاخ دیسان، نـا عەبدوڵڵا، کەمێکی تر لێم گەڕێ، ئەو سەرە زۆر خۆشە.

– یاڵا، تەواوی بکە، زراوی ئێمەت برد، وەرە خوار، وەرە دەی.

دەستی دەهێنا و بـاوەشی دەکردەوە و لە ئـامێزی گەورەی خۆی دەگرتم.

– ئەتۆ ئینسانی یا بـاڵندە؟ لەسەر ئەو دارانە چ دەکەی ڕۆڵە گیان؟

– ئەحا ئەتۆش، لەگەڵ دارەکە قسەم دەکرد.

– چیت دەکرد؟ یاڵا یاڵا وەپێشم کەوە. تۆش خەریکی شێت دەبی. وا دیـارە تێکەڵت کردووە! ئـاخر چۆن لەگەڵ دار قسە دەکرێ.

– مەگەر نـازانی هـەرچی رووحلەبەرە و لە دەوروبەری ئێمە دەژی، دەتوانێ ببیسێ. دەبێ ئـاواش بێ. تۆ پێ توایە کاتێك گەڵایەك گەورە دەبێ،

دەنگی لێوە نایە؟

– دەست لەو قسە زلانە هەڵگرە. من پێم گوتی کە چۆن لە ژێر سایەی داردا لە دایك بووم.

– کوا قەت باسی ئەو بەشە لە ژیانت نەکردووە.

– جارێکی تر ئەگەر دەرفەت هەبوو.

– نا عەبدوڵلا، من شۆخیم لەگەڵ کردی، دە ئێستە بۆمی بگێڕەوە.

– کەوا بوو باش گوێ بگرە. دایکم زگی لەسەر زاری بوو و وەختی زانی هاتبوو. بێچارەیە بەرەو ئێرە دەهات. لە ڕێگەدا تووشی ژانان هاتبوو و دەستی بە هاوار هاوار کرد بوو. کاتێك ڕێبوار گوێیان لە هاوار و ناڵەی دایکم دەبێ، خێرا ڕادەکەنە لای. ڕاست لەسەر وەخت و ساتی خۆیدا بوو. لە دوکتور و پەرستار خەبەرێك نەبوو. لە شوێنێك بوو کە چەندین کیلۆمیتر لێرەوە دوورە. هەڵبەت دوکتوری و پزیشکی تەنیا زانستێکە هەموو کەسێك بێ جیاوازی خۆی لێ بەساحێب دەکەن. هەر بۆیە ئەو خەڵکەی دەوروبەری دایکم، خۆیان لێی دەبنە دوکتور و تەجرەبەکانیان بەتاقی دەکەنەوە. ئەوان دیارە مامانێکی باشیان شك دەبرد.

– مامان چییە؟ پەرستارە؟

– دەڵێی چی کوڕم! دوکتوری چی و پەرستاری چی! ئەوە باسی چی دەکەی. ئێمەی وەچەی نوێش کە لێرە دەژین، قەت لە دوورەوەش چاومان بەدوکتور و پەرستار نە کەوتووە، جا چ بگات بە دایە و داپیرەکانمان لە دێ. مامان ئەو کەسەیە کە لە کاتی زایندا یارمەتی ژنی سکپڕ دەدا. ئەوەی مامانی دایکمی کرد، ژنێکی بەساڵاچوو بوو. ئەو ژنە پاش ساڵانێکی زۆر و تەجرەبەیەکی فرە لە گوندەکەماندا بووبووە مامان.

– باشە چیکرد؟

– چاولێکە، وەختێك ژنی سکپڕ ژانەکانی دەست پێ دەکەن، ژنانی دێ و

مامان لە دەوری کۆ دەبنەوە. ئاو گەرم دەکەن، دەسماڵ و خەوڵی خاوێن ئامادە دەکەن و هاواریان لێ هەڵدەستێ: "وەرە محۆ، وەرە محۆ". گشت ئەو بەزمە لە ژێر دارەکە بەسەر دایکم هات. باوکم نیگەرانییەکی زۆری بە ڕووخسارییەوە دیاربوو و هەرهەمووویان پێیان ڕادەبوارد: "باشە ژنەکەت ژانی دێنێ، تۆ بۆچی دەزێی".

– بەڕاستی؟

– نا نا کوڕی باش، ئەو بێچارەیە لەبەر نیگەرانی تووشی ژان هاتبوو. لە کۆتاییدا پرسی: "بەکوێ گەیشتن، دیسانیش کچە؟". ئەوسا خەڵکەکە بەو قەناعەتە گەیشتن کە باوکم جیا لە نیگەرانی ڕەوشی دایکم، خەمی کوڕ یا کچبوونی مناڵەکەشی لەبەرە.

– بۆچی؟

– چۆن بۆچی، ئاخر تاکو من وەك کوڕ لە دایك ببم، گشت منالانی پێش من ئەوانەی لەزڕ دایکیشم لە دایك بووبوون هەر کچ بوون. وەختێك دایکم سکی پڕبوو، باوکم شەرتی بەستبوو کە ئەوجارەیان کوڕ دەبێ. بەردەوام دەیگوت: "ئەوجار کوڕێکی جوامێرتان پێشکێش دەکەم، فەرموون بەچاوی خۆتان دیتتان چ جوانچاکێکە، کوڕی من تەواو دوو گەز بالایەتی. دەبێتە بڕبڕەی پشتی من و یارمەتیم دەدات". ئێ، ئێستە وەختییەتی و ئەوە قسەکەم وەڕاست گەڕا.

– بۆچی دەیگوت بڕبڕەی پشتی من، مەبەستی لەو قسەیە چ بوو؟

– کوڕم، ئێمە دەبێ لە ژێر تەوژمی کار و کوێرەوەری پشت ڕاست بکەینەوە. لە ولاتی ئێمە ژیان بەرێوەبردن دژوارە. ئەگەر منال زۆر بن، پیاو دەحەسێتەوە. هەربۆیە گشت باوکێك خوازیاری منالی کوڕە. بۆوەی کوڕەکان گەورە دەبن و وەك پیاو کار دەکەن و بنەماڵە بەخێو دەکەن. لە بیرمە دراوسێیەکمان بوو کە دەیگوت: "ئای چەندە بەختەوەرم کە پێنج

کچم هەیە و وەك زێڕ دەچن، خوایان لێ ڕازی بێ! گشتیان کاری ماڵێ دەکەن و یارمەتی من و دایکیان دەدەن. چەندە خۆش دەبوو ئەگەر پێنج کوڕیشم هەبوایە". دەبینی؟ ئەو کابرایە ئاواتی بوو پێنج کوڕیشی هەبێ! ئێستە حاڵی بووی کە کاتێك من لە دایك بووم، چی قەوما... ژنەکان دەستیان لە دایکم هەڵگرت و سێبوورییەك بۆ باوکم بوون کە لە خۆشییان شێت بووبوو. چەند ڕۆژ شایی و خۆشی میوانمان بوو. لە بەرخ و پڵاوڕا بگرە تا شەربەت و هەڵپەڕکێ و گۆرانی باڵی بەسەر بنەماڵەکەماندا کێشابوو. بەڕاستی نازانم چەند ڕۆژ بەو چەشنە گوزەرا. ئێ، من لە کوێڕا بزانم. منی کوڕ چۆن بزانم چ قەوماوە! ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە سکی دایکم هاتمەدەر و گەڵاکانیشم نەژمارد و لای کەسیش باسم لێوە نەکرد، تۆش ئێستە گەرەکتە باوەڕت پێ بکەم.

– کەیفی خۆتە باوەڕم پێ بکەی یان نا، بەڵام من ئەوەندە دەزانم کە وەختێك لەگەڵ دارەکان قسە دەکەم، گەڵاکانیان دەبنە هەزاران گوێچکە و گوێ لە من ڕادەگرن.

– ئەرێ ئەوە باسی چی دەکەی؟ باشە... سەبارەت بە چی قسەتان دەکرد؟ بە تەوسەوە پرسیاری لێ کردم.

– پێت ناڵێم، ئەو نهێنییە تەنیا لە بەینی من و دارەکاندا دەمێنێتەوە.

– وێدەچێ، لە نێوان ئێوەدا کەین و بەینێك هەبێ؟ پەحا، ئەوەم نەدەزانی. باش بوو پێت گوتم، با لەمەو بەدوا بزانم لەگەڵ کێ قسە دەکەم و چی دەڵێم.

– ئەها تۆش عەبدوڵڵا، ماڵت نەشێوی... منیش گلەیی و گازندەی خۆم لە لای دارەکە باس دەکەم... باپیرەم بەردەوام هەر ئەوە دەڵێت و دەڵێتەوە کە فێربن، هەمووومان دەبێ فێر بین، هەر بەسەرهاتێکی دەیگێڕێتەوە، هەرچەند بەگوتن و دیتن لێم حاڵییە، ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئێمە مرۆڤی

باشین بەڵام خەڵکانی تر بەچاوی دوژمنایەتییەوە دەڕواننە ئێمە. مەگەر ئاوانییە؟ باشە جیاوازیمان لە چی دایە، لە زمان، لە ڕەنگ، لە ئاین؟ فەرقی ئێمە و تورکەکان چییە؟ ئاخر ئەوانیش وەك ئێمە سەرڕەشن. ئەوان بۆیە ئەرمەنییەکان دەکوژن، چونکە مەسیحین. ئێمەش دەکوژن، هەرچەند موسوڵمانین، لە حاڵێکدا ئەوان خۆشیان موسوڵمانن. کەواتە گرفتەکە ئاین نییە. ئێمە بەزمانی خۆمان قسە دەکەین و ئەوانیش بەزمانی خۆیان و خەڵکانی تریش بەزمانێکی تر. دیارە مرۆڤەکان ئەگەر بخوازن، دەتوانن یەکتری حاڵی بکەن. باشە دیلان بە چ زمانێك قسە لەگەڵ من دەکات، مەگەر ئەو لاڵ نییە؟ خۆ من زۆر باش لێی حاڵی دەبم و پێکەوەش بەڕاحەتی کایە دەکەین. دەردەکەوێ کە گرفت زمانیش نییە. نازانم ئەو تورکانە بۆچی هێندە ڕقیان لە ئێمەیە؟

– دۆستە بچکۆلانەکەم، منیش گەرەکم بوو لەوبارەوە قسەت بۆ بکەم. سەرەتا پێم وابوو دارەکە وەڵامی ئەو پرسیارەی داوییەتەوە. عەبدوڵڵا گوتی:

– پێم ڕامەبوێرە، من بەڕاستی لەگەڵت دەدوێم و تۆش قومارم پێ دەکەی.

– نا بابە گیان.

عەبدوڵڵا خەریك بوو وەڵامم بداتەوە، منیش جێم هێشتبوو و لە پێش ئەودا هەڵدەهاتم.

– بۆ کوێ، کوڕە سەرشێتەکە؟ خۆ هێشتە قسەکانت تەواو نەبووە...

– دوای نان خواردن پێت دەڵێم، وەڵامم دایەوە.

– زۆر باشە، وا دیارە جوابی تەحەی پەحەیە. دەستت خۆش بێ. هیچ دەزانی پێشینیان چیان گوتووە: ″بێچوو لاسایی گەورەکان دەکەنەوە″. تۆش هەرچی فێری دەبی، لە ڕێوە دەیکەی.

– بەڵێن بێ ئیمشەو باسی بکەم... ئەوشۆ هەموو شتێکت پێ دەڵێم، هەرام لێ کرد.

– من گەرەکمە هەر ئێستە گویم لێبێ، هەر ئێستە. پێداگر بوو و بەدوو شەقاوی بڵیندتر گەیشتە سەرم.

– باشە، باشە... داوەرە ئێرە تا پێتبڵێم. لەگەڵ دار قسەم کرد...

– چیت پێگوت؟

– داوام لێ کرد هەرچی سەبارەت بە ئێوە دەیزانێ، بۆمی بگێڕێتەوە، ڕەنگە ئەو شتێکی دیتبێ و ئێوە خەبەرتان لێی نەبێ.

– ئێ باشە چی وەڵام دایەوە؟

– ئەها، داوای لێ کردم کە لە باپیرە و لە عەبدوڵڵای ڕوح سووك پرسیارێك بکەم.

– سەیرە، دارەکە ئەوەی پێ گوتی، دۆستە باشەکەم لە ژێرەوە پێم پێ دەکەنی.

ڕاست لەو وەختەدا بۆن و بەرامەیەکی خۆش لوتی پڕکردبووم. لیکاو بە لێوەکانمدا دەهاتە خوار. هوروژمم بۆ ژوورەوە برد و خۆم ئامادە کرد کە پەلاماری پلاوی زەردکراو بەزەعفەران، پلاوی عەجەمی بەمێوژان بدەم، زلێخا خێرا دەستەکانی کێشامەوە دواوە.

– ئا ئا ئا، نەیکەی، بۆ کوێ؟ قەت جارێکی تر بە دەست و چاوی نەشۆڕاو لەسەر سفرە دانەنیشی. فەرموو بڕۆ بیانشۆ.

– ئاخر دەستەکانم خاوێنن، زلێخا، تۆ خوا لێم گەڕێ.

مەگەر دەکرا لە دەست ڕەفتارە سەیر و سەمەرەکانی زلێخا قوتاربوونت هەبی، بەپەلە چووم و دەست و چاوم شووت، مەبادا پلاوی عەجەمی تەواو بێ. چونکە هەر هەموویان لە دەوری سفرە دانیشتبوون. دەمزانی هەمووی

دەخـۆن. گـەڕامـەوە. دەوری خـۆرشتـی بـە گـۆشت و پـلاوی عـەجـەمـی چاوەڕوانم بوو. کەس نەی دەزانی ئاخۆ جارێکی تر هەلێکی ئەوتۆ دێتەوە پێش یان نا. بڕیارم دا تا تەواو نەبووە، کەوچکێکی پڕ بەرێکەمە ناو ورگی برسیم. تۆزێك هەستامە سەر چۆکان و سەرم هەڵبڕی و خێرا چاوم بە سێنییە گەورە کەوت کە کچەکان هێنایان. پیاڵەی بچووکی لەسەر بوو.

– سەرنج بدەن، سەرنج بدەن. زلێخا بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد.

– تەحا، ئەوە چییە؟ مەگەر ئەورۆ جێژنە، عەشوورەتان دروست کردووە؟

شیرینی بەبۆنەی پێغەمبەر، واتە شیرینی محەمەدی بوو. کۆلێکیان مـێوژ، گـوێز، فـنـدق، سەرداری، گـەنم، هـەنجیـر و هـەرچـی شەوچـەرەی بەمێشکدا دەهات، لە ناو ئەو شیرینییەیان کردبوو. عەشوورەی داپیرەم شازدە دەنکی شەوچەرە تێدا بوو.

کاتی دروستکردن، هەر شیرینییەك بەجیا دەکوڵێ و پاشان گشتییان پێکەوە بۆ چەند کاتژمێرێك لەسەر ئاگری نەرم و کز دادەنێن تا بەتەواوی تام و چێژی تێگەڕێ. لە کۆتاییدا دارچینیان پێدا دەکەن. هەر هەمووومان خەریك بووین بۆ ئەو شیرینییە شێت بین، چونکە لە ڕۆژەکانی بەر لە جێژن دروست دەکران.

دووبـارە لـەسەر جـێگـەکـەم دانیشتمـەوە، داخـەکـەم هـیـچم بـۆ نـەخـورا. کەوچکێکی بچووکیش لە شیرینی محەمەدی کە ئیشتیام لێ بوو بۆم نەخورا.

## شەوێك لە گوند

– ئەمشەو گشتمان لە گوندی دمێنینەوە، باپیرەم گوتی:

– ئەوەم دەویست، بەخۆشحاڵییەوە هاوارم کرد.

کەس ورتەی لێوە نەهات. عەبدوڵڵا چاوێکی لە باپیرەم کرد، باپیرەم

چاوی زەق لە داپیرە و زلێخا بڕیبوو. هەڵبەت پرۆسەی دێموکراتیکی ماڵی ئێمە بەنەڕوانینی یەکتری بەڕێوە دەچوو. هەرچەند دوایین بڕیار، قسەی باپیرەم دەبوو، بەڵام بە سەیری یەکتر کردن، ڕای ژنەکانیش وەردەگیرا. بەڵێ پاش ئەوەی نیگا ئاڕامەکان ئاڵوگۆڕ دەکران، بڕیار وەردەگیرا.

– زۆر باشە، کەواتە ئیمشەو لە دێ دەمێنینەوە، باپیرە گوتی.

شەوانی دێ جوان بوو. نیزیك بە سی خانوو لە دەوری یەك دروست کرابوون. گوندێکی تەواو بوو. لەوێ گشت کرێکار و شوان و وەرزێڕەکان دەمانەوە، هەر هەموویان بۆ باپیرەم کاریان دەکرد و ڕەعییەتی ئەو بوون. بەدرێژایی ڕۆژ یەکێکت وەگیر نەدەکەوت دوو قسەی لەگەڵدا بکەی، هەر هەموویان خەریکی ئێش و کار بوون. شەو بەڵام، لە حەساری گەورە و بەتایبەتی لە ژێر پیرە داردا دەبووە حەشر و حەلەلا. کچەکان دۆشەکچە و سەرینیان ئامادە دەکرد و پەزیراییان بەستۆوە بوو.... پێنج شەش سەماوەری ڕەژی، بۆن و بەرامەیان وڵاتی داگرتبوو. پێت وایە چەند سینی ئامادە کرابوو؟ حەوت یا دە سینی گەورە؟ بەڕاست لە بیرم نییە... گشتیان پڕ لە ئیسکانی چایی و قەندانی شەکر و بابەتی خۆش تام و چێژی ئەو جیهانە کرابوون. من حەزم لەوە دەکرد کچە وەرزێڕەکان ببینم کە چۆن نیگەرانی ئەوە بوون مەبادا کەسێکیان لە بیر کردبێ، پەزیرایی لێ بکەن. لە هەرێمی ئێمە بێ حورمەتییەکی گەورەیە، ئەگەر کەسێك لە بیر بچێ کە میوانداری لێ بکرێ. هەربۆیەش کەس لە ژێر چاوەدێری ئەو کچە خزمەتکارانە دەرنەدەچوو. ئەو زیافەتانە تەنیا لە بەهار و هاویندا بەڕێوە دەچوون. زستانان لە ژووری دیوەخانی باپیرەم، لە جیاتی دار و سێبەر، سۆبە زلە نەخشی خۆی هەبوو و تەنیا تۆزێك لەوەی ماڵەوەمان بچووکتر بوو. کەلوپەلیتر گشتییان وەك یەك بوون.

کاتێك گەیشتینە ئەوێ، خەڵکەکە بەپانەوە لە دیوەخان کۆ بووبووەوە.

هەرکە چاویان بەباپیرەم کەوت، تێکڕا هەستانە سەرپێ و دەستیان لە ناو دەستی ئەو نا و بەخێرهاتنیان کرد.

حەسەن ئاغا بەئیشارەتی دەست داوای لێ کردن دانیشنەوە. ئێمەش جێگەی خۆمان لە ناو جەماوەردا کردەوە.

– وەرە ئێرە برالە، وەرە لە لای من دانیشە... گشت لایەك وەرسوڕانەوە بزانن باپیرەم لەگەڵ کێیەتی و چاویان بەدەروێشی گوندی کەوت کە دەنگێکی لە ڕادەبەدەر خۆشی هەبوو و بەدائیم بلوێرێکی لەبەر پشپێندی دابوو.

دەیانگوت کە وەختێك دەروێش هەرەتی لاوەتی بووە، هەرکە لاوکی گوتووە و بلوێری ژەنیوە، مێگەلی مەڕ و بزن بەپانەوە مەست و حەیرانی دەنگی بووە و لەبەر دەمی وێستاوە. دەنگی دەروێش لە دێدا دەبیسترا، بۆیە ژنانی ماڵ پەنجەرەکانیان کردووەتەوە تاکو ئەو دەنگ و سەدایە لە ماڵگەڕێ. لەو دواییانەدا پیر بووبوو و مەڕ و ماڵاتی بۆ منداڵەکان و نەوەکانی بەجێ هێشتبوو. ناوی قاسم بوو و ئێمە پێمان دەگوت، دەروێش قاسمۆ.

بەهەرحال دەروێش قاسمۆ هەستا و چوو لە لای باپیرەم دانیشت.

– وەرە دەروێشەکەم. باپیرەم بەزمانێکی پڕ لە ڕێز و خۆشەویستییەوە پێی گوت.

قاسمۆ لە تەنیشت باپیرەم هەستی بەگەورەیی خۆی دەکرد.

– قاسمۆ، دەروێشەکەم، لاوکێکمان بۆ بڵێ. تۆزێکیش بلوێرمان بۆ لێدە با رووحمان شیرین بێتەوە.

دەروێش بەرمزەیەکی هاتێ، سەری بەنیشانەی ڕێز و ئیحترام نەوی کرد و بلوێرەکەی لەبەر پشپێند دەرهێنا و فوویەکی تێ کرد و خاوێنی کردەوە. بێدەنگی باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو. تەنانەت دەنگی شەقە و

تەقەی کچەکانیش نەدەهات کە خەریکی پەزیرایی بوون. دەروێش سەری هەڵبڕی و ڕووی لە باپیرەم و چاوێکی لە چاوەکانی ئەو کرد، وەك ئەوەی ئیزنی لێ وەرگرێ تا دەست بەگوتن و ژەنینی بلوێرەکەی بکات. باپیرەم دەستێکی لە پشتیدا. دەنگی بلوێر ژوورەکەمانی پڕ کرد. سوێند دەخۆم کە فکر و خەیاڵی کەس لە ژوورەکەدا نەبوو. هەرهەموویان لەو کاتەدا بیریان لە لەوەڕگە سەوزەکانی دەڤەرەکەمان دەکردەوە. کەس جووڵەی تەسپێحە مەڕمەڕییەکانی نە دەهات. تەنانەت باپیرەشم کە بەدائیم چای داغی دەویست، ئەویش لە بیری چووبووەوە بیخواتەوە. قاسمۆ سەرنجی گشتمانی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو. گوێمان لە دەنگی سێحراوی بلوێر ڕاگرتبوو. سەیرە، خەڵکەکە بەپانەوە حەپەسا بوو.

باپیرەم بەدائیم دەیگوت، چاو پەنجەرەی رووحە و ڕاستی دەکرد. بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ ئەوەی هەستی پێ دەکا، بیشارێتەوە. چاوەکان ڕاپۆرتت لێ دەدەن. چاوەکان بار و قورسایی ڕووح و دەروونی مرۆڤ ئاشکرا دەکەن و لە تەرازووی دەدەن. لە بیرم نییە قاسمۆ بۆ چەند کاتژمێر ئێمەی بەو دەنگ و سەدایە جادوو کرد. سەربەندی چەندە خۆش بوو، پاشبەندیشی هەر بەو چەشنە.

– ئەی بژی قاسمۆ، نەمری بۆ دەنگ و سەدات دەروێشەکەم. ئەوە نیهایەتی کەیف و خۆشی بوو. باپیرەم بەوپەڕی خۆشەویستییەوە پێیگوت، پیاوی چاك ئەو سنعاتە جوانەت فێری کوڕە جوامێرەکانت کردووە تا بەو ئامێرە سێحراوییە ئاوا بەجوانی بیژەنن؟ کەس لە کوڕەکان ئەو دەنگ و هونەرەی تۆی بەمیرات پێ گەیشتووە؟

– ئەو تواناییەم لە ڕاستیدا دیاری کوڕە بچووکەکەمە. بلوێرەکەشم هەر ئەو دروستی کردووە. ئەوانەی خۆم هەمبوون کۆن بووبوون و وەك هەوەڵێ دەنگیان نە دەهات. تەمەنی پیریش هێندێك لە تواناکانمی کەم

کردووەتەوە. بەخۆشییەوە کوڕە بچووکەکەم وەستایەکی بەوەجە... ئیمڕۆ بەقامیش، سبەینێ بە دار و لە داهاتووشدا دەبێتە مۆسیقارێکی ناسراو.

– بژی قاسمۆ، بژی. نالێم سەد ساڵ بژین، دەڵێم هەزار ساڵ بژین خۆتان و هونەرە جوانەکەتان .

ڕوو لە کچەکان:

– ئەرێ کچەکان، خاتوونەکان، ئەوە چ باسە؟ مەگەر قەرارە چای سارد بخۆینەوە! چۆڕە چایەکی داغ بۆ ئێمە نەماوە. دەی چای تازە دێمکراو بۆ قاسمۆیش بێنن.

کەشوهەوا گۆڕا. تەسپێحەکان تێکرا شەقە شەقیان وێ کەوت. شەق، شەق، شەق، چاوەکانی فرمێسکاوی ویشك بوونەوە. هێندێك بەمست شەوچەرەیان لە زاریان ئاخنی و چایان بەسەردا کرد. چەندێکیش لەگەڵ کەسی تەنیشت خۆیان خەریکی باسوخواسی ڕۆژانە بوون و نێوە نێوە جەفەنگێکیان لێ دەدا. دەنگی قاقایان بەرز و نەوی دەبوو و وەك ئەوەی دوای دڵگیرییەك، شادی بێتە کایەوە.

لە ژووری دیوەخانەدا، لاوێکی تەمەن پازدە شازدە ساڵان، گەلێك شەرمێون لەسەر چۆکان دانیشتبوو.

– فەرموون، ئەوەش کوڕەکەم. قاسمۆ ڕووی لە باپیرەم کرد و گوتی. نەوەمە، ئەفەندی منە.

قاسمۆ خێرا تۆزێك خۆی کۆ کردەوە تا جێگەی نەوە گەنجەکەی بکاتەوە. منالێکی بەحەیا و شەرمێون، سەری بەردابووەوە و لە ژێرەوە چاوی لە ڕاست و چەپی خۆی دەکرد.

– ئێستە با گوێمان لە سلۆ بێ، قاسمۆ بە باپیرەمی گوت.

– منیش چاوەڕوانی ئەوە دەکەم. با سلۆ بلوێر بژەنی و تۆش بەسەرهاتی زیلان بەلاوك بڵێ.

قاسمۆ چایەکەی تەواو خواردەوە. کەوچکە چایەکەی لەسەر ئیسکان دانــا. ئــەوە بــەو مــانــایــە بـوو کـە "دەستت خـۆش بـێ کـابـان، چـای تـر نـاخۆمـەوە". بلوێرەکەی دایە دەست سلۆ. بە هەزاران جۆر دەنگ لەو کونانە دەهـاتنەدەر و هەوایەکی خۆشیان هەبوو. پیاو نەی دەزانی کەنگێ پشووی دەخواردەوە. هیچ چەشنە ڕاوەستانێك لە فووتێکردندا بەدی نەدەکرا. پاش ئەو وەجبە ژەنینە، دەنگی هێمن و قورسی قاسمۆ وەخۆکەوت و لاوکی دەست پێ کرد.

زیلان ناوی ڕووبارێکە لە نێوان بارگری «موراتیای ئێستە» و بایەزید هەڵکەوتووە. لەوێ گەروویەکی لێیە کە بەهەزاران کوردی تێدا ئیعدام کراوە. دەگێڕنەوە کە وەختێك ئەو کۆمەڵکوژییە کراوە، لە جیات ئاو، خوێنی کوژراوەکان بەچۆمدا ڕۆیشتووە. کچانی کوردیش بۆوەی نەکەونە دەست هێزەکانی تورك و گەورەیی و کەسایەتی خۆیان پاراستبێ، لەجیات خۆ بـەدەستـەوەدان گشتـیـان وەسەر ڕەوەزەکـان کـەوتـوون و لـەوێڕا خـۆیـان هـەڵداشتووەتە ناو چۆمەکە.

خۆم گەلێك جار گوێم لەو لاوکە بووبوو، بەڵام یەکەم جار بوو کە گوتنی لاوك و حەیران بەدەم دەنگی بلوێرەوە وەگریانی خستم.

باپیرە وەختیك چاوی بەفرمێسکەکانم کەوت، خۆی پێڕانەگیرا. هەرکە سلـۆ و قـاسمـۆ تـەواو بـوون، چـاوەکـانـی مـنـی پـاك کردەوە و دەستێکی بەسەرمدا هێنا.

– فەرموو، با ئەوجار هەوایەکی شادیش گوێ بگرین. ژیان بەردەوامە. سـەیـرکـە! ئــەوە نـەوەکـەت لـە ڕووبـەڕووت دانـیشتـووە و هـی مـنـیش لـە تەنیشتمە. ئێمە پیربووین، بەڵام چاوت لە لاوەکانمان بێ و بەتایبەت لە کـیـژۆڵـەکـانمان. هـەر ڕۆژێك کـە خـۆر هـەڵدێ، ژیـانێکی نوێ دەست پـێ دەکات. ڕاست ئەو دەمەی لە خەو هەڵدەستین و چاومان بەخۆر دەکەوێ،

دەبێ لەوە دڵنیا بین کە بەسەر گشت گرفتەکاندا زاڵ دەبین. دەی دەڕۆیش قاسمۆ با گۆرانییەکیش بۆ داهاتووی منداڵەکانمان بچڕین، بۆ سلۆ و پۆلات، بۆ گشت سلۆ و پۆلاتەکان.

سلۆ هەوایەکی گەلێك شادی لێ دا و هەر هەموومانی وەجووڵە خست. هێندێك لەگەڵ هەواکە سەریان دەلەقاند، چەندێك شانیان هەڵدەتەکاند و کەسانێکیش لە بنەوە سەربەندەکەیان دەگوتەوە. سترانەکە سەبارەت بەکچێکی زۆر جوان بوو کە حەزی لە کوڕە مامی خۆی دەکرد. نیوە قەول و پێکەنین لە ناو بەندەکاندا دەستاودەست دەکران و میوانانی دیوەخان لە نەکاو تێکڕا بەدەنگی بەرز دەیانگوتەوە: ″ لۆ دۆت مام، لۆ دۆت مام″. گۆرانییەکە بەزەرافەتەوە باسی جوانی کچەی دەکرد. بە چاو و برۆ و قژ و کەورەفتاری ئەوی هەڵدەگوت و ئەوینی بێ پایانی بەهیچ ئەنجامێك نەدەگەیاند، چونکە ئیزنی زەماوەندی ئەو دوو ئامۆزایە نەدەدرا. سترانێکی تەواو ئەویندارانە بوو و هاوکاتیش سۆزی شۆخی و جەفەنگی تێدا بەدی دەکرا و کەشوهەوای دیوەخانی گۆڕیبوو، کوڕەکان خێسەیان دەکرد و لەبنەوە چاویان لە کچەکان دەگێڕا و بزەیان دەهاتێ. بەڕاستی سەیر بوو! دەتگوت ئەو جەماوەرە نین کە پێنج دەقیقە لەوە پێش چۆن دەگریان. فەرموو، بەقسەکانی باپیرەم گەیشتنە کوێ و چۆن سەرەتایەکی ترمان لە ژیاندا دەست پێ کرد. ئەوەش تەنیا بۆ خاتری گوێگرتن لە گۆرانییەکی ئەویندارانە بوو. بەڕاست پێویستیمان بەسەرەتایەکی ئەوتۆ بچووك هەبوو تاکو دەستپێکی ژیانێکی نوێ بێ.

– لۆ قاسمۆ، لۆ قاسمۆ، قاسمۆ...، باپیرەم لە پشتی دەدا و ئەویش پتر شایی بەخۆی دەبوو و دەنگی زیادتر هەڵدەهێنا و داوای لە جەماوەریش دەکرد لەگەڵی بڵێنەوە و سەربەندی بۆ ڕاگرن. لەگەڵ گۆرانی چڕین سەری ڕادەوەشاند و دەستی ڕاستی دەهێنا و دەبرد و رووحێکی تازەی وەبەر گۆرانییەکە بەخشیبوو.

شەو درەنگانێك بوو. كچەكان ئیسكان و كەشەفیان كۆ كردنەوە. جەماوەر یەك یەك و دوو دوو خۆیان بۆ ڕۆیشتنەوە ئامادە كرد. ئەو خەڵكە دەبوایە بەر لە تاوهەڵات لە خەو هەستن. گشتیان بەڕێز و حورمەتەوە ئیزنی ڕۆیشتنیان لە باپیرەم خواست و شەوخۆشیان گوت. سلۆ دەستی باپیرەمی ماچ كرد و ئەوسا لەسەر نێوچاوانی خۆی دای نا. حەسەن ئاغا بۆرە شاباشێكی لە باغەڵی نا. سلۆ لە شەرمان سوور هەڵگەڕا. دەروێش قاسمۆ، ئەویش گەرەكی بوو دەستی باپیرەم ماچ بكات، بەڵام باپیرەم نەیهێشت.

– نا نا دەروێش قاسمۆ، تۆ دۆستی منی... ئەمشەو ڕەخنەت كردە ناو دڵ و ڕووحی من. باش بوو نەوەكەشتم ناسی و دڵم حەسایەوە و ئەجار نیگەران نیم. ئێستە بەو قەناعەتە گەیشتووم كە هیچ شتێك لە ناو ناچێ، ئەگەر خۆمان خوازیاری نەبین. دەی، شەوێكی خۆشت هەبێ و هەر بەخۆشی...

قاسمۆ بەشانازی تەواوەوە بەنێو كۆڕی میوانانداا تێپەڕی و ئەوانیش بەڕێز و حورمەتەوە ڕێگەیان بۆ كردەوە تاكو وەپێش بكەوێ.

## زمانەكانیتر

– ڕۆژباش زلێخا، بەیانی باش.

– ڕۆژباش، بە زاراوەیەكی شیرین وەڵامی دامەوە.

– ڕۆژباش لە زمانی ئەرمەنیدا چۆن دەگوترێ؟

– پاریلوون، پاریلوون.

– ڕۆژباش، پاریلوون، پێم گوت و شۆخیم لەگەڵ كرد.

– كالیمێرا، كالیمێرا، زلێخا بەپێكەنینەوە پێی گوتم.

– حاڵی نەبووم چی پێ گوتم و وەڵامم دایەوە.

– گنایدین، گنایدین...

ئەوجار زلێخا قەڵس بوو.

– ئەوە چییە پۆلات، بەتورکی قسەم لەگەڵ دەکەی؟

– بۆچی، دەزانی تۆ چیت پێ گوتم؟ وەختێك تۆ دەڵێی کالمێ، من چ وەڵامێك بدەمەوە. ئەوە دەڵێم کە دەیزانم.

– باشە حەتمەن دەبێ بەتورکی وەڵامم بدەیتەوە. بۆچی لێم ناپرسی تا بۆت ڕوون کەمەوە. بەهەرحاڵ من نەمگوت کالمێ، بەڵکو گوتم کالیمێرا.

– ئەوە چ زمانێکە، ڕووسییە؟

– کالیمێرا یانی ڕۆژباش، پاریلووز. زمانی یۆنانییە.

– یۆنانی! بۆ مەگەر تۆ زمانی یۆنانیش دەزانی؟

– ئێ، شتێکی لێ دەزانم.

– کالیمێرا، کالیمێرا، کالیمێرا، مێرا، مێرا...، بەردەوام دەمگوتەوە.

– ئەها تۆش، دە خەراپی مەکە... پێم ڕامەبوێرە.

– پێترانابوێرم –وەڵامم دایەوە – دەخوازم ئەو وشەیە وەك گۆرانی بڵێمەوە، چونکە ئاهەنگی هەیە. گوێ لە کالیمێرا بەتورکی بگرە: گنایدین، بەدەنگێکی ئەستوور و قەڵەو دەیڵێمەوە. دیتت چەندە وشەیەکی قورسە. وشەی کالیمێرا سووکە و باڵ دەگرێ. کالیمێرا، مێرا، کالی.

– بەڵێ، پۆلات پێم وایە ئیمڕۆ زۆر لەسەر کەیفی.

من عادەتم نە بوو نیوڕۆیان بخەوم.

– خەوی نیوڕۆیانەت کرد؟

– نیوڕۆیانە؟

– بەڵێ، باش بوو خەوتی و منیش توانیم بەکارەکانم ڕابگەم. هەموو

ڕۆژێك لەگەڵ کەڵەشێرەکان وەخەبەر دێی و ئیمڕۆ لێم بوویەتە مریشك.

– زلێخا، تکایە پێم مەڵێ مریشك.

– نا نا کوڕی باش، ناڕاحەت مەبە، پێت وایە من نازانم تۆ کەڵەشێری ماڵەوەی...

– باشە بەزمانی یۆنانی چۆنت گوت، ڕۆژباش؟ گەرەکمە وەختێك خوشکم دیت، پێی بڵێم.

– کا – لی – مێ – را.

– دەتوانی وشەی سوپاسیشم فێر بکەی.

– ئێف – خا – ری – ستۆ.

– ئـەهـا، ئـێفـخـاریستـۆ. ڕاوێژی تۆزێك دژوارە. باشە، تۆ چەند زمان دەزانی؟

– دەبینی کە زمانی دایکم واتە ئەرمەنی دەزانم.

– ئێوەش ئەلف و بێتان هەیە؟ زمانەکەشتان بۆ نووسین دەبێ؟

– ئەی چۆن نیمانە. زمانی ئەرمەنی یەکێك لە زمانە کۆنەکانی جیهانە و خاوەن مێژوویەکی کۆنە و زمانی باستانییە.

– پەرتووکت بەزمانی ئەرمەنی هەیە؟

– نا کتێبم نییە. تەنیا چەند لەتوپەتێکم لە ڕۆژنامە و گۆڤار هەیە و ئەوانیش کاتی خۆی لە ماڵێ هەمانبوو و نەجاتییان هات و منیش بۆ یادگاری ڕام گرتوون. جارێکی دیکە ئەوانیشت پێ نیشان دەدەم. پاشان، زمانی کوردی زۆر بەباشی دەزانم. هەم قسەی پێ دەکەم و هەمیش پێی دەنووسم. وەك ئـەوەی زمـانـی دایـکـم بـێ. زمـانـی ئـەو بـێ قـیـمـەتـانـەش دەزانم... زمانی مغوولەکان.

– کامانە؟ زمانی مغوولی چییە.

– ئەوانە. توركی دەڵێم.

– ئێ، توركی دەزانی، بڵێ توركی و هیچی تر، چۆنت گوت... بۆچی پێی دەڵێی مگوولی؟

– چونكە ئەوانە لە مغوولستانڕا هاتن، شوێنێك كە زۆر لێرە دوورە. مەگەر چاوەكانیان نابینی، تەواو چووقاون! قسەكەم وەرگرە.

– باشە. بەڵام ئەو مغوولانەی تۆ باسیان دەكەی، ناحەزن یا بەدكارن.

– هەردووكیان، ئەوانە وەحشین. چاولێكە، هەركەسێك ژن و منداڵ بكووژێ، وەحشییە؟ ئەوانەی گشت كەسوكاری منیان كوشت، بە باوەڕی تۆ وەحشی نیین؟

– هەن، هەن...، بەدەم بیركردنەوە، پێم گوت. چی تریش دەزانی؟

– تۆزێكیش زمانی یۆنانی دەزانم.

– لە كوێ فێربووی؟

– هێندێك منداڵی یۆنانی هەبوون كە لێرە، لە ناوچەكەمان دەژیان و من لەوانەوە فێری یۆنانی بووم.

– منداڵی یۆنانی، مەگەر یۆنان لە كوێیە؟ دوورە؟

– لە لایتری بەحرەوە، واتە لە ڕۆخەكانی ئاسیای بچووك و لە شاری كۆنستاندینۆپۆلیرا، وەك ئێمە پێی دەڵێین ئیستانبوڵ زۆر دوورە.

– مەبەستت ئەوەیە كە لە چیاكانی ئێمە یۆنانی دەژیان. ئەی چۆن گەیشتوونە ئەوێ؟

– ئەوانە قەدیم لە كوردستان بوون.

– ئەدی چییان بەسەرهات؟ ئێستە لە كوێ دەژین؟ ڕۆیشتن؟

– توركەكان ئەوانیشیان دەركرد.

– چۆن دەریانكردن؟ هەرهەموویان، كەسیان لێرە نەماوە؟

– ئێ، لە مێژە گەرەکمە شتێکت پێ بڵێم. ئەوەی لە ماڵێ باس دەکرێ نابێ لە دەرەوە بۆ خەڵکی بیگێڕییەوە.

– باشە خۆ ئێمە شتی خەراپ ناڵێین. کەسیش تاوانبار ناکەین، غەیری تورکەکان. دیارە ئەگەر ئەوان ئێمە ئازار بدەن، ئێمەش بەخەراپی باسیان دەکەین.

– بەڵێ، ڕاست دەخوازم باسی ئەوە بکەم. هەر بنەماڵەیە شتگەلی تایبەت بەخۆی هەیە و گەرەکی نییە خەڵکانی تر پێیان بزانن. لەبەرئەوەی مرۆڤ ئەو کەسانە بەباشی ناناسێ کە قسەیان لەگەڵ دەکات. ڕەنگە لەگەڵ تورکەکان بێ و سیخوڕیان بۆ بکات. ئەگەر تورکەکان زەرەر بەئێمە بگەیەنن، ئەوە ئەو کەسە قازانجی تێدا دەکات. زۆر جار ئێمە لەو خەڵکانە دڵنیا نیین کە ڕۆژانە دەیانبینین، بۆیە دەبێ تۆزێك ئاگەمان لە زارمان بێ و بزانین دەڵێین چی. هەر بنەماڵەیەك خاوەن نهێنی خۆیەتی. ئەو نهێنیانە پیرۆزایەتی خۆیان هەیە و دەبێ ڕێزیان لێ بگرین و بیانپارێزین.

– بەواتایەك ئەوانەی تا ئێستە باسمان لێوەکردن، نهێنییەکانی بنەماڵەیی بوون؟ با باش حاڵی بم، ئەوانە نهێنی بنەماڵەن یاکو نهێنی نێوان من و تۆن؟

– نا، ئەوانەی گوتمان گشت ئەندامانی بنەماڵەکەمان دەیانزانی. باپیرە، داپیرە و دایك و باوکت...

– ئەگەر ئاوایە بۆچی تا ئێستە بەمنتان نەگوتووە؟

– ڕۆڵە گیان هەر شتێك کات و ساتی خۆی هەیە. ئینسان بەرە بەرە شت فێر دەبێ و مێشکی کامڵ دەبێ و دەتوانێ جیاکردنەوە و هەڵسەنگاندن بەجێ بگەیەنێ. هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژی بەرێ ناچێ، کات و ساتیش هەر بەو چەشنە. ئێمە تا ئەو ڕۆژەی چاو لەسەر یەك دادەنێین، خەریکی فێربوونین.

– ئـەی ئـەو کـاتـەی وەخـەبـەر دێین، دیسان لـە سەرەتـاوە دەست پـێ دەکەینەوە؟ بەئەنقەست خۆم لە گێلی دا.

– سەرەتا دەبێ تەرەفەکەت بەباشی بناسی، دوایە دەرگەی دڵی خۆتی بۆ بکەیەوە.

– بژی زلێخا. لە زمانی ئەرمەنیدا، چۆن دەڵێن بژی؟

– ئاکتاناك.

ڕۆژی دوایی سەیری ڕووخسار و قەوارەی چاوی مناڵانی هاوکلاسیم کرد. هێندێکیان چاویان خڕ، چەندێکیان بادامی و بەشێکیشیان قووچاو بوو. ئەوانەی چاویان قووچاو بوو، لە ڕاست و چەپەوە ڕاکێشرابوون. ڕاست وەك ئەو جۆرەیان دەچوو کە زلێخا بۆی باس کردبووم. ئەها، ئەوەم دەگوت، ئەوەیان مغوولە، ئەوەش کوردە یا ئەرمەنییە...

– ڕەمزی، ڕەمزی، وەرە شتێکت پێ بڵێم.

ڕەمزی باشترین دۆستی من بوو.

– چ دەخوازی؟ بەدەم یاریکردنەوە لێی پرسیم. ناڕەحەتی یا من بەو شێوەیەت دەبینم؟

– سەیرکە، بە هەڕەشەوە پێم گوت، جارێکی تر لەگەڵ ئەو کوڕە یاری مەکە.

– لەبەر چی؟ چی لە تۆ کردووە؟ ئەگەر تۆی ئەزیەت کردووە، چاوی دەردێنم.

– نا نا. من حەزناکەم تۆ یاری لەگەڵ ئەو بکەی. ئێمە دەبێ باش بزانین لەگەڵ کێ کایە دەکەین.

– ئەرێ ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ خۆ کوڕێکی باشە. چ عەیبێکی هەیە؟ چۆن هەتا ئێستە دۆستی هەر دوو لامان بووە؟ ئاوا لە پڕێکا بۆچی مۆزت

کردووه، چ پێیوەدای؟

– بەڵێ ڕاست دەڵێی. تا ئێستە هەق بەتۆ بوو، بەڵام لەمەو بەدوا نابێ. بە ئێما و ئیشارە پێم گوت.

– بۆچی؟

– پێت دەڵێم لەبەر چی، هەڵبەت نابێ لای کەس باس بکەی. وەرە پێش، ئەوە مغوولە، سرتەیەکم بەگوێدا کرد.

– چی، مغوولە، مغوول چییە؟

– خەڵکی مغوولستانە....

– وا نییە، ئەو کوڕە خەڵکی گوندەکەی دراوسێمانە... پێم رامەبوێرە.

– نا نا... گوێ بگرە چیت پێ دەڵێم. ئەوە خەڵکی مغولستانە.

– پۆلات بەهەڵە چوویە. من دایك و باوکی، باپیرە و داپیرە و گشت بنەماڵەکەیان دەناسم. لە بیرت نییە چووینە ماڵەکەیان و داپیرەی هەڵوای بۆ دروست کردبووین؟ لە بیرتە گشتمان پێکەوە زیافەتمان کرد؟ مەگەر مغوولەکان دەزانن هەڵوای دروست بکەن؟

– نا، بەڵام دیسانیش هەر خۆم دەزانم چیت پێ دەڵێم. ڕەنگە فێربووبن کە چێشت و هەڵوای وەك ئێمە دروست بکەن. مەگەر تۆ پێت وایە هەرکەس توانی چێشتی کوردی لێنێ، حەتمەن کوردە؟

– ئەی چۆن؟

– واتە ئەو نانەوایەی نان دروست دەکات، ئەویش کوردە؟

– بۆ مەگەر نازانی خەڵکی ترابزۆنە، پاشان ئەوە باسێکی ترە، ئەو کارەکەی نانەواییە. بەهەرحاڵ دەبێ چ بکەین؟

– چاولێکە، لەمەو بەدوا لەگەڵ ئەو مغوولە قسە ناکەین، تەنانەت کایەشی لەگەڵدا ناکەین.

– ئەدی چۆن لەو بڕیارەی خۆمانی حاڵی بکەین. دا پێم بڵێ پۆلات، بزانم مغوولەکان خەراپەکارن. تۆ بەچی دەزانی ئەوە مغوولە، لە نێوچاوانی نووسراوە؟

– تۆزێك بنەرە خوارەوەی نێوچاوانی، نابینی چاوەکانی چۆن چووقاون. ئەوانە بەچاوەکانیان دەناسم. ئەوانە گشتیان خەراپەکارن. هەر ئەوانە کەسوکاری زلێخایان کوشت.

– بەڕاست! چۆن؟ لەبەرچی؟ ڕەمزی چاوەکانی مۆڵەق بووبوون.

– مەگەر نازانی ئەوانە تورکن.

– بۆ مەگەر تورکەکان مغوولن؟ چۆن شتی ئەوتۆ دەبێ؟ با لە مامۆستاکەمان بپرسین...

– نا نا، هەرگیز، نابێ، چونکە ئەویش مغووله.

– ئەوە دەڵێی چی؟ قسەی قۆڕ دەکەی. ئاغا خەڵکی ئاگرییە.

– ڕەنگە، بەڵام مغوولە. ئەگەر مغوول نەبێ و من سەبارەت بەچاوەکانی بەهەڵە چووبم، ئەی باشە بۆ بەردەوام باسی ئەتاتورك دەکات. ئێ، مەگەر نابینی هەموو ڕۆژێ ڕێزمان دەکات و سروودی نەتەوایەتی تورکیمان پێ دەڵێتەوە.

– جا دەڵێی چی، ئێرە قوتابخانەیە. لە گشت قوتابخانەکان، ئەو کارە دەکەن.

– ڕاستە، بەڵام تۆزێك بیری لێ بکەوە. باشە بۆچی ناهێڵن ئێمە بەکوردی قسە بکەین. بۆ ڕێگەمان پێ نادەن سروودی نەتەوایەتی خۆمان بڵێینەوە. تازە لەوەش زیادتر، مەگەر نازانی هەرکات ئێمە بەکوردی لەگەڵ یەکتر قسە دەکەین، کچەکانی هاوپۆلمان خێرا ڕاپۆرتمان لێ دەدەن.

– ئەوەی دەزانم، بەڵام یەك لەو كچانە كیژی ئەفسەرێكە و باوكی ئەوەی تریش ژاندرمەیە.

– جوانە، ئەوانە شكایەتیان لە ئێمە كرد، چونكە ئەوانە. ئەی باشە، مامۆستاكەمان لەبەرچی؟ ئەو بۆچی ئازارمان دەدات؟ لە بیرتە چۆنی لە كەریم دا، كاتێك گوێی لێ بوو كە گۆرانی بەكوردی دەچڕی؟

– لەوانەیە هەق بەتۆ بێ. ئێستە هەست دەكەم كە تۆ ڕاست دەكەی. ئەویش مغوولە. بەڵێ، بەڵێ، رەمزی بەدەم بیركردنەوە پێی گوتم، نابێ باوەڕ بەهیچ كەس بكەین.

– لە بیرت نەچێ ئەوانەی باسمان كردن، تەنیا لە لای خۆمان دەمێنێتەوە. ئەوە نهێنی نێوان خۆمانە.

– مەبەستت چییە؟

– نابێ كەس بەو شتانە بزانێ كە باسمان كردوون. دەزانی كە نهێنی شتێكی پیرۆزە. بەتایبەتی نهێنی نێوان دوو دۆست.

– ئەوانەی دۆستن، نهێنی مەحكەمیان هەیە؟ دەخوازی ئەوە بەمن بڵێی؟

– دەزانی بەتەواوی خۆت لە گێلی داوە؟ من مەبەستم ئەوەیە كە كەس هەقی نییە بەنهێنییەكانی نێوانمان بزانێ. ها، بۆ وێنە، ئێستا دەزانین كێ مغوولە و دەبێ خۆمانی لێ دوور بكەینەوە. ئێمە تەنیا خۆبەخۆ هامووشۆی یەكتر دەكەین.

– بەڵێ بەڵێ.

رەمزی بێچارە بەو هەموو شتانەی پێم گوتبوو، سەری لێ شێوابوو. خێرا ڕای كردە حەوشەی قوتابخانە، گەڕایەوە دواوە، لێم نیزیك بووەوە و چاوێكی لێ كردم. پێكەنی و سەرێكی ڕاوەشاند و وەك فیشەك دەرپەڕییە نێو ژووری كەلاس. منیش چوومە ژوورەوە. ئێستا دوو كەسین و بەردەوام

سەیری قەوارەی چاوی قوتابیانی تر دەکەین.

لیستێکم لەسەر کاغەز ئامادە کردبوو و ناوی قوتابیانم تێدا یاداشت کردبوو و لە پێش هەر ناوێکیش، پیتی «م» بۆ ئەوانەی مغوول بوون دانابوو و بۆ کەسانی تریش خەتێکی تیرەم نووسیبوو.

ئەو کارەم درێژە پێدا تا ئەو ڕۆژەی کە مامۆستاکەمان پێی زانی. هەڵبەت ڕاست لەو وەختەدا من و رەمزی باسی سەر و چاوی یەکێك لە قوتابییەکانمان دەکرد. مامۆستا گەیشتە سەرمان و لە تەنیشت من ڕاوەستا و داوای ئەو وەرەقەیەی لێ کردم کە لە ژێر دەستمدا بوو.

– ئەوە چییە؟

– هیچ نییە.

– ئەو پیتە، "م" مانای چی دەدات کە لە پێش ناوی هێندێك لە قوتابیانت داناوە؟

– هیچ، خەریکی کایەکردن بووم، لە خۆڕا نووسیوەمە.

– ڕاست ناکەی، مانایەکی هەیە. دا پێم بڵێ.

تەوا نەپرژامە سەر وشەی هیچ، رەمزی خێرا خۆی تێهەڵقوتاند.

– من دەیزانم، مامۆستا من بیڵێم؟

خوێن بەری چاومی گرتبوو. بەرق و کینەوە چاوێکم لە رەمزی کرد و لە داخان سەرێکم بۆ ڕاوەشاند. مامۆستا وەرەقەکەی بەدەستەوە گرت و بۆ لای رەمزی چوو.

– فەرموو، دا بزانم ئەوە چییە؟

– پیتی «م» مانای مێیینە دەدات، مامۆستا.

– ئەوەش بەزمێك و ڕووهەڵماڵاوییەك یتر. ئەها، ناوی منیشی تێدایە. منیش وەك مێیینە حیساب کراوم.

ماموّستا خیّرا ڕووی لە لای من کردەوە و گەلیّك قەڵس وەبەرچاو هات.

– من نەم نووسیوە میّ، بە منگەمنگەوە دەڵیّم «م».

– بەڵیّ، رەمزی بەدەنگیّکی بەرزەوە هاواری کرد کە ژن بەدائیم دەنگیّکی لە زاری دیّتەدەر: م م م، م م م، م م م.

– خەجاڵەتی بکیّشن، شەرمیّ بکەن. ماموّستا بەقەڵسییەوە پیّی گوتین و کاغەزەکەی فڕیّ دا بەردەمم. خەجاڵەت بن. چوّن هاوپوّلەکانتان، دوّستەکانتان و ماموّستاتان دەکەنە میّیینە.

سەرم داخست و هیچم نەگوت. کاتیّك بوّ پشوودان چووینە دەرەوە، رەمزی بەغار هاتە لام.

– باشە توّ شیّتی؟ پیّت وابوو من خیانەتت پیّ دەکەم. نەتزانی لەبەرچی ئاوا بەدەنگی بەرز هاوارم کرد؟ بوّوەی ماموّستا دەست لە یەخەی توّ بکاتەوە. ئەریّ پیّم نالّیی چ ئیشیّکت بەسەر ئەو «م»ەوە هەیە؟

– ئەدی چیم نووسیبا بوّوەی لیّکیان جیا بکەینەوە؟

– ئیّ باشە ئەوجاریش نەجاتیمان هات. هەرزانیش رزگاریمان بوو. هەر ئەوەی کە چەپوّکیّکی پیّدانەدای، بوّخوّی زوّر بوو.

## یوّنانییەکان

ڕوّژەکانی کوّتایی مانگی مارس و هەروەها مانگی ئەپریل، هیّشتە هەوا ساردە، بەڵام بەفر تەنیا لە دووندەکانی ئارارات بەدی دەکریّ. وڵات تەواو سەوز هەڵگەڕاوە. جلوبەرگی پەشمی گەرم دەخریّنە ناو سندوقەکانەوە و ئاگردان تەنیا بوّ کاتژمیّریّك لە شەودا دادەگیرسیّن. ئەوەی جیّگەی سەرنج بوو، مانگی مارسی ئەوجارە بوو. ڕاست ئەو ڕوّژەی مارس گەرەکی بوو ماڵئاواییمان لیّ بکا، شەویّ سەرمایەکی زوّر و بایەکی توند و بەفریّکی قورس وڵاتی غافڵگیر کرد. بەیانی لەبەر بەفری زوّر نەمانتوانی تەنانەت دەرگە و پەنجەرەکانیش بکەینەوە.

– چ قەوماوە؟ چۆن بچینە قوتابخانە؟ بەنیگەرانییەوە لە دایکم پرسی.

– قوتابخانەی چی ڕۆڵە گیان، بەو هەوایە گشت ڕێگەکان گیراون. تەنانەت مامۆستاش ناتوانێ بچێتە قوتابخانە. لە جێگەی خۆت دانیشە و مەبزوو.

– دیارە من پێموابوو زستان تەواو بووە. بەداخەوە. دوێنێ ئەو هەوا خۆشەی هەبوو، گەرم و خۆرەتاو.

– دوێنێ مانگی مارس بوو پۆلات. دەزانی سەبارەت بەو مانگە، پێشینیان چی دەڵێن؟ ″مارت پەنجەرەدەن باکترر، کازما کورەك یاکترر″ «مانگی مارت ئیزنت پێ دەدا لە پەنجەرەڕا بنۆڕی بەڵام ناچارت دەکات بێڵ و پاچ بسووتێنی». لە ئاخری مانگی ئادار و سەرەتای نیساندا بەردەوام هەواکەی سارد دەبێ.

– سەرما شتێکی تر و بەفر شتێکی تر.

– نا نا، زستان تەواو دەبێ و بەهار دێ.

بەهەرحاڵ ئەوکاتە، زستان تۆڵەی خۆی ستاندەوە.

– کالیمێرا باپیرە، ڕۆژباش.

– ڕۆژباش کوڕم. پێشتر چیت گوت؟

– ڕۆژباش بەزمانی یۆنانی. زلێخا فێری کردووم. ئەو زمانی یۆنانی دەزانێ.

– بەڕاست؟ بەیۆنانی چی پێ گوتی؟ بەبزەیەکەوە لێی پرسیم، گەرەکی بوو بزانێ چی تر لە زلێخا فێر بوومە.

– زلێخا چیترت بەزمانی یۆنانی پێ گوتم؟

– ئەی ئەی، ئاوا خێرا فەرامۆشت کرد؟ بەڵێنیشت بەمن دا کە لە بیرت نەچێتەوە.

– کالیمێرام لە بیرە، بەڵام ئەوەی تر، ئەوەی زەحمەتەکە، ئەوت چۆن پێ گوتم؟

– ئێفخاریستۆ.

– ئەهها، وەبیرم هاتەوە، ئێفخاریستۆ، بەدەم دووپاتکردنەوە گەڕامەوە لای باپیرەم. ها، فەرموو، دیتت دوو وشەی یۆنانی دەزانم! کالیمێرا و ئێفخاریستۆ.

– باشە ئەگەر شەوێ هاتمەوە، چۆنم بەخێرهاتن دەکەی؟

– ئاخ، ئەوەیان فێرنەبوومە.

– کالیسپێرا، کالیسپێرا سڵاوی شەوانەیە... زلێخا بەدەنگی بلێند هاواری کرد.

– چۆن؟ هەردووکمان لێی دەپرسین.

– کالیسپێرا، هێدی هێدی دووپاتی دەکەمەوە.

– ئاوا خێرا چەپۆکت پێدادا، باپیرەم گوتی.

– بەڵێ... کالیمێرا، کالیسپێرا، ئێ...ف...، ئێف....

– ئێفخاریستۆ، پۆلات.

– باپیرە پێت وابوو زلێخا زمانی یۆنانی دەزانێ؟

پێش ئەوەی وەڵامی من بداتەوە، چاوێکی لە زلێخا کرد و ئەویش چاوێکی لە باپیرەم کرد. ئەو خێسە پڕمانایانە بۆ من گەلێك سەیر و سەمەرە بوون. ڕاوێژێکی تێر و تەسەلیان بەو خێسە خێسە کرد.

– بەڵێ، باپیرەم بەپێکەنینەوە، دەمزانی...

– کەواتە تۆش ئەو زمانە دەزانی؟

– ئێ، منیش شتێکی لێ دەزانم، بەبزەوە وەڵامی دامەوە.

– باشە چ خەبەرە؟ لە کوێ ئەو زمانانە فێربوون؟

– قسە شتێکە و عەمەل شتێکی تر. کاتێك شەوێ گەڕامەوە، ئەگەر توانیت بەیۆنانی سڵاوم لێ بکەی، ئەوسا منیش پێت دەڵێم ئەو زمانە لە کوێ فێربووم. ئێ، ئیتر ئەوە بۆ قسەکردن نەدەبوو! بەدرێژاییی ڕۆژ، سەرەرای کارەکانم و یارمەتیدانی دایکم و لە کاتی کایەکردندا، لەبەر خۆمەوە واژەی کالیسپێرام دەگوتەوە. جیا لەوەش، هەرچەند بەخۆم دەگوت کە تازە لەوە زیادتر گوێ لە بەسەرهاتەکانی باپیرەم ڕاناگرم، بەڵام بەخۆم نەبوو و وەڕەزیم دەکرد. بەخۆشییەوە عەبدوڵڵا دۆستێکی باش بوو و ئەو غەیبەتانەی لە پشت سەری باپیرە کردبووم، هیچی نەگێڕابووەوە.

شەوێ باپیرە هێشتە پێی لە ژوورێ نەنابوو، شاد و خۆشحاڵ، یەك بەخۆم هاوارم کرد:

– کالیسپێرا باپیرە.

– کالیسپێرا جوامێرەکەم. لە جێگەی خۆت دانیشە تا منیش پشوویەك بدەم و دێمەوە لات.

نە من لە بیرم چووبوو و نە ئەویش بەڵێنەکەی وەپاش گوێ خستبوو، هەر بۆیە باپیرەم زۆر خۆش دەویست.

– چەندەی تۆ مەزن دەبی پۆلات، منیش ئەوەندە زیادتر شانازیت پێوە دەکەم. پیاو دەبێ بەڵێنی خۆی بەرێتە سەر و حورمەتی خۆیشی بپارێزێ. ئەوسا دەبێتە پیاوێکی بەڕاستی. با ئەوجار پێت بڵێم کە چۆنە، گشتمان زمانی یۆنانی تۆزێك دەزانین. سەرەتا دەبێ قەول بدەی کە ئەو قسانە لەو چوار دیوارە نەچنە دەرێ.

– دەبێتە نهێنی بنەماڵەکەمان.

– ئا ئا، دەزانی کە مەبەستم شتێکی پیرۆزە.

– بەڵێ دەزانم، دەزانم.

– بژی کوڕم، بژی. گوێ بگرە تا فێر بی.

## سەفەری من لە نێو ژیانی باپیرەمدا درێژەی هەیە

با ساڵانێکی زۆر بگەڕێینەوە دواوە. بۆ ئەو کاتەی لاو بووم و جوانچاك، شاییم بەسمێڵەکانم بوو و بەو ڕۆژگارە بامدەدان. باپیرەم بەو وتەیە دەستی بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی خۆی کرد.

داپیرەت ئێرەیی بەو سمێڵانەی من دەهات، باوکیشم کاتێك منی لە ناو دۆستەکانمدا دەدیت، گەلێك دڵخۆش بوو پێم: "ئەوە دەبێتە سەرۆکی هۆزەکەمان". منیش لە هەموو شتێك حاڵی بووبووم و کەس تۆزی نە دەشکاندم. بەهەرحاڵ، ئەو سەردەمە، وەرزی پاییز بوو، ئەگەر لە بیرم بێ... نا نا... بەهار بوو، هەوای گەلێك ساردبوو، خۆش وەك ئیمڕۆ، بەڵام لە دەرێ بایەکی سارد و توند دەهات، ئاوابوو ژنەکە، وەنییە؟

– بەڵێ ڕاستە. بەهارێکی سارد بوو. بەفر تواببووبووەوە و ڕووبارەکان هەستابوون، هەروەك تۆ کە حەسادەتی منت لە هەمبەر بادانی سمێڵەکانت گەیاند بۆ ئەوپەڕی خۆی.

داپیرەم لە بەرامبەر هیچ شتێکدا دای نەدەنواند.

بەهەرحاڵ، باپیرەم گوتی، شەوێکیان لە دێ بووین و لە دەوری کۆزیلەمان بەستبوو. کۆڕێك بووین وەك ئێستە. دایك و بابم، مامم و چەند کەسێکی گەورە و بچووك. ئەوکاتە من و داپیرەت تازە زەماوەندمان کردبوو.

– لە مێژ نەبوو زەماوەندمان کردبوو ژنەکە، هەر یەك دوو ساڵ دەبوو، لە بیرتە؟

– نا، من لە بیرمە تازە لە ڕەشبگیری عەسکەری گەڕابوویەوە، کەوابوو سێ ساڵ گوزەرابوو.

– ئا ئا، ڕاست دەکەی.

باپیره ئەو شەوە بەدەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی پشوویەکی دا. لە دەرێ سەوەرێکی تووند بوو. یەك دوو جار چووینە دەرێ و سەیرێکی دەوروبەرمان کرد، بۆوەی بزانین چ باسە و سەگەکان بۆچی ئۆقرەیان لێ هەڵگیراوە. هیچمان وەبەرچاو نەهات. باوکم بەنیگەرانییەوە بانگی ڕەعیەت و شوانەکانی کرد و دەستووری پێدان کە گشت کەلێن و قوژبنێکی دێ بپشکنن و بەردەوام دەیگوت: ″ڕووداوێکی ناخۆش لە دوورەوە بەرێوەیە. سەگەکان بۆنی شتێکیان کردووە. دەبێ زۆر وریا بین و ئەمشەو لەسەر هەست بنووین. بەڵای ناگەهانی لە دوورەوە بەرێوەیە و جارێ تەنیا بۆنی دێت″. لە بیرمە بای ئەو شەوە وژەی دەهات، پەنجەرە و دەرگە خۆیان بەچوارچێوە دادەدا و ئاروقاراویان نە بوو، لك و پۆپی دارەکان پێکەوە شەڕیان بوو، هەڵبەزدابەزیان بوو و قرچەی شکانیان دەهات. بەردەوام دەنگی بەسامی تەقە و شەقەی تەنکە و قەدەڵە و تەشت و ئەسپابی ماڵەوە لە وڵاتی گەڕابوو. نێوە نێوە بەدەنگی ترسناکی گرمەیەك لە جێوە هەڵدەبەزینەوە.

ئەو کاتە لەشکر چەکی بەناوبانگی مائۆزێری هەبوو و لە هەر چرکەیەکدا شەش گوللەی دەهاویشت. پیاوەکانی ماڵەوەش چەکیان پێ بوو و شەو و ڕۆژ لە خۆیان دوور نەدەکردەوە. شەوانەش لە کاتی خەوتندا، لە ژێر سەرین، لە تەنیشت جێخەو و لەبەر دەرگە و پەنجەرەکان دایان دەنان. بەهەرحاڵ لەسەر دەستووری باوکم، پیاوەکان بۆ پشکنین وەدەر کەوتن. پاش یەك دوو کاتژمێر گشتیان گەڕانەوە.

– ئاغا، هیچ شتێکی جێگەی ترس و گومانمان لە دەرێ بەدی نەکرد.

– باشە کوڕەکان، بەڵام لەبەر قەدەری دنیایێ، با ئەمشەو پاسەوانی لە دێ بدەین. دەمەوێ ئێشکچییەکان ئەمشەو ئاگەیان لە وڵات بێ.

ژن و منداڵ ئامادەی خەوتن بوون. پیاوەکان بەسەر چەند دەستەدا

دابەش بوون و دەوری دێیان گرت. من خۆم لەگەڵ دەستەیەك دەچووم، بەڵام باوکم پێشی پێ گرتم.

– تۆ پێویست ناکات کوڕم، بڕۆ لەگەڵ خێزانت بخەوە و شەونخوونی مەکێشە.

بەقسەی باوکم کرد، بەڵام چۆن دەکرا چاو لەسەر یەك دابنێی. دوای ئەوەی وەزعەکە تۆزێك هێور بووەوە، ئەوجار خەو دای گرتم. هەرچەند هیچ نە قەوما، بەوحاڵەش باوکم زۆر نیگەران وەبەرچاو دەهات. بەیانی زلێخا و شوانێك و ...

– کێی تریان لەگەڵ بوو، ژنەکە؟ باپیرەم پرسیاری کرد، بەڵام هەر خۆیشی وەڵامی خۆی دایەوە، ئا، وەبیرم هاتەوە، ئەو بێرییانەی خەریکی دۆشینی مەڕی دەبوون، وا نییە زلێخا؟

– بەڵێ بەڵێ باپیرە، بۆ دۆشینی مەڕی چووبوون.

ئەو سێ چوار کەسە چووبوونە ناو هۆڵی مەڕی کە دوور لە ماڵەکان بوو. کاتێك وەژوور کەوتبوون چ ببینن، چاویان بە دوو کەس کەوتبوو کە نیوە گیانن. بریندار و قوڕاوی و جلوبەرگ و پێڵاوەکانیان جیندڕ جیندڕ بوو، دەتگوت سەگی هار گرتوونی. کچەکان حەپەساو، لە ترسان دەرپەڕیبوونە دەرێ. شوانەکە ڕای کردبوو و بەپەلە خەبەرەکەی بۆ باوکم هێنابوو. خێرا چەند کەسێك چووین بۆ هۆڵی مەڕی. چاومان بەدوو کەس کەوت و هەولمان دا بزانین چ کارەن و لە کوێڕا بەو وەزعە شڕە گەیشتوونەتە ئێرە. هەرکەس لەبەر خۆیەوە، بۆچوونێکی هەبوو، تا ئەوەی باوکم وەقسە هات.

– سەربازن... لە لەشکری تورك فیراریان کردووە. ڕوویان بنێ و بیانبەنە ناو دێ.

بەقسەی باوکم، هەردووکمان بەئەسپایی هەڵگرت و لەبەر برینی

قورسی لەشیان نە دەکرا زۆر هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکرێن و بەهەرحاڵێك گەیاندمانە ناو دێ. لە یەکەم نیگادا پیاو چاوی بەبرینەکانیان دەکەوت. یەك لە کچەکان بەردەوام دەیگوت: "ئەوانە مردوون! ". باوکم تێی خوڕی و پێی گوت:

– بەسە بیبڕەوە، بۆ دەگری، خۆ هێشتە نەمردوون، وەختی سەرلێشوانمان نییە. هەستە برۆ وەدوای ئیشوکاری ماڵێ بکەوە.

ئەو کوڕانە گەنج و لە تەمەنی مندا و سەریان تاشراو بوو. هەموومان چووینە ماڵەوە و تەنیا باوکم ڕووی لە مەزرایێ کرد.

– باوکە بۆ کوێ دەچی؟

– دەبێ شوێنپێی هاتنی ئەو کوڕانە ڕەش بکەینەوە. خوێن و قوڕی ئەوانە ڕەنگە ڕێنوێنی کەسانێك بکات کە بەدوایانەوەن.

دوو کەس لە شوانەکانی بانگ کردە لای خۆی و داوای لێ کردن مێگەلێکی گەورەی مەڕ و ماڵات وەپێش خۆیان بدەن و بەو جێگەیەدا لێی خوڕن کە سەربازەکانی پێدا هاتبوو. بەو شێوەیە هەم شوێنپێ و هەم بۆنیان ون دەبوو.

– گوێ بگرن، مێگەل تاکو قەراخ چۆمی بەرن. پۆستاڵە دڕاوەکانیش لەگەڵ خۆتان بەرن و فڕێیاندەنە ناو چۆمی.

هەوڵمان دا پۆستاڵە دڕاوەکانیان لە پێیان دەرهێنین، بەڵام چۆن... قاچەکانیان هەڵمسا بوون و بەزۆریش نە دەهاتنەدەر. بەچەقۆ قەیتانەکانمان هەڵبڕی. بەڵام دیسانیش هیچیان لەگەڵ نەکرا. ئەوسا زۆر بەئەسپایی خەریك بووین چەرمی پۆستاڵەکانیان هەڵبڕین، هەرقەندە ژێهکانیشیان لێ بووبووەوە بەڵام لەگەڵ هەر جووڵەیەك هاواریان لێ هەڵدەستا، ئەو بێچارانە تەواوی ڕێگە بەپێی پەتی ڕۆیشتبوون.

پاشان، شوانەکان مێگەلی گەورەیان وەپێش خۆیان دا و تەڕدەست

وەسەر شوێنپێ هەڵاتوەکان خست. هەر بەوەندە کیفایەتیان نەکرد و بەدەورلێدان و ڕاست و چەپ ڕۆیشتن، پانتاییەکی بەرینیان وەبەر پێی مەرپدا، بۆوەی مەبادا شوێنپێیەك بەجێ مابێ. ئێمەش تا ئەو جێگەیەی مێگەل لە دەشتاییدا ون بوو، لە گەڵیان چووین. چۆمی گەورە و بەخوڕی ساریسو یارمەتی داین، چونکە جیا لەوەی بەرەو مەزراکانی ئێمە دەهات، خێرا بەرەو چیاکانی ئاڕارات وەردەسوڕایەوە. مێگەلی مەڕ پاش نیوەڕۆ درەنگانێك گەڕایەوە سەر دانگە.

بەپێڕاگەیشتنی ئێمە ئەو جووتە سەربازە فیرارە وەخۆهاتبوونەوە، بەڵام نەیان دەتوانی قسە بکەن، چونکە چرۆچاویان بریندار و هەڵمساو بوو و شین و ڕەش هەڵگەڕابوون. دەتگوت بەسەر درکی گەسگەسکدا کەوتوون. ئەو کاتە مەترسییەکەمان پتر بوو کە گەرەکمان بوو پانتۆڵی یەکێکیان دەرهێنین، بۆوەی بزانین خوێنی لە کوێی لاقی دەهاتەدەر. ئەو بەدبەختە گیانی پڕ بووبوو لە دڕوو و وەك ژیشك دەچوو. سەرتاسەری لەشی دڕوو بوو و ئەویش دڕووی ئەستوور. هێندێکمان دەرهێنان، بەتایبەت ئەوانەی وەبەر دەست دەهاتن. ژنەکان خێرا ئاوی گەرمیان هێنا و بەئەسپایی هەردووکیان شوشتن. باوکم کاتێك ڕەوشی ئەوانەی دیت، هەرای کرد:

– بانگی دەلال بکەن با خێرا بێتە ئێرە.

دەلال، خوای لێ خۆشبێ، پوورم بوو. ژنێکی باش و بەئیمان و دەستەکانی هەر زێڕیان لێ دەباری. دەستی لە هەرکەس دابایە، شفای پێ دەبەخشی. بەدائیم خەریکی دروستکردنی مەرهەم و مەعجوون لە گژوگیا بوو. ئەوانەی تێکەڵ بەیەك دەکرد، دەیکولاندن، دەیپالاوتن و لە کۆتاییدا ئەو مەعجوونەی لەسەر برینان دادەنا و چاکی دەکردنەوە. لەو کارەدا ژنێکی بەدەست و برد و لێزان بوو.

پوورە دەلال خێرا گەیشتێ. چاوێکی لە لەشی سەربازەکانی بریندار کرد. وردە وردە تیماری کردن و دەست بەکار بوو. سەرەتا خەریکی ئەوەی هەرە

بریندارەکە بوو. یەك یەك دڕوەکانی دەرهێنا و چەند سەعاتێك ئەوە کاری ئەو بوو، عەجەب حەوسەلەیەکی بەخەرجدا.

باوکیشم لەو نێوەدا گشت کچەکانی لە ژوورەکە دەرکرد و تەنیا ژنانی بەتەمەنی هێشتەوە. زلێخاش ئەو کاتە مێردەکەی مردبوو.

– ئاخ زلێخا، چیمان بەچاوەکانی خۆمان نەدیت، پێکەوە گەورە بووین و لە گشت خۆشی و ناخۆشییەکاندا پێکەوە بووین، بەڵام ئێستە تۆ دێی و دەچی پێم دەڵێی باپیرە باپیرە، نەکا ئێستەش هەر خۆت بەکچە جعێڵەی ماڵێ بزانی.

– دەباشە دیسان دەستت پێ کردەوە.

حەسەن ئاغا دووبارە خەریکی تووتنەکەی بووەوە و دارجگەرەکەی خاوێن کردەوە. ئەو وەستانانەی بۆ من زۆر ناخۆش بوون. پێمخۆش بوو بەسەرهاتەکە لە جێگەیەکی خۆشتر هەڵبرێ. من لەوە دڵنیا بووم کە دەیەویست هێزی گێڕانەوەی خۆی تاقی بکاتەوە. هەرکات بەقەناعەت دەگەیی کە ڕستەکان خەریکن چەشنی لیکاو بەلێوانیدا بڕژێنە خوارەوە، ئەوسا دەستی پێ دەکردەوە.

## باوەشێکی گەرم بۆ سەربازانی فیراری

سەربازانی فیراری نە بەفایتوون و نە بەئەسپ نەهاتبوونە مەزراکانی ئێمە، ئەگەر ڕاستییەکەتان دەوێ، سەرەتا کە چاومان پێیان کەوت، لەو باوەڕەدا بووین کە لە زیندان ڕایان کردووە و لە دەست ئیعدام هەڵاتوون. تەنیا باوکم لە یەکەم چاوپێکەوتنیاندا گوتی ئەوانە سەربازن. ئەو گەنجانە بەردەوام دەیان ناڵاند و هیچ قسەیان نە دەکرد. ئێشی برینەکانیان گەلێك ئازاری دەدان. بەتایبەت کاتێك پوورم بەوپەڕی لە سەرەخۆیی دڕوەکانی لە لەشیان دەردەهێنا. بەو حاڵەش هاواریان دەهات.

هەر دوو سێ پیاوان بەئەسپایی خەریکی هەڵگێڕ و وەرگێڕی یەکێك دەبـوون و دەیـانـبـردە سەر سەرشۆر. سەرشۆرێکـی تـەنـەکـەی گـەورەمـان هەبوو و لەوێ دەیانشووشتن. سەرەتا کوڕە جوانکیلەکە شەرمی دەکرد جلەکانی دڕۆێنی ژێرەوەی داکەنێ. ئەویش چ جلوبەرگێك! چڵکن، دڕۆێن، خوێناوی، کە تەنیا وەك پارچەیەکی سوور دەچوو. بەهەرحاڵ لە نێو شۆرتکە دانیشت، ئاوی شیرەوتێنیان پێ داکرد و بەهێواشی لفکەیەکیان لێ دا. جلوبەرگی نوێیان لەبەر کرد و ئەوسا بەپێخەف گەرم دایان پۆشی. بێچارەیە وەك مێژوولکە هەڵدەلەرزی. خوێن لە زاری دەهات. ددانەکانی داپۆشرابوون، چیتان بۆ باس بکەم، نێوزاری بەتەواوی برین بوو.

– دەسماڵێکی خاوێن بدەنە ئەو کوڕە، دایکم گوتی:

– سوپاس، ئەوە یەکەم وشە بوو کە بەنووزەوە لە دەمی هاتە دەر.

پـورم کـاتـێك لـە دڕوو دەرهـێنـانـی یـەکـیـان بـووەوە، خـێرا دەستـی بەدروستکردنی مەرهەم بۆ ئەوەیتریش کرد. باوکم دەستوری دابوو کە خواردنی سووك و نەرم و شفابەخش بۆ هێز وەبەر هاتنەوەیان دروست بکرێ. سەرەڕای ئەو گشتە پێڕاگەیشتنەی ئێمە، وێ نەدەچوو ترس بەو زووانە دەستیان لە یەخە بکاتەوە.

– کوڕەکان، باوکم پێی گوتن، دەزانم ئێوە سەربازی فیرارن، پێویست ناکات ئێستە باسی هیچ شتێکمان بۆ بکەن، تەنیا ئەوەندە بڵێن لە کوێڕا هاتوون، هەر تەنیا ئەوەندە.

یەکێکیان چاوە نووساوەکەی هەڵێنا، سەیرێکی باوکمی کرد و گوتی:

– لە ساریقامیشڕا...

– چی، چیت گوت؟ لە ساریقامیشڕا؟

– بەڵێ...

– واتە لەوێڕا تا ئێرە بە پێیان هاتوون؟

سەربازەکان بەجووڵەی سەر وەڵامیان دایەوە.

– هەم هەم، بەڵێ، بەڵێ، حاڵی بووم. وێ دەچێ ئازارێکی زۆرتان چێشتبێ. حەتمەن، دڵنیام. لە ساریقامیشڕا تا ئێرە بەپێیان ڕێگەی حەوتوویەك دەبێ، وا نییە؟

– دە ڕۆژە بەڕێوەین.

– دە ڕۆژە ئێوە ڕێگە دەڕۆن، باشە باشە ئێستە بۆ خۆتان بحەسێنەوە، چاك بخەون با هێزتان بێتەوەبەر و مەترسن. ئێرە جێگەی نیگەرانی نییە و زۆر ئەمینە. ئێوە میوانی منن.

ئەوەی ددانەکانی شکابوو و زاری برینداربوو، بێچارەیە گرفتی خواردنیشی بوو. نانی ورد ورد دەکرد و لە ناو شۆرباوادا دەیکردە تریت...

– چۆرێکی تر شۆرباوت بۆ تێکەم؟ من لێم پرسی، چونکە ئەوەیان نەیدەتوانی هیچ کام لە خواردەمەنییەکانیتری سەر سفرەکە بخوا.

– بەڵێ، بەسەر لەقاندنێك وەڵامی دامەوە.

ئەوەیتریان قاپەکەی لە شۆرباو پڕ کرد و پڵاوی برینجی بەسەردا کرد.

– ئای بژی..، من پێم گوت. ئەوجار تێر دەخۆی.

کاتێك کەوچکەکانیان لەسەر قاپەکانیان جێ هێشت، واتای ئەوە بوو کە تێریان خواردووە و وەزعیشیان بەرەو باشی دەچێ. کوڵمەکانیان تۆزێك خوێنی تێگەڕا و دووبارە ژیان ڕووی تێ کردنەوە.

– زۆر باشە، ئێستە ڕەنگە تۆزێك هەست بەهێز و حەسانەوە بکەن. من ناوم حەسەنە و کوڕی ئاغام. بەنۆرەی خۆم گەرکمە پێتان بڵێم کەوا قەت مەترسن. کەس غیرەت ناکات بێتە ئێرە و لە ماڵی ئێمەڕا ڕەپێچەکتان بدات. نە ژاندرمە و نە قۆمیتان و نە لەشکری تورك ناتوانن بتانبەن. کاتێك باوکم گوتی میوانی منن، واتای ئەوە بوو کە ئێمە بەهەموو

تـوانـامـانـەوە دەتـانـپـارێزیـن. ئـەگـەر تـورك هـاتـن، یـا گشتمـان پـێکـەوە ڕزگاریمـان دێ، یاکو پێکەوە دەکوژرێین.

نەرمە خەندەیەکیان هاتێ، بەڵام هیچ قسەیەکیان نەکرد. پوورە دەلال بەمەرهەمە دەسکردەکەی گەڕایەوە و خێرا خەریکی دەرمانکردنیان بوو. سەرەتا قاچە برینداەکانی یەکێکی مەرهەم لێدا و بەپەڕۆی خاوێن، توونـد پێچای. دواتر نۆرەی ئەوەی دووەمی هات کە پێشتر داوای لێ کرابوو دەرپێکەی ژێرەوەی دەرهێنێ، ئەوەیان بەشەرمدا کەوتبوو، نەیدەویست دەستی لێ بدەن. لەو کاتەدا من خۆم ڕۆبوومە مەرهەمەکە و ژنەکانیشم وەدەرنا.

– چاکیی تێ هەڵسووی، لە هەموو لەشی. لە هەر جێگەیەك دڕووم دەرهێناوە، دەبێ مەرهەمی لێدەی. ئەو دڕوانە ژاراویین. ئەو دڕوانە لە پنجکیان شیرەی ترشی دێتەدەر و بەتایبەت ئەگەر دڕکە تیژەکە لە لەشت ڕۆبچێ ماڵوێران دەبی. حەسەن دەزانی مەبەستم کوێیە.

پوورم چووە دەرێ و دڵی هەر بەلای کارەکەیەوە بوو. هەڵبەت کەم توانایی من ڕەنگ بوو لە تاریف و ناسراوی مەعجوونی پوورم کەم بکاتەوە. بۆیە تەنیا لەشی لە ژوورەکە نەبوو، ئەگینا بەردەوام سەری لە کوونی دەرگەوە نەدەهێنا ژوور و ڕێنوێنییەکانی دووپات بکاتەوە و چاوەدێری کارەکەی من بکا.

– لەسەرەخۆتر مەعجوونی تێ هەڵسوو، با برینەکان پێ ڕابگەن هەڵی مژن، دەنا وەك ئەوەی هەر هیچمان نە کردبێ ئاوایە.

– حاڵی بووم، حاڵی بووم.

– پشتم زۆر دێشێ، سەربازە نوستووەکە بەنووزەوە گوتی.

– وەرسوڕێ تا کراسەکەت لەبەر داکەنم.

پشتی ئەوەیان دڕووی تێڕانەچووبوو، بەڵکو لە زۆر شوێنەوە ڕەش و

شین هەڵگەڕابوو، بەتایبەتی سەر بڕبڕەی پشتی. هەرکە دەستم بەسەر بڕبڕەی پشتیدا هێنا، لەبەر ژانکردن، وەك كێچ دەرپەڕی.

– چ قەوما؟ لێم پرسی.

– لێیان داوم... زۆر پیسیان لێ داوم... ڕاست ئەو ڕۆژەی فیرارمان کرد، یەکێك گەیشتە سەرم و بەقۆنداغە تفەنگ لێیدام.

– ڕاوەستە با بانگی پوورم بکەم، با بزانین چ دەتوانێ بکا.

ئەوەندەی لە دەستم هات بەچاکی ئەرکی خۆم بەجێ گەیاند. قەت لە بیرم ناچێ کە ئەو جوامێرانە چۆن بەئیشتیاوە چای گەرمیان فڕ دەکرد. لە ناو هەر ئیسکانە چایەکدا، حەوت هەشت کڵۆ قەندیان تێداویشت، لە حاڵێکدا ئێمە کڵۆیەکی بچووکمان لە ناو زارمان دەنا و بەدەم توانەوەی قەندەکە، قووم قووم چامان بەسەردا دەکرد. کاتێك وەختی خەو هات، باوکم گوتی:

– دەی ئێستە کاتی خەوتنە و جێوبانی ئێوەش ڕاخراوە. بەڵام پێش نووستن گەرەکمە شتێکتان پێ بڵێم. هەرچی ببێ و چی لە دەرەوەی ماڵی من بقەومێ و عەرز و عاسمان وێککەون، ئێوە نابێ لە ژووری خۆتان ببزوون. بۆ هیچ پێداویستییەك نابێ بچنە دەرێ و خەڵك بەبوونتان لێرە بزانێ. لێم حاڵی بوون؟ زۆر باشە، خەوێکی خۆش.

هەرکە سەربازەکان بۆ خەوتن چوونە ژووری خۆیان، باوکم ئێمەی کۆ کردەوە و بەئەسپایی پێی گوتین.

– ئەوەی دوێنێ شەو پێمگووتن کە شەڕ و بەڵا لە ڕێگەیەکی دوورەوە بەڕێوەیە، وەڕاست گەڕا! ئێوەش بەچاوی خۆتان بینیتان. مەبەستم ئەوە نییە کە خوای نەخواستە ئەو کوڕانە خەراپەکارن، بەڵکو مەبەستم ئەوانەیە کە بەدوایاندا دەگەڕێن. من دڵنیام کە بەم زووانە دەگەنە ئێرە. لەوەشدا هیچ شکم نییە کە وڵاتی تەواو شیشکووت دەکەن. بۆیە دەبێ

گشتمان ئامادە بین و ئاگەمان لە وەزعەکە بێ. بۆوەی مەبەستەکەم باشتر گەیاندبێ، هیچ کەس، دیسان دەڵێم هیچ کەس، هیچی نە زانیوە و نە بیستووە. جارێك پێم گوتن و دووپاتی ناکەمەوە. پێوشوێنی ئەو سەربازە فیراریانە لە ناو چۆمدا ون بووە. نە هاتوونە ئێرە، دەبێ هەر لەوبەری چۆم مابنەوە و نەیانتوانیوە بپەڕنەوە بۆ لای ئێمە. ئەگەر هاتبان دەبوایە شوێن پێیەکانیان لە جێگەیەك دیار بوایە. لەوە بەولاوە با زابتەکان یا هەر کەسێکی تر بڕۆن و شوێنیان لەوبەری چۆمی هەڵگرن.

باوکم گەڕایەوە و ئاوڕێکی لە پیاوەکانی خۆی دایەوە.

– ڕەسوڵ، لەبەرئەوەی لە گشتیان بە تەجرەبەتر بوو، بۆیە بە ئەوی گوت، تۆ بچوو و سەربازەکان لەسەر جێگەکانیان داپۆشە. دەزانی مەبەستم چییە! ژن و منالّ هەڵگرە و بیانهێنە با لێرە بخەون. با ئاوا نیشان بدەین کە ئەو ماڵە تەنیا ژن و منالّی ڕەعیەتەکانی تێدا دەژی. هەرچی جلوبەرگ و پێڵاو و شتی تری سەربازەکان هەیە، بنگۆمیان بکە. جوان چاو بگێڕە مەبادا لە هیچ شوێنێك خوێن ڕژابێ و پیاو نەیدیبێ. ئەوانەی بەدوایاندا دێن، سەگیان پێیە و بەبۆنکردن، دەیانبیننەوە. دەزانی هەرچی وەبەر چاوت دەکەوێ بیشارەوە.

ڕەسوڵ ڕاوچییەکی ناسراو و بەتەجرەبە بوو. کاتی خۆی پێشمەرگایەتیشی کردبوو. لەبەر گرفتی بنەماڵەیی، سالانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی لە چیاکان تێپەڕ کردبوو. باش دەیزانی خۆی حەشار بدا و شوێنە ونکە بکات. شارەزای شەڕ و مرۆڤێکی ئازا و بەجەرگ بوو.

– ئاغا گیان نیگەران مەبە، ئەگەر ئەوان جارێك سەگن، من دوو جار.

– زۆر باشە ڕەسوڵ، با بزانین، باوکم گوتی و باوەڕی تەواوی بەڕەسوڵ هەبوو و ئیشارەیەکی بەدوو کەس لە پیاوەکانی تر کرد تا بەقسەی ڕەسوڵ بجووڵێنەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی دوایی خەبەرمان پێگەیشت کە کەسانێك بەرەو دێ بەڕێوەن. کێ ئاگەداری کردین؟ جیا لە سەگەکان، مەگەر کەسێکی تر هەبوو! وەختێك لێمان حاڵی بوو کە سەگەکان بێ پسانەوە دەوەڕین.

– فەرموون، ئەوە هاتن، باوکم گوتی:

ئاژیری خەتەر دوو سەعاتی گرت. سەگەکان لە دوورەوە هەستیان بەهاتنیان کردبوو. لەو نێوەدا ئێمەش خۆمان ئامادەکرد. هەرکەس جێگەی خۆی گرت، چەکی پێویستی هەڵگرت و گشت لایەکیش وەك ڕۆژانی عادی هێمنایەتی خۆی پاراست.

پاش فەترەیەکی کورت دە پازدە سوار بەسێ چوار سەگەوە گەیشتنە دێ. باوکم لە پێشیان ڕاوەستا.

– سەلاموعەلەیك، فەرماندەکەیان گوتی.

– عەلەیکوموسەلام، باوکم وەڵامی دایەوە، چۆنە بۆ ئەو تەرەفە هاتوون جەنابی قۆمیتان؟

– ئێ، بێرەدا دەرباز بووین و گوتمان با سڵاوێکی لە جەنابت بکەین.

– کاری باشتان کرد، بەخێر بێن، فەرموون وەرنە ژوورێ با تاوێك بحەسێنەوە.

فەرماندەی دەستەکە لە ئەسپ دابەزی و خێرا سەربازێك جڵەوی ئەسپەکەی لێ وەرگرت. وێ دەچوو ژاندرمە بن.

– ماستاو بێنن، باوکم دەستووری دا.

کچەکان خێرا بە سێ چوار پارچ ماستاوی ترش و چەند پەرداخی خاوێن، دەستیان بەمیوانداری لە نیزامییەکان کرد.

– دەخوازن چاییتان بۆ دروست بکەین؟ باوکم لێیپرسی.

– نا نا، چای ناخۆینەوە، ماستاو خۆشترە.

لەوەڕا دەرکەوت کە جیا لە دوو سێ کەسی سەربازی خەڵکی ناوچەکە، ئەوانی تر هیچ کامیان کورد نەبوون. گشتیان بەفەرماندەوە، تورك و چەرکز و لاز بوون.

– ئاغا گیان، سەیرکە، فەرماندەکە بەباوکمی گوت. ئێمە دەزانین کە جەنابت ئاغایەکی گەورە و مرۆڤێکی خاوەن ڕێزی. بەرلەوەی بێینە ئێرە، زانیاری پێویستمان وەرگرتووە. لە گشت گوندەکانی دەوروبەر، بۆ هەر کامیان چووبین، تاریفی ئێوەمان بیستووە. ئەوە بەو مانایەیە کە ئاغایەکی بەقەدر و ئیحتیرامی. ئاغای ئەوتۆش بەردەوام هاوکاری دەوڵەت و لەشکرەکەی دەکات.

باوکم هیچ وەڵامێکی نەدایەوە و ئەویش بەردەوام خەریکی درێژەدادڕی خۆی بوو.

– دەبێ وڵاتەکەمان بپارێزین و دز و جەردە و پیاوخەراپی تێدا نەهێڵین و بەتایبەتی ئەوانەی ئیحتیرام بۆ حکوومەت دانانێن. دەزانی کە وڵاتەکەمان بەو گشت ڕەوشە نالەباردا تێ پەڕیوە و بەخۆشییەوە سەرکەوتوو بووە. چی بێدین و کافر و گاوری لەو وڵاتە دەژیان، هەرهەموومان لە نێو بردن، ئێستە بەپشتیوانی ئەڵڵا، ئێمە خاوەن دەوڵەتێکی خاوێن و موسوڵمانین و گوێمان لە بانگی مەلا دەبێ، بۆیە پێویستە ئەو دەسکەوتانە بپارێزین. بەتەنیا، نەخێر. دەبێ بەیارمەتی ئێوە ئاغاکان بیانپارێزین. بەبێ هاوکاری ئێوە هیچ ئەرکێك بەڕێوە ناچێ. بۆیە ئێمەش ڕێز و حورمەتێکی زۆرمان بۆ ئێوە هەیە تاکو خەڵکی ڕەش و ڕووت....

باوکم لە ژێر سمێڵەکانییەوە بزەیەکی هاتێ. گەرەکی نەبوو خۆی لە گێلی بدات کە بڵێ هیچ لە قسەکانی فەرماندە نەگەیشتووە.

– زۆر چاکە، حاڵی بووم، بەڵام من لەو باوەڕەدام کە لە ژێر

تاریفەکانی، جەنابی قۆمیتان، خواستێکی تر خۆی حەشارداوە. ڕاست و ڕاست پێم بڵێ چیت گەرەکە؟

– نا نا، ئاغا گیان، بەهەڵبەزینەوە گوتی... هیچم ناوێ، هیچمان پێویست نییە...

باوکم ئەوجار هەواکەی گۆڕی.

– باشە بەڕاستی برسیتان نییە؟ با دەستوور بدەم کاوڕێکتان بۆ سەر ببڕن؟ ڕەنگە ئەسپەکانیش ئالیکیان گەرەك بێ؟ چیتان پێویستە بیڵێن، گوێم لە فەرمایشاتی ئێوەیە.

– هیچ شتێك ئاغا گیان، هیچ، زیافەتیشمان کردووە، تەنیا دەمەویست پرسیارێکت لێ بکەم، ڕەنگە ئێوە گوێتان لێ بووبێ یا شتێکتان لەوبارەوە بیستبێ.

– چییە؟ پێم بڵێ.

– ئاغا گیان دە پازدە ڕۆژ لەوەپێش، دوو کەسی گاور، مەسیحی ڕایانکردووە.

– گاور لە کوێ؟

– لە لەشکر.

– باشە گاور بۆ دەبێ لە ناو لەشکری تورکدا بێ؟

– ئێ، چەند کەسێکمان هەیە، دەزانی، ئەوانەی سەر بەتابوری کرێکارەکانن.

– ئەهها، ئەوان دەڵێی. بەڵێ بەڵێ، بۆ ڕێگەوبان دروستکردن، بێگاری، ئەوە شتێکی جیا لە خزمەتکردن لە نێو سپا دایە. گوتم ئاخر...

– بەڵێ، بەڵێ مەبەستم ئەوانەیە.

– ئەوانە لە کوێرا هەڵاتوون؟ لە ئەرزەرۆم؟

– نا نا، ئاغا گیان. لە ساریقامیشڕا.

باوکم یەك قاقای تووندی لێدا.

– ئێ ئەوان لە ساریقامیش ڕایان کردووە و ئێوەش لێرە لێیان دەگەڕێن. سەیرە! لە ساریقامیش هەڵاتوون و لێرە بەدوایاندا دەگەڕێن؟ بەڕاستی سەیرە.

– بەڵێ بەڵێ.

– باشە پێمنالێی چۆن ئەوانە گەیشتوونەتە ئێرە؟ مەگەر ئیمکانی بڕینی ئەو گشتە ڕێگەیە هەیە؟ برالە، من دڵنیام لە شوێنێك عەرز ئەوانەی قووت داوە یاکو گورگ خواردوونی.

– ئاغا گیان شتی ئاوا مەڵی، ئێمە پتر لە دە ڕۆژ دەبێ کە بەدوایاندا دەگەڕێین.

– کەواتە؟

– دەبێ بڵێم کە پێوشوێنی ئەوانە، ئێمەیان گەیاندووەتە ئێرە.

– مەبەستت کوێیە؟

– مەبەستم تا سەر چۆمییە، لەوێڕا ون بوونە.... سەگەکانیش نەیانتوانیوە واوەتر بڕۆن،

– کاکی قۆمیتان گوێ بگرە، ئێوە بەئەسپ لە چۆمی پەڕینەوە. کەس بەبێ وەسیلە و تەنانەت ئەگەر مەلەش بزانێ، ناتوانی لەو ئاوە بپەڕێتەوە. بەتایبەتی ئەو بەشە لە چۆم کە بەلای دێیەکەی مندا تێ دەپەڕێ. خۆم دەزانم چەندە قووڵە. هیچ کەس تا ئێستە نەیتوانیوە لێی بپەڕێتەوە.

– بەڵێ ئاغا گیان ڕاست دەفەرمووی، ئێمە خۆشمان چاوێکمان لە ناوچەکە کرد و دیتمان بەڕاستی قووڵ و ڕژدە. پیاو دەڵێ ڕەنگە لە شوێنێکی تر پەڕیبنەوە، لە خوارەوەتر.

– ئێ، ئەگەر بەو تەرەفەدا هاتبن، کە باوەڕ ناکەم، ئێوەش دڵنیا بن دەیاندوزنەوە. باشە سەگەکان بەبۆنکردن، هیچ نیشانەیەکیان نەدیتووەتەوە؟

– نەخێر!

– بۆچی؟ باش تەعلیم نەدراون؟ ئێوە دەبێ بیرێك لەوە بکەنەوە، ڕەنگە پێویست بێ کە بۆن بەئاوی چۆمیشدا بکەن، چونکە دڵنیام لە ناو ئاوی ڕووباردا کەلاکی کابرای فیرار دەدۆزنەوە.

– تەنیا یەك کەس نییە ئاغا گیان، دوو کەسن.

– دوو کەس لە ساریقامیشڕا تا ئێرە، عەجەب حیکایەتێکە.

– ئاخ ئاغا گیان، ئەگەر ئینسان بێعار بوو... ئەوانە گشتیان هەر ئاوان، حاڵی بوونیان بۆ نییە. وا دەنوێنن کە ئیتاعەت دەکەن، بەڵام ڕاست لەو کاتەدا خەریکی دارشتنی پیلانێکی تر لە مێشکیاندان. ئەو بێدینانە تەنیا کوشتنیان قابیلە.

– باشە بۆچی ئەوانەتان بۆ کاری لەشکر بردووە؟

– من چ بزانم قۆمیتان بەدەم بیرکردنەوە گوتی و زوو زوو ماستاویشی بەسەردا دەکرد.

یەکێك لە دەرەجەدارەکان لەو نێوەدا وەقسە هات.

– داخوا بۆمان هەیە ئەو دەوروپشتەش بپشکنین؟

باوکم حاڵەتێکی زۆر جیدی بەخۆوە گرت. چاوەکانی لە چاوی قۆمیتان بڕی و بەقەڵسییەوە پێی گوت:

– کەواتە ئەو هەمووە وەختە بەو گشتە قسەیە دەتانویست بڵێن کە خوازیاری پشکنینیماڵی منن؟ ئیدی چ پێویستی بەپێهەڵاگوتنی من بوو و شێر و ڕێوی هێنانەوەی گەرەك نەبوو کە ئاغا تۆ پیاوی چاکی و بەڕێز

و قەدری و... . بەڵێ، بەو شێوە ڕەفتارەتان، دەبێ ڕاشکاوانە پێتان بڵێم کە بێ ئیحترامییەکی زۆرتان بەمن کرد و ئەوە بزانن، ئەگەر لە سەرەتاوە گوتبات چ دەخوازی، دەرگەی ماڵی من بۆ ئێوە کراوە بوو. بەڵام ئەو ڕەفتار و شێوازەی لە خۆتان نیشان دا، بەو خوایەی لە ژووری سەریە، تەنیا بێ ئیحتیرامی کردنە و هیچیتر.

– نا نا ئاغا گیان دڵت نەڕەنجێ، کابرای فەرماندە بەباوکمی گوت. ئێمە دەزانین تۆ کێیت و کاتێك تاریفم کردی، بەدرۆ نەبوو. مەبەستم ئەوە بوو کە ئەگەر بکرێ پیاوەکانم چەند پرسیارێك لە خەڵکی دێیەکەی جەنابت بکەن. دەخوازین بزانین ئاخۆ کەسیان بینیوە، گوێبیسی شتێك بوونە، ئەو زانیارییانە یارمەتیمان دەدەن. هەر تەنیا ئەوەندەمان گەرەکە و بەس.

ئەو نیزامیانەی چەند وەخت بوو سەگەکانیان ڕاگرتبوو، بەرەڵایان کردن. سەگەکانیان پەلاماریان دەدا و بێروبەوێدا ڕایان دەکرد و لەو نێوەدا کردبوویانە تەپوتۆزێك، هەر خوا بزانێ. چەق و لووری تووندی سەگان دنیای هەراسان کردبوو. سەگەکانی خۆشمان وەخۆکەوتن و پەلاماریان دانێ. ڕەسوڵ بەغار هات و گوتی:

– باش چاویش، باش چاویش... خێرا سەگەکانت کۆ کەوە، چونکە ئەوانەی ئێمە پێشیان پێناگیرێ و ورگ دەدڕن. ئەوە پێم گوتی سەگەکانت دەخنکێنن.

لە ڕاستیشدا، ئەوانەی ئێمە زلتر و قەپەگۆڵتر و لە نیژادی کانگال بوون... هەرکە چاویان بەبێگانەیەك دەکەوت، خێرا پەلاماریان دەدایێ و بەقەپاڵیان خەریکی پچڕین و دڕین دەبوون. نیزامییەکان خێرا سەگەکانیان کۆ کردەوە و گەرەکیان بوو هەرچی خێراتر بۆی دەرچن. قۆمیتان بەدیتنی ئەو شانۆیە و ڕەفتاری بەبڕشتی باوکم و ئامادەیی

ڕەعیەتەکانی خاوەن ڕەخت و فیشکدان و تفەنگی ماهوزەر، لێی حاڵی بوو کە هیچی بۆ ناکرێ.

– زۆر چاکە، ئێمە دەڕۆین...، هێندێك دەوروبەری ڕووبار دەپشکنین و هیوادارم بیاندۆزینەوە، ڕەنگە دووبارە بگەڕێینەوە لاتان و تۆزێك وەختتان بگرین.

کاتی سواربوونی قۆمیتان، باوکم لە بەدڵنیاییەوە پێی گوت:

– چاوەڕوانتان دەکەین جەنابی قۆمیتان. هەر وەختێ دێن، بەخێر بێن. هەرگیز ناراحەت نیم. بۆ چای خواردنەوە حەتمەن وەرنەوە. چای، ماستاو و خواردن لە خزمەتتان دایە، هەرچی گەرەکتانە لە ماڵی من دەست دەکەوێ، ئەگەر پێویست بێ، دەتوانن شەویش لێرە بخەون، جێگەوبان زۆرە.

– سوپاس ئاغا گیان، سوپاس.

– بەخێرچن... باوکم ماڵئاوایی لێکردن.

سەری ئەسپەکانیان وەرسوڕاندەوە. سەرەتا قۆمیتان وەپێش کەوت و گشتیان ون بوون.

– تا ئێستە باش چووینەتە پێشێ. دەستتان خۆش کوڕەکان. ئێستە دەبێ چوارچاو بین، ئەوانە بەزوویی دەگەڕێنەوە لامان.

ڕۆژی هەوەڵ دەرباز بوو، شەو داهات و کەس وەدیار نەکەوت. سەبارەت بەڕەوشی فیراریيەکانیش، تا دەهات وەزعی تەندروستییان باشتر دەبوو. ڕۆژی دوایی، هەرگیز باسی ئەو بەزم و هەرایەمان نەکرد، بەو حاڵەش باوکم بەردەوام وشیاری دەکردینەوە.

– خۆتان مەگوێزرێنن. بەسەری خۆم سوێند دەخۆم کە ئەوانە دووبارە دەگەڕێنەوە. ئێستە لە گوندەکانی دەوروبەری چۆم خەریکی پشکنینن. دەگەڕێنەوە، چونکە هیچیان نەدۆزیوەتەوە و زیادتر هاربوونە.

ڕاست ڕۆژی سێیەم، بەیانی سەحەری وەدیار کەوتنەوە. ئەوجار کۆمەڵێکی بێنەزمی ئەفسەرانی سوارە نیزام بوون. هەورێك لە تەپ و تۆزیان بەدوای خۆیاندا ساز کردبوو.

– تورك عەجایب جەنەگرن، باوکم گوتی. فەرموو دیسان هەر عەینی تورکە هاتەوە.

– ئاغا گیان ڕۆژباش، خوا قەوەتتان بداتێ.

– خۆش بی، سوپاس، چیتان کرد، بەکویٚ گەیشتن؟

– ئەو بێدینانە هەروا بێسەروشوێنن. هەموو جێگەیەك گەڕاین و لە هیچ شوێنێك سۆراغمان نەکردوون. تەنیا پۆتینێکی دڕاومان دۆزیوەتەوە کە ڕەنگە عەسکەری بێ.

– قۆمیتان چیم پێ گوتی، مەگەر نەمگوت کەس ناتوانێ خۆی لەو چۆمە بدات.

– بریا خوا کردبای کەلاکەکانمان دۆزیباوە، بەڵام کوا، ئەوانە ئەوەندە پیسن کە چۆمیش ڕایان ناگرێ.

– ئەوە خەراپە. بەڵام جەنابی قۆمیتان، لە بیرت نەچێ کە ژێر ڕووبار یەك پارچە قوڕە و ڕەنگە تێی چەقی بن، بۆیە کەلاکیان وەسەر ئاو ناکەوێ.

– لە قولاییشدا بەدوایاندا گەڕاین. ئاغا گیان ڕەنگە بڵێی ئەوانە خۆیان بەچیوە ماندوو دەکەن، چ بکەین، لە سەرێڕا دەستوورمان پێ دراوە.

– عەجەب فەرمانێکت پێ دراوە!

قۆمیتان دووبارە دەستی بەماستاو خواردنەوە و پێهەڵاگوتن و تاریفە قۆڕەکانی کردەوە.

– ئێمە حورمەتێکی زۆرمان بۆ ئێوە هەیە. بەڵام چ بکەین، ناچارین

تەواوی ئەو دەڤەرە بپشكنین. ماڵ و مەزرا و گشت جێگەیەك. شوێنەكانی دەوروبەر گەڕاوین و تەنیا گوندی جەنابت ماوە. ئیزنمان پێ دەدەی بگەڕێین؟ با ئەوەندە كارەش بكەین و ڕزگارمان بێ و ئەو فایلەش ببەستین. ئەگەر ئەوە نەكەین، فایلەكە هەروا بەكراوەیی دەمێنێتەوە. بۆیە بەبێ ئیحتیرامی دامەنێ و زۆرت سوپاس دەكەین، ئیزنی پشكنینمان پێ بدەی. من ناچارم ئەركی خۆم بەجێ بگەیەنم. گشت فەرماندەرانی پایەبەرز، بەرپرسانی بالای حكوومی و قایمەقام، هەرهەموویان زەختیان لێكردووین كە شەو و ڕۆژ بگەڕێین و وڵات بپشكنین و هیچ كەس و شوێنێك هەڵناوێرین. ئەوەندەی من دیتم، ئێوە لێرە خاوەن سی ماڵن و گوندێكی تەواوە. تكایە لێم حاڵی بە، بۆ ئێوەش باشترە، چونكە ئیتر پێویست بەگەڕانەوەمان و ئەزیەتی ئێوە ناكات. یەكجار بۆ هەمیشە ئەو گرفتە كۆتایی پێ دێ، لەبەرئەوەی شوێنپێی ئەوانە تا ڕووبار و نیزیك مەزرای ئێوە هاتووە. لەوێڕا، یا لە نێو ئاودا خنكاون، یا ڕوویان لە لایەكی تر كردووە.

كابرای تورك هەركە لە پاڕانەوە تەواو بوو، كە لە ڕاستیدا هەڕەشەی شاراوە بوو لە ئێمەی دەكرد، باوكم بانگی پیاوانی گوندی كرد:

– یارمەتی ئەو نیزامییانە بدەن با هەموو وڵاتی بپشكنن، هەر جێگەیەكی گەرەكیان بێ، قۆمیتان تۆش وەرە ئێرە لای من. ئەوەندەی پیاوەكانت خەریكی گەڕان دەبن، تۆ ماستاو بخۆوە.

قۆمیتان بەدڵنیایی تەواوەوە دەستووری بەپیاوەكانی خۆی دا تاكو دەست بەپشكنینی وڵات وەك مەزرا، ماڵ، حەمبار، ئاخوڕ و ژێرعەرز بكەن.

ئەوانە هیچ كەلێن و قوژبنێكیان نەهێشت و هەرهەموویان پشكنی. من كە تەواوی جموجۆڵی ئەوانم خستبوو ژێر چاوەدێری، ڕەنگم بەبەرەوە نەمابوو و دڵم لەبەر توووند لێدان خەریك بوو بتەقێ. بەپێچەوانەوە، باوكم

زۆر ئـارام و مـتـمـانـە بـەخۆ لـەمـەر بـێ تـاوانـی ئـێمـە وەبـەرچـاو دەهـات، بەردەوام هەرای کچەکانی دەکرد کە بۆ قۆمیتان هەڵوای بێنن، چونکە بۆنی لە وڵاتی گەڕابوو. ماستاو و هەرچی بەبیریدا دەهات و پێی وابوو لە ماڵدا وەگیر دەکەوێ، داوای کرد. کچەکان سینی دوای سینی شتیان هێنا. هەرکات شەربەتیان دەدا بەکابرای تورك، لە باڵەخۆیاندا قوڕ و ژەهریان دەرخوارد دەدا. ″ یاخوا پێی بخنکێی، یارەبیی لە گەرووت گیرێ ″.

ئەو فەترە زەمەنییە بۆ من بەسەدەیەك گوزەرا. لە پڕێکا دیتم کە ڕەسوڵ لە دوورەوە دەهات. ئەو پێ دەکەنی و دارێکی وەك گۆچان بەدەستەوە بوو و هـەڵـی دەسووڕانـد و لـەبـەر خـۆیـەوە نـارەنـاری بـوو و گـۆرانـی دەگـوت. بەئەسپایی لە تەنیشت باوکم دانیشت و ڕووی لە کابرای تورك کرد.

– قۆمیتان بەخێر هاتی.

وەڵامێکی وەرنەگرتەوە و چاوێکی سووکی لێ کرا. باشە کابرایەکی پلەداری عەسکەری چی هەیە لەگەڵ گوندییەك باسی بکات. بەڵام ئەو قۆمیتانە بێ ئاقڵە بەکوێدا بزانێ کە گشت ئەو نهێنیکاریانە لە ژێر سەری ئەو گوندییە دایە. ئەوە ڕێوییە و ڕەسوڵی پێ دەڵێن، چۆن ڕەسوڵ پێ دەکەنی، لێمان حاڵی بوو کە وەزعی میوانەکانمان لەوپەڕی باشیدایە.

یەك یەکی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە نیزامییە گەڕانەوە.

– هیچمان نەدۆزییەوە، جەنابی قۆمیتان. نە لە نێو ماڵەکاندا و نە لە نێو ئاخوڕەکاندا، مەزراکانیش گەڕاین. لە هیچ جێگەیەك، شوێنپێیەك بەرچاو ناکەوێ.

لە کۆتاییدا قۆمیتان هەستایە سەرپێ و چەکمەکانی بەشریخە لێکدا و ماڵئاوای لە باوکم کرد.

– سوپاس ئاغا گیان، سوپاس بۆ هەموو شتێك، بەتایبەتی بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێمە. من بەش بەحاڵی خۆم ئەگەری یەك لە ملیۆنیشم

نـەدەدا کـە ئـەو گـاورانـە لـێرە بـن. بـەڵام دەبـیـنـی، وەزیـفـە و ئـەرك و دەستووراتی باڵا، چ لە پیاوی دەکەن. دووبارە سوپاس. خواتان لەگەڵ بێ.

– خوات لەگەڵ قۆمیتان، سڵاوی من بەجەنابی قایمەقام بگەیێنە.

– سوپاس، دڵنیابە.

– بژی ڕەسوڵ، بەڕاستی بژی. دەمزانی ئەو کارە تەنیا بەتۆ دەکرێ.

– سوپاس بۆ ئێوە ئاغا گیان، خوا سێبووریت بداتێ.

– ئەوەندەی تۆ لێرەی، کاکی برا من بەڕاحەتی دەخەوم. میوانەکانم وەزعیان چۆنە، برینەکانیان لە چ حاڵدایە؟

– زۆر باشن، ئاغا گیان، وەك چاوەکانم ئاگام لێیانە.

– ئەهـا تۆش، ڕەسوڵ، باشە هیچ شتێکی تر نەبوو بیڵێی، ئەوە نەبێ. ئاخر من چۆن دەتوانم کەسێکی وەك تۆ بەکوێری ببینم.

هەر هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دا. نەك لەبەر ئەو قسەیەی باوکم، بەڵکو لەبەر ئەوە بوو کە چاوەکانی ڕەسوڵ تووشی ئاو مرواری هاتبوون و بێچارەیە نیوە کوێر بوو. پاش ئەو قاقا و پێکەنینە، ئەوسا تۆزێك هێور بووینەوە.

– باشە ڕەسوڵ میوانەکانت لە کوێ شاردوونەوە؟ من لێم پرسی، چونکە بەڕاستی بەلامەوە سەیر بوو ئەو گشتە نیزامییە، ئەویش بەکۆمەڵێك سەگی تەعلیمدراو، نەیانتوانی میوانەکان بدۆزنەوە.

– بەئاغای خۆم بڵێم، زۆر لەسەرخۆ وەڵامیدامەوە. تۆ لێرە لە دایك بووی و سەردەمی منالی و لاوەتیت لێرە دەرباز کرد، بەتایبەتی لە نێو ئەو ڕەوەزانەدا. ئێ، من پێم وایە تۆ هیچ کات نەگەڕاوی و شوێنە نهێنییەکان پێ نازانی.

– بست بەبست بەماڵی خۆمان دەزانم. تەواوی حەشارگە و کەلێن و قوژبنەکانی شارەزام.

– نا نا ئاغا گیان، تۆ پێت وایە بەڵەدی. چونکە کوونێك هەیە کە تۆ قەت چاوت پێی نەکەوتووە.

– کوا لە کوێیە؟ دەی پێم نیشان بدە.

ڕەسوڵ وەپێش کەوت و منیش بەدوایدا. بەڕاستی ئەو ئەشکەوتە لە ژێر ماڵەکەماندا بوو. ڕەسوڵ لەو ئەشکەوتەڕا کوونێکی تری ساز کردبوو کە دەچووە ئەشکەوتێکی تر و هیچ کەس شکی بۆ نەدەکرد. جێگەی باوەڕکردن نەبوو کە دوو ئەشکەوت هەبن. یەکیان دیار و بۆ دەربازبوون دەبوو و ئەوەی تریش شاراوە و دژوار بۆ چوونە ژوورەوەی.

ئەشکەوتی دووەم گەورە و ڕووناك بوو و هەوای بۆ دەچوو. لە لایەکڕا دیواری بەردی سەخت و لە لایتریش بەردی تەنك و نەرم حەشاری دابوو. ڕەسوڵ کونی بچووکی لە دیوارەکە کردبوو کە ڕووناکی و هەوایان پێدا دەهاتە ژوورەوە. هەردوو سەربازە فیرارییەکان لەو ئەشکەوتەدا و لەسەر ڕایەخێکی بەردەستان و خاوێن و گەرم ڕاکشابوون و لە تەنیشتیان خواردەمەنی و دەرمان داندرابوو.

وەزعیان باشتر لە پێشوو وەبەرچاو دەهات. کاتێك منیان بینی، سەریان تۆزێك داخست و دەستیان لەسەر دڵیان دانا و بەو چەشنە سوپاسی منیان کرد. ئەوان ئی تر حاڵی بووبوون کە ئێمە لەسەر بەڵێنی خۆمان ماوین.

## مەترسی پزیشك

لە نێو دێدا میوانخانەیەك بۆ میوانداریکردنی خەڵکی لاوەکی دروست کرابوو، ئەوانەی جاروبار بەسەردان دەهاتنە لای ئێمە. دیارە کەڵکێکی ئەوتۆ لەو میوانخانەیە وەرنەدەگیرا. ڕەسوڵ بەسەر ئەو شوێنە ڕادەگەیشت و چەك و سیلاحی تێدا شاردبووەوە و پێویست نەبوو کە خەڵك پێیان بزانێ.

ڕەسوڵ هۆدەیەکی بۆ ئەو سەربازە فیراریانە ئامادە کردبوو. ئەوان نە دەکرا لەوە زیادتر لە نێو ئەشکەوتدا بمێننەوە. میوانخانە و بەتایبەتی هۆدەی فیرارییەکان لە بەرزترین شوێنی دێ هەڵکەوتبوو. بانێکی بەرزی هەبوو و لە دیوی دەرێڕا، پەنجەرەکانی بەشێوەیەکی وا دروست کرا بوو لای ژوورەوەی بەرین بوو لای دەرەوەشی تەنگ و تەسك بوو تاکو کەس نەتوانێ ژوورەوە ببینێ. بۆیەش کەس لە دەرەوەڕا نەیدەتوانی ژووری ببینێ، هەرکەس لەو هۆدەیە بوایە، بێ هیچ گرفتێك ئاگەداری هاتنی کەسی تر دەبوو و دەیزانی چ قەوماوە، چونکە خوارووی دێی لێ دیاربوو. لە شوێنێکی باش هەڵکەتبوو و لە کاتی تەنگانەدا، پێڕادەگەیشتی خۆت تەقەت بکەی.

– باپیرە ئەو ئەشکەوتەی بەمنیش نیشان دەدەی؟

– ئەی چۆن، حەتمەن پێتی نیشان دەدەم. جارێ لێم گەڕێ با قسەکەم تەواو بێ.

– باشە چۆنە تا ئێستە کەس سەبارەت بەو حەشارگەیە هیچی بە من نەگوتووە. دەی پێم بلێ با بزانم لە کوێیە.

– پێم گوتی کە پێتی نیشان دەدەم. چییە وەك پیرێژنان بەجێوبان کەوتووی. من پیاوم گەرەکە، هەر ئێستەش.

پتر لە حەوتوویەك دەبوو کە سەربازانی فیراریمان دۆزیبووەوە. باپیرەم دەستی بەقسەکردن کردەوە.

– سەبارەت بەبرینەکانیان تووشی نیگەرانییەکی زۆر هاتبووین. لە لایەکی تریشەوە ژیانمان لەبەر پشکنین و گەڕان کەوتبووە مەترسییەوە و نەماندەزانی دوای ڕۆیشتنی نیزامییەکان چ بکەین. نەماندەزانی خەڵکی کوێن، ناویان چییە و چۆن لە لەشکر ڕایان کردووە و لەمەو بەدوا دەخوازن چ بکەن

کاتێك لەو بارەوە لەگەڵ باوکم کەوتمە ڕاوێژ، وەڵامی دامەوە.

– باشە چیت لێ حاڵی دەبێ کوڕم، ئەگەر هەمووی ئەو شتانەت زانی؟ هاتوو ناوی خۆیان بەتۆ گوت، ناوی ڕاستی یاخود نازناو، تۆ چیت دەست دەکەوێ؟ باشترە لەو باسانە گەڕێی، با جارێ هێندێك بحەسێنەوە و سلامەتی ڕوویان تێبکاتەوە، دوایە فکرێکیان لێ دەکەینەوە. ئێستە برینەکانیان قورسن، بەتایبەتی قاچی یەکێکیان چاك نەبووەتەوە. دەزانی ئەو دڕکانە چ ئازارێکیان پێوەیە. تەنانەت ئاژەڵی کێوی و مار بەژەهرەکەی دەمرن. من لەوە دەترسم کە مەبادا ئەندامی حەیاتی گەنجەکە ئازاری دیبێ. جارێ لێیان گەڕێ و نیگەران مەبە، فەترەیەکی تر چاوەڕوان بە، هەموو شتێکمان لێ ڕوون دەبێتەوە. ئەوانە ئێستە میوانی ئێمەن. بەپێی داوونەریتی خۆمان، هەرکەس لە دەرگەی ماڵێی دای ئەوا خوا ناردوویە، بۆیە جیا لە دەرگەی ماڵ، دەرگەی دڵیشمانی بۆ دەکەینەوە. ئێمە هەر بەو دەستوورەش لەگەڵ ئەو گەنجانە هەڵسوکەوت دەکەین. وەختێك دێ کە ڕەوشیان باشتر دەبێ و بەسەرهاتی خۆیان دەگێڕنەوە و ئێمەش یارمەتییان دەدەین تاکو بگەنەوە شوێنی خۆیان، جا خەڵکی هەر جێگەیەك بن. پەلە مەکە کوڕم، حاڵی بووی؟ ئێستە بڕۆ و سەردانێکیان بکە با وەڕس نەبن. نەکەی بیانخەیە ژێر پرسیاران، ئاگات لەوانی تریش بێ، مەبەستم ئەوانەی خۆمانە، با میوانەکان ماندوو نەکەن.

بەدەم ئامۆژگارییەکانی باوکم ڕووم لە لای میوانەکان کرد. زۆر بێهێز و لاوازم دیتن. خوێن بەردەوام لە برینەکانیان دەهات. تەنیا کارێکی باشی دەیانکرد، ئەوە بوو کە چاکیان دەخوارد و زۆریش دەخەوتن. هەر کارێکی دەیانکرد، ماندوو و شەکەتییان پێوە دیاربوو. ئەوەیان کە بەسەر دڕوەکاندا کەوتبوو، سەراسەری لەشی دەزوورایەوە، بەتایبەتی لەو شوێنانە کە ژمارەیەکی پتر لە لەشی ڕۆچووبوون. بێچارەیە ئازارێکی زۆری دەکێشا، تەنانەت کاتی مەعجوون لێدانیش. هێندیك لە برینەکانی

لەشی خەراپتر بووبوون. برینی قاچی کوڕەکەی تریش بەرەو چاکبوونەوە نەدەچوو. هەرچەند بەتوندی بەستبوومان و بەردەوام پەڕۆکانمان دەگۆڕی و هی خاوێنمان لەسەر دادەنا، بەو حاڵەش باشتربوونی بەخۆوە نەدەدی.

هەرچەند ئێمە شارەزا نەبووین، بەڵام دوای دوو ڕۆژ بۆمان دەرکەوت کە سێ پەنجەی لاقی کوڕەی تووشی نەخۆشی گانگرین هاتووە. پوورم دەستەوەستان مایەوە و لەوە زیادتر هیچی بۆ نەدەکرا.

باوکم بەردەوام لە فکردا بوو. پێویستیمان بەدوکتور بوو، هەرچەند مەترسییەکی گەورەی لێ دەکەوتەوە. باشە ئەگەر دوکتور بەماجەراکە بزانێ و ڕاپۆرتمان لێ بدا، چ بکەین، لەو لاشەوە هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو، نەشدەکرا ئەو کوڕە بێچارەیە ڕەها بکەین تاکو بمرێ. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە دەکرێ کارێکی بۆ بکەین.

باوکم ئاخرەکەی بڕیاری دا و یەکسەر هەستایە سەرپێ و بانگی ڕەسوڵی کرد.

– ڕەسوڵ پێویستە بچییە سیبریکایا و دوکتور بێنی.

– گوندێکی گەورە، ڕێگەی سێ چوار سەعات بەسواری ئەسپی

– دەتوانی پێی بڵێی کە میوانێکمان کەوتووە و لاقی شکاوە.

ڕەسوڵ دەستووری باوکمی وەرگرت، گنجێکی کەوتە نێوچاوانی، دەستێکی بەردێنیدا هێنا و هیچی نەگوت.

– بەڵێ زۆر باشە ئاغا گیان، ئێستێ کە بڕیارت داوە، بەچاوان من وەرێ دەکەوم.

– حەسەن تۆش لەگەڵی بچوو. بە دوکتوری بڵێ کە ئامۆزایەکی خێزانت کە خەڵکی دەڤەری وانە، گرفتی لاقی هەیە. هەموو کەس دەزانێ کە بووکەکەمان دانیشتووی دەڤەری وانە.

ڕەسوڵ چەشنی قرژاڵی بەحری بۆ ئەو سەفەرە خۆی پڕچەك كرد. تفەنگ و ڕەخت و فیشەكدان، دەتگوت دەچینە بەرەكانی شەڕ، كاتێك لێم پرسی ئەو گشتە چەك و چۆڵە بۆ چییە، وەڵامی ئامادەی لە نێو باغەڵیدا بوو.

– ئاغا گیان پیاو نازانێ لە ڕێگەدا چ دەقەومێ... سیبریكایا زۆر دوورە و لە ڕێگەدا ئاژەڵی درندە هاتووچۆیان دەكەن..... مەبەستم ئاژەڵی دووپێیە كە سەداسەت هەن. لە تۆ دەپرسم، باشە ئەگەر زابتەكانی عەسكەری ڕێگەمان لێ بگرن و لێمان بدەن، نابێ چەكێكمان پێبێ تاكو بەرگری لە خۆمان بكەین؟ من گەرەكم نییە وەك سەگ ڕوو لە ڕەزی بكەم.

ڕەسوڵ وەهای باسی وەزعی ڕێگە كرد كە منیش بەپێویستم زانی تفەنگی خۆم هەڵگرم. ئاو و ئازووقەمان دانا و وەڕێكەوتین.

ڕێگەكە بەڕاستی ناخۆش و لە هێندێك شوێن مەترسیدار بوو. بەڵێ، لە دۆڵێكی قووڵ و چڕ و تەنگەبەر، بەباریكەڵە ڕێگەیەكی شاراوەدا دەڕۆیشتین و دەبوایە زۆر وریا بین تا بەئەسپەوە هەڵنەدێرێین. جێگەیەكی چڕ و ڕژد و ناخۆش بوو و خۆی لە خۆیدا ترسی دەخولقاند. گەلێك شتی سەیر وەك فڕینی باڵندە، جووڵانەوەی لقی دارەكان، دەنگی ئاژەڵی كێوی، ترس و نیگەرانییان دەخولقاند. دەتگوت قەت گوێمان لەو دەنگانە نەبووە. باسی ئەوەش ناكەم كە بەردەوام پێمان وابوو، كەسانێك بەدوامانەوەیە. بەهەرحاڵ هێدی هێدی ڕێگەمان بڕی. لەوپەڕی قەڵسی و تووڕەییدا گوێمان بۆ شەقەوڕەقەی ڕێگە هەڵخستبوو. كاتێك دوایین گەروومان پێوا، هەردووكمان پێكەوە، هەناسەیەكی ڕاحەتمان كێشا. تۆزێك هێور بووینەوە و دەتگوت بەدەست نۆبەتێوە ڕزگاریمان هاتووە. هێندێكیش باسوخواسی سەگان هاتە گۆڕێ. ڕەسوڵ دەیگوت كە سەگەكانی سیبریكایا ناسراون، گشتیان كانگالین. ئەگەر تەعلیمی باش بدرێن، عەجایب دڕدەبن، چونكە باشترین سەگی مەڕییان پێ دەڵێن.

– ئاغا گیان، بەڵەك لە سیبریکایا لە دایك بووە... وەختێك هێنامانەوە دێ، تولەیەکی زۆر بچووك بوو. نەیدەتوانی بەسەر پێوە ڕاوەستێ. پاش فەترەیەکی کورت، وەك شێری لێ هات. دەزانی گردی کابورتەپە لە کوێیە؟

– بۆ دەپرسی؟

– چونکە ڕۆژێکیان لەسەر ئەو گردە، محۆ، شوانە پیرەکەمان، لەگەڵ نەوەکەی لەبەر مەڕی بوون. کاتێك دەگەنە سەر ئەو گردە، محۆ لەسەر بەردێك دادەنیشێ بۆوەی پشوویەك بدات. لە نەکاو دووپشکێك پێیوە دەدا. بەخۆشییەوە زووی پێ دەزانێ و دووپشکەکە پێڕاناگا ژەهرەکەی بەتەواوی ڕۆ بکات. بەو حاڵەش زەرەدی خۆی دەدا و محۆ ناچار دەبێ بگەڕێتەوە نێو دێ. نەوەکەی بچووك بوو و نەیدەتوانی باوکی لە پشتێ بکات و بیهێنێتەوە ماڵ. محۆ لە ڕووی ناچاری بە نەوەکەی دەڵێ:

– ڕاکە ناو دێ و داوای یارمەتی بکە.

– ئەی مێگەل باپیرە! چی لێ بکەین؟

– بەڵەك لەگەڵ خۆت بەرە و حەیوانەکان لە یەك شوێن کۆکەوە. لە دەوری حەیوانەکان بەداردەست جغزێکی بازنەیی لەسەر عەرز ڕاکێشە. لەو جێگەیەی جغزەکە تەواو دەبێ، دارەکەت بچەقێنە و دەستوور بەبەڵەك بدە وەك نیگابان لەوێ ڕاوەستێ و ئاگای لە حەیوانەکان بێ. کوڕە چی باپیری گوتبووی، بەقسەی کرد و پاشان بەغار هەڵات بۆ نێو دێ. ئێ، تاکو بگاتەوە نێو دێ و داوای یارمەتی بکات و بگەڕێتەوە، شەش کیلۆمیترێکی تێ دەچوو. بەڵەك هەرکات دەیدی حەیوانێك جووڵە دەکات و خەریکە لە کۆزیلەی مێگەل دێتەدەر، خێرا سەری بەردەدایەوە و دەچووە لای و بەزەبری شان و ملی خۆی، دەیگەڕاندەوە شوێنەکەی.... کوڕە کاکی خۆم چیت بۆ بگێڕمەوە، لە ترسی بەڵەك، چما گورگ زاتی دەکرد، نیزیك بکەوێتەوە.

بەو قسە و باسانە ئاگامان لە ڕێگە برا و نەمانزانی چۆن گەیشتینە سیبریکایا. دێیەکی زۆر جوان بوو، لە نێو دارستاندا خۆی حەشار دابوو. ماڵ و کۆڵانەکانی لە بەرد دروست کرابوون. بەماڵی دوکتورمان نەدەزانی. لە دوو ئافرەتی گەنجمان پرسی کە لەبەر دەرگە وێستابوون و پێکەوە قسەیان دەکرد.

– ئەریٚ بەماڵی قەسیم دەزانن؟

– بەڵیٚ، چۆن پێی نازانین، وەرن با پێتان نیشان بدەم. یەکێکیان گوتی و خێرا ئێمەی بردە خانوویەکی بەردینەی گەورە.

– مەلا قەسیم، مەلا قەسیم، هەرای کرد.

– بەڵیٚ بەڵیٚ، چ دەخوازی کچم، دەنگێکی ژنانە هات و لەبەر دەرگە ڕاوەستا.

– فەرموو، دوو پیاو لێرە کاریان بەدوکتورە.

– فەرموون، وەرنە ژووریٚ، ژنە وەڵامی دایەوە و دەروازەی دوو لینگەی کردەوە، بۆوەی بەئەسپەکانەوە وەژوور حەسار بکەوین.

– من خێزانی دوکتورم، ئافرەتەکە گوتی. بەخێر بێن، فەرموون بۆ ماڵەوە.

پێڵاوەکانمان دانا و چووینە هۆدەی میوانان، دوو سەرینی گەورەی داینیٚ تا لەبەر پشتمانی بنێین. بەهێندیك ماستاو بەخێرهاتنی کردین و چاوەڕوان دانیشتین. مەلا قەسیم خەریکی نوێژکردن بوو. پاش فەترەیەك وەدیار کەوت.

– ئەی بەخێر بێی ڕەسوڵ... چ خەبەرە، چۆنە ڕووت لەو گەڕەکەی ئێمە کردووە.

– سوپاس مامۆستا، ڕەسوڵ بە حورمەتەوە وەڵامی دایەوە. وەڵاهی چیت

لێوەشێرم، جەنابی ئاغا ئێمەی ناردووە... .

– هەر بەخێر بێن، ئاغا چۆنە؟

– باشە، زۆر باشە، دوعای بەخێرت بۆ دەکا. ئەوەش حەسەن ئاغایە.

– خۆشحاڵم کوڕم. داوەرە با ماچت بکەم، وەزعت چۆنە؟

مەلا قەسیم پیاوێکی جوان، بەساڵاچوو و سەر و ڕدێنێکی تەواو سپی، وێ دەچوو لە ژیانیدا زۆری ئازار چێشتبێ و دەستەکانی تۆزێك دەلەرزین.

– من باشم مامۆستا، بەڵام تووشی ڕووداوێکی ناخۆش هاتووین. ئامۆزایەکی خێزانم لە شاری وانرا بەسەردان هاتووە و لاقی شکاوە. لێم مەپرسە لە کوێ و چۆن، لەبەرئەوەی منیش نایزانم تاکو بەجەنابتی بڵێم. باوکم پێی وایە برینی لاقی سووك نییە و تووشی گانگرین هاتووە. پێویستە جەنابت لەگەڵمان بێی و چاوێکت پێی بکەوێ و چی لە دەستت دێ بۆی بکەی. گشتمان بەو وەزعە ناڕەحەتین، بەتایبەتی خێزانم. ئێستە لێم حاڵی بووی چ دەڵێم. جاری یەکەمە هاتووەتە سەردانی خزمان و تووشی ئەو نەخۆشییە هاتووە.

– ئەوە شتێکی ناخۆشە، زۆریش ناخۆشە.... دوکتور لە ژێرەوە بۆڵە بۆڵی بوو. ئەو سەردەمە دەوا و دەرمانیش وەگیر ناکەوێ... گانگرین بەدەرمان چارەسەر ناکرێ، ناخۆشترین دەردە کە پیاو تووشی دەبێ.... تەنیا ڕێگەی عیلاجی.... هەر لێیگەڕێن باشترە.

– چ ڕێگە چارەیەکت پێ شکدێ دوکتور؟ تکایە پێم بڵێ.

مەلا قەسیم وەڵامی نەدامەوە، بەڵام بەئیشارەی دەستی، پێی گوتین کە پێویستی بەبڕینەوە هەیە.

– کەواتە لاقی دەبێ ببڕێتەوە؟ بە پەشۆکاوی لێم پرسی.

– بەڵێ، بەسەر وەڵامی دامەوە.

– بەداخم، چ بکەین، ناچارین، چارە نییە، دەبێ گیانی ڕزگار بێ. بەهەرحاڵ دوکتور پێویستە لە گەڵمان بێی. باوکم چاوەڕوانە.

– باشە کوڕەکان، بەڵام ئەوشۆ ناتوانم. بەشەو بەو دۆڵەدا ناڕۆم. ئیمشەو لێرە دەخەوین و بەیانی سەحەری، بەر لە تاوهەڵات وەڕێ دەکەوین.

چاوێکم لە ڕەسوڵ کرد و ڕەزایەتیمان دەربڕی. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئێمەی گەنجتر لە دوکتور، بەسواری ئەسپ و بەڕۆژی ڕووناك، چەندە تووشی دەردیسەر هاتین تا لەو گەرووە نەجاتیمان هات. تەواوی ڕێگە هەڵدێر و جێگەی مەترسی و کوێرە ڕێ و نێو چیا بوو. باشتر دەبوو کە بەڕۆژ بکەوینە ڕێ. بەهەرحاڵ، بەقسەی مەلا قەسیممان کرد. لە ماڵی مەلا زیافەتمان کرد و لەو شوێنانەی بۆیان تەرخان کردبووین، خەوتین.

ڕۆژی دوایی، بەیانی زوو، هێشتا وەخەبەر نەهاتبووین کە یەکێك لە دەرگەی ژوورەکەمانی دا. ڕەسوڵ لە جێگە دەرپەڕی و دەرگەی کردەوە. چاومان بەدوکتور کەوت کە تەواو ئامادەی سەفەر بووبوو. گۆچانی پێبوو و جانتایەکی چەرمی بەدەستەوە.

– چ خەبەرە کوڕەکان، نەمانگوت بەیانی پێش تاوهەڵات وەڕێ دەکەوین. ئەوە نیوەڕۆیە و ئێوە هێشتە خەوتوون؟ ڕابن، ڕابن.

هەستاین و خێرا چۆرێك ئاومان بەچاوەکانمان داکرد و بەپەلە تاشتیمان خوارد کە بۆیان ئامادە کردبووین.

– ئەی باشە دوکتور ئێوەش نانێك، چاییەك ناخۆن؟

– ئێستە! من لەمێژە نانی بەیانیم خواردووە.

چاوێکم لە کاتژمێرەکەم کرد، پێنجی بەیانیی بوو. چووینە حەوشە. ئەسپی مەلا قەسیم ئامادە کرابوو و کوڕێکی گەنج جڵەوی ڕاگرتبوو. مەلا قەسیم وەسەر بەردێك کەوت و بەیارمەتی کوڕەکە سواری ئەسپەکەی بوو.

ئێمەش ئامادە بووین و وەڕێ کەوتین. دێمان دەرباز کرد و دوکتور لە نێوەڕاست و ئێمەش لە لای چەپ و ڕاستیدا بەوێرغە دەرۆیشتین.

لە کاتی ڕۆیشتندا هەستم کرد کە دوکتور قسە دەکات، گۆرانی دەڵێ و منیش هیچی لێ حاڵی نە دەبووم. سەیرێکی ڕەسولم کرد و بەئیشارەی چاو لێم پرسی:

– چییە گۆرانی دەڵێ؟

ڕەسوڵ جڵەوی ئەسپەکەی تۆزێك کێشا و لە دواوە سرتەیەکی لەگەڵ کردم.

– نا، دوعا دەکات، لە باڵەخۆیدا قورعان دەخوێنێ.

– بۆچی؟

– چ بزانم، هەڵبەت دەترسێ، یا ڕەنگە زۆر دیندار بێ، کێ دەزانی!

– بەلای منەوە هەر دەڵێی گۆرانی دەچڕێ.

لێی نیزیك کەوتینەوە و تۆزێکی تر گوێمان لێ ڕاگرت. ئەویش بەردەوام ورتەی دەهات... ئاخرەکەی لێمپرسی.

– مامۆستا، شتێکت پێویستە؟ ئەگەر دەخوازی با نەختێك بوێستین و پشوویەك بدەین.

بەنیوە نیگایەك خێسەی لێ کردم.

– نا نا، کارت بەسەر منەوە نەبێ کوڕم، من لەگەڵ خۆم دەدوێم.

– بۆچی؟ چ قەوماوە؟

– بڵێم چی، بیر لە وەزعی ئەو کوڕەی خزمت، ئامۆزاکەت دەکەمەوە، دەبێ قاچی ببڕمەوە! بۆ ئاگاداریت هەر خۆم دەزانم چەندە بڕیارێکی سەختە. هەرچەند جارێ تووشی نەشتەرگەری ئەوتۆ دێم، وێنەکانی لە بەرچاوم ون نابن. لە خەودا بەردەوام ئەندامانی بڕاوی مرۆڤ ئازارم

دەدەن. وەبیرمە جارێکیان دەستێك.... ئاخ با هەر باسی نەکەم باشترە، هەرکە فکری لێ دەکەمەوە، مووی لەشم گشتی ڕاست دەبێتەوە و دووبارە ترس دام دەگرێتەوە.

## بڕینەوەی پەنجەکان مسۆگەرە

باوکم لەبەر دەرگە چاوەڕوان بوو. دوای باس و خواسێکی سەرەتایی، دوکتورمان بردە لای کوڕە قاچ بریندارەکە. دوکتور چاوی لە لاقی کوڕە کرد. هێندێکی کوشی و دووبارە پشکنینی بۆ کردەوە و ناوە ناوە لەبەرخۆیەوە دەیگوت، بەڵێ ڕاستە، بەڵێ ڕاستە. نازانن ئێمە چەندە نیگەران بووین. مەلا قەسیم داوای کرد کە ئاوی گەرم ئامادە بکرێ و چەند شتێکی تریشی گەرەك بوو کە بۆی بێنن. لەپڕێکا چوو و لە تەنیشت کوڕە دانیشت و لێی پرسی:

– ئێ، کوڕم، ناوی تۆ چییە؟ دا پێم بڵێ بزانم.

هەرهەموومان لەجێوە ویشکهەڵگەڕاین. چ ناوێك بڵێ؟ ئاخ، دەبوایە پێشتر لەو بارەوە قسەمان لەگەڵ کردبا. سەربازەکە بەحاستەم چاوی هەڵێنا و سەیرێکی باوکم، دوکتور، ڕەسوڵ و منی کرد.

– مامۆستا، ناخوازی سەرەتا تۆزێك بحەسێیەوە و دوایی دەست بەکار بی؟ ڕێگەیەکی دوورت بڕیوە.

– نا نا، ئاغا گیان... وەختی کات بەفیڕۆدان نییە... هەر چرکەیەك ئێستە نرخی خۆی هەیە و هەر وەدرەنگی کەوتنێك زیانی پتر بەسلامەتی ئەو گەنجە دەگەیەنێ... ئەرێ چیمان دەگوت، ئا، بەڵێ، ڕۆلە پێت نەگوتم ناوت چییە؟

– وەیسە، ناوی وەیسەیە...، ڕەسوڵ خێرا لەجیات کوڕە وەڵامی مەلای دایەوە.

– تەح ماشەڵڵا چ ناوێکی پیرۆزە. وەیسولقەرەنی، فەیلەسوفی گەورەی کورد ئەو ناوەی هەبوو بژی کوڕم، خوا دەوامی عومری خۆت و ناوەکەت بدا.

ئێمە حەساینەوە، دوای ئەوەی باسوخواسەکان و وریایی ڕەسوڵ، بەئاقارێکی تردا گوزەرا.

نیگەرانی و پەشۆکاوی ئاشکرا بەڕووخساری باوکمەوە دیاربوو، دەستی بەپاشەکشە کرد و جێگەی خۆی دایە بزەیەکی ژێر سمێڵەکانی... بۆمان جێگەی پرسیار بوو کە ئەو هەتیوە لەو کاتەدا چۆن ئەو ناوەی دۆزییەوە.

– وەیسە، ئێستێ ئەگەر شتێکت پێ بڵێم. نابێ بترسێی...، بەداخەوە لاقەکەت لە بارودۆخێکی نالەبار دایە، هەڵبەت تەواوی لاقت نا، تەنیا چەند پەنجەیەك. هیچ ڕێگە چارەیەکمان نییە و ناچارین کارێك بکەین کە لە کات و ساتی تردا خۆمان لێ نەدەدا. بەڵام چی بکەین، ناچارین.

مەلا چووە دەرێ و باوکم وەدوای کەوت. ئێمەش لە ژوورێ ماینەوە.

– سەیرکە وەیسە، ڕەسوڵ گوتی: تۆ ئێستە پیاوێکی گەورەی و دەبێ بەڕاشکاوی قسە لەگەڵ یەکتر بکەین. تا ئێستە زۆر جار تووشی خەتەر و لە ناوچوون هاتووی. هەر بەو فیرارەی کردووتە، گیانی خۆت لە مەترسی هاویشتووە. کوڕی باش، کاکی برا، ئێستە دەبێ بۆ جارێکی تریش بڕیارێکی گرینگ لە ژیانتدا بدەی. بەداخەوە هیچ ڕێگە چارەیەکی تر لە گۆڕێدا نییە. تەنیا دوو ڕێگەت لە پێشە.... یا دوو سێ پەنجەت دەبڕێتەوە، یا چاوەڕوانیی مەرگ بکە.

کوڕە گەنجەکە هیچی نەگوت و فرمێسکی چاوانی بەسەر گۆنایدا هاتەخوار.

– کوڕم هەقتە بگری، لێت حاڵیمە. بەڵام گوێ لە من بگرە... ئەگەر ئەو

ئەندامە نەخۆشانە لانەچن، گانگرین خێرا زیاد دەكات و بۆ لای سەرەوە هەڵدەكشێ و سبەینێ دەبێ تەواوی قاچت ببڕێتەوە... ئەگەر ئەو كاتیش بڕیار نەدەی ژیانت دەكەوێتە مەترسی. ئێستە لێم حاڵی بووی؟ هەڵبەت هەردوو ڕێگە چارە ناخۆشن، ئەوە دەزانم. با لە نێوان خەراپ و خەراپتر، ئەوەی یەكەمیان هەڵبژێرین.

تەواوی ئەو كاتەی ڕەسوڵ قسەی دەكرد، دەستی وەیسە لە نێو دەستی مندا بوو و هەستم دەكرد، جار لە جارێ توندتری دەگوشی. منیش بۆوەی تۆزێك هێور بێتەوە، قژەكانیم نەوازیش كرد و فرمێسكەكانیم لەسەر گۆنای دەسڕییەوە. خەریك بووم كە منیش تۆزێك دڵخۆشی بدەمەوە، دیتم باوكم هاتەوە ژوور و لە تەنیشت سەربازەكە دانیشت.

– چ بكەین كوڕم، بڕیارێكی سەختە. دەبێ دەست بەكار بین، بەڵام بۆوەی تووشی ڕووداوی ناخۆشتر نەبین، دەبێ هەرچی خێراتر وەخۆكەوین، بۆ تۆش باشترە. ئەگەر بخوازین دوكتورێكی تر بێنین، لەو دەوروبەرە ئیمكانی نییە. ئەگەریش وەدوای نەخۆشخانەی بەئیمكانات بكەوین، لەگەڵ تۆ، ئێمەش تووشی حەپس و زیندان دێین. لە بیرت نەچی كە بەدواتدا دەگەڕێن. ئێمە بیرمان لە گشت ئەو لایەنانەی گرفتی تۆ كردووەتەوە و بۆیە پێشنیارت پێ دەكەم كە نەشتەرگەرییەكە قبوڵ بكەی. غەیری ئەوە، ڕەوشێكی خەراپتر چاوەڕوانیت دەكات. پێستی قامكەكانت بۆنی دێت و خەریكە دەڕزی. لێی گەڕێ با لەوە زیادتر فكری لێ نەكەینەوە.

– گەنجەكە گوتی: باشە و ئارامتر بووەوە.

من هەستم بەئارامیی كوڕە كرد و كەمتر دەستەكانی منی دەگووشی. خەریك بووم ئارەقەی نێوچاوانی پاككەمەوە، خێرا دەستی گرتم و گەرەكی بوو ماچی بكات.

– ئەوە خەریکی چی؟ وشیارم کردەوە. بۆچی ئاوا دەکەی، مەگەر من پیاوچاکم؟ ئێمە دوو براین. دەستم کێشایەوە دواوە و لە ژوور سەری مامەوە. لە نێو دەرگە چاوم بەدوکتور و یەك دوو کەشەف کەوت کە ئەسپابی نەشتەرگەرییان لەسەر بوو. مەقەست، چەقۆی داغکراو، پەرۆی شاش، دەسماڵ، لۆکە و چەند بابەتێکی تر. سەرم وەرسوڕاندە لای باوکم.

– ئەو گشتە ئەسپابە چین؟ بەبێ بێهۆشکردن، قەرارە ئەو بێچارەیە نەشتەرگەری بکرێ؟

– ئێ، حەتمەن بێهۆش دەکرێ... هەها، چاو لەو شتەش بکە.

– پارچە دارێکی نیشان دام کە لە ناو ئاوی گیراوەی گیادا کە تامێکی تاڵی هەبوو دانرا بوو. مەلا دارەکەی دایە وەیسە تاکو لە زاری بنێ و کاتی نەشتەرگەری بتوانێ خۆی ڕاگرێ. ئەو دارە لە نێو زاریدا داندرا و بە پەڕۆی سپی مەحکەم بەسترا.

– ئەرێ پێویستە یەکێکمان دەستەکانی یا لاقەکانی توونا بگرین؟ پرسیار هاتەگۆڕێ.

– نا نا، ئەو کارە بەئێوە ناکرێ، دەبی بیبەستینەوە، دوکتور وەڵامی دایەوە، وەك ئەوە کە هاسانترین وتەی ئەو جیهانەی گوتبێ.

هەر ئاواش کرا، وەیسە بەچوار پەلییەوە مەحکەم لە تەخت بەسترایەوە و مەلا هاواری منی کرد.

– تۆ لەسەری دابنیشە.

– لەسەری؟ مەبەستت کوێیە؟ بە سەرسوڕمانەوە لێم پرسی.

– ها ئەها، دەچییە سەر تەخت و لەسەر سینگی دادەنیشی.

– چیم بکردایە؟ بەقسەی دوکتورم کرد. لەسەر سکی دانیشتم و ڕووم لە وەیسە کرد.

حەزم نەدەکرد ببینم چ بەسەر لاقی دێت. زەق چاوەکانم لە چاوەکانی وەیسە بڕی کە هێدی هێدی بەرەو خوماری دەچوون. هەر لەو کاتەشدا، لە پشت من، کۆمەڵێك لە دەوری لاقی وەیسە کۆ بووبوونەوە. دوکتور خەریکی کاری خۆی بوو و ئەوانی تریش یارمەتیان دەدا.

وەیسە لە نەکاو بەشیدەت هەڵبەزییەوە، هەڵبەزینەوەکەی ئەوەندە تووند بوو کە منی چەشنی پەڕی باڵندەیەك تورهەڵدا. هەستم کرد کە کاتی بڕینەوە بووە. ئەگەر نە بەسترابایەوە و منیش لە سەری دانەنیشتبام، سەرەڕای بێهۆشبوونی، هەڵدەستایەوە سەرپێ و دەڕۆیی. تەنافی دەست و لاقەکانی بەتووندی ڕادەکێشا. گشت ئەو کەسانەی ئاگایان لێ بوو، لەگەڵی دەلەرزین. ڕەسوڵ هات کە یارمەتیم بدات، ئەویش وەسەر تەختەکە کەوت و چەشنی من لەسەر جەستەی وەیسە دانیشت. یەك لە پیاوانی بەخۆوەش، مەحکەم قاچەکەی ڕاگرتبوو. سێ پیاو لەسەر وەیسە دانیشتبووین، بەو حاڵەش بۆمان ڕانەدەگیرا.

ئەو ڕەوشە تۆزێکی تریش درێژەی کێشا. پاش چەند چرکەیەك سەرتاسەری لەشی ئارەقەی ڕەش و شینی دەرکرد، دەتگوت بەستڵ ئاوت پێدا کردووە و لەبەری دەچۆڕایەوە. بێهۆش کەوت، مەلاش لە عەمەلکردن بووەوە. شەکەت و ماندوو و ئارەقاوی، خەریك بوو شوێنی برینی پەنجە بڕاوەکانی دەدوورییەوە. مەلا هەر پێنج قامکی وەیسەی بڕیبووەوە. ئەو بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە ئەو قامکانە تووشی گانگرین هاتوون. چەند کەسێك دوای دیتنی ئەو ڕووداوە ناخۆشە، لە ژوورەکە ڕایان کردبووە دەرێ. ئەوانەی مابووینەوە، گەرەکمان بوو تەنافی دەست و لاقی وەیسە بکەینەوە، بەڵام دوکتور پێشی پێ گرتین.

– جارێ نا، پەلە مەکەن.

لە بیرم نییە چەند سەعات چاوەڕوانی وەهۆش هاتنەوەی وەیسەمان

کرد. من تەنانەت بۆ چرکەیەکیش بەجێم نەهێشت. کاتێك شەو داهات، گشت لایەك زەختیان لێ کردم کە بچم برازێم.

– نا نا، نارۆم...، تا وەهۆش دێتەوە لێرە دەبم...

– رۆڵە گیان، باوکم گوتی، تۆ سەرتاسەری رۆژێ لێرە بوویە، برۆ تۆزێك بحەسێوە. رەسوڵ ئاگەی لێ دەبێ.

– نا، بابە گیان. دەخوازم وەختێك ئەو کورە چاوی هەڵێنا، کەسیکی نیزیکی خۆی ببینێ.

– باشە، راست دەکەی... چاکت فکر لێ کردووەتەوە.

وەیسە بەدرێژاییی شەو، یەك چرکەش ئارامیشی نەبوو. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، هاواری لێ بڵیند دەبووەوە و کەس تێی نەدەگەیی، رادەژا، هەڵدەستا.... منیش بەدەسماڵی تەڕ نێوچاوانیم فێنك دەکردەوە و ئارامتر دەبووەوە. لە پاڵ تەختەکەی ئەو خەونووچکە دای گرتبووم و بەهەر جووڵەیەك رادەچەنیم.

رۆژهەڵات و هێندێك دەنگە دەنگی ئاشنا گوێیان زرینگاندمەوە. کەڵەشێر، سەگ، داخران و کرانەوەی دەرگەکان، بگرەوبەرەی کابانەکانی ماڵ لە کاتی چێشتلێنادا، هەراوەوریای منداڵان و چوونە دەریان بۆ کایەکردن، گشتیان خۆشتر لە دەنگەکانی شەو و رۆژی رابردوو بوون.

لە پڕێکا بەگۆشەی چاو وەیسەم بینی کە سەرەڕای ئێش و ئازاری لەشی حەولی دەدا تەکانێك بداتە خۆی، بێ ئەوەی من وەخەبەر بێنێ. سەرم هەڵێنا.

– رۆژ باش، هەستای؟ خەندەیەکم هاتێ.

– بەڵێ، بەڵام ئێشم هەیە. زۆر دێشێ.

– دەزانم، ئەو ئازارەی دوێنێ تۆ بینیت، کەم نەبوو.

– هەستام، تەنافی دەست و پێیەکانیم کردەوە و داوام کرد سێنی نانی بەیانی بۆ بێنن.

کاتێك نانیان بۆ هێنا، خێرا سەرینێکم لەبەر پشتی نا و ڕاستم کردەوە و یارمەتیم دا شتێك بخوا و چایەکی بخواتەوە.

دوکتور و باوکم وەژوور کەوتن.

– کوڕم وەزعت چۆنە؟ مەلا لێی پرسی.

– باشم، خوا قەوەتت بدات.... سوپاس بۆ گشت زەحمەتەکانت.

– سوپاسی من دەکەی کوڕم، من نا مەلا گوتی، ئیشارەی بۆ باوکم کرد. سوپاسی ئاغای بکە.

– لە نێوان خزماندا پێویست بەسوپاسکردن نییە. ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمە بوو کە یارمەتیت بدەین و خزمەتی بنەماڵەی بووکەکەمان بکەین، مەگەر ئاوا هاسانە کە بووك لە شاری وانڕا بێنی. باوکم بەپێکەنینەوە قسەکەی تەواو کرد.

کاتێك مەلا قەسیم خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد، باوکم باڵتۆیەکی تازە و زۆر جوانی لەگەڵ جووتێك پێڵاوی جیڕی بەخەڵات دایە و مەلا گەلێك خۆشحاڵ بوو و هەر لە جێوە لەبەری کردن. دایکم کۆڵێك دیاری تری لە مەلا بار کرد. پارچە و قوماش و بابەتی چندراو و بەواتایەك هەرچی وەبەر دەستی هاتبوو. ئەو هەموو دیارییە بۆیە پیشکێشی دوکتورکرا، چونکە پارەی وەرنەگرت. تەنیا شتێکی کە باوکم داوای لە مەلا کرد، بێدەنگیکردن لە قەومانەکە بوو.

– مامۆستا، پێویست ناکات کە باسی دیدارەکەت بکەی. ئێوە خەڵکی چاك دەناسن و دەزانن چەندە بە قسە و قسەلۆکن. حەز ناکەم بڵێن ئامۆزای کچەکەی لە شاری وانێ ڕا هاتە لایان و باشیان ئاگا لێ نەبوو و خزمەتی باشیان نەکرد و بۆیە نەخۆش کەوت و ناچار بە لاق برینەوە

بوو.... لە مەبەستەکەم دەگەی و دەزانی دەڵێم چی.

– ئی، بۆ خاتری خوا، ئاغا گیان، چۆن شتی ئاوا دەبێ. دڵنیا بە کە منداڵەکانیشم، کەلیمەم لێ نابیسن. هەرچەندە خوا دەیزانێ کە ئەوە جەنابت بوو کە ژیانی ئەو کوڕە گەنجەت نەجاتدا و لە مردن ڕزگارت کرد، نەك من.

دوکتور خۆی ئامادەی ڕۆیشتن کرد و چوار پیاویش چاوەڕوان بوون کە لەگەڵی بچن و بیبەنەوە بۆ گوندەکەی. گشتمان چووینە حەسار بۆ خواحافیزی و بەئیحتیرامەوە دەستی دوکتوریمان ماچ کرد. باوکم باوەشێکی پێدا کرد، ماچی کرد و سوپاسی زەحمەتەکانی کرد. دوکتور بەفەخرێکەوە سواری ئەسپەکەی بوو و جڵەویان بۆ ڕاگرتبوو و ئەوەش قەدرێکی زۆر بوو! بەهەرحاڵ ڕۆیشت.

باوکم ئامۆژگاری پیاوەکانی هاوڕێی دوکتوری کرد.

– ئاگاتان لە دوکتور و ئەسپەکەی بێ، ڕێگەکە ناخۆشە، نەکا خوانەخواستە شتێکی بەسەر بێ یا ئەسپەکەی لاقی تێکهاڵێ و هەڵخلیسکێ. شەوێ لەوێ مەمێننەوە و خێرا بگەڕێنەوە. هەر بەدوای گەیشتنەوەی دوکتوری بگەڕێنەوە با تووشی میوانداری و ئەزیەت نەیێ.

### ڤاسیلیس و ئاندۆنیس

ڤاسیلیس ئێشی هەبوو. دوکتور بەئێمەی گوتبوو کە چەند ڕۆژێك بەردەوام ژانی فرەی دەبێ. هەرجارێ دەچوومە لای ئەو، دەبوایە وەیسەم لەسەر تەختەکەی هێنابا خوارێ و بردبامەوە سەرێ.

ڕۆژێکیان لێم پرسی کە ناوی ڕاستیت چییە؟

– ناوم ڤاسیلیس. ناوی بردەرەکەشم ئاندۆنیسە.

هەڵبەت ناوی کوردیشمان بۆ ئاندۆنی دیاری کردبوو. ئەویان ناوی

زولکیوف بوو. ئەویش هەر ڕەسوڵ ناوی لێنابوو.

پاش فەترەیەك برینەکانی زولکیوف چاك بووبوونەوە و وەیسەش دەیتوانی ڕێ بکا. جاروبار لە ژوورەکەی دەهاتەدەر.

– لاقم وەزعی باشە، بەڵام هێشتا عادەتم نەگرتووە کە خێرا و ڕاحەت بڕۆم. بۆ کوێ دەچێ، ئەویش فێر دەبم. قەت باوەڕم نەدەکرد کە وەختێك پێیاندەگوتم ئەگەر مرۆڤ پەنجەکانی لە دەست دا، ئی تر ناتوانێ لەنگەری خۆی ڕاگرێ. منیش ئێستە ئەوەم بەسەر هاتووە. ئاغا بەڵێنی پێداوم کە چارەیەکم بۆ بدۆزێتەوە. قەرارە پێڵاوی تایبەتیم بۆ بەدروستکردن بدات کە لە جێگەی پەنجە بڕاوەکان لبادی تێداخنن و بۆشاییەکە پڕ دەکەنەوە، با بزانین، ناوە ناوە هەردووکیان دەهاتنە دەرێ و لە حەوشە دادەنیشتن. مەترسی ئاشکرابوونیان لەگۆڕێدا نەبوو و کەس نەیدەتوانی بیانبینێ، چونکە دیوارەکانی حەسار ئەستوور و بەرز و چەشنی مۆرەی قەڵا بوون.

وەبیرمە کە منداڵ بووم، وەختێك ئەو دیوارانەیان دروست کرد. ئەوە بۆ ئێمەی منداڵ و ژنەکان ساز کرابوو. گشتی بەخشتی سوور دامەزرابوو.

جاروبار خەبەرمان پێ دەگەیی کە شەڕ و تێکهەڵچوون و گیران و ئەشکەنجەی سەربازانی لەشکریمان پێ دەگەیی. دەگوترا کە سەربازەکانی جێگەی شك و گومان بەدەستبەستراوی لە پاشتەرکی ئەسپ قایم دەکرێن و بەدەم ڕاکێشانەوە، گەڕەکەکانی شاریان پێ دەکەن، بۆوەی خەڵکی شار بترسێنن و زانیاری لەمەر ڕاکردووەکان بدەنەدەست. ئەو خەبەرانە، ئێمە بەگشتی و وەیسە و زولکیوفی بەتایبەتی زۆر نیگەران دەکرد. هەرچەند جارێ خەبەری ئاوا ناخۆش دەهات، تەمومژ ڕووخساری دادەگرتین. ڕۆژێکیان لێیان پرسیم:

– حەسەن، وەك بزانی ئێمە چیمان بەسەر دێ؟

– سەیرکەن کوڕینە، ئەوەندەی لە لای ئێمەن هیچ کەس ناتوانێ

ئازارتان بدات... باوكم لێرە دەسەڵاتێكی زۆری هەیە. لەو كاتەوە كە ئێوەی وەك میوان وەرگرتووە، كەس ناوێرێ تخوونتان بكەوێ. لێرە خەیانەتكردن لە گۆڕێدا نییە. خەڵكی ئێرە جێگەی باوەڕی باوكمن. ئێوە بەلای ئێمەوە، ئەندامانی بنەماڵەكەمانن و ئێرەش ماڵی خۆتانە. من دەڵێم لیرە بمێننەوە تا بەتەواوی دێنەوە سەرەخۆ و سلامەتی تەواو ڕووتان تێ دەكات. جارێ با هێزتان بێتەوەبەر و بتوانن بەهێمنی و لە سەرەخۆیی بڕیار بدەن، ئەوسا فكرێكی بۆ دەكەینەوە. ئەو وەختە هەر بڕیارێكی داتان، ئێمە قبوڵمانە و یارمەتیتان دەدەین. قەرار نییە لە زیندانێك ڕاتان كردبێ و تووشی گرتووخانەیەكی تر واتە ماڵی ئێمە هاتبن.

– نا نا، بۆ خاتری خوا... لیرە وەزعمان باشترە، ئەو خزمەت و خۆشەویستییە تەنیا لە دایك چاوەڕوان دەكرا.... تەنیا ئەوە نەبێ هەست دەكەین بارگرانین بەسەر ئێوە. وەیسە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە قسەكانی دەكرد.

– وەیسە، ئەوەی ئێستە باست كرد، من ئاوای دادەنێم كە گوێم لێ نەبووە. بەخوا سوێندت دەدەم، نەكەی ئەو قسانە لای باوكم بكەی، ئەو وا دەزانێ كە بێ حورمەتی پێ كراوە.

### سەفەری من لە نیو ژیانی وەیسەدا

ڕۆژێكیان گشتمان لە هۆدە گەورەكە كۆ بووینەوە و باسی كابرایەكی ناوچەی خۆمانمان دەكرد. ئەو كابرایە لە ناو لەشكری توركیدا پلەوپایەی گەلێك بەرزبووبووەوە و جاش بوو. خەڵكی ئێمەی فرە ئازار دابوو و ئێمەش تف و نەفرەتمان دەكرد. ڕاست لەو كاتەدا كە باسەكەمان گەرم داهاتبوو، باوكم هاتە ناو باسەكەمان.

– ئێمەی كورد گوتەیەكی پێشینانمان هەیە كە دەڵێ: "باشترە شێر بتخوا تاكو لە ژێر سایەی ڕێویدا بخەوی"، هەڵبەت بەشێوەیەكی تریش ئەو

پەندە دەگێڕنەوە: ″چاکتر وایە خۆ بە ئاودا بدەی، نەك بەسەر پردی پیاوی خوێڕیدا دەربازبی″. ئەوە ڕاستە، وەختێك پیاو باوەڕ بەتورك بکات، ئایا ئیمکانی هەیە هەست بەحەسانەوە بکات؟ بەڕاستی نا. تورك ئەوەی گەرەکییەتی دەیبا و پاشان ساحێب خزمەت سزا دەدا. بەباوەڕی من دەبێ زۆر کار بکرێ تاکو وڵات لەوانە پاك بکرێتەوە. فەرموون چاو لە سێوی ڕزیو بکەن، پیاو ناچارە بەردەوام لقی دار ڕاچڵەکێنێ تاکو ئەو سێوە ڕزیوانە بکەونە خوارەوە. ئەوەش بۆیە دەبێ بکرێ، تا سێوەکانی تەنیشت خۆی نەڕزێنێ. هەر بەو چەشنەش دەبێ لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤە پیسانە هەڵسوکەوت بکرێ. پێویستە لە کۆمەڵگە دوور بخرێنەوە تۆ، وەیسە، پەندی لەو چەشنە، هی ناوچەی خۆت دەزانی؟

ئەویش بەچاوە گەشەکانی گوتی:

– ئاغا گیان، من خەڵکی شارێکم بەناوی پانۆرمو، بەڵێ ئێمەش لەو جۆرە گوتە جوانانەمان هەیە.

– پانۆرموس لە کوێ هەڵکەوتووە، ئەو ناوەم قەت نەبیستووە، باوکم لێی پرسی.

– هەقتە نەتانبیستبێ، چونکە ئەوە ناوی یۆنانیی شارەکەمە. تورك ناوەکەیان گۆڕیوە و پێی دەڵێن بادیرمە.

– ئێستە بەڵێ، دەزانم لە کوێ هەڵکەوتووە.

– هەرێمی ئێمە زۆر جوانە. شارەکەمان لە نێو شینایيدا ڕازاوەیە، لە قەراخ دەریا، پڕ لە ماسی و میوە و سەوزەوات. نەك هەر ئەوانە خەڵکی لای ئێمە خەریکی پەروەردەی کرمی ئاوریشمە و قوماشی ئاوریشم دروست دەکات.

– تۆ خۆت بەچ کارێکەوە مژوڵ بووی؟

– من، وەیسە گوتی، جۆلا بووم.

– ئەهها، ئاوا.

– باوکم سەرەتا کارگەیەکی جۆلایی هەبوو و کاری چنینی دەکرد. دایکم، خوشکم و هەرهەمووومان لەوێ یارمەتیمان دەدا.ماڵێکی دوو نهۆمی ڕازاوە و گەورەمان بوو کە بەرهەیوانێکی داری زلی لە پیش دروست کرابوو. ژیانێکی خۆشمان ڕادەبوارد و بەهێمنی دەگوزەراین. دەرگەی ماڵەکەمان هەردەم بۆ میوانان کراوە بوو. پێوەندیمان لەگەڵ دراوسێکانمان بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە تورك یا یۆنانین، ئیجگار گەرم بوو. هاتوچۆی یەکترمان دەکرد و زۆرجار جێژن و شایی هاوبەشمان بوو. پێوەندی بازرگانی باوکم گەلێك بەربلاو بوو. دۆست و شەریکی باوکم کابرایەکی وەستاکار و بازرگانی خەڵکی قەیسەرلی بوو، بەداخەوە ئەو بەختەوەرییە تەمەن کورت بوو. بەهۆی شەڕ هەموو شتێك ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات. ئەوانەی تا دوێنێ لە ماڵی ئێمە دەیانخوارد و هاتوچۆیان بوو، بەرە بەرە ڕوویان لە دوژمنایەتی کرد. چاویان لە سامانی ئێمە بوو. ئەوانە پەلاماری بنەماڵەکانی یۆنانیاندا و پێش گشتیان هوروژمیان کردە سەر ئێمە. یەکەم ئامانجیان کارگەکەمان بوو. سەرەتا شکاندیان، ئەوجار بەوەش نەوەستان، ئاگریان تێ بەردا و وێرانیان کرد.

– هەقتە کوڕم... شەڕ دیاردەیەکی پیس و خەراپە، ئەو نەهامەتییە ماڵی هەموومانی وێران کرد. سەرەتا شەڕەکانی باڵکان، کە بەخۆشییەوە تەواو بوو و ئێستەش ڕەشەکوژی ئەرمەنییەکان و چەوساندنەوەی ئێمەی کورد. هەر نایەڵن سەر هەڵبڕین. ئێستەش هێندێك لە ئاغاکان ڕەگەڵ حکوومەت کەوتوون، هەڵبەت هەموویان نا. بەڵام کەس بەتەنیا هیچی لە دەست نایە. چاولێکە، بۆ وێنە ئێمەی کورد، بەتایبەت ئێمەی ئاغەوات و بەگ... ئەگەر هێزەکانمان وەسەریەك خستبا و دە بیست کەس پێکەوە پشتی یەکترمان گرتبا، دەمانتوانی وەزعێکی باشترمان هەبێ. هیوادارم ڕۆژێك ئەوە بکرێ، من بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە دەکەم، بەڵام کوا.

دەی پێم بڵێ دواتر چیتان بەسەرهات؟

– چوار خوشك و برا بووین، ڤاسیلیس گوتی. سێ خوشك و من. دوو لە خوشکەکانم لە من گەورەترن و ئەوەی تریش بچووکترە. هەرهەموومان پێکەوە کارمان دەکرد. خوشکی گەورەم لە ئەزمیر نەخۆش کەوت چووە وڵاتی خۆمان.

– مەبەستت یۆنانە؟

– بەڵێ، سەرەتا گەیشتە جەزیرەکانی یۆنان کە ڕووبەڕوومانن و پاشان لە شاری سالۆنیك دامەزرا، ئەو زانیارییانەم بەنامەیەك پێ گەیی.

– ئەی تۆ و خوشکەکانت؟

– ئێمە ماینەوە، چونکە باوکم بەردەوام دەیگوت: ″ئێرە وڵاتی منە، لێرە لە دایك بوومە، لێرەش دەبێ بمرم. ناخوازم لێرە بڕۆم″. باوکم بەشێوەی خۆی عاشقی شارەکەمان بوو. تەواوی بنەچەکەمان لەو شارە ژیابوون. گۆڕی باو و باپیرانمان لەوێن... هەموومان، باوکم لە گشتیان پتر، گیرۆدەی ئەو دەڤەرەیە. چ بکەین ئەوێ وڵاتی ئێمەیە. بەداخەوە، ڕۆژێکیان دەستدرێژی کرایە سەر چوار پێنج کیژ لە کاتی گەڕانەوەیان لە قوتابخانە، خوشکیشم لە گەڵیان بوو. ئەو ڕووداوە گشتمانی شێت و هار کرد. خوشکم ترسابوو، بێچارەیە نەخۆش کەوت و تووشی زەردوویی هات. نە دەیتوانی کار بکات و نە بچێتە قوتابخانە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاست لەو کاتەدا تورکەکان هاتن و گەرەکیان بوو من بەرنە عەسکەری. باوکم حەولی دا قەناعەتیان پێ بێنێ کە من هێشتا نەبوومەتە شازدە ساڵ. تورکەکان بەڵام، گوتیان کە ئەو کاغەز و سجیلانە هەموویان ساختەن و منیان بەهەژدە ساڵان قەبڵاند. لە ڕاستیدا من حەڤدە و نیو بووم.

– باشە دواتر بەکوێ گەیشتن؟

– جا بەکوێ بگەین، بەزۆری هەموویان کۆ کردینەوە... تەواوی مناڵانی

گەڕەكی، دایكم دەگریا و لە خۆی دەدا و باوكیشم هیچ كارێكی لە دەست نەدەهات ئەنجام، سەرتان نەهێشێنم، ژیانمان تێكچوو. ڕێگە چارەیەكی ئەوتۆم شك نە دەبرد. یا دەبوایە بچمە یۆنان، یا وەك پێشمەرگە وەشاخی كەوم. ڕاستییەكەی ئەوە بوو كە لەگەڵ ڕاوچییەكی ماسی پێكهاتبووین كە من بپەڕێنێتەوە ئەوبەری، بەڵام پێڕانەگەیشتم. چونكە لەو ماوەیەدا شاریان گەمارۆ دابوو و ڕێگەكانی بەرەو دەریایان گرتبوو. بازگەی پشكنینیان لەسەر ڕێگە دانابوو و لە هەموو شتێكیان دەكۆڵییەوە و ماڵەكانیشمان لە ژێر سەیتەرەی ئەواندا بوو. وەك ئەوەی تووشی نەخۆشی گولی و ئالۆش بووبین. نەماندەتوانی لە ماڵەكانمان سەر وەدەرنێین.. كەوتبووینە ژێر چاودێرییەكی توند. توركەكانی دراوسێ سیخوڕیان لەسەر دەكردین و بەردەوام ڕاپۆرتییان لێ دەداین. گشت كات و ساتێك چاویان لەوە بوو كەی لە ماڵ دەچینەدەر یا كارێكی دژی توركەكان دەكەین. ئەوان گەرەكیان بوو كە ئێمە بەگرتن بدەن و خێرا ماڵەكەمان داگیر بكەن. باوەڕ بفەرموو، ئێمە تەنانەت دەمانزانی كێ لەو دراوسێیانە بەرتیلی داوە.. سەیرە، چۆن ئاوا خێرا ئەوانە بوونە نۆكەر و چاوەكانی ژاندرمە؟ كەی و چۆن، ئێستەش تێ نەگەییم. بازاڕیش دابەزی. بازرگانەكان لە مامەڵە لەگەڵ یۆنانییەكان دەترسان. هەركەس ڕووی لە دوكانی ئێمە كردبا، دوایی تووشی كێشە و گیران و ئەشكەنجە دەهات. كەس نەیدەوێرا تخوونمان بكەوێ. دەكرێ بڵێم كە بەتەواوی لە پەراوێز خسترابووین، تەنانەت لە لایەن یۆنانییەكانی هاوڕەگەزی خۆشمان هەر بەو چەشنە ڕەفتارمان لەگەڵ دەكرا. لە تەنیشت كارگەكەمان، دوكانێكیشمان هەبوو. لە سەردەمی دەركرانمان، ئەو دوكانەمان تا بەری میچی لە كەرستەی دەسكردی خۆمان پڕ كردبوو. كاتێك باوكم تێ گەیی كە ئەو شوێنە ئی تر لەوە زیادتر بۆ مانەوە نابێ، حەولی دا كەرستەكان بفرۆشێ، نەك بەنیوە قیمەت، بگرە جۆرە بەخشینێك بوو. ماڵەكەشمان هەر

بەو شێوەیە، بەڵام کەس حازر نەبوو لێمان بکڕێ. بۆیەش نەیاندەکڕی، چونکە دەیانزانی دواتر هەر هەموویان بەخۆڕایی وەگیردەکەوێ. باوکم گەرەکی بوو چی هەمانە بیفرۆشێ و گشتمان بڕۆین بۆ یۆنان. بەداخەوە بێچارەیە پێڕانەگەیشت... شەوێك گوێمان لە گرمە و لێدانێکی وەحشییانەی دەروازەی ماڵەوە بوو. کاتێك باوکم دەرگەی کردەوە، تاقمێکی پێنج شەش کەسی عەسکەری تورك خۆیان کوتایە ژووری ماڵەوە... منیان وەك بارگە و بنەڕەپێچەکدا و کۆمەڵێك لاویتریشیان کۆ کردبووەوە. ئەوان لە من تۆزێك گەورەتر و بچووکتر بوون. گشتمان بەڕێ کراین بۆ ئەنقەرە. جلوبەرگی عەسکەریان بەسەردا دابەشکردین. پێیان گوتین کە ئەسپاب و کەلوپەلەکانمان بۆ دەنێرنە بەشی قەتار، گفتێك بوو کە قەت جێبەجێ نەکرا و تەنیا بەڵێنێکی بەدرۆ بوو. جلوبەرگ و تەواوی ئەو شتانەی لە ماڵەوە پێیان دابووین، وەك باول و جانتا... هەرهەموویان تێداچوون. ئەوجار لە دەستەی چل پەنجا کەسیدا سواری لۆری عەسکەرییان کردین و بەرەو وێستگەی قەتار وەڕێکەوتین. لە فارگۆنەکانیان ئاخنین و بەرەو ئەرزەرۆم ڕۆیشتین. چ ڕۆیشتنێك! دە ڕۆژ ڕێگە. بەو چەند قسەیەم، ئێستە لێتان حاڵی بوو کە بارودۆخی سەفەرەکەمان چەندە دژوار بوو. قەتار پاش هەر سێ سەعاتێك، لە کوێرە دێیەکی سەر ڕێگە ڕای دەگرت، یا خەراپ دەبوو، یا ئاوی لێدەبڕا. لەو ئێزگانە، هەر جارێ دوو سێ کەسێك ڕایان دەکرد. بەچاوەکانی خۆم بینیم کە چۆن پێنج کەسیان گوللەباران کرد. لە پشتەوەڕا لێیان دەدان و هەرگیز چاویان لە ڕووخساری ئەو لاوانە نە دەکرد تا بزانن کێن و لەجێوە بەجێیان دەهێشتن. لە شاری ئەرزەڕۆم ماوەیەکی زۆر ماینەوە. هەواکەی زۆر سارد بوو. ئازارێکی فرەمان بینی. ئێمەیان لە ناو خەندەکان کردبوو. با لە گشت لایەکەوە دەهات. ڕۆژێ تەنیا یەك جار مافی خواردنمان هەبوو، ئەویش لەتە سەموونێك بوو و بەس، پێیان گوتین: ″ئێوە بۆ ماوەیەکی کاتی لێرە دەمێننەوە، دواتر دەچنە

شوێنی باشتر، ئەنجامی دواییی ئێوە جێگەیەکی ترە″. ڕاستیان دەگوت. دوا مەنزلی ئێمە ساریقامیش بوو لەسەر سنوورەکانی ڕووسیە. ماوەیەکی زۆر بەقەتار ڕۆیشتین. سەرەتا چووینە قارس و دواتر بۆ ساریقامیش... کاتێك گەیشتینە ئەوێ، هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە هەستمان بەدیلی خۆمان کرد. بارودۆخمان لە ئەرزەڕۆم هەزار جار باشتر بوو. لە ساریقامیش دەبوایە دوو سێ کەس لە سەر یەکتر خەوتبان و ڕۆژانەش وەك کۆیلە بۆ بێگاری چووباینە سەر کاری دروستکردنی ڕێگەی قەتار. نە چەکمان پێ داین و نە مەشقی سەربازیشیان پێ کردین. وێستگە و ڕێگەی ئاسنی ئەو ناوچەیە بەدەست ڕووسەکانەوە وێران کرابوون. ئەوەش لە کاتی شەڕی نێوان تورك و ڕووسەکان قەوما بوو. کاری ئێمە، ئەوە بوو کە ڕێگەکە دروست بکەینەوە. لەوێ زیاتر لە ساڵێك کارمان کرد. ئەوکاتە بوو کە لەگەڵ ئاندۆنی ئاشنا بووم.

– بەڵێ، ئاندۆنیس گوتی: ئێمە پێشتر یەکترمان نە دەناسی، چونکە من خەڵکی کۆدۆنیام. تورکەکان ناوەکەیان گۆڕیوە بەئایڤالی. دوای لائۆدیکییا کەوتووەتە ئەولای دێنیسلی و ئەزمیر. ئایڤالی گەورەترین شاری ئاسیای بچووکە. دانیشتووانی شارەکەمان تێکڕا یۆنانی بوون.

### سەفەری من لە نێو ژیانی ئاندۆنیدا

من لە کۆدۆنیا لە دایك بووم و لەوێ ژیام. قەت لە شارەکەم وەدەر نەکەوتبووم، تەنانەت نەچووبوومە گوندەکانی نیزیکیش. بنەماڵەکەمان فەقیر بوو. باوکم پیاوێکی چاك و بەتوانا بوو و دارتاشی دەکرد. ئەو بەقۆنتەرات کاری داربڕین و ئامادەکردنی مژوڵ بوو. دارەکانیان لە دارستان دەبڕی، دەیانگواستنەوە بۆ کارگە و لە قەوارەی بچووکتردا دەیانبڕینەوە، ئەوەش بەپێی ئەو داوایەی لێیان دەکرا. دواتر ئەو دارانە بەڕێ دەکران بۆ کارگەیەکی تر و دەرگە و پەنجەرە و مێز و کورسی و

ناوماڵ و بەری بن میچیان لێ دروست دەکرا. خاوەن کاری باوکم، ئەویش یۆنانی بوو. کرێکارەکان لە نەتەوەی جۆراوجۆر پێك دەهاتن، تورك، یۆنانی، چەرکز. پێوەندیمان لەگەڵ گشتیان خۆش و دۆستانە بوو. من یارمەتیدەر بووم. لە کارگەی دۆستێکی نیزیکی باوکم کە کاری تۆڕنەچی دەکرد فێری کار دەبووم. ئەوەیان دەرگە و دۆلاپ و مێز و کورسی و گەلێك کەرستەی تری وەك گۆپاڵ و نەخشێندراوی تری دروست دەکرد. وەبیرمە کە مێحرابی کڵێساکەمان، ئێمە دروستمان کرد. بەڕاستی شاکارێکی جوان بوو. ماڵەکەمان دوور لە شوێنی کارەکەم بوو. هەموو بەیانییەك دەبوایە یەك سەعات پیادە ڕێگە بپێوم تاکو بگەمە سەرکار. بەهەرحاڵ دڵم بەکارەکەم خۆش بوو، چونکە ساحێب کارەکەم پیاوێکی چاك بوو و بەتایبەتی وەك مامۆستایەکی باش ئەو سنعاتەی فێر دەکردم. زۆری نەمابوو بگەمە قۆناخی کۆتایی کە خۆم تەنیا خەڕاتی و جوانکاری بکەم. وەستاکەم کۆلکەدارێکی دەدایە دەستم و نەخشێکی کێشراوە لەسەر کاغەزی لە پێش دادەنام، جا گوڵێك یا گەڵایەك بوایە، دەیگوت: "کوڕم، ئەو نەخشە لەسەر دارەکە هەڵکەنە". بەسەعات لەسەر ئەو دارە کارم دەکرد تا دروستی بکەم. وەستا بەلامدا ڕادەبرد و هەرگیز لێی نەدەپرسیمەوە و لەگەڵم نە دەدوا و تەنیا نیشانی دەدا کە چاوەدێریم دەکات. لە کۆتاییدا یا کەموکوڕییەکانی بۆ چاك دەکردم، یا کارەکەی بەدڵ دەبوو و تاریفی دەکردم. بەو شێوەیە دەستم بەسنعاتی خەڕاتی و جوانکاری و پەیکەرەسازی کرد و هێدی هێدی دەمدی کە پارچە بچووکەکانی دروستم دەکردن، لەسەر تەختی خەو و دۆلاپ قایم دەکران و تەواوێك کەیفم بەخۆم دەهات.

عەرزم کردن کە بنەماڵەیەکی هەژار بووین. هەڵبەت لە بیرم چوو بڵێم کە سەرەڕای هەژاری، گەلێك بەختەوەر بووین. هەر هەموومان کارمان دەکرد و ماندوو و شەکەت دەبووین، بۆوەی بتوانین سەری خۆمان ڕاگرین.

خەڵك خۆشیان دەویستین و ڕێزیان لێ دەنایین. بەڵام بەداخەوە، شەڕ و پێکدادان داوێنی ئێمەشی گرتەوە. تورکەکانی دانیشتووی ناوچە، تاقمگەلی خەراپەکاریان پێك هێنابوو و پێیان دەگوتن هێزی بەرگری و سەرکردەشیان محەممەد ئێفێ چاکیچۆغلوو بوو. ئەوانە ترس و وەحشەتیان خستبووە دڵی هاووڵاتیان. بەردەوام پەلاماری دێهات و ماڵی خەڵکیان دەدا، دەیان کوشت و ئاگریان تێ بەردەدا. کچانی ئێمەیان دەرفاند و هەرچی جینایەت و خەراپەکاری بەمێشکی مرۆڤدا دەهات، بەئەنجامیان دەگەیاند.

ڕۆژێکیان لە کاتی گواستنەوەی دارەکان بەئامێری بەرزکەرەوە زنجیرەکەی پسا و کۆلکە دارێك بەسەر باوکمدا کەوتە خوارەوە و بەسەختی بریندار بوو، باوکم دوای دوو مانگ ئازارکێشان مرد. سەرپەرشتی ماڵەکەمان، دایکم و دوو خوشکی گەورە و خوشك و برایەکی لە خۆم بچووکتر کەوتە ئەستۆی من. ناچار بووم پتر لە پێشوو کار بکەم و براکەشم لەگەڵ خۆم دەبردە سەرکار. لە گەڕەکەکەمان، کۆمەڵێك لاوی یۆنانی نەیاندەویست سەربازی بۆ سوپای تورك بکەن. ئەوانە بەگشتی وەشاخی کەوتبوون و تورکەکانیش ڕاویان دەکردن.

من و دۆستێکم و دوو خوشکی گەورەی ئەو لە نێو دەستەیەکدا بووین و خەریکی دابینکردنی جلوبەرگ و ئازووقە و فیشەك و پێداویستی تر بووین بۆ ئەو کۆمەڵە لاوە. کارەکەمان زەحمەت بوو، چونکە بەردەوام دەبوایە بیرمان لەوە کردباوە کە چۆن دەکرێ، تورك و دارودەستەیان بەتێکۆشانی ئێمە نەزانن و یارمەتییەکانمان بگەنە دەست کوڕەکانی شاخ. لە ڕاستیدا یاریمان بەچارەنوسی خۆمان دەکرد. بەهەرحاڵ لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا، یۆنانییەکان یەکیان گرت و بەرە بەرە هەستی پشتیوانی و یارمەتی لە نێوانیاندا گەشەی سەند، بۆیە وەختێك تورکەکان ویستیان پەلاماری لاوەکان بدەن، هەواڵەکە دەرك بەدەرك گەیشتە خەڵکی

خۆمـان و هوشیـار بووینـەوە.

ڕاست ئـەو سـەردەمـە بوو کـە ئێمـەش بڕیـارمـان دا بـەرەو یۆنـان کۆچ بکەین. من نەمدەتوانی ڕوو لە شاخ بکەم و دایکم بەدوو منداڵەوە جێ هێڵم و ئـەویش بـەدەم ئـازارەوە لـە نێو بچێ. دەمزانی ئـەوان بـەبێ من نـاتوانن ژیـان دابین بـکـەن. مـاڵـەکـەمـان قـیـمـەتـێکـی ئـەوتـۆی نـە دەکرد تـاکو بیفرۆشین. سامـانێکی ئـەوتۆشمـان شك نـەدەبرد و داراییـیەکیش نـەبوو تـا دڵـێ پـێ خـۆش بـکـەیـن. لـە هـەرحـاڵدا پـلانـی ڕۆیشتـنمـان بـەرەو یـۆنـان بـەیـارمـەتی قـایـەغ دارِشت. بـەداخـەوە ڕاست ئـەو کـاتـە گیرام کـە بـەدوای قـایـەغی گۆڕیندا دەگەڕام کە پێشتر قەرارمـان لـەگەڵی دانـابوو.

دایك و خوشك و برام نیزیك بـەپـەنجـا میترێك دوورتر بـەدوامدا دەهـاتن. ئـەوان یـەکسـەر هـاواریـان لـێ بڵێند بوو. کـاتێك گیرام، بـەتـاوانی گومـان لێکردن، بردیـانمـە نیزیکترین بنکـەی پۆلیس و لـەوێ دوو ڕۆژ دەسبـەسـەر کرام. هـەر لـەوێڕا خێرا بردیـانمـە خزمـەتی عـەسکـەری. سـەرەتـا بـەقـەتـار بۆ ئـەنقـەرە چووین. لـەوێ چوار پێنج مـانگ مـاینـەوە. لـەبـەر گـەرمـا خـەریك بوو بمریـن. بـێ ئـاو نـەك بـۆ خـۆ شووشتن، بـگـرە بـۆ خـواردنـەوە و تـینـوێتـی شکـانـدنـیش وەگـیـر نـەدەکـەوت. لـە ژێر چـادر و نێو خـەنـدەکـی داپـۆشراو بـەتـەنـەکـەدا دەخـەوتین. کـاتێك دەچوومـە ژوورەوە، دەتگوت لـە نێو تـەندور دام. دواتر بـەڕێ کراین بۆ ساریقـامیش.

لـە ساریقـامیش، ڤـاسیلیسم نـاسی. ئـازار، برسێتی، تینوێتی، سـەختی و سـەرجـەم چـارەنووس و ژیـانمـان لێك گرێ درا.

– هیـچ خـەبـەرێکتـان لـە بنـەمـاڵـەکانتـان هـەیـە؟

– بـەڵـێ من هـەمـە، ئـاندۆنیس گوتـی. ڕاوچـی مـاسـی خـاوەن قـایـەغـەکـە، بنـەمـاڵـەکـەمـی هـێدی هـێدی پـەڕانـدبـۆوە ئـەوبـەری.... بـەخۆشییـەوە ئـەوان وەزعیـان بـاشـە...

لەو نێوەدا ڤاسیلیس سەری بەردابووەوە و بەئەسپایی گوتی:

– من هیچ خەبەرێکم لێیان نییە. یەکێك لە پانۆرمۆڕا هاتبوو بۆ ساریقامیش و بەردەوام دەیگوت: "شارەکەمان تەواو بوو، وێران کرا. ئیتر شارێك بەو ناوە نەماوە.". هیچ بەرسیوێکی ڕوون و ئاشکرای بەپرسیارەکانی من نەدایەوە کە تەواوێك ئازاریان دەدام. من دڵنیام کە خەبەری خۆشی سەبارەت بەکەسوکاری من پێ نەبوو، بۆیە بەردەوام خۆی لێ نەدەدا و تەنیا وەڵامی عامیانەی دەدامەوە. هەر ئەوەندەی بەمن گوت کە گشت یۆنانییەکان لەو شارە ڕۆیشتوون. هیوادارم کە بنەماڵەکەی منیش ڕەگەڵ کۆڕەوەکە کەوتبێ.

## تابووری کرێکاری

ئۆردیەکی نیزامی بۆ لە نێوبردنی ئێمە بوو. بیر لەوە بکەنەوە کە مرۆڤیان چۆن بەزیندوویی لە نێو کورەی ئاگر داویشت! ئەو تورکانە بەو چەشنە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ ئێمە کرد. ئەوان بەهیچ شێوەیەکیتر نەیاندەتوانی لە نێومانبەرن. هەزاران شێوازی تریان تاقی کردبووەوە. شاری ئەزمیر و پانۆرمۆیان سووتاند، باژێڕی کیدۆنایا و لائۆدیکییایان وێران کرد، دێنیسلی بەتەواوی لەسەر نەخشە ڕەشکرایەو.. ئاسیای بچووك بۆ ئێمە تەواو بوو و وجودی نەما. سرووشتییە کە ئەوان دەتوانن هەموو شتێك وێران بکەن، خاپووری بکەن، بەڵام چ لە مێژوو و شارستانییەتمان دەکەن کە لە ناوچەدا گوڵی کردووە. ئەوانە ناتوانن ئێمەی یۆنانی چەشنی ئەرمەنییەکان لە یەك ڕۆژدا لە نێو بەرن. ئێمەش وەك ئێوەی کوردین، خاوەن پنچك لەو خاکەداین و تورکەکانمان پێ بێگانەن کە لە لاوەڕا هاتوون و لێرە نیشتەجی بوونە. هەرچەند ناچارمان بکەن، شوێنی ژیانمان داگیر بکەن، ئاوارەمان بکەن، خاوەنی ڕەسەنی ئەو هەرێمە هەر ئێمەین.

دەبێ ئەوە قبوڵ بکەین کە تورکەکان لەمەڕ ئامانجەکانیان پێداگرن و گەرەکیانە بەرە بەرە کەسمان لەو وڵاتە نەهێڵن، بۆ وێنە چاو لە سوپاکەیان بکەن. ئێمە دە ساڵ ڕادەگرن! لە کوێ شتی ئاوا هەیە؟ ئێ بەلایانەوە سرووشتییە، ئاخر خەرجێکمان لەسەر شانی ئەوان نییە و تەنیا لەتە سەموونێکمان دەدەنێ و ئەوە دوایین خەرجیمانە... بەدبەختییەکەی ئەوەیە کە ئێمە بەو حاڵەش خاتری ئەو خوێڕی و لە برسان مردووانە دەگرین. لە ساریقامیش دنیایەك کارمان لە ساڵێکدا کرد، مەبەستم ئەو ماوەیەی سەرباز بووین. تەواوی بیناکانی ئۆردوی عەسکەری بەدەستی ئێمەوە دروست کران. بەواتایەك، بەدەستی خۆمان زیندانمان بۆ خۆمان دروست کرد.

لە نێو شار، هەرچی لە دەستمان هات کردمان. لە خانوو و ڕێگەڕا بگرە تا دەگاتە چەندین کیلۆمیتر ڕێگەی ئاسن... هەر هەمووی بەدەستەکانی ئێمەی سەربازی دیل دروست کران، تەنیا یەك کار مابوو بیکەین، ئەویش هەڵکەندنی گۆڕێك بۆ خۆمان بوو و بەس.

ڕۆژێکیان دەستەیەکی پازدە کەسیان جیا کردەوە، گشتیان یۆنانی بوون. ئێمەش لە نێو ئەواندا بووین، ئاندۆنیس و من. دەستووریان پێ داین کە چاوەدێری سەرتاسەری ڕێگەی ساریقامیش تا ئەرزەڕۆم و خۆراسان بکەین. ئەوە مانای چی بوو؟ واتە تەواوی ئەو ڕێگەیە بپێوین و گشت ئەو مەودایە بەپێیان بڕۆین و هاوکات کاری سەختی ڕۆژانەش بە ئەنجام بگەیەنین. بەهەرحاڵ وەڕێ کەوتین. ئەو پازدە کەسەی هەڵبژێردراین، لە ڕاستیدا باشترین وەستاکارانی نێو پێگە نیزامییەکە بووین. پازدە تورکی چەکداریشمان ڕەگەڵ کەوتن، بەو مانایە کە بۆ هەریەك لە ئێمە چاودێرێکیان دانابوو. بەڵێ، بەرەو بێگاری وەڕێکەوتین... بە درێژایی ڕێگەی ئاسن پیادەڕۆییمان کرد و ئەو شوێنانەی وێران بوو بوو، دەبوایە دووبارە دروستیان بکەینەوە و بەتایبەتی ئەو جێگەیانەی

دارەکانیان بەتەواوی لەناوچوو بوو و ئاسنەکانیان ڕزیو و خوار بووبوو. بەواتایەك پتر دەبوایە لە جێگەی ساغ گەڕابایین. خەڵکی لێ قەوماو لەبەر زستانی سەخت ناچار بوو دارەکان بدزێ بۆ سۆبە و ماڵەوە و ئاسنەکانیشیان دەکردە کاریتەی تەویلە و ماڵەکانیان. هەژارییەکی تەواو بەسەر خەڵکدا حاکم بوو.

بۆ ئەوەی هەر شوێنێك چاك بکەینەوە، پێویستیمان بە دە پازدە دار هەبوو. دەبوایە سەرەتا ئاسنەکان لابەرین، خیز ڕۆکەین، لە نێو خیزدا داری تازە دامەزرێنین و لەسەر ئەوانیش ئاسنەکان قایم بکەین. چوار مانگی گرت تا توانیمان چل کیلۆمیتر ساز بکەینەوە. دەستەکانمان پڕ لە برین بوون. نەماندەزانی چییان لەگەڵ بکەین. کوڕێکی گەنج، حەڤدە ساڵ دەبوو و نە دەبوو، لە کاتێکدا دنیا بەستبووی، ئەو بەدەستی ڕووت ڕۆبووبوو ئاسنێك. دەستی پێوە نووسابوو، بەستبووی و لێ نەدەبووەوە. ناچاربووین بەهەڵمی زارمان، بەنۆرە ئەو شوێنەی ئاسنەکە گەرم دابێنین. پاش زەحمەتێکی زۆر دەستی کوڕەمان لێ کردەوە، بەڵام پارچەیەك لە پێستی دەستی بەئاسنەکەوە مایەوە.

بۆ خەوتنمان، بەهەردوو کەس، شتێکی وەك چادریان دابووینێ. ئەوەش تەنیا بەشی یەك کەسی دەکرد. تا نێوقەدمان لەنێو ئەو بۆرە چادرە و قاچەکانیشمان بەدەرەوە بوون. بەدرێژاییی ڕۆژ ئەوەندە ماندوو دەبووین، کاتێك دەخەوتین، ئاگەمان لە دنیا دەبڕا. زۆر شەو بەو ئاواتەوە دەخەوتم کە قەت وەخەبەر نەیەمەوە. بەزەبری شەقتێهەڵدان و جنێوفرۆشی چاودێرەکان، بەیانی شەوی دەما وەخەبەریان دەهێنایین. هەموو بەیانییەك دەمگوت ئەوجاریش دوعاکەم نەیگرت.

بەمانگ وەك مێرووڵە ڕێگەمان دەپێوا. چۆن توانیمان بەو هەموو برسێتییە، خۆڕاگر بووین، بەڕاستی جێگەی پرسیارە! بەبڕوێشی

ئەسپێلێدراو و نانی ڕەقی وەك بەرد دەژیاین. لەبەر دزوێنی، بێزمان لە خۆمان دەکرد. پاسەوانەکان ئیزنیان پێنەدەداین تخوونی ئاو بکەوین. دەیانگوت: "ئاوتان بۆ چییە؟ ئێوە هەردەم گلاو بوونە و بەگلاوییش بمێننەوە. دەبێ لە نێو پیسایی خۆتاندا بخنکێن، وا دیارە خەراپیان عاملاندوون". بەئێمەیان دەگوت کە تەنیا موسوڵمانەکان خاوێنن، چونکە لە ڕۆژدا پێنج جار بەر لە نوێژ کردن، دەستنوێژ هەڵدەگرن. هاتەران و پاتەرانی لەو چەشنەیان زۆر پێ دەگوتین. ئاینێك چۆن دەتوانی خاوەن ئەو هەموو ڕق و کینەیە بێ.

حەوت مانگ و دوازدە ڕۆژ، واتە دوو سەت و بیست و دوو ڕۆژ، بەردەوام ڕێگەمان پێوا. کارمان کرد و برسێتیمان چێشت. بیست ڕۆژی دوایی، تورکەکان بەتەنیا جێیان دەهێشتین و دەچوونە گوندێك بۆوەی ئازووقەی خۆیان دابین بکەن... هەڵبەت کاری دیکەشیان هەبوو. ئێستەش نازانم چۆن باوەڕیان بەئێمە کرد. ئەوان دڵنیا بوون کە ئێمە ناتوانین ڕابکەین. هاتبووینە ناو دۆڵێکی ئێجگار قووڵ، ڕێگەی ئاسن بەوێدا دەڕۆیشت. ئەگەر گەرەکمان بوایە ڕابکەین، تەنیا دوو ڕێگەمان لەبەر بوو. یەکیان ئەوە بوو بەنێو دێدا بڕۆین کە ئەوانیش لەوێ بوون، دووەم ئەوەی کە بگەڕێینەوە ساریقامیش. بەڵام داخەکەم بەکام هێز و تواناوە! پاشان کام زیندانی بە پێی خۆی دەگەڕێتەوە نێو زیندان.

لەنێو دۆڵەکەدا ئەوەندە کاریان بەسەرمانەوە نەبوو. هەر دوو سێ ڕۆژ جارێك بەسواری ئەسپ دەهاتن و چەند لەتێکیان سەموونی ویشك بۆ فڕێ دەداین و دەڕۆیشتنەوە دێ. وا دیاربوو لەوێ دەمیان شیرین کرابوو و ناخۆشیان لێ نەدەگوزەرا.

ئەو ماوەیە یەك دوو کەس لە هاوڕێیانمان تووشی نەخۆشی کەوتوویی هاتبوون. نە دەرمان، نە ئاو، نە خواردەمەنی، هیچ شتێك لە گۆڕێدا نەبوو.

داوامـان لـه توركەكان كرد كە دەرمانمـان بۆ بێنن، یا هـەرنەبێ تۆزێك ئـازووقـەیەك تـاكو هێزێكیـان وەبـەر بێتـەوە، بـەڵام تـەنیا مستێكیـان نۆك بۆ هـێنـایـن. ئـەوەشمـان لـە نێو تـەنـەكێكی ژەنگـاوی كرد و چـەند سەعـاتێك كوڵاندمـان. هـەرچـەند دیسانیش وەك ساچمە ڕەق بوون، بەڵام بـاش بوو كە كـاری خـۆیـان كـرد. دانـەوێڵـەكـەمـان دایـە نـەخـۆشـەكـان و خـۆشمـان شۆربـاوەكـەمـان خوارد. لـە نێو بـەشە شۆربـاوی مندا، دەنكێكی نۆك تێدا بوو. وەبـیـرمـە كـە تـێر تـێر ئـەو دەنكـە نـۆكـەم جـووی، تـەنـیـا بـۆوەی هـەست بـەئیحساسی جووین بكەم.

جـارێكیتر بەهـەڵكەوت توودركمـان دۆزییەوە، ئەویش زۆر. ڕامـان كرد كە هـەر هـەمـووی لـێ كـەیـنـەوە، بـەڵام عـەسكـەرێك كـە شـارەزایـی لـە بـارەی گـژوگـیـاوە هـەبـوو، پـێشی پـێگـرتین. گـەڕایـنـەوە، تـەنـیـا یـەك كـەسمـان توانیبووی هێندێك لەو توودڕكانە لە زاری ئـاخنێ. هـەر چەند خێرا فڕێی دا، بـەو حـاڵەش چەند ڕۆژێك بەدەست ژانەسەرێكی تووندەوە نـاڵاندی. چڕوچـاوی هـەڵمسا و نێو زاری دەسووتـایەوە. ئەگـەر ئەوەی جـاویبووی قـووتـی دابـایـە، بـێشك دەمـرد. ئـەو توودڕكـانـە گشتیـان ژاراوی بـوون و ئێمەش نەمـاندەزانی.

ڕۆژێك هـەستم كرد لـەوە زیـادتر تـاقـەت نـاهێنم و لـەگـەڵ ئـاندۆنی كـەوتمە ڕاوێژكردن.

– ئـاندۆنی، لـەوە زیـادتر نـاتوانم. دەزانم ئیتر تێدا دەچم. یـا دەبێ لێرە بمرم یـا لـە ڕێگـەی ڕزگـاریمدا سـەر بنێمـەوە. ڕاستییـەكـەت دەوێ، دەخوازم بڵێم كە هیچ جیـاوازییەك لـەو نێوەدا نـابینم، بۆیە گـەرەكمە تێی تـەقێنم. لانی كـەم ئـەوكـات هـەست دەكـەم ڕزگـاریم هـاتووە، هـەرچـەند دەزانم لـە پشتـەوەڕا لێم دەدەن. تۆ دەڵێی چی؟

– من هیچ نـاڵێم.

بـڕیـارمـان دا لـە یـەکـەم فـرسـەتـدا ڕاکـەیـن. یـەکـەم هـەنـگـاو، دانـی بڕیارەکەمان بوو. داخەکەم فرسەت وەگیر نەدەکەوت. هەروا بەردەوام ڕێگەمان دەپێوا و هێڵی قەتارمان مەرەمەت دەکردەوە تا گەیشتینە نیزیك کوێرە دێیەکی چەند ماڵی. لێرە دەبوایە ئێزگەی قەتارمان دروست کردبا. دوای چەند مانگ لێرە توانیم ڕدێنم بتاشم و خۆم و جلەکانم بشۆم. لە جیاتی تیغ و گوێزان، لەتە شووشەیەکم دەستدایە. هەرچەند خۆم بەبرینان حەیات لێ بڕی، بەڵام هەستم بەئینسان بوونەوەی خۆم کرد. وردە وردە دەمانتوانی لەگەڵ خەڵکی ئاواییەکە قسە بکەین. ئەوەیان بووە هۆی پەژیوان بوونەوەی ئاندۆنی. جاروبار پێیدەگوتم کە خۆڕاگر بەو هێندە ناکێشێ ئازارەکانمان کۆتایی پێ دێت و زۆر بابەتی تر. خەریك بوو منیش تووشی دوودڵی بکات، بەڵام چوون هیچ باوەڕێکم بەتورکان نەبوو و دڵنیا بووم کە قەت دەستمان لەسەر هەڵناگرن، خۆم ڕاگرت. ئاخر، ئەوان ئێمەیان تەنیا وەك کرێکاری ڕێگەی قەتار تا ڕۆژی مردن ڕادەگرت و دەبوایە لەنێوچوونی خۆمان بەچاوی خۆمان ببینین. ڕۆژ بەڕۆژ زیادتر بـەرەو قـوڵایـی پـاڵـیـان پێوە دەنـایـن. کـام خـزمـەتـی سەربـازی، هـەمـووی قسەی خۆڕایی بوو. ئێمە کۆیلەی تورکەکان بووین.

– براله، بۆ من هیچ شتێك نەگۆڕاوە، بەئاندۆنیم گوت. یەکەم فرسەتم بۆ هەڵکەوێ، فیرار دەکەم. تۆ خەریکی بێگاری خۆت بە. من گەرەکم نییە وەباڵی تۆ بەملمەوە بێ. هەر بڕیارێك بدەی، لە نێو دڵمدا جێگەی خۆت پاراستووە.

– ڤـاسیـلـی، کـاکـی خـۆم مـنـیش گـەرکـمـە هـەڵـێم، بـەڵام شتێك مـنـی تۆقاندووە، ئەو سەگە هار و برسییانە کە وەسەرم دەگەڕێن و جەستەم لەت و پەت دەکەن.

– لێرەش جەستەمان ڕۆژ بەڕۆژ پارچە پارچە دەبێ. وەڵامم دایەوە و

ئەوەشم دەزانی کە بەدڵ حەزی لێیە لەگەڵم بێ.

بێگارییەکەمان لە گوندەکە تەواو بوو ئەوێمان بۆخۆی پشوودانێك بوو و درێژەمان بەرێگەکەماندا و بەردەوام بیرمان بەلای ئازادییەوە بوو.

– منیش هەر لەسەر ئەو باوەڕە بووم، بەڵام زۆر دەترسام. ڕۆژێکیان بەڕاستی هەستم بەدڵسۆزی و براگەورەیی ڤاسیلیس کرد. ڕاست ئەو کاتە بوو کە خەریکی کارکردن بووم. کەمەرم وەژان کەوتبوو. تۆزێك ڕاست بوومەوە و هەناسەیەکم هەڵکێشا و دەستم لەبەر چۆکان وەرێنا. تورکێکی پاسەوان لێم نیزیك بۆوە و بەهەموو هێزییەوە قۆنداغە تفەنگێکی لە پشتم ڕاکێشا. نرکەم لێ هات و هەناسەم بڕا، نیوە گیان کەوتمە سەر عەرز. ڤاسیلیس بە هاوارمەوە هات. تورکەکە هەرای لێ کرد بگەڕێوە سەر کاری خۆت. بەڵام ڤاسیلیس وەك ئەوەی دەنگی تورکەی نەبیستبێ، بۆ لام هات. کابرا تفەنگەکەی سوار کرد و بە هەڕەشە پێیگوت، ئەگەر نەگەڕێیەوە دواوە دەتکوژم. ڤاسیلیس قەڵافەتی خۆی ڕاست کردەوە و بە قەرا عاسمان بەرز بووەوە و بەدەنگێکی پیاوانە گوڕاندی: ″فەرموو، لەسەر چی ڕاوەستاوی، لێم دە. گەرەکتە یەکێك بکوژی، ها، فەرموو، من بکوژە″. تا تورکەکە وەسەرەخۆ هاتەوە، یەك لە سەرپاسەوانەکان کەوتە ناو کێشەکە و پێی وابوو من لە خوارووتر کوژراوم. هەر بۆیەش هەرای کرد: ″بۆ ئیمڕۆ کوژراوێك بەسە″. عەسکەرە تورکەکەی دوور خستەوە. ئەوەی ڤاسیلیس کردی، تەنیا دایك بۆ کوڕی دەیکا. لەو ڕۆژەوە ترس لە دڵمدا ئاسەواری نەما و بەڤاسیلیسم گوت، هەرچی دەیکەی، لەگەڵتم.

– ئەوەت بەمن نەگوتبوو. گوتت کە ئەو ڕۆژە هەموو شتێکت سوور و خوێناوی دەبینی و دنیات لە بەرچاو تاریك بووبوو. بەڕاستی ئەو ڕۆژە ئاسمان بەتەواوی ڕەنگی سووری تاسە و غەریبی پۆشی بوو. وەختێك سەرت هەڵدەهێنا و چاوت لە ئاسمان دەکرد، گشت کەسوکارت دەهاتنە

بەرچاو. ئەو ڕۆژە لەنێو سوورایی ئاسماندا تەنیا پشتی ئاندۆنیم دوای ئەو لێدانە قورسە بینی. ئاندۆنیس بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت: "خوێن، خوێن بەری ئاسمانی گرتووە". ئەو شەوە ئاندۆنیم لە نێو ئامێزی خۆمدا لاواندەوە، بێچارەیە دەلەرزی و دەتگوت نۆبەتەی لێیە. دەگریا و داوای کەسوکاری خۆی دەکرد. بەباوەشمەوە توونـد دەمگوشی، مەبادا لە دەستم ڕابکات. دەترسام بمرێ. لەبەری دەپاڕامەوە خۆڕاگر بێ. بەڵێنم پێدا کە ڕزگاریمان مسۆگەرە. باسی خۆشەویستەکەیم بۆ دەکرد کە چەندەی خۆش دەوێ و چاوەڕوانی گەڕانەوەیەتی، تاکو ژیانێکی بەختەوەرانە پێك بێنن. بەباوەشمەوە توونـد دەمگوشی، بەجۆرێك کە خەریك بوو بیتەقێنم. کاتێك تۆزێك هێور بووەوە، منیش تاوێك لە چادر چوومە دەرێ. لەسەر بەردێك دانیشتم. خامۆشی گۆڕستان بوو. نە دەگریام بەڵام فرمێسکم لەخۆڕا دەهاتنەخوار. خەریك بوو ڕۆژ بێتەوە، هەستامە سەرپێ و بەبێدەنگی ڕووم لە چیا کرد. لە ڕاستیدا بۆرە تاقیکردنەوەیەکی فیرار بوو. کوێرەڕێیەك، ڕێگەیەکی تری جیا لە ڕێگەی قەتارم بینی کە دەکرا بەوێدا بڕۆین. پەحا، لەبەرخۆمەوە گوتم، ڤاسیلی شێت بووە و سەرابی بەرچاوکەوتووە. چاوەکانم قوچاند و کردەوە، کوێرەڕێ هەروا لە جێگەی خۆی بوو. بەواتایەك ئەگەر پێڕاگەیشتباین ئەو کوێرەڕێیە بگرینەبەر و بگەینە چیای ئەوبەری، تازە شوێنەونکەمان کردبوو. بەهەناسەبڕکەوە گەڕامەوە چادرەکەم. بەخۆشییەوە کەس بەسووکە فیراری منی نەزانی. ئاندۆنیس هەروا لە خەودا بوو. گەرەکم بوو لە خەوی هەستێنم، پێی بڵێم: "ڕزگاریمان مسۆگەرە"، بەڵام بەزەییم پێدا هات. بەهەرحاڵ پاش فەترەیەکی تر بەجنێوەکانی عەسکەری تورك وەخەبەر دەهات. بەڕاستی، هەرکە پاسەوانەکان هەرایان لێ کردین بچێنە سەرکار، ئاندۆنیس چاوەکانی هەڵێنا. "ئێشم هەیە"، پێی گوتم و دووبارە خۆی تێ خزاندەوە.

## ڕزگاری

دوو ڕۆژ دەرباز بوو و ڕەوشی ئاندۆنی هەروا خەراپ بوو. بە لەسەر دانانی گژوگیای جووتراو و هەڵمیسین خەریکی دەرمانکردنی بووم، بەڵام هیچ خێری نەدایەوە. لە خوێنڕێژی ناو هەناوی نیگەران بووم. ڕۆژی چوارەم وەزعی باشتر بووەوە و دەیتوانی تفی ناو زاری قووت بداتەوە. ″چۆنی کوڕی باش″ پێم گوت، ″برالە زۆری نەماوە ڕاکەین، دەزانی؟″.

چاوەڕوانی مانگی چواردەشەوی بووم. لە بەیانییەوە بەئاندۆنیم گوتبوو کە شەوێ تێی دەتەقێنین و هەرچی دەبێ با ببێ. دەبوایە چاوەڕوانی خەوتنی ئەوانیتر بکەین. کاتێك گوێمان لە پرخەی خەویان بوو، لەگەڵ ئاندۆنی یەکترمان لە باوەش کرد و هەرکام ئاواتی ڕزگاری بۆ ئەوەی تر خواست و پێکەوە وەڕێ کەوتین. بەوشیاری و بێدەنگی خۆمان گەیاندە چیای ئەوبەر و کوێرەڕێگەی گۆڕینمان گرتەبەر.

ماهی تابان هێزم پێ ببەخشە با بڕۆم، خێرا و خێراتر، زەمان بەرتەسکە. هەر چەند وەخت جارێك ئاوڕێکمان دەدایەوە دواوە. ئێستە، دەمانگوت، قبوڵی مەرگ و ئیرادەیە. ڕۆیشتین و ڕۆیشتین، شانبەشانی هەڤدوو.... ڕۆژ بووەوە، شەو داهات، دووبارە ڕۆژ بووەوە، جارێ هەروا بەئازادییەوە بەرێگەوە بووین. لاقەکانمان هێزیان لێ بڕابوو و چاوەکانمان دەسووتانەوە. لە بەرامبەر ئەشکەوتێك ئەژنۆمان دادا. چووینە ژوورێ و خەومان لێ کەوت. خەوێکی ترسناك بوو. دەنگی هەنگاو و حیلەی ئەسپان هات و ئیتر ئەوەیان خەون نەبوو. قەناعەتمان هێنا کە شوێنەکەمان دۆزراوەتەوە. هێندێك زیادتر چووینە قوڵاییی ئەشکەوتەوە. کەسانێك لە بەردەم زارکی ئەشکەوت وێستان، نەك هەر گەرەکیان نەبوو بڕۆن، بەڵکو خەریکی شایی و لۆغان بوون. دەرکەوت کە

ئەوانە بەدوای ئێمەوە نین. کەس نەیزانی ئەوانە چ کارەن. ڕەنگە وەرزێڕ، شوان یا عەسکەر بووبن.

گۆرانییان دەگوت و گۆشتیان دەبرژاند. گۆرانییەکان خۆش بوون، بەڵام بۆنی گۆشتی برژاو ئازاری دەداین. لیکاومان بەلێواندا دەهاتە خوار.... وەختێك بەزم و شایی ئەوانە تەواو بوو، ئێمەش وەك شەیتانۆکە لەو کونە هاتینەدەر. بەدوای پاشماوەی گۆشتدا گەڕاین، بەداخەوە تەنیا چەند پەتاتەی لاسووتاویان لە نێو مشکیدا جێ هێشتبوو. ئەوانمان خوارد.

دوای چوار پێنج شەو، چرای ڕووناکی ڕێگەمان مانگ بوو. ڕۆژانە کەمتر وەڕێ دەکەوتین. لەبەر باری ئەمنییەوە، پتر بەشەو ڕێگەمان دەپێوا. لە پڕێکا چاومان بەچیای ئارارات لە قوڵی چەپمان کەوت... ئەوە بەو مانایە بوو کە ئەگەر خێراتر ڕێگەمان بڕیبا، بەزوویی دەگەیشتینە سنوورەکانی ئێران.

وەبیرم هاتەوە کە لە وێستگەی قەتاری ساریقامیش نەخشەیەکی گەورە کە پێم وایە نیزامی بوو، بە دیوار هەڵواسرابوو. لەو نەخشەیەدا نیشانی دابوو کە دوای ساریقامیش، بەرەو خوارتر ئیغدیر هەڵکەوتووە و لە لای عرووسیاتیش، ئارارات و ئێران و شاری بایەزید جێیان گرتووە. لە سەرەوەی نەخشەکەش چاوم بەگۆلی وان کەوت. هەر بەو حیسابە، دڵنیا بووم کە دەگەینە ئێران. ئێمە دەمانزانی کە لەسەر سنوورەکان هێزی نیزامی فرە جێگیر کراوە و چاوەدێری پتر دەبێ. ئاندۆنیس گەرەکی نەبوو دەرباز بین. منیش ڕێگە چارەم تەنیا لەوێدا دەدیت. بەهەرحاڵ جیاوازی بۆچوونمان هەبوو. ئەوەی باش بوو کە گشت کاتێك، بەرلەوەی کێشەکانمان بتەقنەوە، یا من، یا ئاندۆنی، دەمانگوت جارێ با بڕۆین، هەرکە گەیشتینە ئەوێ، چارەیەکی بۆ دەدۆزینەوە. بەو شێوەیە دووبارە ڕێگەمان گرتەوەبەر.

تورك و زەمەن ڕاویان دەكردین. گرمەی هەور و تۆفان دەستی پێ كرد. هەورەتریشقە عەرزیان ماچ دەكرد و سێڵاو لە چیارا داگەڕا خوارێ. نەماندەزانی لە كوێ خۆمان بشارینەوە. ناچار پەنامان بۆ پیرەدارێك برد و لە نێو هەناوی ئەودا جێی خۆمان كردەوە. ئەگەر ئەو دارە ئاگری تێبەر ببایە، ئێمەش لەگەڵی دەبووینە خەڵووز. كاتێك كۆتایی بەو گۆپاڵبارانە هات، ئەوسا ئێمەش هاتینەدەر و ڕێگەمان گرتەوەبەر. هەستمان بەبارقورسایی خۆمان دەكرد. جلوبەرگمان سەرتاپا تەڕ، سەرما كاریگەری كردبووە سەر مۆخی ئێسقانەكانمان و لەبەر قوڕ و زەلەق، نەدەكرا پێ بەرز كەینەوە. تا ئەژنۆمان لە قوڕەشێل ڕۆچووین. قاچەكانمان لە ئاسنیش بوایە، دەبوایە بتوێنەوە. بەو حاڵەش كەسمان گوێی بەو ئێش و ئازارانە نەدەدا و تەنیا لە فكری ئەوەدا بووین هەرچی خێراتر بگەینە شوێنێك. هەرجارێ كە هەستمان بە بێهێزی خۆمان دەكرد، بەدەنگی بەرز دەمانگوڕاند: "دەگەینێ، تۆزێكی تر، دەگەینێ، ڕزگاریمان هات، هاتین".

شێوەی مردووانمان دەدا. نە برسیمان بوو و نە تینوێتی كاری لێ دەكردین، نە ئێشمان هەبوو و نە خەومان دەهات، بەردەوام دەڕۆیشتین و دەڕۆیشتین. لە پڕێكا دەنگێكی پڕ مەترسی هات. ئاندۆنی گوێی بەعەرزەوەنا و هەڕەشەكە وەڕاست گەڕا. ئەسپەكان دەهاتن و نیزیك دەبوونەوە.

– ڕاكە ڤاسیلی، ڕاكە، ئاندۆنیس هەرای كرد. ئاخر ڕابكەینە كوێ و چۆن ڕابكەین. ئاندۆنیم لەبەرچاوان ونبوو. تەنیا گوێم لە هاواری ئەو بوو. كەوتبووە كەنداڵێك. منیش داخزامە خوارەوە. دەنگی لەوێرا دەهات. بەكوێرەڕێی ژوور سەرمدا، ئەسپەكان دەرباز بوون. ئەگەر ئاندۆنی نەكەوتایە نێو كەنداڵ، ئێمە تێدا دەچووین. یا دەستگیر دەكراین یا لانیكەم كەسانێك ئێمەیان دیبوو. بۆوەی درۆم نەكردبێ، لێم ڕوون نەبووەوە كە

ئەو سوارانە نیزامی بوون یان نا. ئاندۆنیس بە لکی دارێکەوە چەشنی جلی هەڵخراو، ئاوێزان بووبووەوە. ویستم ڕای کێشمە خوارێ، بەڵام هەر کە دەستم گەیاندێ، هاواری لێ هەستا. لەشی شۆڕ بووبووەوە و پڕ لە دڕوو بوو. ئەو دڕوانەی کە ئێوە بەو گشتە زەحمەتە دەرتانهێنان. هەرچۆنێك بوو ڕێگەمان گرتەوە بەر. لەبەر ژان و ئازار دەگریاین، بەڵام ڕاوەستانمان بۆ نەبوو تا گەیشتینە قەراخ چۆم. یا دەبوایە خۆی تێ هاوێین و بەمەلە بپەڕینەوە، یا پایانی ڕێپێوانمان بوو. هەڵبەت مەرگ و پایانی ڕێگە دەیانتوانی لە نێو ئاوی خوڕێن و قووڵی ڕووباریشدا میوانمان بوایە، یا بەدەست خەڵکی ئەوبەرە و سەگەکانیان کۆتایی بە ژیانمان هاتبا. وەختێك دەستی یەکترمان گووشی، بەوەندە هێزەی لەبەرماندا مابوو، چاوێکمان لە یەکتر کرد و پەیمانی مەرگ و ژینی دووبارەمان لەگەڵ یەکتر نوێ کردەوە کە لەکاتی فیرار دابوومان. بڕیارمان دا خۆی تێ هاوێین و بۆ هەرکوێ دەچین، گرینگ نییە. لە قەدیمەوە گوتوویانە کە پیاو کە تەڕ بوو، تازە نابێ لە باران بترسێ. ئێمە کە لەو وەزعەدا بووین، بۆچی دەبوایە نیگەران بین؟ تەنیا ئەوەندەمان دەزانی کە هەر یەکمان بۆ ئەوەی تر پشت و پەنایە و یارمەتی هەڤدوو دەدەین. بەهەرحاڵ خۆمان تێ هاویشت. ئاو بە شیدەتێکی زۆر بەرە خوار ڕای دەکێشاین. خوڕێنی ئاو خەریکبوو وەك فەرخە مراوی بمانبا. ئاوێکی زۆرمان قووت دا. لە یەکتر ون بووین. من پێم وابوو کە ئاندۆنی خنکا و ئێستێ نۆرەی من دێ. لەپڕێکا گوێم لە هاواری ئاندۆنی بوو کە دەیگوت:

– ڤاسیلی، بەرەو سەرێ مەلە بکە، ڕاست بڕۆ بۆ ئەوبەری چۆم. تۆزێکی تر، هێندەی نەماوە.

نازانم چی قەوما، تێ نەگەییم چ هەستێك قەناعەتی بەئاوی چۆم هێنا کە ئێمەی گەیاندە ئەوبەر. هەردووکمان بۆ سەرکەوتنێکی بچووکیتریش دەگریاین و پێ دەکەنین. باشە ژیان چییە؟ وەجبەیەك لە سەرکەوتنی

بچووك، دێن و دەڕۆن، تا ئەو كاتەی ئەوانیش كۆتاییان پێ دێ. ئاندۆنی ڕاستیم پێ بڵێ، لە قەراخ چۆم، ئێمە دەگریاین یا پێ دەكەنین؟

– بڵێم چی، ئەوەندەی دەزانم كە ڕووخسارمان تەڕ بووبوو.

– لەبەر زۆر ڕۆیشتنی پڕ ترس، هیچ هێزێكمان لەبەردا نەمابوو، لەشمان بریندار بووبوو، بەو حاڵەش دەبوایە لەگەڵ ڕەوتی ئاوی چۆم بەربەرەكانی بكەین. لەسەر یەك، تەنیا پینە و پەڕۆیەكمان لێ مابووەوە. دوای پەڕینەوەمان خۆمان گەیاندە مەزراكانی ئەوبەری چۆم و لەوێ خۆمان حەشار دا. ڕووناكییەك وەدیار كەوت، ئەوەندە دڵمان پێخۆش بوو وامان دەزانی بانگمان دەكات. بڕیارماندا لێی نیزیك بكەوینەوە. یا ئەوەتا یارمەتیمان دەدەن، یا دەمان دەنەوە دەست دوژمن.

لە نێو خانوویەكی دوور لە ئاوایی خۆمان بینییەوە. سەرەتا پێمان وابوو ماڵە. كاتێك لێی چووینە پێش، دیتمان هۆڵێكی گەورەیە و پڕ لە مەڕ و بزنە. هۆڵەمەڕی ئێوە بوو، واتە ئەو شوێنەی ئیمەتان لێ دۆزییەوە. گەرمای خوری و لەشی مەڕەكان بەچەشنێك ئێمەی ڕاكێشا ژوورەوە، دەتگوت دوعامان لێ كراوە. لە كونجێكدا ڕاكشاین، حەیوانەكان ئێمەیان گەرم داهێنا و خەومان لێ كەوت. نازانم خەومان لێ كەوت یا بێهۆش بووین. لە بیرم نییە چەند سەعات لەو شوێنە چاومان لەسەریەك دانا. ئاگامان لەوەش نەبوو، ئاخۆ حەیوانەكان چۆن وەسەرمان دەكەون، تەنیا شتێكی لە بیرمە، ئەو كاتە بوو كە دەنگی ژنان هات.... ئاندۆنیس لە فكری ئەوەدا بوو كە بڕۆین، بەڵام بۆ كوێ، هیچ جێگەیەكمان شك نەدەبرد.

باقی بەسەرهاتەكە خۆتان باشتر دەیزانن، چونكە پێكەوە ژیاین.

ڤاسیلیس سەری خۆی بەردایەوە و دڵۆپە فرمێسكێك بە گۆنایدا هاتەخوار و لەبەر خۆیەوە بە هێمنی گوتی: "سوپاس، سوپاس بۆ ئێوە".

– شایانی نییە، باوكم گوتی. پێویست بەسوپاس كردن ناكات. ئێمە

ئەوەمان کرد کە دەبوایە بیکەین. ئێستە نۆرەی ئەوەیە کە بزانین ڕەوشی بنەماڵەکانتان چۆنە؟ هەڵبەت دەزانن کە بارودۆخەکە بەرەو خەراپتر چووە. تەقە و گرمەی نێوە نێوە بەردەوام لە دەڤەرەکەمان دەبیسترێ و گەڕان و پشکنین لە هەموو جێگەیەك بەڕێوە دەچی. هێشتا نازانین ئەو تەقە و گرمەیەی کە ئەغڵەب ڕۆژان گوێمان لێ دەبێ، بۆ چییە و لەبەر چییە؟ بەباوەڕی من دەبێ لێرەوە بەشاراوەیی، ماوەیەکی تریش بمێنینەوە. سەبارەت بەبارگرانی بوون و شتی لەو بابەتە، باشترە ئەو فکرانە لە مێشکتان بەرنەدەر. ئاخر کاتێك لەنێو دڵمدا جێتان بووەتەوە، لە نێو ماڵەکەشمدا جێتان دەبێتەوە. ئێرە ماڵی خۆتانە. ئێوە سەرباری کەس نین. ئێوەش وەك کوڕەکانی خۆمن. ئێمەش وەك ئێوە قاچاغین. ڕووحەکانمان بێ قەرارن. زمانەکەمان قسەی پێ دەکەین، گۆرانی و لاوکەکانمان دەڵێینەوە و داوای ولاتی خۆشمان دەکەین. تا ئەو ڕووحە کوردییە زیندوو بێ، بۆ ئەو نیشتمانە خەبات دەکەم. پاشان جلەو دەدەمە دەست حەسەن و منالەکانی حەسەن، تا ڕۆژێك دادێ و سەردەکەوین. سەرکەوتنی نیشتمان شتێکی ئەوەندە بچووکی ژیانی ڕۆژانەمان نییە کە تۆ باست لێوەکرد، ئاندۆنی، بگرە بەئامانج گەیشتنێکی یەکجارییە و باڵ بەگەلێکی ڕاونراو دەدا. چیای ئارارات بورکانییە، ئەگەر تۆزێکیتر زەختی لێبکەن، دەتەقێتەوە. ئاگر و تینی ئەو بورکانە گشت ولاتی دادەگرێ. خەڵك لەوە زیادتر تاقەتی ئەو زوڵم و خەفەتە ناهێنێ. ناخوازێ لەوە زیادتر چاوی بەفیرۆچوونی خوێنی هاونیشتمانان بکەوێ. ئەوەی بزانە کە ئازار و ناهەقی ناتوانن تەمەندرێژ بن. هەموو شتێك چاك دەبێ، کوڕەکانم، ئەوەی پێتان دەڵێم لە بیرتان نەچێ.

## ژانی تاسه و دووری

ئاندۆنیس و ڤاسیلیس بووبوونە ئەندامانی بنەماڵەکەمان. وەیسە وەزعی باشتر بووبوو و دەیتوانی بڕوا. هەردووکیان لە کاروباری مەزرادا یارمەتییان دەداین. شەوێك چەند کەسێك لە دەوری ئاگردان کۆ بووبوونەوە. وەك هەمیشە لەگەڵ گڕی ئاگر، باسەکانیش بڵێسەیان دەگرت. هەر کە گڕەکە دادەمرکا، یەکێك لە نێزیکەوە تۆزێکی ئاوردوو دەهاویشتە نێو و گڕی دەگرتەوە. ئەو شەوە یەکێك گەرەکی بوو ئاوردوویەکی پتر بخاتە نێو ئاگرەکە. ئاندۆنیس سەردەمێك بوو چاوی بڕیبووە ئاور و یەکجێ هاواری لە بڵیند بوو:

– نانا نەکەی، ئەوەیان نا، ئەو کوندە دارە نا، بڕۆ ئی دیکە بێنە.

گشتمان ئاوڕمان دایەوە و چاوێکمان لە ئاندۆنیس کرد.

– ئەوە حەیفە، دارێکی زۆر جوانە، دەکرێ بزانم چ دارێکە؟

– ئەو دارە لە شاخی شین دەبێ و گەڵێك سووکە. هەرچی گەورە و بەرزتر دەبێ، قورساییەکەی کەمتر دەبێ. لە چیا بایەکی زۆری وێ دەکەوێ و باران و بەفری فرەی پێدا دەبارێ. ئاوی باران خاوێن دەیشواتەوە و خۆر ویشکی دەکاتەوە و باشترین سووتەمەنییە.

– من دەخوازم مێزێك لەو کوندە دارانە دروست بکەم. تەنیا پێویستیم بەهێندێك وەسیلەی دارتاشی هەیە. ئەگەر ناویان بڵێم، بۆم دەکڕن؟

ئەوە پرسیاری نەدەویست. یەك دوو ڕۆژ دواتر، ئاندۆنیس خەریکی وەستاکاری خۆی بوو. ڕۆژێکیان داوای بۆیاغ و ڕەنگی کرد. ئەوانەی داوای کردن بەڕاست نەمدەزانی چین. پێم وابوو لە بازاڕی پێیان دەزانن. هەموو دوکانەکان گەڕام و پرسیارم لە دوکاندار و وەستاکاران کرد، بەڵام فایدەی نەبوو و هیچ دەست نەکەوت. کەس باسی بۆیاغ و ڕەنگی پێکەوە نەبیستبوو کە بۆ کورسی و مێز بەکار هاتبێ. بەڵام دایکم، وەك

ژنێکی کارزان، فکری بۆ بریقەدارکردنی مێزەکەی ئاندۆنی کردەوە. ئەوەش تەنیا بەو ژنە کارجوانانە دەکرا. دایکم پیوی دونگەی مەڕی لە فکردا بوو. کاتێك مێزەکە ئامادە کرا، لەبەر جوانی سەرت سوڕدەما. شاکارێکی گەلێك بەنرخ بوو. دیتمان کە چۆن کۆلکەدار لەبەر دەستی وەستاکارێکدا بوو بەبەرهەمێکی بەوەج.

ئاندۆنیس دوای ئەو کارەی کەوتە سەر گەڕ و دەستی بەدروستکردنی گەلێك ئەسپاب و ئەساسی ماڵەوە کرد. لە دۆلاپ و دەرگەڕا بگرە تا قەفەسە و ڕەفکە. ماڵەکەمانی نوێ کردەوە. لەهەر کوێ چاوی بەپەنجەرەیەکی شکاو، قفڵێکی خەراپ، یا هەر شتێکی تر بکەوتایە، خێرا دروستی دەکردەوە. تەنانەت لە ژێر زەوینی ماڵەکەمان، چەند کەندوویەکی ئاردی دروست کرد و لە دەست ڕاوڕووتی مشکان ڕزگاریمان هات. بەڕاستی کاری جوان و وەستایەکی دەست ڕەنگین بوو. ئەو مێزەی لە ژوورەکەمانە، کاتی خۆی ئاندۆنی دروستی کرد. من ڕۆژێك دەمرم و پۆلات، تۆ دەبی بەساحێبی ئەو مێزە.

ساڵ تێپەرین و ئاندۆنیس بەردەوام کاری خۆی دەکرد، تەنیا جاروبار چاوەکانی دەبرییە نووختەیەك و دەچووە دنیای خەیاڵاتی خۆی و ون دەبوو. دیار بوو سەفەر بۆ شوێنێکی دوور دەکات. هێدی هێدی چاوی لەسەریەك دانا و تاسە و حەسرەت دای گرت. زۆر جار چاوم بەڤاسیلیس دەکەوت کە لە نێو دەریای قووڵی خەیالاتدا نووقم دەبوو. هەڵبەت نیگاکانی ئاندۆنی پتر دەخوێندرایەوە. جارێکیان ڤاسیلیسم بردە لایەك و لێم پرسی.

– ڤاسیلی دەپێم بڵی بزانم ئاندۆنی چییەتی و بیر لە چی دەکاتەوە؟

– حەسەن ئەوەندەی من بزانم، خەمی وڵات و کەسوکار خەریکە ڕووحی هەردووکمان دەخوا. منیش تەواوێك بیر لە بنەماڵەکەم دەکەمەوە. هەڵبەت

ئاندۆنی بێ ئەندازە لە بیرلێکردنەوەیان دایە. بیر لە مارۆ دەکاتەوە. مارۆ چەشنی مانگ لە خەیاڵاتیدا هەڵدێ و ئاوا دەبێ. بەدەیان جار لە خەودا ناوی هێناوە وبەدوایدا عەوداڵە.. لەگەڵ مارۆ پێکەوە گەورە بوونە، سەردەمی منالّی لەگەڵ یەکتر یارییان کردووە، کچی دراوسێیان بووە، دواتر کایەکردن جێگەی خۆی داوە بەنیگا گۆڕینەوە و ئەوین. بەماچێك پەیمانی خۆشەویستییان بەستووە و قەرار بووە کە زەماوەند بکەن. بە ئاواتەکەیان نەگەیشتوون. ئاندۆنی تووشی سەربازی هات. ئەوەیە هێندیك ئازاری دەدات. پێ توایە تازە دەتوانێ دووبارە چاوی بەو خۆشەویستەی بکەوێتەوە؟ تۆ بڵێی کچە لەسەری ڕاوەستێ؟ ئاخۆ تاقەتی ئەو لێکدابڕانەی هەبووە؟ ئەوە سێ ساڵ بەسەر چوو، بەبێ ئەوەی خەبەرێکی لە مارۆ هەبێ. دیارە نەك هەر مارۆ بەڵکو کەسوکاری ئاندۆنیش، نازانین چییان بەسەر هاتووە.

لەو کاتەوە کە ئاگەداری باری ڕووحی ئاندۆنی بووبووم، ماوەیەکی زۆر تێپەڕی بوو. ڕۆژێکیان بازرگانێکی دۆستی باوکم هاتە گوندەکەمان. گەرەکی بوو بۆ کڕینی پارچە و قوماش بچێتە شاری حەلەب لە سووریا. ئەو کابرایە پارچەکانی بۆ پاڵتۆ دروستکردن بەدروون دەدا و پاشان دەیناردنە تاران. لە ئێرانیشەوە فەرش و کەرستەی پەشمی دەهێنا و لە سووریا خوردی دەکردنەوە. کاتی باسکردنی کاروباری خۆی و سەفەرەکانی، ئێمە لەجیات گوێگرتن بەو تەنیا بیرمان لە یەك شت دەکردەوە. فەرموو، ئەوەش فرسەتێك بۆ ڤاسیلیس و ئاندۆنیس. پێمان باش بوو کە ئەو بازرگانە هەردووکیان لەگەڵ خۆی بەرێ. هەر هەتا دەگەنە حەلەب، لەوێشەوە بۆ خۆیان ئازادن و دەتوانن بچنە یۆنان.

باسی ئەو خواستەمان لەگەڵ کاکی بازرگان هێنایە گۆڕێ. ئەویش قبوڵی کرد بەڵام تەنیا بۆ یەك کەس.

– ناتوانم دوو کەس لەگەڵ خۆم بەرم ئاغا گیان، لەبەرئەوەی سرنجی کاروانچییان زۆر ڕادەکێشی. هەر ئێستە خۆمان سێ کەسین، یەکێکیش زیاد بکرێ، دەبینە چوار، بەڵام پێنج کەس زۆرە، جەنابت هیسترەکانیش حیساب بکە کە دەبێ لەگەڵ خۆمان بیانبەین، دەبێ قەیاسێکیش بار هەڵگرین تا نەکەوینە بەر سێرەی خەڵك.

قووڵمان کرد کە خەرجی یەك کەس تا دەگاتە مەقسەد لەگەڵ دە لیرەش بۆ ئەو کارە پڕ مەترسییەی دەیکرد بدرێ بەکابرای بازرگان. ئێستە نۆرەی ئەوە بوو کە ئاندۆنی یا ڤاسیلیس، لە نێو خۆیاندا یەکێکیان بۆ ئەو سەفەرە ساغ بێتەوە. دەبوایە بزانین کام یەك لەو دووانە دەبێ بڕوا. هەردووکیان خوازیاری ڕۆیشتنەوە بۆ وڵاتی خۆیان بوون. یەکیان دەبوایە جێگەی خۆی بەوەی تر دابایە. ئەوان لە نێو خۆیاندا سوێندیان خواردبوو و بەڵێنیان بەیەکتر دابوو کە قەت لێك جیا نەبنەوە... چاوێکیان لە یەکتر کرد و ئەوسا چوونە هۆدەی خۆیان. لەوێ دەبوایە قورعە بەناوی یەکیان دەربچێ و ساغ بنەوە.

کاروان ئامادەی ڕۆیشتن بوو. کابرای بازرگان و هاوسەفەرەکانی، باری فەرشیان لە هێستران نا و مەشکەکانیان پڕ لە ئاو کرد. هێندێك خواردەمەنییان هەڵگرت کە دایکم بۆی لێ نابوون. گشتمان چاوەڕوانی ئەو جووتە بووین کە کامیان پێشتر لە دەرگە دێتە دەر و ڕەگەڵ کاروان دەکەوێ. دەرگە کرایەوە و سەرەتا ئاندۆنی بەبوخچەوە هاتەدەر. ڤاسیلیس بەدوای ئەودا بەپێکەنینەوە وەدوای کەوتبوو.

ئاندۆنیس بەجێی هێشتین.

سەرەتا باوەشێکی زۆر گەرمی بەدایکمدا کرد. دایکم پرێسکەیەکی جلکی نوێ و پشتپێندێك کە بیست لیرەی تێدرابوو، دایە دەستی. ئاندۆنیس دەگریا و گشتمانی ماچ کرد. یەکەم جار بوو کە دیتم باوکم چاوەکانی پڕ

لە فرمێسك بن. ئاندۆنی درێژ ماوە لە باوەشی ڤاسیلی دۆست و برادەری بوو. دەتگوت قەت ناتوانن لێك جیا ببنەوە.

– سوپاس، سوپاس بۆ هەموو شتێك. چاوەڕوانت دەبم. قەت لە ژیانمدا ناحەسێمەوە تا دووبارە تۆ نەبینمەوە.

– بڕۆ بەخوام ئەسپاردی، بڕۆ بەخێر و خۆشی برا گیان، ئاگات لە خۆت بێ. سۆراغێکی کەسوکاری منیش بکە. پێیان بڵێ کە وەزعم زۆر باشە. لە جیاتی من گشتیان ماچ بکە. پێیان بڵێ دڵم، فکرم و هەستم بەردەوام بەلایانەوەیە. بڕۆ و نیگەرانی من مەبە، بەرەی خۆم لە ئاو دێنمەدەر.

ئاندۆنیس سواری ولاغ بوو و ڕۆیشت.

دوای چوار مانگ کابرای بازرگان هاتەوە لامان. سەفەرەکەیان بەخێر گوزەرابوو. نە چەتە ڕێگەی پی گرتبوون و نە تورکەکانیش کەسیان پشکنی بوو. ئاندۆنیس لە شاری دیمەشق لەگەڵ بازرگانێکی یۆنانی بەرەو میسر ڕۆیشتبوو. لەوەشڕا زانیمان کە ئەو بازرگانە یۆنانی بووە، چونکە ئەوەی لای خۆمان گوتی: ″زولکیۆف بە زمانێکی تر لەگەڵ بازرگانە یۆنانییەکە قسەی کرد″.

لەو وەختەوە هیچ خەبەرێکمان لە چارەنووسی ئاندۆنی نییە.

وەیسە لە لامان مایەوە، ڤاسیلیس مەبەستمە. ماوەیەکی زۆری پێچوو تا توانی بەسەر خەمی دووری برادەرەکەیدا زاڵبێ. بێچارەیە وەك شێتانی لێ هاتبوو. کات و زەمان، وەك پێشتر گوتمان چارەی گشت ئازارەکان دەکات. بەو چەند ساڵەی لامان بوو، زمانی کوردی باش فێر بووبوو. کەس نەیدەگوت ئەوە کورد نییە. وردە وردە بۆ خۆی بەئازادی دەگەڕا. کاری دەکرد و کاتی بێکاریشی لەگەڵ منالان دەرباز دەکرد. ڤاسیلیس منالی زۆر خۆش دەویست. بەسەعات دەیتوانی لەگەڵیان کایە بکات، یا چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە. خۆی لە تەنیایی دەپاراست، چونکە لەوە دەترسا

بکەوێتە نێو گێژاوی خۆزگە و حەسرەتەکانی. دوو ساڵی ڕێك تێپەڕین.

– ڤاسیلی خۆم دەتبەم، ڕۆژێکیان پێم گوت. بەقسەکەم هەڵبەزییەوە، چونکە فکری ڕۆیشتنی بەردەوام لە مێشکیدا بوو و منیش چاکی تێ گەییبووم. بۆرە نارەزایەتییەکی دەربڕی.

– حەسەن، ئەوە باسی چی دەکەی؟ باشە ئەوەی تۆ و بنەماڵەکەت بۆ منتان کرد، بەس نییە؟ بۆچی ژیانی خۆت لە مەترسی داوێی؟ ئەوەی قبوڵ ناکەم.

– سەرەتا گوێم لێ بگرە و بزانە بیرم لە چی کردووەتەوە. تاکو شاری وان لەگەڵ زاهیدە دەچین. ئەو لە ماڵی باوکی دادەنێین و ئەوسا من و تۆ ملی ڕێگە دەگرینەبەر... لەبەر ئەوەی نەخشەکەم پشوودرێژی گەرەکە، مەڵێ نا، چونکە هەستی گەنجایەتی من بریندار دەکەی. لێرەدا گەرەکم بوو شۆخی لەگەڵ بکەم.

بەهەرحاڵ ڕێوڕەسمی ماڵئاوایی هەر وەك هی ئاندۆنی بەڕێوەچوو. تەنیا جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە ئەوجار کۆمەڵێك منالیش بەڕاکردن هاتن بۆوەی خواحافیزی لە ڤاسیلیس، واتە دۆستی گەورەی خۆیان بکەن. ڤاسیلیس یەك بەیەك منالەکانی بەباوەشەوە گرت و ماچیکردن و بەدەستەکانی گشتییانی نەوازیش کرد.

وەڕێ کەوتین. بە ناوچەی بارگریدا دەرباز بووین و گەیشتینە وان و لەوێ دوو سێ ڕۆژ ماینەوە. زاهیدەمان لە ماڵی باوکی دانا و ئەسپەکەنیشمان لەوێ جێ هێشت. سەرەتا چووینە ناوچەی بیتلیس. ڕۆژێك لەوێ گیرمان خوارد و پاشان بەرەو دیاربەکر و ئورفا کەوتینە ڕێ. داگەڕاینە خوار و گەیشتینە سەر سنوور.

سەفەرێکی بەکوێرەوەری بوو. هەر وەسیلەیەکمان دەست کەوتایە، کەڵکمان لێ وەردەگرت. لە تەراکتۆرڕا بگرە تا داشقە و عارەبانە.

مەودایەکی زۆر بەپێیان ڕۆیشتین. بە زەحمەتێکی فرە گەیشتینە سوور. خەڵکی گوندەکانی سەر سنوور ئێمەیان بەلاوە سەیر نەبوو، چونکە لە هەر دوولا کوردی لێ دەژین و گشتیان یەکتر دەناسن. ناسنامە و کاغەز و وەرەقەی ڕەسمیمان پێ نەبوو، بەردەوام نیگەرانی گیران بووین.

گەیشتینە دیمەشق. لە دەست مەترسی سەرەکی، واتە تورکەکان ڕزگاریمان هاتبوو. لەوێ بەدوای وەسیلەیەکدا دەگەڕاین کە ڤاسیلیس بتوانێ خۆی دەرباز بکات. بەردەوام لێرە و لەوێ پرسیارمان کرد. لێمان ڕوونبووەوە کە تەنیا ڕێگە بۆ چوونە یۆنان، شاری بەیروتە. لەوێشەوە گەمی دەچنە قیبرس و کرێت. هەڵبەت بچیە بەیروت کارێکی هاسان نەبوو. بەر لە هەر شتێك بەیروت زۆر دوور بوو. لەوەش گرینگتر ڤاسیلیس هیچ وەرەقەیەکی نە ڕاست و نە دەستکردی پێ نەبوو. منیش نەمدەویست بەتەنیا لەوێ جێی هێڵم و بگەڕێمەوە. تەنیا ئەو کاتە دەگەڕامەوە کە ئەوم بەڕێ کردبا.

تووشی گەلێك ئەزیەت هاتین تا گەیشتینە شاری بەیروت. عەرەبەکان هەڵیان خەڵەتاندین و شەش لیرەی زێڕیان لێ ئەستاندین و نیزیك بوو بمانکوژن. دەیانەویست دەست بەسەر پارەکەماندا بگرن. لە بیابان ماینەوە و کرێوەی لمی سەحرا ژیانی لێ حەرام کردین. هەرچۆنێك بوو گەیشتینە بەیروت. ئێستەش لە بیرمە کە چەندە شارێکی دەوڵەمەند و بە هامووشۆ بوو. لەوێ جلوبەرگ و پێڵاوی تازەمان کڕی. خۆمان پاك و خاوێن شووشت و خواردنێکی بەچێژمان خوارد و خەوێکی ناو جێگە و بانی خاوێنمان کرد.

چووینە بەندەر تاکو گەمیی بدۆزینەوە. یەکێك لەنگەری گرتبوو و ئینگلیزی بوو. کاپیتانەکەمان دیتەوە و باسی گرفتەکەمان بۆ کرد. بەداخەوە ئەو قبوڵی نەکرد کە ڤاسیلیس لەگەڵ خۆی بەرێ. کابرا گوتی کە

گەمی بارهەڵگرە و جیا لە کرێکارەکانی خۆی بۆی نییە موسافیر لەگەڵ خۆی بەرێ.

دوو ڕۆژ دواتر، ڤاسیلیس گەمییەکی دۆزییەوە کە ناوی یۆنانی لەسەر نووسرابوو. خێرا ڕامان کردە لای ئەو و لەگەڵ کارگێڕانی کەوتینە باسی سوارکردنی ڤاسیلیس. وەڵامی ئەوانیش وەك هی ئینگلیزییەکان بوو. ڤاسیلیس گەلێك ناڕاحەت بوو. بەردەوام دەیگوت و دەیگوتەوە.

– باشە ئەوانەش یۆنانین کە ناتوانن یارمەتی هاووڵاتییەکی خۆیان بدەن.

لە قاوەخانەیەك دانیشتین. کابرایەکی پیرمان لێ پەیدابوو. یۆنانی بوو. عومرێك لە بەندەر کاری کردبوو. پێشنیاری بەڤاسیلیس کرد کە بچێتە لای کاپیتانی گەمیە یۆنانییەکە و داوای کاری لێبکات. ئەوە باشە کە بەدائیم کار لە نێو کەشتیدا کارێکی ئەوتۆ هەیە کە پیاو بیکات. پێی گوت کە هەروەخت گەیشتییە خاکی یۆنان، دابەزە و یەکسەر بڕۆ، وەك ئەوەی قەت کاپیتانت نەناسیوە.

– لە ئاشپەزخانە کار دەکەم، ڤاسیلیس باوەڕ بەخۆ وەڵامی کاپیتانی دایەوە. لە سەر پاپۆڕی تریش کارم کردووە...

دوای ئەو وەڵامە نازانم کاپیتان چەندە باوەڕی بە قسەی ڤاسیلیس کرد. هەرچی بێ بەڕۆژانە لەگەڵ خۆی بردی. کاتێك باسی پارە کرا، هەستم کرد، سەودایەك لە گۆڕێدایە. کاپیتانەکە قەیاسێکی گوت و ڤاسیلیس لەسەر پارەی پتر پێداگر بوو.

– کاپیتان ئەوە باسی چی دەکەی؟ من باشترە لە سەحرا و بیاباندا بمێنمەوە، تاکو وەك سەگ لە نێو پاپۆڕی تۆدا بخنکێم. لە سەحرادا لە برسان نامێنمەوە، لێرە لە بەندەر سێ بەرابەری پێشنیاری تۆ پارە پەیدا دەکەم.

کاپیتان دوای ئەو شێوە ئاخاوتنەی ڤاسیلیس، بەڵێنی پێدا بەقەدەر ڕۆژانەی ئاشپەزێك پارەی بداتێ. ڤاسیلیس سەرەتا ئاوای نیشاندا کە بیری لێ دەکاتەوە، بەڵام خێرا قبووڵی کرد. قەراریان دانا و دەبوایە ڤاسیلیس ڕۆژی دوایی دەست بەکار بێ.

لەسەر عەرشەی پاپۆڕەکە، لە کاتی ماڵئاوایی دەستی بەگریان کرد. دوایین ساتەکانی پێکەوە بوونمانم لە بیرە.

سەبارەت بەڤاسیلیسیش هیچ کات خەبەرێکمان پێنەگەیی و نەمانزانی چی بەسەر هات. هیوادارم کە ئاندۆنیس و ڤاسیلیس دووبارە یەکتریان دۆزیبێتەوە. ڕەنگە بنەماڵەیان پێك هێنابێ و دراوسێی هەڤدوو بن. ڕەنگە ئێستە ئەوانیش کۆشێك نەوەیان لە دەوری خۆیان کۆ کردبێتەوە و وەك من چیرۆك و بەسەرهاتی خۆیان بگێڕنەوە. ڕەنگە ئێمەی دۆست، ئێمەی کوردیان لە بیر مابێ.

## چاوەڕوانی دۆستان

کاتێك لە بەیروت گەڕامەوە، لە شاری دیمەشق گیرام، چونکە هیچ کاغەز و بەڵگەیەکم پێ نەبوو. ماوەی پێنج شەو و ڕۆژ لە گرتووخانەدا دەست بەسەریان کردم. پێم گوتن من بازرگانم و بۆ کڕینی هێندێك کەلوپەل هاتووم. بۆوەی باوەڕم پێ بکەن، ناوی کابرای بازرگانی دۆستی باوکمم هێنا کە هاتووچۆی گوندەکەمانی دەکرد و ئاندۆنی لەگەڵ خۆی بردبوو. گوتم هاوکاری ئەوم. خێرا بەدوای قسەکەی مندا چوون، بۆوەی بزانن ڕاست دەکەم یا درۆم پێ گوتوون. لێرە شانس ڕووی تێ کردم. لە نێو ئەو کەسانەی پرسیاریان لێ کرابوو، یەکێك گوتبووی من دەیناسم و بەو شێوەیە ئازاد کرام.

بۆ چاك و خەراپی ڕۆژگار، کاتێك لەگەڵ کابرای ئەفسەر بەتەنیا ماینەوە، بەدزییەوە دوو لیرەی زێڕم لە نێو مستی نا. خێرا لیرەکانی

دامەوە، وەك ئەوەی بێ حورمەتیم پێ کردبێ. کاتێك دوو لیرەی تریشم لەسەر دانا، خێرا دەرگەی بۆ کردمەوە و دەعوەتی چای کردم و ئازاد بووم.

لە شاری دیمەشق ڕۆیشتم. دیسانیش لەگەڵ جەماوەرێك بەقاچاغی سنوورەکانم بڕی. عەسکەری تورك پێیان زانی و دەستیان بە تەقە کرد. بە حاڵەحاڵ نەجاتیم هات. کاتێك گەیشتمەوە شاری وان، خێزانم و خەسووم هەرکە چاویان پێم کەوت، زراویان چوو. وەزعم لە نیهایەتی شەپڕێویدا بوو.

ئێستە وەبیرم دێتەوە، بەخۆم دەڵێم داخوا ئەو کارەی من کردم، نرخی ئەوەی هەبوو گیانی لەسەر دانێم. بڵێم چی، ئەرکی سەر شانم بوو کە یارمەتی ڤاسیلیس بدەم و لەو بارەوە گەلێك شادم. ئەگەر پێویست بێ ئێستەش ئەو مەترسییە قبووڵ دەکەم. با لەو باسە گەڕێین، هیوادارم ئەوان وەزعیان باش بێ.

## قسەی کۆتایی

بەو قسانەی دوایی، باپیرەم گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی تەواو کرد. بێچارەیە هەردەم چاو لە ڕێی دۆستەکانی بوو. منیش چاوەڕوانی دیتنەوەی کەسانی خۆمم. باپیرەم کاتێك ماڵئاوایی ئێجگاری لێ کردین، بەرمزەیەکی لەسەر لێوان بوو. ئاواتی بوو کە وەچەکانی داهاتوو ڕزگاریان بێ، بتوانن بەزمانی خۆیان قسە بکەن، بێ ترس و لەرز ئەرکەکانی ئاینی خۆیان بەئەنجام بگەیەنن. ئێستەشی لەگەڵدا بێ، ئەو ئاواتەی باپیرەم نەهاتۆتەدی.

بەر لە مردنی، دەستی منی توووند گرت، داوای لێ کردم قەت وڵاتی خۆم جێ نەهێڵم، بۆوەی هەرکات چاوم بەیەکەم گوڵەبەفرینە کەوت خێرا بیبەم و لەسەر گۆڕی ئەوی دانێم. نەمتوانی ئەو بەڵێنە بەئەنجام بگەیەنم. لە وڵاتی خۆم هەڵقەندرام. لە نێو مێشکی خۆمدا، شەوانی سارد و بەستەڵەکی کوردستانم دێتەوە بیر کە چۆن لە دەوری و سۆبە کۆ دەبووینەوە و گوێمان لە لاوك و گۆرانی دەگرت. لە چاوەکانی خۆمدا، جوانی وڵات و تامی ماسی و نانی برژاوی ئەو سەردەمەم پاراستووە. لە نێو دڵی خۆمدا نەوازیشەکانی زڵێخای ئەرمەنی و باوەشەکانی گەرمی عەبدوڵڵا و گەمەی منالانی هاوتەمەنم بوونەتە هەگبەی تاسەکان.

## پێڕست

شوێن ........ ٥
سەفەری من لە نێو ژیانی باپیرەمدا ........ ١٠
کورد لە یەمەن ........ ١٨
تەڵەی ئاشکرا ........ ٢١
ئاڵای کوردستان لەسەر قەڵای بیتلیس ........ ٣٠
سەفەری من لە نێو ژیانی عەبدوڵڵادا ........ ٤٠
زلێخا ........ ٥٦
سەفەری من لە نێو ژیانی زلێخادا ........ ٦٠
نەخشە و پیلانی دووبەرەکایەتی ........ ٦٥
جینایەتێکی سامناك لە مەیرێ مانا ........ ٦٩
هۆڵۆکاست ........ ٧٤
مەعبەدی زلێخا ........ ٧٨
ژانێکی تر ........ ٨٤
شەوێك لە گوند ........ ٩٤
زمانەکانیتر ........ ١٠١
یۆنانییەکان ........ ١١١
سەفەری من لە نێو ژیانی باپیرەمدا درێژەی هەیە ........ ١١٥
باوەشێکی گەرم بۆ سەربازانی فیراری ........ ١٢٠
مەترسی پزیشك ........ ١٣٧
بڕینەوەی پەنجەکان مسۆگەرە ........ ١٤٧
ڤاسیلیس و ئاندۆنیس ........ ١٥٤
سەفەری من لە نێو ژیانی وەیسەدا ........ ١٥٦
سەفەری من لە نێو ژیانی ئاندۆنیدا ........ ١٦٢
عەمەلەی تەمبوورلاری ........ ١٦٦
ڕزگاری ........ ١٧٤
ژانی تاسە و دووری ........ ١٨٠
چاوەڕوانی دۆستان ........ ١٨٨
قسەی ئاخر ........ ١٩٠

## جەمیل توران:

لە ساڵی ١٩٥٢ لە کوردستانی باکوور لە دەڤەری سەرحەد لە باژێڕی بایەزید لە دایك بووە.

لە سەردەمێکی پڕ ئاڵۆزی باری سیاسیی و نیشتیمانیدا ژیاوە، خوێندنی باڵای لە ئەنقەرە و ئەستەنبۆڵ تەواو کردووە.

هەمیشە لە بەرەی پێشەوەی خەبات بووە لە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەیدا.

لە سەردەمی هەردوو دیکتاتۆریەتی ساڵانی ١٩٧١–١٩٨٠ ژیانی لە زیندان بەسەر بردووە و گشت شێوازەکانی ئەشکەنجە و ئازاردانی لەسەر تاقی کراوەتەوە.

دوای ئازادبوون لە زیندان ساڵی ١٩٨٤ لە تورکیا ڕای کردوو و خۆی گەیاندە یۆنان، لەوێ مافی پەنەبەری و هاوولاتیبوونیشی وەرگرت.

ئێستە لە وەزارەتی ڕاگەیاندنی یۆنان لە بواری ڕۆژنامەنووسی کار دەکات .

ئەمەو تا ئێستە چوار ڕۆمانی بەزمانی یۆنانی لەسەر واقیعییەتی ژیانی میللەتەکەی نووسیوە و بڵاو کراونەتەوە و سەرجەمیشیان وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان، بەناوەکانی: «گوڵەبەفرینەی خوێناوی، چاوی گورگ، شەو دەڕوانێتە ڕۆژ، مناڵانی ئەراڕات».

ڕۆماننووسی بەناوبانگی یۆنان «نیکۆس کاسداغلی» ژیانی «جەمیل توران»ی کردووەتە ڕۆمانێك بەناوی «ئەراڕات بورکان داوێژێ».